# پێشکەشە

پێشکەشە بە هەموو ئەوکەسانەی ، بەناوی شۆڕشەوە گیانی پاکی خۆیان کردە قووربانی .

پێشکەشە بەگیانی پاکی مامۆستای مرۆڤایەتی
گاندی مەزن

پێشکەشە بە مامۆستای شۆڕش ، نیلسۆن ماندێلا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# سووپاس نامە

زۆرسووپاسی براو هەڤاڵی ئازیزم هێمن هۆرامی دەکەم ، کە هاوکاریەکی زۆری کردم ، بۆ بەچاپگەیاندنی ئەم کتێبە . هەروەها زۆر سووپاسی برای هێژام کاک عەلی مەحمود دەکەم ، کە زۆر یارمەتی دام. سووپاسی هاوڕێی هێژام کاک هیشام ئاکرەیی دەکەم ، کەلەڕووی چاپەوە زۆر یارمەتی دام .
هەروەها سووپاسی هەموو کارمەندانی چاپخانەی ئارابخا دەکەم.
هیوادارم وێنەیان زۆربێت .



سیماتاییەتیەکانی هەراکەی ئەیلوول 147
ئاشبەتاڵ 151
سەرچاوەکانی بەشی سێهەم 159
بەشی چوارەم
سەرەتای تراژیدیایەکی تر 163
دیوەخانەکەی جەلال تاڵەبانی 165
دیکتاتۆرە بچووکەکە 169
نووسەرانی کوردو شۆڕشی نوێ 171
دروستبوونی حسک 174
دکتۆرمەحمود عوسمان 175
هۆکاری گەڕانەوەی ماڵی مەلامستەفا بۆناو
مەیدانی سیاسی 181
هەراکەی مەلابەختیار 187
بۆچی ئالاَی شۆڕش هەرەسی هێنا 189
ئەنفال مانای چی یە 191
ئەنفالکردنی هەموو کوردستان 195
کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵبجە 198
زەرەروزیانەکانی بزووتنەوەی چەکداری
لەساڵانی هەشتاکاندا 199
بۆچی ئەم شێوازی خەباتە هەڵەبوو 201
سیاسەتی ینک و پدک پاش راپەڕین 209
چۆن ینک و پدک توانیان حوکمی خەڵک بکەن و بمێیننەوە 227
سەرچاوەکانی بەشی چوارەم 248
دوا ووشە 245
وێنەو بەڵگەنامەکان 248



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

| | |
|---|---|
| کوبا | 71 |
| ئەفەریکا | 77 |
| کۆنگۆ | 78 |
| ڕاوەندا | 81 |
| سودان | 83 |
| ئاسیا | 85 |
| ماوتسیتوونگ و هەراکەی | 87 |
| پۆڵپۆتی کەمبۆدیا | 99 |
| چەقۆکێشە فەلەستینیەکان | 101 |
| سەرچاوەکانی بەشی دووەم | 106 |
| بەشی سێهەم | |
| بزووتنەوەی چەکداری لەکوردستاندا | 109 |
| هۆکاری سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەکداری لەکوردستاندا | 111 |
| هەراکەی ئەیلوول | 114 |
| سەرەتای بیری ناسیۆنالیزمی کوردی | 115 |
| چۆنێتی دامەزراندنی پارتی | 119 |
| یەکەمین کۆنگرەی پارتی | 120 |
| کودەتاکەی قاسم | 122 |
| خێڵایەتی و شۆڕش | 127 |
| چۆنێتی دروستبوونی خێڵی بارزان | 130 |
| شەڕوئاژاوەکانی خێڵی بارزان | 132 |
| چۆن مەلامستەفا بوو بەسەرکردەی ئەفسانەو دیکتاتۆری کورد | 136 |
| سیماتایبەتیەکانی مەلا مستەفا | 141 |
| هەراکەی ئەیلوول | 146 |




PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# خەباتی پێشمەرگایەتی یان کارەسات و ماڵوێرانی

## لێکۆڵینەوەیەکیسیاسی ومێژووییە لەسەر بزووتنەوەی پارتیزانی لەکوردستان و جیهاندا

### پێشەکی

دەمێکە بزووتنەوەی چەکداری و پێشمەرگە لام بۆتە باسێکی گرنگ . لێ زۆرجار تەمەڵی و زۆرجاریش کاری رۆژانەم ، بواری نووسینی ئەم بابەتە گرنگەی نەدەدام . ماوەیەکی زۆرە گەندەڵی ودزی وناعەدالەتی یەکێتی وپارتی ، لام بۆتە تەوەری سەرەکی هەموو نووسین وبیرو هۆشم . دیارە مرۆڤیش بیەوێت هەر ڕووداوێکی سیاسی شرۆڤە بکات،بەناچاری دەبێتبگەڕێتەوەبۆلاپەڕەمێژوویە تۆزاویەکانی ئەو ڕووداوە. منیش ناچاربووم بۆ هەڵسەنگاندن ولێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە ،بگەرێمەوە بۆ سەرەتاکانی دروستبوونی ئەو دوولایەنە دەسەڵاتدارە.هەموو مرۆڤێک لە سەرەتاوە لەدەووربەری خۆیەوە بۆ کێشە و رووداوە جیاوازەکان دەڕوانێت . یەکەمین مامۆستای منداڵ ، دەرووبەرەکەیەتی .مرۆڤ هەتا دەمرێت دەووروبەری کاریگەریەکی ئێجگار زۆری تێدەکات . منیش بۆیەکەمجار لەدەورووبەرەکەمەوە ووشەیەکی نوێ فێربووم . ئەم ووشەیەلەگەڵ زاکیرەی منداڵیمدا تەواو تێکەڵبووە.سەردەمانێکی زۆر خەونم بەوەوە دەبینی،کەرۆژێک گەورەبم ،وەکوو براگەورەکەم ببم بە پێشمەرگە. چەندە گرتن و ئەشکەنجەیبەعسمان دەبینی ، لێ زیاتر ئەم ووشەیەی خۆشەویستر دەکرد لەلامان . کاتێک کە دایکم لەلایەن بەعسیە فاشیستەکانەوە



## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەشی یەکەم | |
| مێژووی پارتیزانی | 7 |
| پارتیزانی یانی چی | 8 |
| گیڤارا کێ یە | 10 |
| بۆچوونە عەجیبەکانی گیڤارا | 15 |
| گیڤارا وسۆڤێت | 20 |
| گیڤارا و گەلی کورد | 26 |
| هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەکداری | 28 |
| سیماتایبەتیەکانی بزووتنەوەی چەکداری | 35 |
| سەرچاوەکانی بەشی یەکەم | 45 |
| بەشی دووەم | |
| بزووتنەوەی چەکداری لەجیهاندا | 47 |
| ئەوروپا . | |
| فەرەنسا | 48 |
| ئیسپانیا | 51 |
| یۆنان | 53 |
| ولآتی دانیمارک | 56 |
| یۆگۆسلاڤیا | 57 |
| ئەمەریکای لاتین | 61 |
| گواتیمالا | 63 |
| ئێلسیلڤادۆر | 66 |
| کۆڵۆمبیا | 68 |




PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گیراو،بۆ ماوەی 9 مانگ زیندانی کرا ، وام دەزانی پاش گیرانی دایکم ڕقم لەم ووشەیە دەبێتەوە . لێ بە پێچەوانەوە هێندەی تر ئەم ووشەیە لام شیرین تر بوو . لەبیرمە بەمندالّی زۆرجار یاری ( شەڕی پێشمەرگەو عەسکەرمان دەکرد). هەرزوو لەنێوان خۆماندا دەبوو بەشەڕ، چونکە هیچ لە مندالّەکانی هاورێیم نەیاندەویست خۆیان بکەن بەعەسکەر ، هەموو دەمانویست پێشمەرگە بین . ئاخر ئەم ووشەیە هێندە رۆمانیسانە کاری تێکردبووین ، واماندەزانی گەر بەدرۆش دژی پێشمەرگە بین ، تاوانێکی گەورەیە . هیچ ووشەیەکی زمانی کوردی هێندەی ئەم ووشەیە ، رۆمانیسی و سیحراوی نییە. هەرچەندە لەسەردەمی رژێمی بەعس دا، ئەم ووشەیە یەکێک بوو لە ترسناکترین ووشەی کوردی ، لێ هیچ کات بەعسیەکان نەیانتوانی ئەم ووشەیە لەبەرچاوی خەڵکی قێزەون وناشرین بکەن .بەهەزاران شێوە دەیانویست ئەم ووشەیە لەبەرچاومان بخەن ، لێ هیچکات سەرکەوتوونەبوون.بەداخەوەئەوەی کەئەمووشەیەیلەبەرچاو خستین پێشمەرگەکان خۆیان بوون . چۆن؟! پێش ئەوەی بیانبینم وام دەزانی هئەمانە کەسانی ئەفسووناوین و فریشتەی سەرڕووی زەوین ، دیارە مرۆڤ بەگشتی و منداڵبەتایبەتی ،خەون بە کەسانی ئەفسووناویەوە دەبینێت و سیحرلە ناو مێشکی منداڵدا جێگایەکی زۆری هەیە. لێ کاتێک ئەم کەسانەم بینی،وەکوو دڕندەکانی بەعس حوکمی خەڵکی دەکەن، بەعسی ئاسا لەگەڵ هەژاران و زەحمەتکێشی گەلەکەم هەڵسووکەوت دەکەن .منیان ناچار کرد بۆچوونم دەربارەی پێشمەرگە بگۆڕم و،هەڵوێستێکیڕەخنەگرانەیان لێوەرگرم. من لەم کتێبەداهەوڵ دەدەم،بەکورتی ئەو ڕەخنانەی خۆم بخەمەڕوو.لەهەمان کاتیشدا بە شێوەیەکی تیۆری و ئەکادیمیانە ، هەوڵ دەدەم شرۆڤەکانی خۆم لەسەر ئەم باسە گرنگە بخەمەڕوو. بەگشتی من یەکێتی وپارتی دەکەمە چەقی باسەکانم و لە رێگای ئەوانەوە دەچمە باسەکانی ترەوە . لەهەمان کاتدا باسی ئەو کارەساتانە دەکەم ، کەئەم



چەند دێرێک لەسەر نووسەر



ساڵی 1975 لە تەوێڵە لەدایک بووە
لەساڵی 1996 وە لە ئەڵمانیا دەژی

بەرهەمەکانی

ژنە مۆدێرنەکە. کۆمەڵە چیرۆک
جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا.
چەند دێرێک لەسەر ژیانی ولیەم رایش .

فەرەنسیە رۆمانسیەکان . رۆمان . هێشتا چاپنەکراوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بزووتنەوەیە بەسەر گەلی کوردا هێناویەتی . دیارە کاتێک باسی هەر ڕووداوێک بکەین ، پێویستە لایەنی جیهانیەکەی ئەم ڕووداوە یان ئەم فکرەیە لەبیر نەکەین . من هەوڵ دەدەم بە کورتی باسی ئەو کارەستانەش بکەم کە لەئەنجامی ئەم بیرە سیاسیە چەوتەوە،بەسەر گەلانی تر جیهاندا هاتووە. دیارەبیری پارتیزانی وچەکداری،پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بە بیری ( ماویزم وگیڤاریزم) وە هەیە . هەربۆیە ناچارم بەکورتیش ، شرۆڤەی ئەم دووبیرەش بکەم . دیارە من چەند وولاتێکم هەڵبژاردووەکەبەشێوەیەکی سەرەکیبزووتنەوەی چەکداری ،پانتایەکی فرەی مێژووی سیاسی ئەو وولاتانەی داگیرکردووە لەوانەش: ( کوبا، گوتیمالا، سیلڤادۆر، کۆلۆمبیا ، کۆنگۆ ،سودان ،راوەندا،چین،کەمبۆدیا،فەلەستین).
هەوڵ دەدەم بەکورتی،ئەزموونی خوێناوی وپڕکارەساتی ئەم وولاتانەش بخەمە ڕوو.

**شۆرش ئەو ووشە ئەفسووناویە ، کەهەمووکاتێک مرۆڤ ئامادەبووە، گیانی خۆی بۆ بەختبکات. بەڵامبەداخەوەهیچ ووشەیەکیش هێندەی شۆرشبازرگانیپێوەنەکراوە،هێندەخوێناوی نەبووە، هێندەماڵوێرانی نەبووە.**

لەکۆتایدا هیوادارم ئەم کتێبە نەبێتە جێگای بریندارى و ئازاردانی هیچ کەسێک.من ڕێزم هەیەبۆ هەموو ئەو کەسانەی کەماوەیەکی گرنگی ژیانیان لەرێگای پێشمەرگایەتیدا داناوە. لێ هیچ کاتیش نابێت ئەو هەموو گەندەڵی و زووڵم وزۆرەی کەئەمرۆ لەکوردستاندا دەکرێت ، لەبیرمان بچێت و خۆمانی لێ گێل بکەین .



26. هێمن. ناڵەی جودایی .چاپخانەی علاء. بەغداد.1979 .

27. جەزا چنگیانی . مەنجەڵەکەی مام جەلال . کوردستان نێت.

28. گۆڤاری دڕک ، ژمارە شەش . دێسەمبەری 1985.

29. محەمەد مەردۆخی کوردستانی.مێژووی کوردوکوردستان .وەرگێرانی عەبدول کەریم سەعید. مطبعة اسعد. بغداد. 1991



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# بەشی یەکەم

## مێژووی پارتیزانی



17. .شۆرش حاجی . تەعریبی کەرکوک . سیاسەتی تەعریب لەدوو توێی هەشتابەڵگەنامەدا. چاپی یەکەم . چاپخانە شڤان .سلێمانی. 2004 .

18. عارف قوربانی . شایەتحاڵەکانی ئەنفال . بەرگی یەکەم . چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری . سلێمانی . 2002

19. رێکخراوی چاودێری ماڤی مرۆڤ. / بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. عێراق و تاوانی جینۆساید . شاڵاوی ئەنفال دژی کورد . وەرگێرانی . جەمال میرزا عەزیز. چاپخانەی هاڤیبوون . بەرلین . 2000 .

20. نەوشیروان موستەفا ئەمین . خولانەوە لە بازنەدا. 1997

21. .شێرکۆ بێکەس. دیوانی هەڵۆ. یەکێتی نووسەرانی کورد. جاپخانەی شەهید جەعفەر. 1986.

22. حەمەسەعید حەسەن. بۆ پیاوە پووتەکان .بنەکی خەرمانە.چاپی یەکەم . 2001 .

23. . ئەحمەد بانیخێڵانی . بیرەوەریەکانم . ستۆکهۆڵم . 1997 .

24. فاتح رسول . صفحات من تاريخ كفاح الشعب الكردى . ترجمة . كمال غمبار . الجزء الاول . وزارة الثقافة . السليمانية.2005

25.حسین بەفرین . بەرگی یەکەم . چاپی دووەم. چاپخانەی گەنج.سلێمانی .2002



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## پارتیزانی مانای چی یە؟!

ووشەی پارتیزانی(partisanen )ووشەیەکی کۆنی ئیتالیە ، کەئەویش لەووشەیەکی کۆنی لاتینی (Pars)وە هاتووە کەمانای (بەش ، پارچە) دەگەیەنێت1 . بەگشتی ووشیی پارتیزان، ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەئەندامی گرووپێک یان پارتێکی چەکدارن ، لەشێوەی لەشکرێکی بچووک یان ( نافەرمی . غەیرە نیزامی) خۆیان پڕچەک کردووە . بەگشتی لەناو چیاو دۆڵ و شوێنە سەختەکان خۆیان حەشاردەدەن و، لەدژی لەشکرێکی دەوڵەتی شەڕدەکەن . بۆ یەکەمجار ئەم ووشەیە لەلایەن ئیتالیەکانەوە بەکارهێنراوە .کاتی خۆی بە ئەندامانی هەردووپارتی گەورەی ئیتالیا ( Ghibellinen،Geulefn ) دەووت : (پارتیزان) .ساڵی 1870،لەکاتی کۆمەنەی پاریسیشدا ،بەئەندامانی کۆمەنەی پاریسیان دەووت (Partisans ). لێ ئەم ووشەیە لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیەوەتەشەنەیکرد .ئەو کاتە یۆگۆسلافیەکان بەسەرۆکایەتی (تیتۆ) لەدژی ئەڵمانیەکان دەجەنگان و، لەوکاتەوە ووشەیەی پارتیزانی کەوتە ناو قاموسی سیاسی جیهانەوە. بەگشتی پارتیزانەکان ئەوکەسانەن،کەخۆیانلەبزووتنەوەیەکی چەکداری رێکخستووە. بەچەندین شێوەی جۆراوجۆر لەوانە :
(کاری تیرۆریستی و تێکدەرانەوە ، کوشتن و، تەقاندنەوەی بۆمب)، لەدژی لەشکرێکی دەوڵەتی دەجەنگن .

---

1. Microsoft Encarta. 2003. Partisanen.
هەروەها سەیری www.Wiekipidia.de.Partisanen




8. گۆڤاری ئەلف باء. 02.05.1991 . بەغداد.

9. فەیسەڵ داغلی . براکوژی . شەڕی ناوخۆی کورد. وەرگێڕانی دابان هەمەوەندی. چاپخانەی کوردستانی ئیمڕۆ.چاپی یەکەم. 2000

10. دیڤید مەکداول. مێژووی هاوچەرخی کورد. وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناو . چاپی دووەم . چاپخانەی کتێبفرۆشی سۆران . 2005.

11..ابوبکر خوشناو،ترجمة ،عیدوباباشیخ . صفحات من تاریخ الاتحاد الوطنی الکردستانی. من منشورات القسم الثقافی للمکتب التنظیم_ الاتحاد الوطنی الکردتسانی. الطبعة الثانیة . 2005.

12. حسێن بەفرین . سەرابێکی بەنگکێش. بەشی یەکەم . چاپی یەکەم . سلێمانی . 2001 .

13. نعوم تشومسکی . 500 سنة غزو مستمر . ترجمة . می النبهان . دار المدی . سوریا. دیمشق. الطبعة الثانیة. 1999.

14. لیون تروتسکی . تاریخ الثورة الروسیة. ترجمة . اکرم دیری ، الهیثم الایوبی . الموسسة العربیة للدراسات والنشر . الطبعة الثانیة. بیروت .1978 .

15. هاوڕێ قادر رەسوڵ . لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕاپەرینەکەی بەهاری 1991 ی باشووری کوردستان . چاپی یەکەم . هۆڵەندا.1994

Microsoft Encarta. 2003 . ..Gahndi.16




PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



**کۆمەڵێک پارتیزانی ئیتالی ، کەلە دژی حکومەتی فاشی مۆسۆلینی دەجەنگان**

دیارە ئەمڕۆ ووشەی پارتیزانی ، یان خەباتی پارتیزانی لەتەواوی جیهاندا ، بە بزووتنەوەیەکی تیرۆریستی دادەنرێت . هەربۆیە ئەم جۆرە بزووتنەوانەش ڕوو لەکزی و نەمان دەچن . بەتایبەت پاش ڕووخانیسۆڤێت،ئیترئەمبزووتنەوەیە،ئەوڕەونەقەیجارانینەما.سەیر لەوەبوو ،سۆڤێت پشتگیری چەند گرووپێکی چەکداری لەجیهاندا دەکردو پێیدەووتن(پارتیزان)،کەچی بە پارتیزانەکانی ئەفگانستانی دەووت ( تیرۆریست!!) .

دیارە ئەم جۆرە بزووتنەوەیش پێخەمبەرێکی تایبەتی خۆی هەبوو ،

---

کەهەتاوەکووئەمڕۆش ناوی هەرماوە. ئەویش سیاسەتمەداری ئەرجەنتینی (گیفارا،Geuvara.CHe ) .

جا بالەنزیکەوە ئەم قارەمانە! باش بناسین و ، ئاشنای ئایدۆلۆژیاو سیاسەتەعەجایب و سەیرەکانی بین .



.25 Henry A. Kissinger. Memoiren .Aus dem Amerikanischen von.Hans-J**ürgen Baron von Koskull. C.Bertlsmann. Verlag. München.1979.**

## بەشی چوارەم

1. بالمیرو تولیاتی . محاضرات فی الفاشیة. تعریب . انطوان صیداوی. دار الفارابی .بیروت .1981 .الطبعة الثانیة.

2. مەسعود بارزانی .بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد. شۆڕشێ ئەیلوول. بەگی سێهەم . چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە . هەولێر .2004.

3. نەوشیروان موستەفا ئەمین . پەنچەکان یەکتری دەشکێنن. دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین 1997.

301

4. ڕۆژنامەی ئاوێنە . ژمارە 44 . 14.11.2006

5. ئەمجەد شاکەلی . تورکیای دیمۆکرات . کوردستان نێت. 05.11.2003

6. ادوارد سعید . الثقافة و الامبریالیة. نقله الی العربیة . کمال ابو دیب. دار الاداب. بیروت . لوبنان .

7. د.ناسک ئەحمەد. زیاتر لە 33 هەزار ژن، لە 15 ساڵی ڕابووردودا لەکوردستان سووتاو وکژراون . سایتی بۆپێشەوە . 26.05.2006



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## گیڤارا کێ یە؟!



Ernesto(Che) Serna, Geuvara ، لەساڵی 1928 ، لەناوچەیRosario لەووڵاتی ئەرجەنتین لەدایک بووە . گیڤارا لە خێزانێکی دەوڵەمەند و خاوەن سامانێکی زۆر لەدایک بووە 2 .بەهۆی ئەوەی خێزانی گیڤارا دەوڵەمەند بوون، توانیویەتی لەباشترین خوێندگا ،خوێندنتەواوبکات . لەهەمان کاتیشدا توانیویەتی ، خۆی رۆشنبیر وهۆشیاربکات . گیڤارا بەحوکمی ئەوەی هیچ کاتێک کاری نەکردوەو ، پێویستی بە کارکردن نەبووە ،چونکە باوکی دەوڵەمەند بووە ،لەبەرئەوە کاتێکی باشی هەبووە بۆ خوێندنەوەی کتێبە فەلسەفی و سیاسیەکان . پاشان دەچێت بۆ پێتەختی ئەرجەنتین ( بۆینس ئایرس) ، لەوێ لەکۆلیژی پزیشکی دەخوێنێت . هەر لەوێ



16. حەمە سەعید حەسەن . یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەرهات ؟ . بەشی یەکەم و دووەم . چاپی دووەم . چاپخانەی ئاپێک . ستۆکهۆڵم . سوێد .1994.

17. گۆڤاری رۆڤار . تایبەت بە شێخ موحەمدی خاڵ . دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم . سلێمانی .

18. وریا جاف. هەندێک لە چاوپێکەوتن و وتارەکانی بارزانی نەمر. چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر . 1999

19 . حەمەسەعید حەسەن . بێ ئەخلاقی . کوردستان نێت. 2003.03.07 .

20. کەمال سەید قادر: نهێنییەکانی مەلا مستەفا بارزانی لە بەڵگەنامەکانی دەزگای جاسوسی (کەی جی بی) دا (بەشی چوارەم).کوردستان پۆست.30.10.2006.

21. حەمە سەعید حەسەن . 30 تەموز 31 ئاب . کوردستان نێت. 07.03.1998 .

22. بەمۆ . کەڵەگایەکی نوێ . گۆڤاری درک . ژمارە .5.

23. . موکری . رۆمانی هەرەس. چاپی چوارەم . چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی . کەرکووک . 2005.

24. . دیڤید مەکداول. مێژووی هاوچەرخی کورد. وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناو . چاپی دووەم . چاپخانەی کتێبفرۆشی سۆران . 2005



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

8. د.عبدالرحمن قاسملو. کوردستان وکورد. وەرگێرانی : عبدالله حسن زادە. چاپی دووەم . چاپخانەی سۆران . هەولێر . 2006.

9. دیوانی قانیع . چاپی چوارەم . سلێمانی . چاپخانەی قانیع. 2001

10. . الدکتور عبدالستار طاهر شریف. الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیة فی نصف قرن .1908 _ 1958 . الطبعة الاولی . شرکة المعرفة . بغداد. 1989

11. . البروفیسور د. کاوس قفطان . الحرکة القومیة التحرریة الکردیة فی کردستان العراق 1958 – 1964 . سلیمانیة . وزارة الثقافة .2004

12. . ئاری کەریم . چەند لاپەڕەیەکی زیندوو لە شۆڕشی ئەیلول دا. چاپخانەی خەبات . دهۆک.1999 .

13. نەوشیروان موستەفا ئەمین . پەنجەکان یەکتری دەشکێنن. دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین 1997.

14. ئیبراهیم جەلال. خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول بنیاتنان و هەلتەکاندن. 1961 – 1975 . دەزگای چاپ وبڵاوکراوەی شێنێ . بەرلین .1998 .

15. . د. کمال مظهر . کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا. بەغدا.1975



زیاتر ئاشنای بیری مارکسی و کۆمۆنیستی دەبێت و، پەیوەندی لەگەڵ چەند گرووپێکی چەپ دەبەستێت . پاش ئەوەی کۆلیژی پزیشکی تەواودەکات ، ساڵی 1954 دەچێت بۆ ووڵاتی مەکسیک . لەوێ یەکێک لەسیاسیەکانی کووبا دەناسێت.ئەویش فیدل کاسترۆیە. دیارە هەروەک گیڤاراخۆشی چەندین جار دانی پێداناوە ، کە کاسترۆ زۆرکاری تێکردووەو ، زۆر باوەری بە بۆچوونەکانی کاسترۆهەبووە . هەربۆیە پێکەوە ڕێکدەکەون،لەگەڵ کۆمەڵێک دوورخراوی تریکووبیدا گرووپێکیچەکداری دروستدەکەن،ئامانجیان لەناوبردنی حکومەتی کوبایەبەسەرۆکایەتی"باتیستا" و، داگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتە.ساڵی 1956 کاسترۆ وگیڤارا ، گرووپێکی چەکداری دروستدەکەن . دەست دەکەن بەشەڕی پارتیزانی لەدژی حکومەتی کوبا . ساڵی 1959 ش کاسترۆ و هاوکارەکانی ، حکومەتی باتیستا دەرووخێنن و دەست بەسەر کوبادا دەگرن .بەم شێوەیەش قۆناغێکی دیکتاتۆری نوێ بەسەرۆکایەتی کاسترۆ وگیڤارا دەستپێدەکات 3.

## گیڤاراو هەراکەی کوبا*

کاتێک کوبا لەلایەن کاسترۆ وگیڤاراوە داگیرکرا ، ئەوکاتە کەوتنە دابەشکردنی (کێکەکە) . لێ کاسترۆ بەشی شێری بۆ خۆی هەڵگرت و ، بەشی گوورگێکی بە گیڤارا بەخشی . ئەمەش بووە هۆی نارەزایی گیڤارا. لێ ئەم نارەزاییەی دەرنەبری وهەڵیگرت بۆماوەیەکی پاشتر. بۆ یەکەمجار گیڤارا پۆستی بەرێوبەری بانکی نیشتمانی کوبای وەرگرت . پاشانیش بوو بە وەزیری پیشەشازی . هەرچەندە گیڤارا

2. هەمان سەرچاوە
3. هەمان سەرچاوە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## بەشی سێهەم

1. د. شێرکۆ فتح الله عمر. الحزب الديمقراطی الكوردستانی وحركة القومی الكوردية فی العراق. 1946- 1975 . وزراة الثقافة . السليمانية . 2004

2. د. بلەج شيرگوه. القضية الكردية . ماضی الكرد و حاضرهم . رابطة كاوا. للثقافة الكردية . دار الكتاب – بيروت . 1986 .

3. ديوانی نالی . مەلاخدری ئەحمەدی شاوەيسی مكايەلی . لێكۆڵینەوەو لێكدانەوەی. مەلاعبدالكريمی مدرس و فاتح عبدالكريم . محمدی مەلا كريم پياچووەتەوە. مركز فرهنگ وادبيات كردی . اورمية.

4. الحركة الكردية فی العصر الحديث . جليلی جليل ، م.س.لازاريف،م.ا.حسرتيان،شاكرومحويان، اولغا جيغالينا. ترجمة . د.عبدی حاجی. دار الرازی . بيروت . 1992

5. ديوانی پيرەمێرد. كۆكردنەوەو ساخكردنەوەو ئامادەكردن. فايەق هۆشيار. مستەفا سالح كەريم . ئەحمەد زرنگ. محەمەد نووری تۆفيق. مەحموود ئەحمەد محەمەد. پياچوونەوەی : عوسمان محەمەد هەورامی . چاپی دووەم . چاپخانەی خاک. سلێمانی .2000..

6. . م.ر. هاوار . شۆرشەكانی شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەكەی خوارووی كوردستان . لەندەن . 1990 . بەرگی يەكەم ..

7. ياداشت. رفيق حلمی . كوردستانی عراق و شۆرشەكانی شێخ مەحمود. بەشی دووەم. توريز. انتشارات محمدی سقزی .





كاسترۆ و لەشكرەكەی لەكاتی داگیركردنی هاڤانای پێتەختدا

هیچ شارەزایەكی لەم بوارانەدا نەبوو ،هەرئەمەش بووە هۆی سەرنەكەوتنی لەهەردوو پۆستەكەدا . ئەمەش زۆر ئازاری دەروونی گیڤارای دا.

* هەرا لەزمانی كوردیدا بەشتێک دەووترێت كە ئاژاوەو سەرلێشێواوی دروست بكات. ئەمەی كوباش هەرچەندە خۆیان و، لایەنگرانی كاسترۆ بەشۆرشی ناودەبەن . لێ جگە لەهەرایەكی گەورە هیچی تر نەبوو. ئەمەی كەلەكوبا ڕوویدا ، جگە لەگۆڕینەوەی دیكتاتۆرێک بە دیكتاتۆرێكی تر هیچی تر نەبوو. ئەوەش ناهەقیەكی گەورەیە،كە بەناوی شۆرشەوە دەكرێت ، چونكە هیچ كاتێک، ئەوەی كووبا ناوی شۆرش نەبوو.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# شەڕی دەسەڵات لەنێوان کاسترۆ وگیڤارا



شەڕی نێوان کاسترۆوگیڤاراشتێکی ئاسایی بوو،چونکە هەروەکو هەموو ڕێکخراوە چەپەکانی جیهان، ناکۆکی و جیاوازی شەخسی و فکری بەزۆری تێیدا ڕوودەدات.هەروەکوو سروشتی هەموو شەڕێکیش ، پاش تەواوبوونی شەڕ ، لایەنە بەشداربووەکان لەنێوان خۆیاندا، شەڕی دابەشکردنی (دەستکەوتەکانی جەنگ ،غەنیمەکان) دەکەن . کاسترۆ خۆی بە خاوەنی کوبا دەزانی، چونکە وڵاتی خۆیەتی ، لەهەمان کاتیشدا ڕابەری هەراکە بووە . لەهەمان کاتیشدا خۆی بە مامۆستای گیڤارا دادەنا ،هەرچەندە پێشتر گیڤارا لەبیرەوەریەکانیدا دانی بەم ڕاستیە ناوە ، کە کاسترۆ زۆر شتی فێرکردووەو،هەروەک خۆشی نووسیویەتی کە زۆر ( هۆگر، موعجیب)ی کاسترۆبووە.گیڤارا خۆی بە ماف خووراو دەزانی، چونکە ئەو لەلایەن کاسترۆی هاوڕێیەوە حسابی کەمی بۆکراوە 4 .




17. Dario Azzellini und Boris Kanzleiter. Das Unternehmern Krieg.G**öttingen. 2003.**

18. Michael Krämer.El Salvador, vom Krieg zum Frieden.Inkota .Verlag.Berlin .1996

19. **Bewaffnete Befreiungskämpfe in Mittelamerika.Malte Letz.Detlef. Wahl Militärverlag der DDR.1988..**

20 **Hegemonie und Bündnis in Revolutionen Lateinamerika.LBR.1984**

**21.** Ruth Seifert. Gender ,Identit**ät und kriegerischer Konflikt. . Lit Verlag .Münster.2004.**

22 . W. Werner Hohlweg .Guerilla Krieg ohne Fronten. .Kohlhammer.Verlag.Stuttgart.1968.

23. د. صفاء الحافظ. عشرة اسابيع والراية الحمراء ترفرف فوق باريس. الثقافة الجديدة. العدد. 304. كانون الثانی _شباط.2002.

24. **ماركس . الحرب الاهلية فی باريس . دار التقدم . موسكو.** 1974 .

25. **لينين. دروس من الكومونة. دار التقدم . موسكو.**1972

26. **لينين. فی الذكری الكومونة. دار التقدم . موسكو.** 1975

27. **کیسرا هەورامی . گۆڤاری گاورباغی . ژمارە** 6. **ڤێبرەوەری** 2003. **کۆمۆنەی پاریس . لاپەڕە.** 80




PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەم شەڕو جیاوازیە هەر پاش داگیرکردنی هافانای پێتەخت دەرکەوت . بۆنموونە کاسترۆ زیاتر هەوڵی دەدا،خۆی لەزۆر باس وخواستدا،بەسەر گیڤاراوهاوکارەکانیدا بسەپێنێت. لەهەمان کاتیشدا شەڕی پاکتاوکردن دەستی پێکرد.لەزۆربەی دەزگاو شوێنە گشتیەکاندا وێنەی کاسترۆ هەڵدەواسرا. وێنەی گیڤاراو هاوکارەکانی تری ، زۆربەکەمی یان هەر دەرنەدەکەوت . لێ پاش ئەوەی کە گیڤارا کوژراو ، لەجیهاندا ناوبانگی دەرکرد ، ئینجا کاسترۆ ڕێگای بە بڵاوکردنەوەو هەڵواسینی وێنەی گیڤارای دا . دیارە ئەویش زانی ئیتر ترسی نەماوە، لەبەرئەوە ڕێگای بڵاوکردنەوەی وێنەی گیڤارای دا . لەلایەکی ترەوە پاش ئەوەی گیڤارا ناوبانگی لەجیهاندا دەرکرد، ئیتر کاسترۆش ویستی ئەویش وەکوو خەڵکی تر بازرگانی پێوەبکات.ئەم لەخەڵکی تر زیاتر هەقی هەیە،چونکەماوەیەکی زۆر گیڤارا نانخۆری کاسترۆبووە،ئیتر بۆ بازرگانی پێوە نەکات. بەمەش کاسترۆ دەیویست دەم وچاووی خۆیی و حکومەتەکەی ، لای جیهان جوانتربکات.هەرلەسەرەتاوە کۆمەڵێک بیروبۆچوونی گیڤارا هەبوون ، بەهیچ شێوەیەک کاسترۆ قبووڵی نەدەکردن . گیڤارا دەیووسیت کۆمارێکی جووتیاری پێک بهێنێت . دژی بیری شارستانی بوو، زۆرجار دژی مەسئوولەکان دەوەستایەوە،چونکەماڵیگەورەیان لەناوشارەکاندا دروستکردووە5.گیڤاراجیهانیلەلادێدادەبینیەوە.ئەم شتەش بۆمێشکی کاسترۆزۆربوو،هەرچەندەسەردەمانێکشکاسترۆش،هۆگریئەم بیرەبوو. لەهەمانکاتداگیڤارادەیووسیت یەکسەر پەلاماری سنووری وڵاتەکانی تر بدات و،ئەوانیش وەکوو کوبا وێران بکات و،حکومەتەکان لەناوبەرێت. ئەم بیرەش لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی وپەیوەندیە دبلۆماسیەکانیجیهاندanaگونجێت.

---

4. Der politische Theorie Ernesto CHE Guevara.Hartmut Schr**öder.Kiel.1974.S195**

**5.** هەمان سەرچاوە



7 . سێ بۆچوون دەربارەی دەسەڵات. تۆنی کلێف. سەنتەری رۆشنبیری مارکسی.

8. . نعوم تشومسكى . 500 سنة غزو مستمر . ترجمة . مى النبهان . دار المدى . سوريا. ديمشق. الطبعة الثانية. 1999

9. . Krieg in Afrika. Albert Wirz.Steiner Verlag .Wiesbaden.1982

10 .. Jahrbuch.2004. Spiegel . Spiegel Buchverlag.2003.

11. دكتور بطرس بطرس غالى. 5 سنوات فى بيت من زجاج. مركز الاهرام للترجمة والنشر.القاهرة.1999

12. . Adam Hochschild.schatten .**über dem Kongo.** klett-GottaVerlag. Sttutgart.2000.

13. ئەردەڵان عەبدوڵڵا. جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا. چاپخانەی بزاڤی رۆشنبیری کوردی . سلێمانی . 2006 .

14. ئەردەڵان عەبدوڵڵا.تایبەتکردنی چەک وتەقەمەنی لە جیهاندا.سایتی دەنگەکان. .com. www.dengekan

15. راپەڕینی نیکاراگوا. بورهان قانع. ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان . 1984 . لاپەڕە 110.

16. نووام جومسکی . لەسەر کۆڵۆمبیا. وەرگێرانی خەتاب سابیر . پێداچونەوەی ڕەوەند رەفیق. سەنتەری رۆشنبیری مارکسی.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

9. . تۆنی کلێف . سێ بۆچوون دەربارەی شۆرش . سایتی سەنتەری رۆشنگەری مارکسی .

10. جەمال نەبەز . کوردستان و شۆرشەکەی . دەزگای ئاراس . کوردستان. هەولێر. 2001

11.نەوشیروان مستەفا ئەمین . پەنجەکان یەکتری دەشکێنن. دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین . 1997 .

## بەشی دووەم

Microsoft Encarta. 2003 .1

Noam Chomsky.Media Control.Europa .Verlag.Hamburg 2003 .2

www.Wiekipedia.de.3.

PeterJ.Optiz.Frieden f**ür kambodscha . Peter Lang.4 Verlag . Frankfurt am Main. 1991**

Kral-Heinz.Geschichte Kampodschas.C.H.Beck.Verlag.5 2003

6. . لینین . الامبریالیة اعلی مراحل الراسمالیة. دار التقدم . موسکو.



هیتلەریش بەناوی رزگارکردنی بەشەریەتەوە ، پەلاماری وولاتانی دراوسێی ئەڵمانیای دەدا . یان توورک بەناوی ئاینی ئیسلامەوە ، کەوتنە پەلاماردانی جیهان. گیڤاراش بەناوی شۆرشەوە دەیووسیت پەلاماری هەموو جیهان بدات . دیارە بیری نەتەوەیی و یاسای نێودەوڵەتی ، دژی بیروبۆچوونەکانی گیڤارا بوون . هەر ئەمەش وایکرد ، کە گیڤارا هێندەی تر لەکاسترۆ بتۆرێت . دیارە کاسترۆ بەحوکمی ئەوەی یاسای خوێندبوو، کەمێک لەیاسای نێودەوڵەتی تێدەگەیشت و،عاقڵ تربوو لەهەمان کاتیشدا ئەو بەرپرسی گەلەکەی بوو.نەدەکرا لەخۆراخەڵکی بهاوێتە بیرێکی هەرزەکارانەی گیڤاراوە، چونکە خەڵکی لەجیاتی شۆرش و قسەی زل ، داوای نان وئاوو ، خۆشگووزەرانی لەکاسترۆ دەکەن .

## بۆچی گیڤارا کوبای بە جێهێشت ؟!

هەروەک لەپێشدا باسمان کرد ، کە چیتر گیڤارا و کاسترۆ پێکەوە نەدەگونجان.لایەهەردووکیشیان ئەم راستیە ئاشکراوروون بووبویەوە . هەربۆیە گیڤارا بریاری دا کوبا بەجێ بهێڵێت، چونکە دەیزانی چیتر ئەو خەونە رۆمانسیانەی کەبە کووبای هەبوو، هەمووی لەدەستی چووە.ئیتر ویستی لەشوێنێکی تر ئەو خەونە خەیاڵی ورۆمانسیانەی بهێنێتەدی.لەلایەکی ترەوە،هەر پاش داگیرکردنی هاڤانای پێتەخت، یەکسەر کاسترۆ دەستی کرد بەهەڵمەتی پاکتاوکردنی هاوکارەکانی (پاشتر بەدرێژی باسی کووبا دەکەم ) .

## بۆچوونە عەجایبەکانی گیڤارا

دیارە گیڤارا هیچ کاتێک نەیتوانیوە بەو شێوەیەی بیرمەندە کۆمەنیستەکانی تر وەکوو ( مارکس، ئەنجلس، بلیخانۆف، لینین،ترۆتسکی) سیستەمی سەرمایەداری شیبکاتەوە و لێی تێبگات.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەتاوەکوو کۆتایی ژیانی گیڤارا هیچ کتێبێکی تیۆری نەنووسیوە ، هەرچەندەزۆرهەوڵی دەدا ، لێ هیچ لەهەوڵەکانی سەرنەکەوتنی بەدەستنەهێنا .ئەوەی کەگیڤاراشنووسیویەتی،بریتیە لە کەشکۆڵێکی چەکدارێک. گیڤارا کۆمەڵێک بۆچوونی تایبەتی خۆی دەربارەی ژیان،لە کتێبێکی بیۆگراڤی(بیرەوەری) دا تۆمارکردووە. بەشێکی زۆر بۆچوونەکانی ، مایەی گاڵتەپێکردن و قەشمەریە . من بەکورتی هەوڵ دەدەم کەمێک لەبۆچوونەکانی ئەو زاتە باس بکەم .

## گیڤارا و شۆڕش

گیڤارا پێی وابوو کە تەنها جووتیاران و کرێکارانی لادێ دەتوانن شۆڕش بکەن . هەروەها پێی وابوو تاکە ڕێگا بۆ نەهێشتنی سیستەمی سەرمایەداری ، خەباتی پارتیزانی ( یان شەری گەریلا) یە6 . هەربۆیە باوەڕێکی تەواوی بە بزووتنەوەی چەکداری هەبوو . لەهەمان کاتیشدا پێچەوانەی مارکس و لینین وترۆتسکی بیری دەکردەوە.چونکە ئەوان پێیان وابوو ، کەتەنها کرێکاران دەتوانن خۆیان وجووتیاران ڕزگاربکەن . هەربۆیە باوەڕیان بە شۆرشی ناو شار هەبوو ، بۆئەوەی ژیانی کرێکار و جووتیارانی لادێش ڕزگاربکات. لێ گیڤارا دژی ئەم بۆچوونە بوو. ئەو باوەڕی بە بیری ماوتسیتۆنگبوو،کە(شۆرش لەلادێ وە بۆ شارەکان ببرێت) . ئەمەش بیرێکی سەقەت بوو.

---

6.هەمان سەرچاوە .ل 448
بۆشارەزایی زیاتر لەسەربۆچوونەکانی گیڤارا سەیری کەشکۆڵەکانی خۆی بکە بەتایبەت Guevara.E.Che.Wir werden Siegen.Frankfurt.am Main.1968
هەروەها سەیری
Guevara.E.Che.Mit selbestzeugnissen und Bilddokumenten.Hamburg.1995 /



# سەرچاوەکان

## بەشی یەکەم

1. نعوم تشومسکی . 500 سنة غزو مستمر . ترجمة . مى النبهان . دار المدى . سوريا. ديمشق. الطبعة الثانية. 1999.

Microsoft Encarta. 2003. 2

3. لينين . مختارات . دار التقدم . موسكو . 1975

4. مەحمود باکسی. هەربالندەیەک لەگەڵ پۆلی خۆیدا دەفرێت. وەرگێرانی دابان هەمەنوەندی. دەزگای چاپەمەنی کوردستانی ئیمڕۆ. 2000.

.5
Der politische Theorie Ernesto CHE Guevara.
Hartmut Schr**öder.Kiel.1974.** .5**.Kiel.1974.**

.Guevara.E.Che.Wir werden Siegen.Frankfurt.6
am Main.1968

Guevara.E.Che.Mitselbestzeugnissen und. Bilddokumenten.
Hamburg.1995. .7

www.Wiekipidia.de .8



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## گیڤاراو ماوتسیتوونگ

گیڤارا زۆر هۆگری بیروبۆچوونەکانی ماوتسیتوونگ بوو. بگرە هەموو بۆچوونەکانی لە بیری ماویزم ئاویان‌دەخواردەوە . شەڕی گەریلاو گواستنەوەی شۆرش لەلادێوە بۆ شار ، یەکەمجار بیری ماو بوون.
ماوتسیتونگ،باوەڕێکی تەواوی بە شۆرشی جووتیاران هەبوو. هەربۆیە بڕبڕەی پشتی شۆرشەکەشی ،جووتیاران و خەڵکی لادێ بوون . بەشێکی زۆر پارتی کۆمۆنیستی چینی ، لە جووتیاران و خەڵکی لادێکان‌پێکهاتبوون.هەربۆیە بەشێکی زۆریان لەشارستانیەوە دووربون،تەنانەت کاتێک‌هاتنەناوشارەکانەوەلەبەر ئەوەی گڵۆپیان نەدیبوو،لەجیاتی ئەوەی بیکوژێننەوە،دەچوون گڵۆپەکانیان دەشکاند چونکە لەلادێکانی چیندا گڵۆپ نەبوو7. لێ پاش ئەوەی کەشۆرش جێگیربوو، ماویش خەڵکی جووتیار ولادێی لەبیرچوویەوە . چونکە لەو ڕاستیە تێگەیشت، کەحکومی ووڵات لەشارەوە دەکرێت نەک لەلادێوە . هێشتا جووتیاران لەکاتی ماودا کەمێک وەزعیان باش بوو لێ ئێستا لەخراپترین وەزعدا دەژین. هەربۆیە ساڵانە چەندین راپەڕین و خۆپیشاندان لەلادێکان دا سەرهەڵدەدا .


### ئایا شۆرش لەلادێوە دەبرێت  بۆ شار ؟!

بیری سەرەکی ماوتسیتوونگ ئەوە بوو ، کەشۆرش لەلادێوە ببرێت بۆ ناوشارەکان .پاش ماویش،گیڤاراش ئەم فەرمایشتەی ماوی دووبارە کردەوە. وەلێ ئەوەی ڕاستی بێت ، هیچ کاتێک شۆرش لە لادێوە بۆ ناوشارنابرێت.بۆچی؟! گەر سەیری شارستانیەکانی جیهان،هەمووکات شارەکان‌بوونەتەمەڵبەندی‌بەڕێوبردن وحوکمکردنی ناوچەکانی تری ووڵات.

---

7. تۆنی کلێف. سێ بۆچوون دەربارەی شۆرش. سایتی سەنتەری رۆشنگەری مارکسی.




الشاهنشاهية- الشوفينية العراقية للقضاء على الثورة الكردية خصوصا و حركة شعبنا الكردي عموما. كما هو التعبير المنطقي المطلوب عن غضبكم و استنكاركم لانهزامية القيادة العشائرية و افلاسها السياسي و العسكري و الفكري و رضوخها لمشيئة الامبريالية و الرجعية الايرانية في انهاء الثورة الكردية التي قدمت جماهير شعبنا في سبيل انتصارها بكرم و سخاء ما لا يحصى و لايعد من التضحيات و الفداء.

الهيئة المؤسسة
للاتحاد الوطني الكردستاني
١٩٧٥/٦/١



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەمەش باسێکی دوورودرێژە حەزناکەم تێکەڵی بم . لەلایەکی ترەوە هەمووکات خەڵکی شار ئاستی هۆشیاریان لە خەڵکی لادێ بەرزترە. ئەویش بەحوکمی ئەوەی کە دامودەزگای هۆشیارو رۆشنبیری گرنگی تێدایە ، بەڵام لەلادێکاندا ئەو داموودەزگایانەی لێ نییە ، بۆ نموونە ( زانکۆ ، پەیمانگاکان ، کتێبخانەی گەورە ، شانۆ و سینەما، رۆژنامەو گۆڤار ، بوونی توێژێکی نووسەر ورۆشنبیر و رووناک بیر ، جگە لە چەندین شوێنی کۆمەلایەتی تر ) . ئەمانەش وادەکەن ، کەخەڵکی شار لەخەڵکی لادێ هۆشیارتربن . کاتێکیش رەخنە لای کەسێک دروست دەبێت ، کە هۆشیار وئاگاداری ماڤەتایبەتیەکانی خۆی بێت . سەیرلەوەیە،هەموو رابەرەکانی پارتە گیڤاریست و ماویەکان ، لە چینی ووردەبۆرجوازی شارپێکهاتوون ، تەنانەت ماو وگیڤاراش خەڵکی شاربوون . لە لایەکی ترەوە خۆشۆرش ، ماست و پەنیر نییە ، تا لەگووندەوە بەسواری کەر بۆناوشاری بەریت.

گیڤارا پێی وابوو ، کەشار دوژمنی لادێ و شۆرشە8 . هەربۆیە دژایەتی هاوکارەکانی دەکرد و ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگرتن ، کە وازیان لەژیانی لادێ و جەنگەڵ هێناوەو ، هاتوونەتە ناوشارەکان ژیانی بۆرجوازیانە دەژین . چونکە ئەو پێی وابوو کە ژیانی ناوشار،شتێکی بۆرجوازیەو لەشۆرش و تێکۆشان دوورتدەخاتەوە. بەپێی قسەی ئەم برادەرە بێت ، پێویستە هەموومان بچینە ناو لادێ وجەنگەڵەکانەوە بژین ، نەبا ژیانی شار زەفەرمان پێبهێنێت و لە شۆڕشگێریمان بخات! .

Der politische Theorie Ernesto CHE Guevara.Hartmut .8 Schr**öder.Kiel.1974.S248**



واقامة الدولة الديمقراطية الفلسطينية. و نؤكد تضامننا النضالي و مساندتنا التامة لنضال الشعب الكردي في كردستان تركيا و كردستان ايران ضد الطورانية و الرجعية الشاهنشاهية و من اجل تحقيق التحرر الوطني الديمقراطي الناجز في هذين البلدين و استحصال حق شعبنا الكردي في تقرير المصير بشكل الذي ترغب فيه جماهيره.

ان الاتحاد الوطني الكردستاني الذي يسعى لتنظيم قوى الثورة الكردية الوطنية و الديمقراطية بشكل اتحاد وطني ديمقراطي يسمح بتعايش التيارات التقدمية و اتحادها النضالي المتين تحت قيادة الطليعة الثورية الكردستانية –التي ستتولد حتما– يبعث بتحياته النضالية الحارة الى الثورة الفلسطينية المجيدة و يشد من ازرها و الى الثورة الشعبية في ضفار و اريتريا و الى مناضلي شعبنا الكردي في كردستان تركيا و ايران و سائر انحاء كردستان و الى القوى التقدمية و الثورية في ايران و تركيا للأعراب عن تضامننا النضالي معها.

ان الأتحاد الوطني الكردستاني المؤمن بأن الحركة القومية للشعب الكردي و حركته التاريخية موضوعية لاينتهي نضالها التحرري الا بتحقيق جميع اهدافها القومية و الديمقراطية سيواصل الكفاح لتنظيم جميع العناصر و الهيئات التقدمية و الثورية الكردستانية و الأستنهاض و تعبئة شعبنا لمواصلة المسيرة الثورية التي بدأتها جماهير شعبنا الكردي لتحقيق الديمقراطية في العراق و الحكم الذاتي الحقيقي لكردستان و لمساندة نضالات جماهير امتنا الكردية في سائر انحاء الكردستان من اجل حقوقها القومية الديمقراطية.

يا جماهير شعبنا الكردي، ايها المناضلون و التقدميون الواعون:

ان التفافكم حول راية الأتحاد الوطني الكردستاني و انتظامكم في صفوفه لمواصلة النضال الثوري هو الرد الحاسم على المؤامرة الأستعمارية –



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## گیڤاراو چینی کرێکاری ناو شار

گیڤارا پێی وابوو ، کەژیانی ناوشار ، گیانی شۆرشگێری مرۆڤەکان کەم دەکاتەوە و ، تێکەڵاوی ژیانی بۆرجوازی دەبەن. شار لای ئەو ، دروستکراوێکی بۆرجوازی بوو، لەبەرئەوە زۆر دژی ژیانی شارنشینی بوو9. بەپێی قسەی گیڤارابێت ، هەرچی شاریە ، دژە شۆرش و بۆرجوازیە !!. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بۆچوونێکی زۆرهەرزەی ناعەقڵانییە . هەرچی شۆرشی جیهان هەیە ، لەشارەکانەوە دەستی پێکردووە، بەتایبەت پێتەخت و شارەگەورەکان . یانی بەقسەی گیڤارابێت ، هەموو شۆرشەکان، شۆرشی بۆرجوازی بوون . جێگای داخە ، ئەم قسانە ماوەیەکی زۆر ، بەنرخێکی ئێجگار گران بەلاوانی جیهان لەساڵانی شەست و حەفتاو هەشتاکان فرۆشرا . بەداخەوە لاوی کوردیش لەهەموان خراپتر ، باوەڕیان بەقسەکانی گیڤارا کرد.

## گیڤاراو بانیۆی خۆشتن

یەکێک لەو قسانەی کەزۆرباوە و بۆتە مایەی گاڵتەجاری بۆ گیڤارا ئەوەیە کەدەڵێت : **( هەرکەس لەبانیۆدا خۆی بشوات شۆرشگێر نییە!!!)** . گیڤارا حاشاحازریەکیشی بۆ لینین و ترۆتسکی ورۆزا لۆکسوومبورگ وچەندین شۆرشگێری ترنەکردووە، کەلەبانیۆدا خۆیان شتووە. یانی بەقسەی گیڤارابێت هەموو ئەو شۆرشگێرانە ، کەسانی بۆرجوازی بوون چونکە خۆیان لەبانیۆدا شۆردووە. زۆرجار ووتویەتی **( کرێکارانی ناوشار شۆرشگێرنین و، فێری ژیانی ناوشاربوون . خۆیان لەبانیۆدا دەشۆن!!)** . کاتی خۆی یەزیدیەکان نەدەچوونە ئاودەست چونکە لایان شتێکی باش نەبوو ، لێ ئەوان دژی خەڵکی تر نەدەوەستانەوەو، ئاسایی بوولایان کەخەڵکی تر بچنە ئاودەست.

---

9. هەمان سەرچاوە



الـرجعيات العـربية و سـكوته المطـبق عـن المؤامـرات الأسـتعمارية و التصفوية التي تدير ضد الخليج العربي و الثورة الفلسطينية و مواصلة الأرهاب و الأغتيال ضد الحركات الوطنية و الديموقراطية و القومية في العراق و مواصلة السياسة الشوفينية ضد القومية الكردية ... اذ ذلك كله يشكل المؤشرات الحقيقية على اتجاه سيره الحثيث نحو الأرتماء التام في احضان المخطط الامبريالي-الرجعي المعادي للأمة العربية و الشعب الكردي و لسائر شعوب المنطقة و هذا مما يكشف جوهره الحقيقي و يظهر هويته الحقيقية و يحدد نهجه الرجعي و بالتالي فأن نضال ضد الدكتاتورية التي تعيد العراق الى عهد حلف بغداد المتسترة خلف شعارات براقة و متخفية وراء لافتات خداعة واجب وطني و قومي مفروض على جميع القوى المحبة للوطن و الحريصة على تقدم الشعب العراقي و استقلاله الوطني و حقه في الديمقراطية و في مقدمتها العناصر و التيارات التقدمية الكردستانية التي يتعرض شعبها الى سياسة شوفينية رعناء تهدد بالقضاء على القومية الكردية، و خاصة ان الدكتاتورية قد اعادت احكام الطرق الأستعماري السعيدي المثلث القديم في اعناق الشعب الكردي بتحالفها مع الرجعية الشاهنشاهية و الفاشية الطورانية ضد حركته التحررية و الديمقاطية

اذا كانت القيادة العشائرية و البرجوازية اليمينية للحركة القومية الكردية قد رضخت لمشيئة الامبرالية و الرجعية الشاهنشاهية في انهاء الثورة الكردية و فضلت عار الأنهزامية و مذلة الهروب من كردستان على شرف الأستبسال مجدالمقاومة في ارض الوطن الا ان شعبنا مصمم على واصلة النضال الثوري حتى يتحقق الهدف الاساس المتبلور في الشعار المعروف: (الديمقراطية للعراق و الحكم الذاتي للكردستان) رغم الصعوبات



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بگره خەڵکی تر تەداخوولی لەژیانی تایبەتی ئەوانیانی دەکرد .
لێ کاک گیڤارا دەڵێت دەبێت هەموومان بچینە کوێ وشاخ وجەنگەڵەکان خۆمان بشۆین ، چونکە ئاوی ناوشار حەرامەو پیسە.

## گیڤاراو ئیمپریالیست

دیارە دەمێکە بیرمەندەگەورەکانی کۆمۆنیزم لەوانە ( لینین، ترۆتسکی،رۆزالۆکسۆمبورگ،کاوتسکی)شرۆڤەکردنوتێروانینی تایبەتی خۆیان لەسەردیاردەی ئیمپریالیست کردووە.لێ باشترین شرۆڤە کەکرابێت،کتێبەمەزنەکەی‌لینینە(ئیمپریالیزم‌دواقۆناغی سەرمایەداریە) لینین پێی وابوو،ئیمپریالیزم،بەدواقۆناغی سەرمایەداری دادەنرێت. لەوکاتەی کە سەرمایە کەڵەکەدەبێت و ، دەبێتە هۆی دروستبوونی کارتێلی گەورەو مەزن . ئەم کارتێلانەش سەرلەنوێ نەخشەی دابەشکردنی بازاڕەکانی جیهان دەکێشن 10. لێ گیڤارا هیچ شرۆڤەیەکی تایبەت بەخۆی نەبوو ، جگە لە دووبارەکردنەوەی قسەکانی لینین بە چەوتی .

## گیڤاراو سۆڤێت

گیڤارا باوەڕێکی تەواوی بە سۆڤێت هەبوو . لێ پاش ( کێشەی کوبا *) ، بۆچوونی گیڤارا سەدوهەشتا پلە گۆڕا . کاتێک سۆڤێت وازی لەکوبا هێنا ، گیڤارا کەوتە دژایەتیکردنی سۆڤێت . ئەم و کاسترۆ دەیانووسیت ، سۆڤێت لەبەرخاتری عەقڵی شێتانەو منداڵانەی ئەمان ، تەواوی بەشەریەت بخاتە مەترسیەوە .

10. ئیمبریالیة اعلی مراحل الراسمالیة. لینین . دارالتقدم . موسکو. 1972



اقمع الحركة القومية الكردية و تنصلت نهائيا عن التزاماتها للشعب العراقي و القومية الكردية بأيجاد الحل الديمقراطي للقضية الكردية - و الثمن باهض الذي دفعته دكتاتورية بغداد للرجعية الأيرانية و حليفتها الأمبريالية الأمريكية لقاء استحصال موافقتها على اخضاع القيادة العشائرية للمخطط الأمبريالي الشاهنشاهي - الشوفيني و انهاء الثورة الكردية كان : سيادة العراق و المصالح الحيوية للأمة العربية. لم يكن لحكام العراق هدف من وراء ذلك سوى البقاء على دست الحكم و استغلاله لصالحهم مهما كلف غاليا.

لقد فضحت الوقائع التي اعقبت التحالف (الحكم الثوري التقدمي جدا) مع النظام الشاهنشاهي الرجعي طبيعة الدكتاتورية اليمينية المتسلطة في العراق جوهر سياستها الشوفينية تجاه القضية الكردية الذي يتمثل في تهجير مئات الألوف من العمال و الفلاحين و المثقفين الأكراد في مناطق مندلي - خانقين - كركوك - شيخان - عين زالة - و سنجار اولا و تفريغ الحكم الذاتي من محتواه و مضمونه الحقيقي ثانيا و منع الشعب الكردي عن مساهمة في الحكم المركزي المحلي ثالثا و تفتيت الحركة القومية الكردية و سحق قواتها المسلحة رابعا.

و لم يكن الأعتراف اللفظي بالحكم الذاتي الذي جاء تحت ضغط الأحداث و نضالات شعبنا في آذار ١٩٧٠ الا ستارا لتغطية الجوهر الرخيص للسياسة الشوفينية حيال قضية الكردية كما لم يكن أصدار قانون الحكم الذاتي الممسوخ في آذار ١٩٧٤ الا ستارا لتغطية حرب الأبادة الوحشية التي شنتها الطغمة الحاكمة ضد شعب كردستان العراق و التي ازيلت فيها المئات من القرى و ابيد الألوف من السكان الآمنين.

ان مواصلة الحكم الدكتاتوري في العراق لسياسة التحالف مع نظام الشاهنشاهي و التودد و التقرب من الأمبريالية الأمريكية و التعاون مع



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گیڤارا پێی وابوو کە سۆڤێت ،وەکوو ئەمەریکا هێزێکی ئیمپریالیە11 .
دیارە ئەم قسەیەی گیڤاراش وەکوو تووتی دەروێشەکانی دەیانووتەوە ، بەبێ ئەوەی هیچ شرۆڤەیەکی زانستی لەم قسەیە بکەن .

---

*
کێشەی کوبا ، یەکێکە لە کێشە ناودارەکانی سەدەی ڕابووردوو. کاتێک لە هاوینی 1962سۆڤێت کۆمەڵێک راکێتی ئەتۆمی لە جەنگەڵەکانی کووبا حەشاردابوو، ئەمەریکا لەئۆکتۆبەری 1962 کەشفی کرد ، ئیتر بوو بەهۆی گەورەترین کێشە لەجیهاندا . ئەمەریکا بەسەرۆکایەتی ( جۆن کەنەدی) هەرەشەی شەری ئەتۆمی لەسۆڤێت کرد . کەنەدی ئامادەبوو ، کە بچێتە شەرێکی ئەتۆمیەوە لەگەڵ سۆڤێت . بەمەش بەشەریەت تووشی ترسێکی گەورەبوو . چونکە ئەم شەڕەکۆتایی بەژیانی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی دەهێنا. لێ باش بوو مرۆڤ دۆستانی سۆڤێت ، توانیان ئەم کێشەیە چارەسەربکەن و، حەدێک بۆ چەتەگەری و بەربەریەتی ئەمەریکا دابنێن . دەبێت مرۆڤایەتی سووپاسگوازی سەرکردەی سۆڤێت ( خرۆشۆف) بێت ، چونکە توانی مرۆڤایەتی ڕزگاربکات و ئەم کێشەیە چارەسەربکات . بەداخەوە مێژوو هەر بەهێزەکان دەینووسنەوە . گاڵتەجاریەکەلەوەدایە ، ناوی کەنەدی بە پیاوی ئاشتی چۆتە مێژووەوە ، هەرچەندە ئەو پیاوە ، هەرەشەی لەنەمانی بەشەریەت کرد و، دڕندەترین جەنگیشی لە دژی گەلی ڤێتنامی قارەماندا هەڵگیرساند.

.11 Der politische Theorie Ernesto CHE Guevara.Hartmut Schr**öder.Kiel.1974.S425**

هەروەها سەیری
/

Guevara.E.Che.Wir werden Siegen.Frankfurt. am Main.1968
Guevara.E.Che.Mitselbestzeugnissen und Bilddokumenten. Hamburg. 1995



یـواجهها شعبنا العراقي بقوميته العربية والكردية و اقلياته، هذه المهام التي يتصدرها:

**اولاً**- تحرير العراق الناجز من ربقة قيود الأستعمار الجديد الأقتصادية والسياسية.

**ثانيا**- انهاء الحكم الدكتاتوري الدموي.

**ثالثا**- ايجاد السلطة الوطنية الديمقراطية الأئتلافية القادرة على توفير الديمقراطية للشعب العراقي باسره.

**رابعا**- اقرار حق الشعب الكردي في الحكم الذاتي الحقيقي ضمن جمهورية عراقية مستقلة.

**خامسا**- اجراء الأصلاح الزراعي الجذري لصالح جماهير الفلاحين وتصنيع البلاد واستغلال ثروتها النفطية والمعدنية لتطوير المجتمع العراقي ومن ثم تهيئة مستلزمات الأنتقال الى البناء الأشتراكي.

وتحقيق هذه المهام الخمسة قادر على درب النضال العربي العادل ضد الأمبريالية و الصهيونية و الرجعية و تعبئة طاقات العراق الهائلة و زجها في معركة المصير التي تخوضها الأمة العربية ضد الصهيونية و الأمبريالية ان تنازل الدكتاتورية الحاكمة في بغداد عن حقوق العراق المشروعة في شط العرب و تسليمها بأحتلال النظام الشاهنشاهي الرجعي المتحالف مع الأمبريالية لعربستان و الجزر العربية الخليجية، و بعدوانه على الشعب العربي في الخليج و تآمره لأجهاض النظام التقدمي في اليمن الديمقراطية الشعبية و قبولها السير في موكب الدول الرجعية الضالعة في ركب الأمبريالية و استعدادها توقيع معاهدة استعمارية عسكرية جديدة تحت ستار (امن الخليج) خلافا لأرادة الشعب العراقي و المصالح الحيوية للأمة العربية -ان ذلك كله يثبت ان البورجوازية البيروقراطية العراقية- العاجزة تاريخيا عن حماية الأستقلال الوطني- قد اختارت طريق نوري السعيد



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## گیڤاراو ئیمپریالیستی ئەمەریکی

دیارە ئەمەریکا لەپاش ڕزگاربوونی لەدەستی ئینگلیزەکان ، کەوتە پەلاماردانی گەلانی جیهان بەگشتی و ئەمەریکای لاتین بەتایبەتی . لەپاش ڕزگاربوونی گەلانی ئەمەریکای لاتین لەدەستی داگیرکەری ئیسپانی ، جارێکی تر کەوتنە بەر پەلاماری هێزێکی داگیرکەری تر ، کەلە ئیسپانیەکان دڕندەتر و بەربەریتر بوو . ماوەی چەندین ساڵە گەلانی ئەمەریکی لاتینیش ، زۆرقارەمانانە بەرەنگاری چەتەگەری ئەمەریکیەکان بوونەتەوە . دیارەجگە لە خەباتی چەکداری، بەچەندین شێوازی تر، خەبات لەدژی ئەمەریکا بەرپابوو ، لەوانە بزووتنەوەی کەنیسەکانی ئەمەریکای لاتین ، کە بزووتنەوەیەکی ئێجگاربەهێزبوو.جگە لەوەش چەندین خەباتی جەماوەری ناو شارەکان بەرپابوو ، کەرۆژانە لەدژی حکومەتە ستەمکارەکان، خەڵکی خەباتی دەکرد . لێ بەداخەوە زۆرترین یان بڵاوترین خەباتی دژی ئەمەریکا ، بزووتنەوەی چەکداری و گیڤاریزم بوو .

## گیڤاراو سیمۆن پۆلیڤار

گیڤارا هەموو ئاواتی ئەوەبوو ، کە گەلانی ئەمەریکای لاتین لەژێردەستی ئەمەریکا رزگاربکات . گیڤارا دەیووسیت هەروەک چۆن سیمۆن پۆلیڤار ، بەشێکی زۆریخاکی ئەمەریکای لاتینی لەدەست ئیسپانیا ڕزگارکرد.ئەمیش دەیووسیت بەهەمان شێوە ، ئەمەریکای لاتین لەژێردەستی ئەمەریکا ڕزگاربکات . دیارە ئەو شۆرشەی کە گیڤارا دەیوویست ، شۆرشی ڕزگاریخوازی گەلانی ئەمەریکای لاتین بوو.





**البيان الأول**
**للأتحاد الوطني الكردستاني**

جاءت اتفاقية ٦ آذار ١٩٧٥ الخيانية بين الحكومتين العراقية والأيرانية دليلا جديدا على عجز البورجوازية البروقراطية العراقية- الشوفينية بطبيعتها- عن حل القضية الكردية حلا ديمقراطيا عادلا مثلما اكدت الأحداث التي اعقبتها عجز القيادة العشائرية والبورجوازية اليمينية المساومة وفشلها في قيادة الحركة القومية التحررية للشعب الكردي واثبت مجددا ان الدوائر الأستعمارية وعلى راسها الأمبريالية الأمريكية والرجعية الغاصبة لأرض كردستان وفي مقدمتها الحكومة الأيرانية ليست الا اعداء الداء للشعب الكردي ولسائر شعوب المنطقة لاتريد لها الا الأستعباد والحرمان من جميع الحقوق القومية والديمقراطية ولاتضمر لها سوا الغدر والشر مهما تفننت في الخداع والتضليل وبرعت في حبك الدسائس وتدبير اللعب الدبلوماسية ومهما تسترت بالبراقع المزركشة.

لقد سطعت من جديد في سماء كردستان- كنجمة هادية- الحقيقة التاريخية التي طالما بشر بها التيار التقدمي الكردستاني حقيقة ان تحرير الشعب الكردي من المظالم الأستعمارية والأضطهاد القومي والأستقلال الطبقي لايتم مطلقا دون الأستناد الى النضال الجماهيري الثوري المتلاحم مع النضال الجماهير الشعبية العربية في جبهة وطنية متحدة ضد الأستعمار والصهيونية والدكتاتورية. كما برزت من خلال الوقائع والأحداث انه لابد من ان تتكاتف القوى الثورية الكردستانية مع سائر القوى التقدمية اليسارية في العراق لأنجاز مهام الثورة الديمقراطية التي



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



**"سیمۆن پۆلیڤار"**

وه ئەمەش هیچ پەیوەندیەکی بە بیری کۆمۆنیستی و چەپەوه نییه . چونکه شۆرشی ڕزگاریخوازی شتێکەو،ڕزگاریبوونیش لەسەرمایەداری شتێکی تره . سیمۆن پۆلیڤار * لەکاتێکدا ئەو شۆرشەی کردبوو ، کە سەردەمەکەبەو شێوەیەی ئەمرۆ ئاڵۆزنەبووه . لێ گیڤارا ئەم ڕاستیانەی نەدەبینی ، وایدەزانی بە کلاشینکۆڤێک و چەند چەکدارێک ، دەتوانێت دژی ئیمپریالیستی ئەمەریکی بجەنگێت . جێگای ئاماژه بۆکردنه ، ئەم ڕێبازەی گیڤارا ، گەورەترین زلەی لە گەلانی ئەمەریکای لاتیندا بەتایبەت (دانیشتوانه رەسەنەکانی ئەو کیشوەره ) گەورەترین قوربانی ئەم بیره سەقەتەی گیڤارابوون . زۆربەی لادێ و ڕەزوباخی ئەو خەڵکە هەژارو جووتیاره، بەناوی شۆرشەوه لەناوچوو . جگە لە هەڵمەتێکی نامرۆڤانه بۆ لەناوبردنی خەڵکی هەژاروجووتیارانی ئەو وولاتانه . ( **پاشتر بەدرێژی باسی تراژیدیای گەلانی ئەمەریکای لاتین دەکەم)** .






**ساڵی 1984 سەرانی یەکێتی ، لەگەڵ عەلی کیمیاوی و عیزەت دووری**

**لەڕاستەوه. ملازم عومەر. فەرەیدون عەبولقادر. نەوشیروان مستەفا ئەمین. عەلی کیمیاوی.عیزەت دوری . جەلال تاڵەبانی. فوئاد مەعسوم . قادری حاجی عەلی .**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



لیستی چوارەم



## شۆرشگێڕ دەبێت چۆن بێت

لای گیڤارا کرێکاری شار شۆرشگێر نییە ، چونکە لەبانیۆداخۆی دەشوات وکاریگەری ژیانی شاری بۆرجوازی بەسەریەوەیەتی، لەبەر ئەوەناتوانێت شۆرش بکات . لای گیڤارا شؤرش تەنها لەناوجەنگەڵ و دارستانەکاندا دەکرێت ، دوور لەشارو شارۆچکەکان ،**(پێدەچێت بۆئەوەی شؤرشگێرەکان بەچاووەنەبن!)** . یەکێک لەحیکمەتەکانی تری کاک گیڤارا ئەوەیە ، کەنابێت شۆرشگێرسواری ئەسپ بێت واتە دەبێت هەمووکات پیادەبێت!. واتە ئەسپیش بۆتە ڕێگرێکی گەورە لەبەردەم شۆڕش دا. مەحموود باکسی دەڵێت : ( هێندە گیڤارا کاری تێکردبووین ، نەمان دەوێرا سواری هێستر بین ، هەرچەندە قاچیشم زۆر دەئێشا. وامان دەزانی گەرسواری هێستر بین ، رۆحی شۆرشگێڕیمان کەم دەبێتەوە 12) . سەیر لەوەیە ، گیڤارا خۆی سەعاتی رادۆ و سیگاری دەکێشا . پێش چەند ساڵێک لەمەو پێش

---

*

Bolivar,Simon، کەنازناوی Libertador واتە ئازادیکەری هەیە. بۆلیڤار لە24.06.1783 لە کەرەکاس ( ڤێنزوێلا) لەخێزانێکی دەوڵەمەند لەدایکبووە . بەهۆی دەوڵەمەندی خێزانەکەیەوە ، توانیویەتی بخوێنێت و ،پاشانیش بچێتە فەرەنساو لەوێ خوێندن تەواوبکات . ساڵی 1817 شۆرش لەدژی ئیسپانیا هەلدەگیرسێنت ، ساڵی 1819 ڤێنزوێلا رزگار دەکات . پاشان ساڵی 1821 بۆلیڤار پەلاماری کۆلۆمبیا دەدات و ئیسپانیەکان دەردەکات . ساڵی1824 پەلاماری وولاتی پێرۆ دەدات ، ئیسپانیەکان لەوێش دەردەکات .پاشان پەلاماری پۆلیڤیا دەدات. ساڵی 1825 خۆی دەکاتە سەرۆکی هەرچوادەولەتی ( ڤێنزوێلا ، کۆلۆمبیا، پێرۆ ،پەنەما، پاشانیش پۆلیڤیا) لە 17 دیدسەمبەری 1830 لە پۆلیڤیا دەمرێت . ڕاستە یەکەمجار ، رۆڵی ڕزگاریخوازی دەبینی ، لێ پاشان بووبە دیکتاتۆرێکتی چەوسێنەرو ، خەڵکی بەخراپترین شێوە دەچەوساندەوە.

بۆزانیاری زیاتر لەسەرژیانی بۆلیڤار سەیری
www.Wiekipidia.de.Simon Bolivar.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەعاتی ڕادۆRado  کەگرانترین سەعاتی جیهانە ، ریکلامێکی کردبوو ، وێنەیەکی گیڤارای لەسەر دانابوو ، بەگەورەیش نووسرابوو **( تەنانەت شۆرشگێرەکانیش سەعاتی رادۆ لەدەست دەکەن ) .**

کاتی خۆشی  رۆژنامەنووسێک  لە جۆرج حەبەش ( کە گیڤاریستێکی فەلەستینی بوو) پرسی بوو ، تۆخۆت بە شۆرشگێر دادەنێیت ، کەچی جگەرەی  رۆزمەنی  ئیمپریالی  دەکێشیت  .  ئەویش  مژێکی لەجگەرەکەی دابوو ،پاشان ووتبووی

**( من ئیمپریالیستەکان دەسووتێنم !!!) .**

### خولە پیزە و گیڤارا




خولە پیزە کابرایەک بوو، سالانی چلەکان لەدژی حکومەت یاخی بوو. کۆمەڵێک چەکداری لەگەڵ بوو ،لەدژی حکومەت کاریان دەکرد .پۆلیسوعەسکەری زۆری کوشتبوو. لەناوخەڵکیدا بە چەتەکانی خولە پیزە ناسراون. ئەم کابرایە خەڵکی دەوڵەمەندی دەگرت و ، پارەکەشی بەسەر خەڵکی هەژاردا دابەشدەکرد.

---

12 . مەحمود باکسی. هەربالندەیەک لەگەڵ پۆلی خۆیدا دەفرێت. وەرگێرانی دابان هەمەنوەندی. دەزگای چاپەمەنی کوردستانی ئیمرۆ. 2000 . ل.56





لیستی سێیەم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کابرایەکی یاخی بوولە رژێمی پادشایەتی و،زۆرڕقی لە پۆلیس بووە.
لێ پاشان حکومەت لەڕێگای یەکێک لەهاوڕێکانیەوە ،بۆسەیەکیان
بۆ داناو کوشتیان. من هەرچەندە سەیری بزووتنەوەکەی گیڤاراش
دەکەم،زۆرنزیکەلەبزووتنەوەکەی خولە پیزە. ئاخر هەردووکیان دژی
دەوڵەت وپۆلیس بوون.هەردووکیان ڕقیان لە دەوڵەمەندبوو. دۆستی
نزیکی هەژاران بوون . بەڵام لەبەر ئەوەی خولە پیزەکورد بوو،
وەدەسەڵاتی سیاسی نەگرتەدەست ، بۆیە ناوبانگی دەرنەکرد.

## گیڤارا و گەلی کورد

گیڤارا بەبێ ئەوەی هیچ زانیاریەکی لەسەرگەلی کوردبووبێت،
بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بە (نۆکەری ئیمپریالیست)داناوە.
گیڤارا لەچەند ڕۆژنامەیەکی زەردی ئیسپانیا و سۆڤێت،زانیاری
دەربارەی کورد خوێندبووەوە. ئەوانیش ئەو کاتە کوردیان
بەداردەستی ئیمپریالیستی جیهانی دادەنا. گیڤاراش هەمان شەکری
شکاندەوە،کەئەمەش ناهەقیەکی گەورەیە ،کە دژی گەلی کورد
کردوویەتی . ئاخر گەلێکی وەکوو کورد ، کەچەندین ساڵە لەلایەن
داگیرکەرانەوە بە دڕندەترین شێوە دەچەوسێتەوە ، چۆن دەبێت بە
نۆکەری ئیمپریالیست ناوزەنگی بکەیت؟! . لێ گیڤارا هەموو
بۆچوونەکانی هەروا سادەو دوور لە زانستی بوون .

## بۆچی گیڤارا بوو بە سووپەرستاری شۆڕش ؟!

دیارە ئەمڕۆ گیڤارا کراوەتە سوپەرستاری شۆڕش . لەکۆمەڵگای
سەرمایەداریدا هەموو شتەکان بە مرۆڤیشەوەقابیلی کڕینوفرۆشتنن.
هەر شتەو بەپێی گرنگی خۆی ،نرخی بۆ دادەنرێت. میدیاکانی
سەرمایەداریش تەنها کاریان ئەوەیە ، کە شمەکە هەمەجۆرەکان






لیستی دووەم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەخەڵکی بناسێنن، بۆ ئەوەی خەڵکی بیکڕێت. گیڤاراش هەروەکوو هەموو شمەکە بازرگانیەکانی تر ، سەرمایەداری جیهانی ،توانی بەنرخێکی باش بەخەڵکی ساویلکەو نەفام بفرۆشیتەوە ، هەروەک چۆن رۆژانە شمەکی خراپ و نادروست ، بەخەڵکی زەحمەتکێش دەفرۆشنەوە . ئیمرۆ جیهان بۆتە بازاڕێکی گەورەو بەدەستی چەند دەوڵەتێکی سەرمایەداریەوەیە . ئەوان حوکمی هەموو شتەکان دەکەن . لەبەرئەوەی بۆچوونەکانی گیڤارا خزمەتی بەوان دەکردو، ماڵوێرانی وسەرگەردانی بۆ جووتیاران وهەژاران دەهێنا، هاتن ئەم کابرایەیان لێ قەبەکردین . کێشەکەش لەوادابوو کە سەرمایەداری توانی خەڵکێکی زۆر قەناعەت بەرێبازە چەوتەکەی گیڤارا بهێنێت . ئەمرۆ خۆیان بەملیۆنەها وێنەی گیڤارا بەجیهاندا بڵاودەکەنەوە. هەر خۆیان وێنەکەیان کردۆتە ریکلامێکی هەرزانی شۆرش .





لیستی ناوی ئەوژنانەی کەساڵی 91 بۆ 93 تیرۆرکراون



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەکداری

حەزدەکەم بەکورتی باسی ئەو هۆکارانە بکەم کە دەبنە هۆی دروستبوونی بزووتنەوەی چەکداری .

### ـ خراپی باری ئابووری و هەژاری

بەگشتی بزووتنەوەی چەکداری لەوشوێنانە دروست دەبێت ، کە باری ئابووریان زۆرخراپە بەتایبەت ئەو شوێنانەی کە لایەن دەسەڵاتی ناوەندیەوە پشتگوێخراون ، وەکوو ( لادێ و ناوچە هەژارنشینەکانی ناو شار) . لەوکاتەی کە هەژاران بەتایبەت جووتیاران تووشی نائومێدیەکی زۆردەبن ، ناچارن دەبن خۆیان فرێبدەنە ناو زەلکاوی گیڤاریزمەوە . زۆرجار مرۆڤ لەناچاریدا بڕیاری شێتانە دەدات . هەروەک چۆن کەسێک لەناوئاوودا نووقم بێت و مەلەنەزانێت ، دڵی بە چڵەدارێکیش خۆشە کە بێت ڕزگاری بکات .

### ـ لادێ و شوێنە دوورە دەستەکان

باشترین گۆڕەپانی جەنگ بۆ بزووتنەوەی چەکداری ، لادێ و ناوچە جەنگەڵ و شاخاویەکانە . چونکە لێرەدا دەتوانێت خۆی قایم بکات وشەڕ لەدژی حکومەت بکات . لەبەر ئەوەی بەگشتی بزووتنەوەی چەکداری ناتوانێت لەگەڵ سووپای نیزامی بجەنگێت ، چونکە لەڕووی چەک و تەقەمەنی و ژمارەشەوە ، سووپای نیزامی لە گرووپێکی بچووکی چەکدار بەهێزترە .بۆئەوەی شەڕیش لەگەڵ سووپایەکی بەهێزدا بکەیت ، پێویستە بەچەند شێوەیەک پارسەنگی خۆت رابگریت. تاکەرێگاش کەخۆت بەهێزبکەیت ،سەختیو ئاڵۆزی ئەوناوچانە یە کەشەرەکەی تێداروودەدات.چونکە شاخ ودارستانەکان






-ان الضمان الاساسي والوحيد للاكراد في اي اتفاق هو السيد الرئيس صدام حسين لان سياسته هو اهم الضمانات لنا ويشكل حالة مطمئنة جدا لمطالبنا وحقوقنا

**چاوپێکەوتنی مەسعود بەرزانی لەگەڵ گۆڤاری ئەلف باء ی عیراقی.**
**هاوینی ساڵی 1991**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## وێنە و بەڵگەنامە







**ساڵی 1980 رەمیکردنی شۆرشگێرانی کوردستانی ئێران بەدەستی رژێمی خومەینی و جاشەکانی**



وەکوو دەشت و بیابانەکان نییە ، تا سووپا بەئارەزووی خۆی سووپاکەی دوژمنی لەناوبەرێت . لەبەرئەوەی ناوچەی شاخاوی ودارستان وجەنگەڵەکان ، باشترین پەینی کیمیاوین ، بۆ بەهێز بوونی ئەم بزووتنەوەیە .

**_ دیکتاتۆری وحکومەتی سەربازی**

بەگشتی بزووتنەوەی سەربازی لە وولاتە دیکتاتۆرو عەسکەرتاریەکان دروست دەبێت.ئەو وولاتانەی کە حکومەتێکی دیمۆکرات و ئازادیان هەیە ، بزووتنەوەی چەکداری تێیدا دروست نابێت . چونکە لە حکومەتی دیمۆکراتیدا ، خەڵکی هانا بۆ شێوازە دیمۆکراتیەکان دەبات وەکوو،( مانگرتن، رەخنەگرتن،خۆپیشاندان، رۆژنامەی ئازاد ).لێ ئەو وولاتانەی کە دیکتاتۆری و عەسکەرتارین ،هاوولاتیان ناتوانن بەشێوازێکی مەدەنی و دیمۆکراتیانە ، بەرگری لەماڤەکانیان بکەن . حکومەت هاوولاتی ناچاردەکات ، کەپەنا بەرێتە بەر شێوازی چەکداری.حکومەت بە ئاگرو ئاسن پەلاماری خەڵکی دەدا و ، دەیەوێت لەرێگای توندوتیژیەوە حوکمی گەل بکات. سەردەمانێکی زۆر،ئەمەریکای لاتین بووبوە لانکەی بزووتنەوە چەکداریەکان ، لێ کاتێک کە حکومەتە دیکتاتۆریە سەربازیەکانی سەر بە ئەمەریکا کۆتاییان پێهات،کۆتایش بە بزووتنەوەی گیڤاریزم وچەکداریش هات . ئەمرۆ خەڵکی لەرێگای هەڵبژاردن و پارتی سیاسیەوە ، هەوڵی دەسەلاتی سیاسی دەدەن . هەربۆیە چەندە وولات دیمۆکراتی و ئازاد بێت ، هێندەش بزووتنەوەی چەکداری سست و لاوازدەبێت. هیگل ووتەنی ( هەرکارێک ، کاردانەوەی خۆی هەیە)



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەمان لەباشترین حاڵەتدا، دوو خوێندکاری فاشیلی خولە پیزەن.هەر ئەمەش وامان لێدەکات ، کە زۆرباش تێبگەین ، کەئەم بزووتنەوەیە ئافاتێکی گەورەیە ، بۆ هەموو بەشەریەت. من هیوادارم بەم چەند دێرە کورتانە ، توانیبێتم ، کەمێک لەو دیاردەخراپ و ترسناکە ، بۆ خوێنەری کورد شرۆڤە بکەم. هەروەها توانیبێتم کەمێک زانیاری دەربارەی ئەوبزووتنەوە فاشیلانە ، بەخوێنەری کوردی بدەم.

**تەواو**

**مانهایم / ئەڵمانیا**
2007/08/13



**_ نەبوونی ریفۆرمی زەوی و پشتگوێ خستنی جووتیاران**

جووتیاران باشترین سووتەمەنین بۆ جەنگی پارتیزانی . بەگشتی لەو وولاتانەی ، کە جووتیاران لەخراپترین باری ئابووری و سیاسی وکۆمەڵایەتیدا دەژین ، بزووتنەوەی چەکداری دروست دەبێت . پشتگوێ خستنی ماف وداواکانیجووتیاران ، دەبێتە هۆی دروستبوونی بوورکانی ڕق وکینەی جووتیاران . هەربۆیە لەو وڵاتانەی ریفۆرمی زەوی کراوەو باری ژیانی جووتیاران و لادێ نشینەکان باشکرابێت ، بزووتنەوەی چەکداری تێدا ڕوونادات .



**جووتیارێکی کەمبۆدی بەم شێوەیە ئاووی کێڵگەکەی دەدات.**

**_ کەمکردنەوەی جیاوازی نێوان شارولادێ**

جیاوازی نێوان شارو لادێ ، گەورەترین کێشەی وولاتانی جیهانی سێهەمە . ئەم جیاوازیەش باشترین فەزا بۆ چەندین رێکخراوی توندوتیژ ورادیکاڵ دروست دەکات . زۆرجار لادێ نشینەکان،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێستای دیاری دەکات و، کارەکانی ئێستاشی ، کارەکانی داهاتوویمان پیشان دەدات . ئەمرۆ ئەوگەندەڵیەی کەلەکوردستاندا هەیە ، لەهیچ وڵاتێکی تردا نییە. گەندەڵیەکە هێندە زۆرە ، کەبەهیچ شێوەیەک وەسف ناکرێت. باوەڕناکەم لەهیچ وڵاتێکی جیهاندا ، چ ئێستا و چ لە مێژووشدا ، گەندەڵی وابووبێت . یەک و پەک ، هیچ کاتێک ناتوانن چارەسەری گەندەڵی و کێشەکانی تری خەڵکی بکەن . ئاخر ئەمان خۆیان هۆکاری سەرەکی گەندەڵیەکەن . کەی دزێک چارەسەری دیاردەی دزیپێدەکرێت؟! .ماوەیەکە دەستەواژەی ( مۆدێرنیزم و ریفۆرم) ، بەگەرمی هاتۆتە ئاراوە. لێ هیچ کاتێک پەک و یەک ،ناتوانن مۆدێرنیزم و ریفۆرم بکەن. بۆچی ؟! ئایا ریفۆرم نابێت لە لووتکەی دەسەڵاتەوە دەستپێبکات؟! ئایا مۆدێرنیزم نابێت لە سەرانی سیاسیەوە،چرای تەمەنی خۆی دابگیرسێنێت؟! ئایا ئێوە هیچ کاتێک باوەڕدەکەن ، کە مەسعود و جەلال ، لەماوەیەکی تردا ببن بە گاندی و ماندێلا؟! ئایا کەی میلیشیایەکی عەسکەری ،بۆتە حیزبێکی مەدەنی و مۆدێرن ؟! ئایا دوو میلیشیا ، کەتا دوێنی بوو، خەڵکی نەیدەوێرا لە لە سلێمانیەوە بۆ هەولێر بچێت ، یان بە پێچەوانەوە. ئیتر چۆن باوەڕبکەین ، کە ئەمانە نەخشەیەکی ستراتیژیان ،بۆمۆدێرنیزەکردن و ریفۆرم، هەبێت؟!.هیچ کاتێک میلیشیا باوەری بە ریفۆرم و مۆدێرنیزم نییە. گەر باسی ئەوشتانەش بکات ، ئەوا لەبەرخاتری خاترانە!! نەک لەبەر خاتری خەڵکی . پێویستە ئەوە تێبگەین،کەهیچ کاتێک بزووتنەوە چەکدارەکانی جیهان ، لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا ، سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە. حەزم دەکرد کە لە شوێنێک یا ن دەوڵەتۆکەیەکببینم،کەبزووتنەوەیەکی چەکداری سەرکەوتنی تێدا بەدەست هێنابێت. وەلێ مەخابن دەستم نەکەوت. من ئەوەندەی تێگەیشتووم ، کە جەلال و مەسعود ، دوو قۆتۆکۆپی خولە پیزەن. ئەوەی کەئەوان چەندین ساڵە بەناوی شۆرشەوە بەخەڵکی دەفرۆشن ، جگە لەدرۆیەکی شاخ دار هیچی تر نییە.



بەحکومی ئەوپەراوێزی وپشگوێخستنەی کەحکومەت لەدژیان دەیکات ، تووشی هستریایەکی خراپ دەبن و، هانا بۆ بزووتنەوەی چەکداری دەبەن . هەربۆیە دەبێت ئەو جیاوازیە نەهێڵرێت .

زۆرجار حکومەت بایەخ بەناوچەیەکی تایبەت دەدات و ناوچەکانی تر پشتگوێ دەخات ، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی ناوچەگەری لای دانیشتوانی ناوچەکان .



**شاری بۆینس ئایرس، پێتەختی ئەرجەنتین**



**لادێیەکی ئەرجەنتین**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**ـ بوونی زوڵمی نەتەوەیی و چارەسەر نەکردنی کێشەی کەمە نەتەوەیەکان .**

بەگشتی بزووتنەوەی چەکداری لەو شوێنانە دروست دەبێت ، کە کەمەنەتەوەکانی تێدا دەژین . پاش ئەوەی کە لەووڵاتێکدا چەند نەتەوەیەک پێکەوەدەژین ، نەتەوەی زۆرینە دەیەوێت نەتەوەی کەمینە، بچەوسێنێتەوە . ئەم ناعەدالەتی و چەوسانەوەیە ، دەبێتە هۆیدروستبوونیکێشەی نەتەوەیی .پێویستە کێشەی کەمەنەتەوەکان بەشێووەیەکی عادیلانەو دیمۆکراتیانە چارەسەربکرێت.گەر کێشەکە چارەسەر نەکرێت ، ئەوا ماڵوێرانی بۆ ووڵات دروست دەبێت .

**ـ خراپی باری ژیانی کرێکاران**

سیستەمی سەرمایەداری پێک هاتووە لەدووچین ، چینی کرێکار و چینی سەرمایەدار . هەمووکات چینە سەرمایەدارەکە ، هەوڵی چەوسانەوەی چینە کرێکارەکان دەدات . گەر ئەم چەوسانەوەیەش کەم نەکرێتەوە ، دەبێتە هۆی دروستبوونی شۆرش وڕاپەرین . ئەوروپیەکان لەپاش جەنگی دووەمی جیهانیەوە ، لەم راستیە تێگەیشتن ، هەربۆیە کەمێک باری ژیانی کرێکارانیان چاک کرد . لێ لەووڵاتانیسێهەمهێشتا کرێکاران بەخراپترین شێوە دەچەوسێنرێنەوە. لەهەمان کاتیشدا رێگابە کرێکاران نادرێت ، کە سەندیکای خۆیان هەبێت ، یان لەرێگای مانگرتنەوە داواکاریەکانیان بسەپێنێن . هەربۆیە کرێکارانیش ناچار دەبن ، هانا بۆ کاری تووندوتیژی بەرن . ئەم وەزعەش باشترین فەزایە بۆ رێکخراوە چەکدارەکان ، بۆئەوەی کرێکاران بۆ لای خۆیان رابکێشن و بیانکەنە سووتەمەنی بزووتنەوەکەیان . هەرچەندە ئەمانیش کاتێک دێنە سەر حوکم ،



**دوا ووشە**

لەپاش خوێندنەوەیەکی دووردرێژی چەند ساڵەم ، بۆ بزووتنەوەی چەکداری ، چ لەکوردستان و چ لەجیهان، زۆرباش تێگەیشتم ، کەئەم بزووتنەوەیە ، نەک سوود ، بەڵکە زیانێکی ئێجگار گەورەی بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەیە. لەو باوەڕەدام ئەو زیانانەی کە بزووتنەوەی چەکداری لە گەلانی جیهانی داوە، زۆرنزیکە لەو زیانانەی ، کە فاشیست و نازیەکان لەمرۆڤایەتی داوە. ئەم بیرە لە بنەڕەتەوە چرووک و سەقەت بووە. ئەم بزووتنەوەیە هەر لەسەرەتاوە ، جاڕی ئیفلاسی خۆی داوە، چونکە هەر کەسێک هانای بۆچەک و تووندوتیژی برد ، مانای دورکەوتنەوەیە لە فکروعەقڵانیەت. ئەمەش مانای ئەوەیە کەکەسێکە، هیچی پێ نییە و ئیفلاسی کردووە. هەرکەس تەنها لەرێگای ماسوولکەوە چارەسەری کێشەکانی کرد ، کەسێکی دەبەنگ و دواکەوتووە.من لەوباورەدام هیچ کاتێک بزووتنەوەیەکی چەکداری ،هیچ دەوڵەتێکی بەرەوپێشکەوتن و گەشەسەندن نەبردووە. بەڵکە بەپێچەوانەوە ، لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانە، بزووتنەوەی چەکداری تێدا ڕوویدابێت،لەسووتاندن و ماڵوێرانی و فەوتاندن و ئاوارەیی زیاتر ، هیچ سوودێکی تری نەبووە. ئەمە خۆ رێکەوت نییە ، هەموو بزووتنەوەکان فەشەلیان هێناوە. **پۆلپۆت 2 ملیۆن کەسی کوشت . عەرەفات 2 ملیارد دۆلاری دزی. کابیلا 2 ملیۆن کەسی ئاوارەکرد. جەلال و مەسعود کوردستانیان کرد بە 2 پارچەوە.**

ینک و پدک ، هیچ کاتێک لەمێژوویاندا سوودیان بۆکورد نەبووە. ئێستاش هەموو بەچاوی خۆمان دەیبینین ، کە چ کارەساتێکیان بەسەرگەلی کورد هێناوە. وە من دڵنیاشم ، کەلە داهاتووشدا ، جگە لە کارەسات و ماڵوێرانی و تالانی ، هیچی ترناکەن بەیەخەی نەوەکانمانەوە. ئاخر هەمووکەسێک کارەکانی رابردووی، کاری



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەهەمان شێوە کرێکاران دەچەوسێننەوە ، باشترین نموونەش کوردستان و وولأتی کووبایە .



**خوێندن لە ئەفگانستان**

**_ نەخوێندەواری و نا هۆشیاری**

بەگشتی ئەو کەسانەی کە خوێندەوار وهۆشیاربن ، ناچن خۆیان فرێبدەنە ناو ئاگری جەنگی پارتیزانیەوە . لینین پێی وابوو ،( ئەو کەسانەی هانا بۆ تیرۆردەبەن ، ئەو کەسانەن کە هیچ هزرێکیان لەمێشکیاندا نییەو ، بۆیە تاقە رێگا کەهانای بۆ دەبەن تیرۆرە13 ) لەبەرئەوە چەندە کرێکاران و جووتیاران هۆشیاربن و ئاستی رۆشنبیریان بەرزبێت ، هێندەش بزووتنەوەی چەکداری لاوازدەبێت.

13. . لینین . مختارات . دار التقدم . موسکو . 1975 .

32



27. جەزا چنگیانی . مەنجەڵەکەی مام جەلال . کوردستان نێت.

28. گۆڤاری درک ، ژمارە شەش . دێدسەمبەری .1985

29. محەمەد مەردۆخی کوردستانی.مێژووی کوردوکوردستان .وەرگێرانی عەبدول کەریم سەعید. مطبعة اسعد. بغداد. 1991



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



خوێندن لە کۆلۆمبیا بەم شێوەیە

بەگشتی تەنها خەڵکانی نەخوێندەوار وناهۆشیاری سیاسی ، دەکەونە دوای بزووتنەوەی چەکداری . بۆنموونە سەیر دەکەیت لەو وڵاتانەی ،کەرێژەی نەخوێندەواری تێیدا کەمە ، بزووتنەوەی چەکداریش تێیدا روونادات . لێ بەگشتی ئەم بزووتنەوەیە لەو شوێنانە یان ئەو ووڵاتانە دروست دەبێت ، کە ئاستی هۆشیاریان زۆر نزمەو رێژەی نەخوێندەواریش زۆر بەرزە . بۆ نموونە رێژەی نەخوێندەواری لە کۆلۆمبیا 73،8% ،لە ئەفگانستانیش 78%. 14

Microsoft Encarta. 2003. Partisanen ..Afganistan. Kolumbia . 14



17. .شۆرش حاجی . تەعریبی کەرکوک . سیاسەتی تەعریب لەدوو توێی هەشتابەڵگەنامەدا. چاپی یەکەم . چاپخانە شڤان .سلێمانی. . 2004

18. عارف قوربانی . شایەتحاڵەکانی ئەنفال . بەرگی یەکەم . چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری . سلێمانی . 2002

19. رێکخراوی چاودێری ماڤی مرۆڤ. / بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. عێراق و تاوانی جینۆساید . شاڵاوی ئەنفال دژی کورد . وەرگێرانی . جەمال میرزا عەزیز. چاپخانەی هاڤیبوون . بەرلین . 2000 .

20. نەوشیروان موستەفا ئەمین . خولانەوە لە بازنەدا. 1997

21. .شێرکۆ بێکەس. دیوانی هەڵۆ. یەکێتی نووسەرانی کورد. چاپخانەی شەهید جەعفەر. 1986.

22. حەمەسەعید حەسەن. بۆ پیاوە پووتەکان .بنەکی خەرمانە.چاپی یەکەم . 2001 .

23. . ئەحمەد بانیخێڵانی . بیرەوەریەکانم . ستۆکهۆڵم . 1997 .

24. فاتح رسول . صفحات من تاریخ کفاح الشعب الکردی . ترجمة . کمال غمبار . الجزء الاول . وزارة الثقافة . السلیمانیة.2005

25.حسین بەفرین . بەرگی یەکەم . چاپی دووەم. چاپخانەی گەنج.سلێمانی .2002

26. هێمن. ناڵەی جودایی .چاپخانەی علاء. بەغداد.1979 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

9. فەیسەڵ داغلی . براکوژی . شەڕی ناوخۆی کورد . وەرگێڕانی دابان هەمەوەندی . چاپخانەی کوردستانی ئیمڕۆ.چاپی یەکەم . 2000

10. دیڤید مەکداول . مێژووی هاوچەرخی کورد . وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناو . چاپی دووەم . چاپخانەی کتێبفرۆشی سۆران . 2005.

11..ابوبکر خوشناو،ترجمة ،عیدوباباشیخ . صفحات من تاریخ الاتحاد الوطنی الکردستانی. من منشورات القسم الثقافی للمکتب التنظیم_ الاتحاد الوطنی الکردتسانی. الطبعة الثانیة . 2005.

12. حسێن بەفرین . سەرابێکی بەنگکێش. بەشی یەکەم . چاپی یەکەم . سلێمانی . 2001 .

13. نعوم تشومسکی . 500 سنة غزو مستمر . ترجمة . می النبهان . دار المدی . سوریا . دیمشق . الطبعة الثانیة. 1999.

14. لیون تروتسکی . تاریخ الثورة الروسیة. ترجمة . اکرم دیری ، الهیثم الایوبی . الموسسة العربیة للدراسات والنشر . الطبعة الثانیة. بیروت .1978 .

15. هاوڕێ قادر ڕەسوڵ . لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕاپەرینەکەی بەهاری 1991 ی باشووری کوردستان . چاپی یەکەم . هۆڵەندا.1994

Microsoft Encarta. 2003 . ..Gahndi.16



## سیماکانی بزووتنەوەی چەکداری

بزووتنەوەی چەکداری لەهەرکوێیەکی جیهان بێت ، کۆمەڵێک سیما و سیڤاتی هاوبەشیان هەیە . هەوڵ دەدەم بەکورتی باسی ئەو سیما وسیفاتانە بکەم .

**_ پەیدابوونی سەرکردەی دیکتاتۆر و حیزبی نادیمۆکراتی**



پۆل پۆت ، سەرکردەی خمیری سووری کەمبۆدی



یاسر عەرەفات، سەرۆکی فەتحی فەلەستینی

لەگەڵ پەیدابوونی بزووتنەوەی چەکداری،یەکسەرسەرکردەیەکی دیکتاتۆر دروست دەبێت و،خۆی بەسەر حیزبەکەدا دەسەپێنێت. بەحوکمی ئەوەی ئەم بزووتنەوانە ، پەیوەندیەکی پتەویان بە جەنگەوەهەیە ، هەمووکات دەنگی چەکەکان لە دەنگی قەڵەم و کتێب بەرزترە . هەروەک چۆن هەموو جەنگێک پێویستی بە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رابەرێکی سەربازی هەیە ،بۆئەوەی سەربازەکان گوێرایەڵی بن، بەهەمان شێوەش جەنگی پارتیزانیش رابەرێکی دیکتاتۆری پێویستە. هەربۆیە کاری سیاسی و سەربازی تێکەڵاودەبێت . بەگشتیش باڵی سەربازی بەسەر باڵی سیاسیدا زاڵ دەبێت . نموونەش زۆرن ، وەکوو شەقبوونی نێوان باڵی سیاسی پارتی و باڵی سەربازی ، کەلەکۆتایدا باڵە خێڵەکی و سەربازیەکە بەسەر حیزبەکەدا زاڵ بوو.بەگشتی سەرکردەی بزووتنەوە چەکدارەکان ، بەشێوەیەکی دیکتاتۆری موتڵەق حوکمی بزووتنەوەکان دەکەن . لەوانەش ( کاسترۆ ، گیڤارا، ماوتسیتوونگ ، هۆشیمنە ، یاسرعەرەفات ، پۆل پۆت ، مەلامستەفا و پاشانیش کوڕەکانی "ئیدریس و مەسعود"، جەلال تالەبانی) .

## _ ملکەچی کوێرانەی ئەندامانی حیزب ستریۆ تیپStereotyp *

هەروەک چۆن لەناو سووپادا ، دەبێت هەمووکات سەرباز ملکەچی ئەفسەرەکەی بێت وگوێرایەڵی تەواوی بێت، بەهەمان شێوەش ، لەبزووتنەوە چەکداریەکانیشدا ،دەبێت ئەندامانی حیزب،گوێرایەڵ و ملکەچی سەرۆکەکەیان بنهەرکاتێکیش بەگوێی نەکەن سزادەدرێن . بەحوکمی ئەو جۆرە پەروەردە سەربازیە ، هەمووکات ئەندامانی حیزب ، گوێرایەڵی سەرۆکن و، بچووکترین ڕەخنە یان نارەزاییی ، بە تاوان و ناپاکی دادەنرێت . زۆرجار ئەندامی ئەم جۆرەحیزبانەش

---

* Stereotyp بەوکەسانە دەووترێت ، کە تەقەبووڵی هیچ جۆرە رەخنەیەک ناگرن . هەمووکات خۆیان بەڕاست دەزانن . ئەم جۆرەسیفاتە ، بۆئەندامانی حیزبە فاشیستەکان بەکاردێت . چونکە هیچ کاتێک رازی نابن ، کەس رەخنەیان لێبگرێت . لەهەمان کاتدا ، زۆر گوێرایەڵی سەرکردەکانیان دەکەن ، هەروەک خودا دەیپەرستن.



## سەرچاوەکانی بەشی چوارەم


1. بالمیرو تولیاتی . محاضرات فی الفاشیة. تعریب . انطوان صیداوی. دار الفارابی .بیروت .1981 .الطبعة الثانیة.

2. مەسعود بارزانی .بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد. شۆرشێ ئەیلوول. بەگی سێهەم . چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە . هەولێر .2004.

3. نەوشیروان موستەفا ئەمین . پەنچەکان یەکتری دەشکێنن. دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین 1997.

4. رۆژنامەی ئاوێنە . ژمارە 44 . 14.11.2006

5. ئەمجەد شاکەلی . تورکیای دیمۆکرات . کوردستان نێت. 05.11.2003

6. ادوارد سعید . الثقافة و الامبریالیة. نقلە الی العربیة . کمال ابو دیب. دار الاداب. بیروت . لوبنان .

7. د.ناسک ئەحمەد. زیاتر لە 33 هەزار ژن، لە 15 ساڵی ڕابووردودا لەکوردستان سووتاو وکژراون . سایتی بۆپێشەوە. 26.05.2006

8. گۆڤاری ئەلف باء. 02.05.1991 . بەغداد.




PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## _ ناوچەگەری

لەپاش راپەڕینەوە، گیانی ناوچەگەری و تایەفەگەری تەشەنەی کرد. ینک وپدک ، بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەستیانکرد بەزیندوو کردنەوەی گیانی ناوچەگەری لەناوخەڵکی کوردستاندا. هەر لەسەرەتاوە ،ینک دەیویست پدک بە هێزێکی بادینی بشوبهێنێت. بەهەموو شێوەیەک شەڕی سۆرانی و بادینی تیژدەکردەوە. پدک یش ، هەتا توانی شەڕی نێوان هۆرامان وسلێمانی تیژکردەوە.پاش ئەوەی بەیارمەتی بەعس، هەولێری داگیرکرد، شەری نێوان هەولێرو سلێمانی توندترکردەوە.ئەمڕۆ هەردوولا لەسەرگیانی ناوچەگەری دەژین. هەتابۆیان بکرێت ، هەوڵ دەدەن ئەم رۆحە ناوچەگەریە زاڵ بێت و،گیانی کوردایەتی کەمبکرێتەوە. ئەوان هەردووکیان هەوڵ دەدەن ، کە کوردی عێراق لەگەڵ کوردەکانی توورکیاو ئێران و سوریا جیابکەنەوە. هەمووکاتێک کاربۆئەوەدەکەن ، کەخۆیان لەوان جیابکەنەوە. لەبەر ئەوە گیانی ناسیۆنالیستی لەناو ئەم دووحیزبە نەماوە. ئەمرۆ هیچ کامیان ناتوانن خەڵکی بەناوی کوردایەتیەوە هەڵبخەڵەتێنن.لەبەرئەوەپشتیانلەناسیۆنالیزمکردووەو،دەستیان داوەتە ناوچەگەری و شارچێتی. بەم شێوەیەش تاڕادەیەکی باش ، توانیویانە خەڵکی هەڵبخەڵەتێنن. هەرچەندە ئەم سیاسەتی ناوچەگەریەش، گوورزێکی خراپی لەگیانی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری وەشاندووە.

---



چاوەکانیانلەبینین،گوێکانیان لەبیستن،دەمیان لەقسەدەکەوێت. هەرچی سەرۆک بیڵێت هەرئەوەیە . سەرۆک هەمووکات راست دەکات و خەڵکی تریش درۆدەکات . بۆنموونە هەمووکات ، ئەندامانی یەکێتی وپارتی ، بەوپەڕی دەبەنگیەوە ، گوێرایەڵی سەرۆکەکانیان دەبن ، هەرکاتێکیش یەکێک رەخنەیان لێبگرێت ، قبووڵی ناکەن و شێت وهار دەبن . لەکاتێکدا کە جەلال و مەسعود ، گەورەترین تاوان و ناپاکیش بکەن ، ئەوان هەر دەبەنگانە دوایان دەکەون . زۆرکەم ڕوویداوە ،ئەندامەکانبەبیرێکی رەخنەگرانەوە سەیریسەرۆکەکانیان بکەن .

## _ پەیدابوونی حوکمێکی سەربازی و ستەمکار

بزووتنەوەیچەکداریباشترینهەلدەداتەدەستژەنەراڵەسەربازیەکان، بۆئەوەی خۆیان تێکەڵی ژیانی سیاسی وولات بکەن. بەگشتی هەرکاتێک بزووتنەوەی چەکداری روویدابێت ، یەکسەر کودەتایەکی سەربازی کراوە . گەر سەیری وولاتانی ئەمەریکای لاتین بکەین بزووتنەوە چەکداریەکان،باشترین هەل بوون بۆ پەیدابوونی کودەتای سەربازی . ساڵی 1963 لە عێراق،لەگەڵ پەیدابوونی بزووتنەوەی چەکداری لەکوردستاندا یەکسەربەعسیەخوێنمژەکان کودەتایەکی سەربازی وخوێناویان ئەنجام دا،کە ئاکامەکەی زۆر خراپ بەسەر گەلانیعێراقدا شکایەوە . ئایائەوە سەیر نییە ، کاتێک کە ئەم کودەتایە روویدا ، تاکە لایەنی سیاسی ناو عێراق پێشوازی لێکرد ، مەلا مستەفا و حیزبەکەی بوون15 . خۆی لەخۆیدا شێوە هاوپەیمانیەکی ناراستەوخۆی پتەو، لەنێوان ئەم دوو لایەنە دوژمنەدا دروست دەبێت . زۆرجاریش بەراستەوخۆپەیوەندیان پێکەوە هەیە.بەگشتی ئەم دوو بزووتنەوەیە تەواوکەری یەکترنلەو شوێنانەی کە جەنگی پارتیزانی لێدەکرێت ، حوکمێکی عورفی وعەسکەری بەسەر ناوچەکاندا دەسەپێنرێت. خەڵکی سیڤیل هەروەکوو مەڕ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تەسلیمی گوورگەکانی سووپا دەکرێن . بەگشتیش ، وەزعی خەڵکی ئەو ناوچانەش تەواو تێکدەچێت ، بەهیچ شێوەیەکیش ڕێز لە ماڤەکانی مرۆڤ لەو ناوچانەدا ناگیرێت.بۆ نموونە لەتووركیا،كە سووپا وەحشیەکەی توورک ، بە دڕندەترین شێوە لە ناوچە کورد نشینەکاندا هەڵسووکەوت لەگەڵ خەڵکیدا دەکات . کەچی لەناوچە توورک نشینەکان ، حوکمی عوورفی و عەسکەری نییە ، بگرە حوکمێکی مەدەنی هەیە .

## ـ پەیدابوونی دیاردەی جاشایەتی

لەگەڵ پەیدابوونی بزووتنەوەی چەکداری ، یەکسەر دیاردەی هێزی جاشایەتی ونۆکەری پەیدادەبێت .لەهەموو کۆمەڵگایەکدا گرووپێکی مووشەخۆرو چەقۆکێش هەیە.ڕێژەوشێوازی ئەم گرووپە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تردەگۆڕێت . گەر چەقۆکێشێک لەکوردستاندا، خۆی لەناو هێزێکی جاشایەتیدا ڕێکبخات ، ئەوا لە ئەمەریکا ، خۆی لە باندێکی ماڤیادا قایم دەکات .لێ جیاوازیەکە لەوەدایە ، کە لە ئەمەریکا یاسایەک هەیە ئەوکەسە لەخراپەکاری ڕابگرێت، بەڵام لەکوردستاندا ، یاسا پشتگیری جاشەکانی دەکرد . هەروەک لەسەردەمی سەدامدا روویدا ، کە تاکە دەسەڵاتدار جاشەکان بوون نەک یاسا . زۆرجار جاشەکان لە سەربازەکانیش دڕندەتر دەبن ، بەتایبەت لەدژی خەڵکی سیڤیل، بۆنموونە جاشەکانی ئەمەریکا کەبە (کۆنترا Contra ) ناسرابوون .

15.نەوشیروان مستەفا . پەنچەکان یەکتری دەشکێنن بەرلین .1997 ل73



لەوەتی هەن نەیانتوانیوە دەسەڵاتێکی سەربەخۆیان هەبێت.دیارە ئەویش لەبەر چەندین هۆ ، لەوانە :(**بوونی ڕێژەیەکی زۆری نەخوێندەواری،خراپی باری ئابووری، خراپی باری سیاسی کوردستان، نەبوونی ئازادی سیاسی و نووسین، ئاوارەیی وکۆچ، چەندین هۆکاری تریش ، وایکردووە کەنووسەران دەسەڵاتیان بەهێز نەبێت)** . بۆنموونە گەر نووسەرێک بیەوێت کتێبێک چاپبکات ، دەبێت لایەنێک یارمەتی بدات، دەنا خۆی ناتوانێت چاپیبکات. بەداخەوە خوێنەر لەکۆمەڵگای کوردیدا زۆرکەمە. بۆنموونە باشترین نووسەر ، تیراژی کتێبەکانی ناگاتە 2000 دانە. هەرئەمەش وایکردووە، کەنووسەر چ بۆ بژێوی ژیانی ، چ بۆ چاپکردنی کتێبەکانی ،هانابۆدەسەڵاتی سیاسی بەرێت . لەلایەکی ترەوە، گەر سەیری مێژووی نووسەران و شاعیران و ڕووناکبیرانی کورد بکەین ، هەمووی لە قوتابخانە ئایینیەکانەوە فێری نووسین بوون. بەشێکی زۆریان ، مەلاو شێخ و فەقێی بوون 45. ئەمانیش بەگشتی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا بوون،تاک وتەرا ، کەسێکی وەکوو ( قانیع) دەبینین ، لەدەسەڵات کەیاخیبووە.هەر ئەم پێشینە مێژوویەش وایکردووە، کەسونەتێکی خراپ لەلای نووسەرانی کورد دروست ببێت . بەداخەوە کولتووری یاخی بوون لەدەسەڵات ، لەلای نووسەرانی کورد زۆرکەمە. ئەم خۆبەستنەوەی نووسەرانیش بەدەسەڵاتی سیاسیەوە، زلەیەکی خراپی لە کۆمەڵگای کوردی داوە. بەشێکی زۆری نووسەران ، بوونەتە موچەخۆری ینک و پدک . لەبەر ئەوە ئەمانیش رۆڵێکی ئێجگار خراپ دەبینن و، بەیەکێک لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی دەسەڵاتی سیاسی ینک و پدک دەژمێردرێن.

45. محەمەد مەردۆخی کوردستانی.مێژووی کوردوکوردستان .وەرگێرانی عەبدول کەریم سەعید. مطبعة اسعد. بغداد. 1991 . لاپەڕە. 270 بۆ 286



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زیانی بۆ دیموکراتیزەکردن وکۆمەڵگای مەدەنی هەبوو . هەتا وەزعی عێراق وابێت ، حوکمی ینک و پدک دەمێنێتەوەو ، ئەمەریکاش هیچ قسەیەکی خێر بۆ دیموکراتی و مەدەنیەت ، لەکوردستاندا ناکات . ئەمەریکا هەمووکاتێک بەرژەوەندیەکانیسەرووهەمووشتێک بووە ، ئەمەش سیاسەتێکی چەندین ساڵەی ئەم وڵاتەبووە. ئەمرۆ لەجیهاندا ، سەدان دیکتاتۆر و حاکمی دڕندەهەن،کە دۆستی سەرەکی ئەمەریکان . دەوڵەتێکی فاشست و دڕندەی وەکوو توورکیا دۆستێکی خۆشەویستی ئەمەریکایە . دەوڵەتێکی کۆنەپەرست و وەحشی وەکوو سعودیە ، خزمێکی ئازیزی ئەمەریکایە حوسنی موبارەکێکی دیکتاتۆر ، هەڤاڵیکی نزیکی ئەمەریکایە د . لەبەر ئەوە زۆرئاساییە ، کەئەمرۆ ئەمەریکا خۆی بە باوکی مەسعود و جەلال بزانێت و، هەمووکاتێک دەستی رەحمەتی خۆی ، بەپشتی پانی ئەواندا بهێنێت .

### ـ کڕینی چەند نووسەر و قەڵەم فرۆشێک

هەمووحاکمێکی دیکتاتۆر، پێویستی بەکۆمەڵێک شاعیرونووسەر هەیە، کەبەرگری لە حوکمەکەی بکەن. هەروەها حکومەتێکی دیکتاتۆر، پێویستی بە دەزگایەکی گەورەی ئیعلامی هەیە، بۆئەوەی راستیەکان لەخەڵکی بشارێتەوەو، هەرچی ناڕاستیش هەیە، بەراستی پیشانی خەڵکی بدات. بەداخەوە بەشێکی زۆری نووسەرانی کورد، نەیانتوانی خۆیان لە حوکمی ینک و پدک ڕزگابکەن. بەشێکی زۆریشیان چوونەناودەزگائیعلامیەکانی،ینک وپدک وە، واتە بوونە کەواسووری بەرلەشکری ینک وپدک . ئەوان دەبوو پێش لەشکری خەڵکی بکەوتنایە و، هەوڵیان بدایە خەڵکی بۆ خۆپیشاندان و مانگرتن هان بدەن. دەبوایە خەڵکی لە زوڵم وزۆرەی ئەوان هۆشیاربکەنەوە. بەڵام بەداخەوە ، بژێوی ژیان و ترسنۆکی و هەلپەرستی ، رۆڵی سەرەکی نووسەرانی کوشت. نووسەرانی کورد





**جاشە ئەفگانیەکان لەگەڵ سووپای ئەمەریکای داگیرکەر**

بەدڕندەترین شێوە پەلاماری جووتیاران و خەڵکی لادێکانی نیکاراگوایان دا ، تاکارگەیشتە ئەوەی ، کە نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیارێک دژی ئەمەریکا وجاشەکانی دەربکات،لێ بەداخەوە پاش بڕیارەکەش چەتەگەری جاشەکانی ئەمەریکا هەر نەوەستا 16 . لەکوردستانیش زۆرجار جاشەکان زۆر لە لەشکری بەعس خراپتر پەلامارو ئازاری خەڵکی کوردیان دەدا. بەتایبەت لەکاتی پرۆسەی ئەنفالدا ، ڕۆڵێکی ئێجگار نەگریسیان بینی . ئەوەی جێگای ئاماژەیە هەتاوەکوو ئەمرۆش هیچ کام لەو سەرۆک جاشانە ، دادگایی نەکران. بەڵکە بەپێچەوانەوە ، یەکێتی وپارتی زۆر ڕێزیان لەو سەرۆک جاشانە دەگرن .

16 . نعوم تشومسكی . 500 سنة غزو مستمر . ترجمة . مى النبهان . دار المدى . سوريا . ديمشق . الطبعة الثانية . 1999. لاپەڕە 317 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## _ سووتاندن و لەناوبردنی لادێ و شارۆچکەکان




**لەئەنجامی شەڕی ساندیستەکان و جاشەکانی ئەمەریکا Cotra لەووڵاتی نیکاراگوا شاری Managua تووشی سوتاندن و وێرانکردن بوو**

هەروەک لەپێشدا باسم کرد ، جەنگی پارتیزانی باشترین هەل دەداتە دەستی جەنەراڵە خوێناویەکان و، بە درندەترین شێوە دەکەونە گیانی خەڵکی سیڤیل . جەنەراڵ و سەرکردەی بزووتنەوە چەکداریەکان ، هەموو شتێک بەڕەوا دەبینن ، بۆ ئەوەی بەسەر یەکتریدا سەربکەون.لەم جەنگە خوێناویەشدا،خەڵکی سیڤیل گەورەترین قووربانین.هەمووکات حکومەتە سەربازیەکان ،سیاسەتی



بچووک هەیە ، یان تۆزقاڵێک بازرگانی ماوە، بەڵام ئەمەش بەبێ ئەمری ئەوان ناکرێت . گەر بازرگانی بکەیەت ، دەبێت بەشێکی زۆری قازانجەکەت ، بۆ گوومرگ و بەرتیلی مەسئوولەکان دابنێیت ، کەزۆرجار قازانج سەری مایەکەت دەخوات . هەربۆیە هەتائەم سیستەمەش بمێنێت ، ئەم دوومیلیشیایەش دەمێنن .

## _ داگیرکردنی عێراق و ترسی تیرۆری ئیسلامی عەرەبی

یەکێک لە پرۆژەکانی ئەمەریکا ئەوەبوو، کە ینک و پدک لەچەک و دەسەڵات داماڵێت . ئەمەریکا دەیویست خۆی سیستەمێکی نوێ بۆ کوردستان دابنێت ، کە زیاتر لە سیستەمی مەدەنی و دیمۆکراتی رۆژئاواوایەوە نزیک بێت . یەکەمجار چەند هەوڵێکیان دا. بۆنموونە بنکەی کۆمەڵایەتی خۆیان لەشارەکان کردەوە، خەڵکی دەچوون شکاتی لە ینک وپدک دەکرد. یان سووپایەکی گەورەی چەکداریان دروستکرد ، کەئامانجی ، نەهێشتنی هێزی چەکداری پدک و ینک بوو. لێ پاش ئەوەی عێراق بوو بەئاگرێک و ، هەموو لاشەی ئەمەریکای سووتاند. ئەم پرۆژانە و چەند پرۆژەیەکی تریش راگیران . لەپاش زیادبوونی تیرۆر لەعێراق ، ئەمەریکا لەبەرامبەر ینک و پدک سیاسەتی خۆی گۆڕی . ئەو شەڕوپێکدادانەی عێراق ، بیتاقەیەکی تربوو ، بۆ ینک و پدک دەرچوو. ئەوان دەبێت هەتا ماون مەمنوونی ئەو بارە خراپەی عێراق بن ، دەنا ئەمەریکا دەمێک بوو لەسەر کورسی دەسەڵات لایبردبوون . ئەمەریکا بەحکومی ئەوەی ئەمرۆ بەشەڕی عێراقەوە زۆرخەریک بووەو، خۆشیان نازانن چۆن چارەسەری بکەن ، لەبەر ئەوە نایەوێت ، ئاگرێکی تریش لەکوردستان هەڵبگیرسێنێت و سووپاکەی تێدا بسووتێنێت. لەبەرئەوە ئەمەریکا جارێک وازی لە ینک و پدک هێناوە، بەئارەزووی خۆیان حوکمی کوردستان بکەن. بەداخەوە ئەم سیاسەتەی ئەمەریکاش ،زۆر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چونکه ئەمان برادەری یەکترن . گاڵتەجاریەکە لەوەدایە، زۆرجارکاتێک خەڵکی خۆپیشاندان دەکات ،هەموو حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان ، لەگەڵ ینک و پدک پێکەوە بەیاننامە لەدژی خۆپیشاندەران دەردەکەن!!لەجیاتی ئەوەی ئەمان ببنە پێشەنگی خۆپیشاندەران ،کەچی دەبنە دوژمنی خۆپیشاندەران. نەبوونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆن،بۆتە هۆی ئەوەی کە ینک و پدک ، بێ رەقیب خەڵکی بچەوسێننەوە. هەربۆیە ینک و پدک ، ئەم چەند ساڵە توانیوویان ، بەبێ رەقیب و بێ ترس ، ئەوەی بیانەوێت لە ( دزی ، کووشتن ، تیرۆر ، گەندەڵی ، جاشایەتی) بەئارەزووی خۆیان بیکەن . هەتاوەکوو هێزێکی کۆمەڵایەتی و خەباتێکی گەورەی جەماوەریش دروست نەبێت ، مەحاڵە حوکمی ئەم دوو میلیشیایە لەناوببرێت .

### _ دامەزارندنی دەزگایەکی بیرۆکراتی حکومی و، بەحیزبی کردنی حکومەت

یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی بیری فاشیزم ، بەحیزبی کردنی دەوڵەت و، دروستکردنی دەزگایەکی بیرۆکراتی گەورەی حکومی‌یە 44 هەر ئەم دەزگا بیرۆکراتیەبوو، کەوایکردسەدان هەزارکەس ، بۆ بژێوی ژیانیان ببن بە پارتی یان یەکێتی . هەروەک پێشتریش باسم کرد ، لە فەراشێکی دائیرەیەکەوە تا وەزیرێک ، بەئەمری حیزبی دادەمەزرا . ئەم حیزبۆکراتیە هەموو بەشەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردی داگیرکرد. هیچ کەسێک بەبێ بەڵگە یان پشتگیری حیزب ، هیچ کارێکی بۆناکرێت. ئەمرۆ دەوڵەت ،گەورەترین کارگەی وڵاتە . بۆئەوەی کارێکت دەستبکەوێت ، تەنها چارە حکومەت و حیزبە . هیچ رێگایەکی تر لەبەردەم خەڵکیدا نەماوە. راستە چەند کارگەیەکی

44. بالمیرو تولیاتی . محاضرات فی الفاشیة. تعریب . انطوان صیداوی. دار الفارابی .بیروت .1981 .الطبعة الثانیة. ص80



( زەوی سوتێنراو*) لەدژی ئەو ناوچانە بەکاردەهێنن ، کە پارتیزانەکانی تێدایە بەکاردەهێنن،کە پارتیزانەکانی تێدایە .دیارە جووتیاران و هەژارانی لادێ گەورەترین زەرەرمەندن ، چونکە هەر ماڵی ئەوانە دەسووتێت ، هەر کێڵگەی ئەوانە وێران دەکرێت ، هەر ژن ومنداڵی ئەوانە دەکوژرێن . جووتیارێک بەهەزارحاڵ تا کوخێک دروست دەکات، سووپاش دێت بۆی دەسووتێنێت و،ماڵی وێران دەکات. بەم جۆرەش جووتیاران وهەژارانی لادێ بەرەو چارەنووسێکی ئێجگار ترسناک دەڕۆن و دەکەونە ژیانێکەوە ، کە هەرگیز هیچ کەسێکی ئاسایی تەحەمولی ناکات . ئاخر جووتیارێک کەماڵی وێران دەبێت هەموو سامانەکەی دەسووتێت ، ئیتر ئەگەر نەکوژرێت ، ئەوا دەکەوێتەناودۆزەخی ژیانەوە. لەهەمووکاتێکیشداپارتیزانەکانخۆیان وچەکەکانیانن،هەروەک لەکوردیدا لای خەڵکی باوە دەڵێن: **(پێشمەرگە خۆیی و گوونیەتی ، بۆیە غەمی هیچی نییە)** ئیتر ماڵی خەڵکی دەسووتێت یان وێران دەبێت ، ئەوە کێشەی ئەوان نییە . ئەمەش گەورەترین تاوانە کەلەدژی ئەو خەڵکە هەژارانە دەکرێت. هەربۆیە پارتیزانەکان بەرپرسی یەکەمن بەرامبەر ، بەو سیاسەتی جینۆسایدەی ، کەلەدژی جووتیاران دەکرێت.

*
**سیاسەتی سوتاندنی زەوی ، دەستەواژەیەکی سیاسیە ، مانای سووتاندنی ماڵ و گوند و شارو مرۆڤ وئاژەڵ و هەموو بەرهەمێکی کشتوکاڵی که دەکەوێتە دەستی لەشکری داگیرکەر . بۆیەکەمجار ئەم سیاسەتە مستەفا کەمال دژی گەلی یۆنانی و کورد بەکاریهێنا ، پاشانیش ئەڵمانیا و ئینگلتەراو ئەمەریکا و عێراق ، دەستێکی باڵایان لەم سیاسەتەدا هەبوو لە زۆرشوێنی جیهاندا پیادەیان کرد.**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## _ پەیدابوونی دیاردەی قاچاخچێتی و بازرگانی تلیاک فرۆشتن

هەروەک چۆن تەوالێت(ئاودەست) بێ پیسایی نابێت ، هەروەک چۆن چەک بێ فیشەک نابێت ،بەهەمان شێوەش پارتیزانیش بێ بازرگانی مادده سرکەرەکان ( تلیاک ، حەشیشە،هیرۆین) نابێت . لەو شوێنانەی کە بزووتنەوەی چەکداری تێدا بێت ، تلیاک و حەشیشەشی تێدا دەبێت . بازرگانی مادده سرکەرەکان ، باشترین دارایی بۆ بزوتنەوە چەکداریەکان پێکدەهێنێت . ئەوان لەڕێگای ئەم بازرگانیەوە ، بەردەوامی بە شەرەکانیان دەدەن . جگەلەمەش بازرگانی چەکوتەقەمەنیش زیاد دەبێت ، چونکە کە شەربێت ، چەکیش بازاڕی گەرم دەبێت . ئەمڕۆ کۆلۆمبیا و ئەفگانیستان گەورەترین بەرهەمهێنەری (تلیاک و حەشیشەو هیرۆینن) . ئەم دوو وڵاتەش ، بۆماوەی چەندین ساڵە بزوتنەوەی چەکداری تێیدا بەردەوامە . لە سیرالیۆن و کۆنگۆ ، گرووپە چەکدارەکان بازرگانی بە مادده گرانبەهاکانی ( مرواری وئەڵماس و گەوهەرەوە) دەکەن . ئەوان لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی ئەوروپی و ئەمەریکی ڕێککەوتوون بۆ تاڵانکردنی ئەوووڵاتە و دزینی سامانی خەڵکی هەژاری کۆنگۆ و سیرالیۆن . جگە لەچەندین شوێنی تریش ، کە گرووپە چەکدارەکان ، ڕۆڵی چەتە دەریایەکانی سەدەی ناوەڕاست دەبینن .

## _ چاشایەتی بۆ دەوڵەتانی دراوسێ

هەمووکات بزوتنەوەی چەکداری پێویستی بەلایەنێک یان باشتر بڵێن پێویستی بە یارمەتی دەوڵەتێک بەتایبەت دراوسێ دەبێت. پاش ئەوەی داگیرکەری ئەوروپی لە ووڵاتانی جیهانی سێهەم دەرکرا ، کۆمەڵێک کێشەی سنووری و ئێتنی وسیاسی لەو ووڵاتانە بەجێهێشت. کێشە سنووریەکان ، کە هەمووی دەستکردنی داگیرکەری ئەوروپیە ،



ئەمەریکاش لەترسی ئیسلامی ، هەموو یارمەتیەکی دارایی وسیاسیان دەدات و ، چاو و گوێشی لەئاست تاوانەکانی ینک وپدک تەواو داخستووە.

## _ لەناوبردنی پارتی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستاندا

سیستەمی دیمۆکراتی لەسەر دووبنەما یان دووکۆڵەکەی سەرەکی دروست دەبێت:

**یەکەمیان : هەڵبژاردنی ئازاد.**

**دووەم:فرەحیزبی ، یان بوونی ئۆپۆزسیۆن.**

گەر ئۆپۆزسیۆنێکی چالاک نەبێت، سیستەمێکی دیمۆکراتی دروست نابێت . ئاخر گەر حکومەت ، لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە چاودێری نەکرێت ، ئیتر چۆن ئەوحکومەتە ناوبنێین حکومەتی دیمۆکراتی؟. لەبەرئەوە هەرحکومەتێک یان دەوڵەتێک ، حیزبی ئۆپۆزسیۆنی تێدانەبوو، ئەوا ناتوانین بەوحکومەتە یان ئەو دەوڵەتە بڵێین ، دەوڵەتی دیمۆکراتی . یەکێک لەکارە سەرەکیەکانی پدک و ینک ، لەناوبردنی پارتی ئۆپۆزسیۆن یان هێزی سێهەمی سیاسی لەکوردستاندا بوو. ئەم کارەش هەموو بەپرۆژەیەکی ووردودڕشت دایانڕشتبوو.ئەمرۆئەوحیزبانەی کەخۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن ، جگە لە چەند دوکانێکی سیاسی چرووک ، هیچ مانایەکی تریان نییە. بەشی زۆری ئەم پارتانە ،بۆنموونە **( حشع و حسک و زەحمەتکێشان)** ،بەشی زۆری سەرکردەکانیان ماوەی چەندین ساڵە نەگۆڕاوە. حەمەی حاجی مەحموود و قادرعەزیز ، ماوەی چەندین ساڵە ، سەرۆکی حیزبەکانیانن. لەلایەکی ترەوە ، وای لهێتاووە جۆرە برادەریەک لەنێوان سەرکردەی ئەم حیزبانەو ، سەرانی ینک و پدک دروست بووە. کورد وتەنی **( نمەکی یەکتریان کردووە).** ئیتر مەسەلەی عەشائیری و خزم خزمێنە زۆربووە . سەرکردەی حیزبە بچووکەکان ، پێیان شەرمە لەدژی ینک و پدک ، خەڵکی ڕاپەڕێنن ،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

/ فەرهاد فەرەج . هەڵسووراوی کۆمۆنیست و یەکێتی بێکاران.

ئەم مەوجەی تیرۆرە ، پرۆژەیەکی سیاسی ینک وپدک بوو،بۆ دەسەڵاتی سیاسی خۆیان . ئەم تیرۆرە خەڵکانێکی زۆری ترساندو ، بەشێکی زۆریش وڵاتیان بەجێهێشت . جگە لەدروستکردنی باندی ماڤیاگەری وەکوو گرووپەکەی شێخ زانا . کەتاماوەیەکی زۆر ،پدک خەڵکیان پێدەکوشت .بەڵام پاشان هەرخۆیان لەناویان برد

## _ ترسی ئیسلامی سیاسی

هۆکارێکی گرنگی تر ، خەڵکی بەئیسلامی سیاسی دەترسێنن . هەرچەندە هەرخۆیان بوون،ئەم رەوتە سیاسیەیان دروستکرد. ئەم رەوتە رۆژلەدوای رۆژ لەزیادبوون وگەشەسەندندایە . بەشێکی زۆری خەڵکیان بۆلای خۆیان راکێشاوە. بەتایبەت خەڵکی هەژارو زەحمەتکێشی کورد. ینک و پدک ،خۆیان بەهێزی عیلمانی دادەنێن . هەرچەندەئەوەی پێی بڵێیت علمانی ، ئەمان نایناسن . بەناوی داژیەتیکردنی تیرۆری ئیسلامیەوە، هەرکەسێکیان بەدڵ نەبێت ، دەیگرن و لەناویدەبەن . ئەوان دەزانن کەئەمرۆ ئەمەریکاو رۆژئاوا دژی ئەم رەوتە سیاسیەن،بۆیە هێندەی تربەناویتیرۆرەوە پەلاماری خەڵکی دەدەن. لەلایەکی ترەوە ، ئەمەریکاش بۆلەناوبردنی رەوتە ئیسلامیەکان ، پشتگیریەکی باشی ینک وپدک دەکات . لەهەمان کاتیشدا ئەوان خۆیان بەدۆستی ئەمەریکا دەزانن و **( واتە بوونەتە جاشی ، چونکە ئەمەریکا دۆستی هیچکەسێک نییە و، پێویستیشی بە میلیشیای سەربازی نییە)** .

---

43. مەسعود بارزانی .بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد . شۆرشێ ئەیلوول. بەگی سێهەم . چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە . هەولێر .2004 .لاپەڕە.104 و105



یەکێکە لەگەورەترین کێشەی جیهانی سێهەم . بزووتنەوەی چەکداری سوود لە خیلافاتی نێو دەوڵەتانی دراوسێ دەبینێت و بۆخۆی بەکاریدەهێنێت. کاتێک بزووتنەوەیەکی چەکداری ، لەووڵاتی خۆی رۆڵی شۆرشگێڕدەبینێت ، کەچی بۆ ووڵاتی دراوسێ یان ئەو وڵاتەی یارمەتی دەدات ، رۆڵی جاشایەتی دەبینێت . بۆنموونە ( پارتی و یەکێتی ) چەندین ساڵ یارمەتیان لە ئێران وتوورکیا وەردەگرن ، هەرئەم یارمەتیەش بوو ، کە ئەوانی کردبووە داردەستی ئێران و توورکیا .زۆرجار رۆڵی ( چەقۆکێش یان)بۆ ئێران و توورکیا دەبینی. بەتایبەت لەدژی گەلی کورد لەئێران وتوورکیا. ساڵانێکی زۆر پارتی ویەکێتی لەگەڵ ئێران وتوورکیا دژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. دەجەنگان واتە رۆڵی جاشایەتیان دەبینی.هەروەها(موجاهیدنی خەلقی ئێرانی و، حیزبە فەلەستینیەکان ) رۆڵی جاشایەتی و چەقۆکێشیان بۆ عێڕاق دەبینی و، دژی گەلی کورد شەڕیان دەکرد .هەربۆیە ئەو ووڵاتەی کەیارمەتی گرووپێکی چەکدار بدات ، ئۆتۆماتیکیەن ئەو گرووپەدەبێتە داردەستی ئەو ووڵاتە . ئەمەش تەنها لە بزووتنەوەی چەکداریدا ڕوودەدات. چونکە پشت بەخەڵکی نابەستێت ، بەڵکە پشت بە دەوڵەتانی دەرەوە دەبەستێت و خەڵکی خۆی پشتگوێ دەخات . زۆرجار کە ئەو دەوڵەتانەش رێکدەکەون ، ئەوبزووتنەوەیە تووشی لەناوچوون دەبێت ، بۆنموونە کاتێک عێراق و ئێران ساڵی 1975 رێکەوتنی جەزائیریان مۆرکرد ، بزووتنەوەی چەکداری کوردیش ئاشبەتاڵی لێکرد .

## _ کۆچکردنی لادێکان بۆ شار

زۆرجار پاش ئەوەی لادێکان دەسووتێنرێت ، بە زۆرەملێ خەڵکی لادێکان ناچاردەکرێن ، شوێنی باوباپیرانیان بەجێبهێڵن و روو لەشارەکان بکەن . ئەمەش گەورەترین کێشە بۆ کۆمەڵگاکان دروست دەکات . چونکە لادێکان چەندین ساڵە بە کۆمەڵێک عادات و مۆراڵی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تایبەتی خۆیان فێری ژیان بوون ، کاتێک دێنە ناوشارەکان تووشی ( شۆکێکی کۆمەڵایەتی ) دەبن . بەگشتیش خەڵکی لادێکان کاتێک ڕوودەکەنە شارەکان ،لە بارێکی ئابووری و تەندروستی وکۆمەڵایەتی ئێجگارخراپدا، ژیان بەسەردەبەن . لەلایەکی ترەوە چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی وکریمینالی(جریمە)وسیاسیلەناوشارەکاندادروستدەبێت. زۆرجار هێندە وەزعی لادێکان بەهۆی شەڕەوەخراپ بووە ، کەخەڵکی لادێکان خۆیان لادێکانیان بەجێدەهێڵن و بەرەوشارەکان کۆچ دەکەن. بۆنموونە لەباکووری کوردستان ، بەهۆی چەتەگەری لەشکری تووركەوە ،بەشێک لەکوردەکان ڕوولەشارە تووركیەکان دەکەن،چونکە ژیان لەناوچە کوردیەکان زۆرناخۆش بووە و، هیچ هیوایەکیش بۆ باشکردنی باری ژیانیان لە ناوچە کوردیەکاندا نابینن* .

*

هەرچەندە ئەمە سیاسەتی حکومەتی توورکی فاشیستە ، دەیانەوێت گەلی کورد لەناو شارە توورکیەکاندا بتووێننەوە و، بەخەیاڵی خۆیان وادەزانن بەم شێوەیە گیانی کوردایەتی لەناودەبەن . هەروەک بەرێز جەمال نەبەزیش دەڵێت : حکومەتی توورکی سیاسەتی فەقیرکردنی کوردستانی گرتۆتە بەر . واتە ئەو هەژارو بێ درامەتیە ، بەشێکە لەسیاسەتی شۆڤێنیانەی حکومەتی توورکی .

بۆزانیاری زیاتر سەیری
جەمال نەبەز . کوردستان و شۆڕشەکەی . دەزگای ئاراس . کوردستان. هەولێر. 2001. لاپەڕە . 85



**/ خالیدی حاجی فەرەجی کۆکۆیی . ئەندام لیژنەی ناوچەی هەڵەبجە42.**

ئەمانە تەنها کەسانی ناوپارتی بوون تیرۆرکراون، جگە لە تیرۆکردنی ، سەدان کەسی تری ( شیۆعی وجەلالی و خەڵکی ناڕازی لەحوکمی مەلامستەفا ).

سەیرلەوەیە ئەم هەموو خەڵکانەش بەناوی ناپاکی و سیخووریەوە کوژراون . مەسعودی مەلامستەفا ، دەڵێت : ( فاخر مێرگەسووری ، پەیوەندی لەگەڵ بەعس بوو. دەیویست بنەکەی بارزانیبتەقێنێتەوە 43).مەسعودتاکەبەڵگەیەکیسەرتەنووریشی بۆ ئەم قسەیەی پێ نییە.مەسعود لەبەرئەوەی پێشینەیەکی باشی تیرۆری هەبوو، هەرپاش ڕاپەڕین کەوتە گیانی ئەوکەسانەی کەلەبادینان دژایەتی پدک یان دەکرد . هەرچی کەسی ئەکتیفی سیاسی هەبوو کوژران. لەساڵی 1993 بۆ 1994 ، کۆمەڵێک کەسی ئۆپۆزسیۆن لە بادینان تیرۆرکران :

**/ فرسنیس شاپۆ . لێپرسراوی لقی دهۆکی بزووتنەوەی ئاشووری**
**/ هاورێ ڕێناس. لێپرسراوی لقی دهۆکی حیزبی زەحمەتکێشان.**
**/ رەئووف کامیل . سکرتێری کۆمەڵەی تێکۆشانی ڕەنجدەران.**
**/ ئەبووحیکمەت . لێپرسراوی مەحەلی دهۆکی حشع**
**/ نذیر عومەر. لێپرسراوی کۆمیتەی سمێڵی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق.**

ئەمەش زیاتر بۆ چاوترساندنی خەڵکی بوو لەوناوچەیە. ئەمە سیگناڵێکی ترسناک بوو بۆهەموو ئەوکەسانەی کەدژی بنەماڵەبن. هەروەها لەژێر دەسەڵاتی ینک دا ،کۆمەڵێک کەس تیرۆرکران .

**/ عەلی بۆسکانی . بازرگان و دۆستی حشع**
**/ ئەبوبەکر عەلی . ئەندامی یەکێتی بێکاران**

42. نەوشیروان موستەفا ئەمین . پەنچەکان یەکتری دەشکێنن. دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین .1997. لاپەڕە85



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## سەرچاوەکانی بەشی یەکەم


1. نعوم تشومسكی . 500 سنة غزو مستمر . ترجمة . مى النبهان . دار المدى . سوريا. ديمشق. الطبعة الثانية. 1999.

1. Microsoft Encarta. 2003

2. . لينين . مختارات . دار التقدم . موسكو . 1975

3. . مەحمود باکسی. هەربالْندەیەک لەگەڵ پۆلی خۆیدا دەفرێت. وەرگێرانی دابان هەمەنوەندی. دەزگای چاپەمەنی کوردستانی ئیمرۆ. 2000.

4. Der politische Theorie Ernesto CHE Guevara.Hartmut Schr**öder.Kiel.1974.**

5. .Guevara.E.Che.Wir werden Siegen.Frankfurt. am Main.1968

6. Guevara.E.Che.Mitselbestzeugnissen und Bilddokumenten. Hamburg.1995.

7. www.Wiekipidia.de




هەرچی بازرگانی و کۆمپانیاهەیە ، بەشی سەرەکی هی خۆیانە و، هیچ کەسێک بۆی نییە کارێکی ئابووری بێ ئەوان بکات .بەمەش هێندەی ترخەڵکی بەخۆیانەوە دەبەستنەوە.

## _ تیرۆرکردنی خەڵکی

تیرۆری سیاسی بۆیەکەمجار لەمێژووی سیاسی کوردستاندا، مەلامستەفا دایهێنا .لەسەردەمیبزووتنەوەیئەیلولدا،مەلامستەفا هەرکەسی بەدڵ نەبوایە،تیرۆری دەکرد.مەلامستەفا دەزگایەکی تایبەتی بۆئەم کارەدانابوو ، کەناوی دەزگای **"پاراستن"** بوو. ئەم دەزگایە کاری چاودێریکردنی خەڵکی ئازادیخوازبوو.هەرکەسێک دژی مەلاوبنەماڵەکەی بینووسیایە ، دەیانکوشت وئاگریشیان بەردەدایە لاشەکەی ، بۆئەوەی هیچ نیشانەیەک یان هێمایەکی کارەکەیان دەرنەکەوێت. ئەمدەزگایە مەسعودی کوڕیسەرپەرشتی دەکرد.واتە ئەو پرۆژەی تیرۆری دەبرد بەرێوە. مەلامستەفا و مەسعودی کوڕی لە سالانی شەستەکاندا ئەم خەڵکانەیان تیرۆرکرد :

**/ئەحمەدئاغای زێباری . سەرۆک خێڵی زێباری**
**/ صدیق میرانی . سەرۆک خێڵی خۆشناو**
**/ عەلی حەمدی . ئەندامی مەکتەبی ناوەندی و لێپرسراوی لقی سلێمانی .**
**/ مەحموودی حاجی تۆفیق . ئەندام لقی سلێمانی**
**/ فاخر مێرگە سووری . ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لێپرسراوی لقی سلێمانی .**
**/ عوسمان عوزێری .**
**/ مەجید شوانی**
**/ ئەحمەد عەبدوڵلا . ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی**
**/ ئەحمەد شوانی . ئەندامی لیژنەی ناوچەی هەولێر**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

9. تۆنی كلێف . سێ بۆچوون دەربارەی شۆڕش . سایتی سەنتەری رۆشنگەری ماركسی .

10. جەمال نەبەز . كوردستان و شۆڕشەكەی . دەزگای ئاراس . كوردستان. هەولێر. 2001

11.نەوشیروان مستەفا ئەمین . پەنچەكان یەكتری دەشكێنن. دیوی ناوەوەی روداوەكانی كوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین . 1997 .



## _ داگیركردنی ئابووری كوردستان و برسیكردنی خەڵكی

نازی و فاشیستەكان ، كاتێك هاتنە سەركار ،یەكەمین كاریان ، خۆدەوڵەمەندكردن و داگیركردنی شوێنە ئابووریەكانی وڵات بوو41. ینك وپدك توانیان هەموو نەفەسێكی ئابووری كوردستان بۆخۆیان داگیربكەن . وای لێهات كە هیچ كەسێك نەتوانێت ، دوكانێك یان كارگەیەك ، تەنانەت عەرەبانەیەكیش دابنێت، ئەگەر رەزامەندی ئەوانی لەسەر نەبێت ، یان دەبێت ئەوان شەریك بن . سیاسەتی برسیكردن ، یەكێك بوو لەسیاسەتە درندەكانی ینك وپدك ، كەلەدژی خەڵكی بەكاریان هێنا. پدك لە ساڵی 1994 تا 1996 ، گەمارۆی ئابووری خستە سەر شارەكانی هەولێرو سلێمانی ، پاش داگیركردنی هەولێریش لەلایەن پدك و سووپای بەعس ، ئینجا بەتەواوی گەمارۆی ئابووری خستە سەرشاری سلێمانی . ئەم گەمارۆئابووریە ، بووبەهۆی ئەوەی خەڵكی بەتەواوی برسی بكات و ، ئامادەبێت بۆ تێركردنی سكی خۆی و منداڵی ، هەموو شتێك قبووڵ بكات. یەكێك لەئەنجامە ترسناكەكانی ئەم سیاسەتە ، سەدان هەزار لە هەولێر خۆیان كرد بە توورك و، لە سلێمانیش سەدان هەزاركەس خۆی كرد بەئیسلامی.لەئەنجامی ئەم برسیكردنە ، خەڵكی ئامادەبوو، خۆی بكات بەچەكدارو ، ببێت بە خۆراكی جەنگی نەگریسی دەسەڵاتی ئەو دوولایەنە. هەتاوەكوو ئەمرۆش ئەو سیاسەتی برسیكردنە هەر بەردەوامە. وایان كردووە، كەهەمووكاتێك،نانی خەڵكی لەژێردەستی ئەواندابێت. ناهێڵن هیچ كاتێك خەڵكی خاوەنی سەربەخۆیی ئابووری خۆیبێت .

41. بالمیرو تولیاتی . محاضرات فی الفاشیة. تعریب . انطوان صیداوی. دار الفارابی .بیروت .1981 .الطبعة الثانیة. ص 77 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سلێمانی قسەی بکردایە ، دەیانووت پارتیە و دەیانکوشت . لەهەولێر و بادینانیش ، هەرکەسێک قسەی بکردایە،دەیانووت یەکێتیە و دەیانسووتاند. بەم شێوەیە هەردوولا ، توانیان هەریەکەیان لە سنووری خۆی ، دیکتاتۆرخانەیەک بۆ خۆی دروستبکات و، هەموو دەنگێکی نارەزایی لەناوبەرێت . لەهەمان کاتیشدا ، توانیان هەرچی سامانی خەلکی هەژاری کوردە ، بەبێ ترس ، بیدزن وتالانی بکەن بۆخۆیان. ماڵی مەلامستەفا ، هەفتانە 35 ملیۆن دۆلاریان لە بنکەی گوومرگی ئیبراهیم خەلیل دەستدەکەوت . هەتاوەکوو ئەمرۆش کەس نازانێت ئەو پارەیە لەکوێیە.

**_ دامەزراندنی دەزگای داپڵۆسێنەر و تۆقێنەر**

لەپاش ڕاپەرینەوە ، هەرلایەو هەولێدا چەندین دەزگای داپڵۆسێنەر و تۆقێنەر، بۆ خەڵکی کوردستان دروست بکات. هەروەک هەموو وڵاتێکی‌دیکتاتۆر،لەڕێگای‌ئەم دەزگایانەوە،حوکمی خەڵکی هەژارو زەحمەتکێشی کوردیان دەکرد . بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەیەکی تایبەتی ماڤی مرۆڤ ، لەزیندانەکانی **( ئاکرێ و هەولێر وسلێمانی)** لێدان و ئەشکەنجەدان وبەناڕەواگرتن وبێ لێپرسینەوە،تەتبیق دەکرێت 40 ئەمرۆ لەتەواوی جیهاندا، ناوی زیندانەکانی ئاکرێ و سلێمانی بیستراوە. بەزیندانە خراپەکانی جیهان دەژمێردرێن. ئەم زیندانانە،بەکەسانی ئۆپۆزسیۆن و ئازادیخواز پڕکراون. کەبەتۆمەتی جۆراوجۆر گیراون . هەروەک سەردەمی بەعس، هەرکەسیان بە دڵ نەبێت یان دژیان بێت ، یەکسەر دەڵێن :
**( دزە،یان پیاوکوژە، یان تیرۆریستە )** . ئەم میتۆدەش لەهەموو حکومەتە دیکتاتۆرەکانی جیهاندا باوە.

---

40. رۆژنامەی ئاوێنە . ژمارە 44 . 14.11.2006



## بەشی دووەم

## بزووتنەوەی چەکداری لەجیهاندا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بزووتنەوەی چەکداری لەجیهاندا بە چەندین شێوە و ئایدۆلۆژیای جیاواز بڵاوبۆتەوە. لە هەرپارچە زەویەکی ئەم جیهانەش ، نەگبەتی بزووتنەوەی چەکداری ڕووی تێکردبێت ، ئەو شوێنە جگە لەماڵوێرانی و فەوتاندن وسووتاندن وهەژاری زیاتر،هیچی تری دەست نەکەوتووە. بۆ تێگەیشتنی زیاترلەئاکامە ترسناکەکانی بزووتنەوەی چەکداری ، پێم باشە چەند نموونەیەک ، لە چەند کیشوەرو وولاتێکی جیهان باس بکەم .

## ئەورووپا

ئەوروپا هەروەک چۆن مەڵبەندی بیری راسیزم و فاشیزم بووە، بەهەمان شێوەش مەڵبەندی زۆربیری دژەمرۆڤی تر بووە . بەداخەوە بیری پارتیزانیش ، لەئەوروپاوە وەکوو دیاریەکی خوێناوی پێشکەش بەگەلانی جیهان کرا .

**فەرەنسا**

فەرەنسا هەروەک چۆن بە دایکی بیری راسیزم و ناسیۆنالیزم دەژمێرێت ، بەهەمان شێوەش بە دایکی بیری پارتیزانی دەژمێرێت . لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمۆنەی پاریس ، ناوی پارتیزانیش چووە ناو قامووسی سیاسیەوە.

**کۆمۆنەی پاریس چی بوو؟**

لە 18 ئازاری 1871 ، بۆ یەکەمینجار لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ، ئالای سووری کۆمارێکی کۆمۆنیستی لە شاری پاریس بەرزکرایەوە[1]. ئەم کۆمارە کۆمۆنیستیە کە تەمەنی ئێجگارکوورت بوو ، تەنها بۆ ماوەی 72 ڕۆژ توانی بەردەوام بێت. لەگەڵ پەیدابوونی ئەم کۆمارە ، لەشکرێکی جەماوەریش دروست بوو. کە کاری ئەوەبوو بەرگری لەم



**_ جەنگی ناوخۆ**

لەساڵی 1994 وە ، ینک و پدک ،جەنگێکی نارەوایان بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا سەپاند. ئەم جەنگە ، کە جەنگێکی فکری و ئایدۆلۆژی و سیاسی نەبوو، بەڵکە جەنگی دزینی سامانی وڵات بوو. ئەم جەنگەی کوردستان،یەکێک بوو لەجەنگە ناوخۆیەکانی پاش جەنگی سارد . کەبەشێکیزۆریجیهان،بەتایبەت( جیهانی سێهەم ) تووشی جەنگی ناوخۆ بوونەوە. جەنگی ناوخۆی کوردستان ، وەکوو جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا ، یان رووسیا ، یان ئەمەریکا نەبوو.لەم جەنگانەدا ،جیاوازی ئایدۆلۆژی و فکری زاڵ بوو بەسەر جەنگەکەدا. لێ جەنگی ناوخۆی کوردستان ، جەنگی دووگرووپی چەکدار ،یان دووباندی ماڤیا ، بۆ دزین و تالانکردنی سامانی کوردستان بوو . ئەم جەنگەی ئێمە زیاتر لەجەنگی ناوخۆی ئەفگانستان دەچوو ، کەلەنێوان گرووپی شاە مەسعود، گرووپی طالیبان دەچوو. سەیر ئەوەیە زۆرجار لە دەنگووباسەکانی جیهاندا ، جیاوازیان لە نێوان ئەم دوو جەنگە نەدەکردوو ،زۆرجار دەکەوتنە هەڵەی تەکنیکیەوە. بۆنموونە کاتێك ( **طالیبان بەیارمەتی پاکستان ، کابول ومەزار شەریفیان گرت و، گرووپی شاە مەسعودیان دەرپەڕاند. لەکوردستانیش ، گرووپی مەسعود بەیارمەتی بەعس ، هەولێر و سلێمانی داگیرکرد و، تالەبانی دەرپەڕاند** ) زۆرجار ڕۆژنامەنووسەکان دەکەوتنە هەڵەوە. هەرچەندە لەڕووی فکریەوە، هەردوو جەنگەکە وەکوو یەک وابوون . تەنانەت لە ناوەکانیشدا لەیەک دەچوون . نموونەیەکی تر کەنزیک بێت لەئێمە، جەنگە ناوخۆیەکانی ئەفەریکا بوو ، بەتایبەت ئەوەی راوەندا وسیرالیۆن و کۆنگۆ . زیاتر لە جەنگی هەردوو خێڵی هۆتۆ وتووتسی لەراوەندا نزیک بووین . لێ لەوێ قووربانیەکان لە لای ئێمە زیاتر بوو. ینک وپدک ، لەرێگای ئەم جەنگەوە ، توانیان حوکمێکی دیکتاتۆری و عەسکەری بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنن. هەرکەس لە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕاسته لەپاش 1991 وه لەدەستی بەعس رزگارمان بوو، لێ هەتاوەکوو ئەمڕۆش، عەقڵیەتی بەعس ،لەناو هەناوی دەسەڵاتی کوردیدا ، تەپووتۆز دەکات . مانەوەی ئەم دوو میلیشیا چەکداره ، پرسیارێکی گرنگەو ڕووبەڕووی هەمووومان دەبێتەوه. ئایا پاش ئەم هەموو تاوانانه ، که ینک وپدک دەرهەق بەگەلی کوردیان کردووه، چۆن دەبێت هەتاوەکوو ئەمڕۆش هەر ئەوان ئاغای کوردبن؟!. هەوڵ دەدەم به کورتی ئەگەر بتوانم ، وەڵامی ئەم پرسیاره گەورەو ئاڵۆزه بدەمەوە.

**_ هێزی چەکداری**

لەپاش ڕاپەڕینەوه ، ینک و پدک ، هەریەکه و خاوەنی میلیشیایەکی سەربازی خۆیەتی. لەرێگای ئەم میلیشیایانەوە، حوکمیزۆرەملێی خۆیانبەسەرخەڵکیدادەسەپێنن. لەهەموو شوێنێکی جیهاندا ،کاتێک دەوڵەت به عەسکەر بەڕێوەبچێت، دەنگی نارەزایی لەناودەبرێت . ئێمەلەپاش ڕاپەڕینەوە،یاسای کلاشینکۆڤوئاربیجی،حوکماندەکات. کۆمەڵگایەکی تەواو عەسکەری .لەم کۆمەڵگا عەسکەریانەشدا ، کولتووری عەسکەرتاری بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ دەبێت و، کۆمەڵگای مەدەنی **(پاش!)** دەکەوێت . لەکوردستاندا ، تەنها ئەوه حاکمه ، که خاوەنی میلیشیای سەربازیە. تەنانەت حیزبه بچووکەکانیش ، ناچاربوون لەبەر ترسی ینک و پدک ، میلیشیای عەسکەریان هەبێت. چونکه هەر حیزبێک میلیشیای نەبوایه ، به دەقەیەک لەناویان دەبرد . دەتوانم بڵێم ، ئەم میلیشیا گەریه ، خاڵی سەرەکی مانەوەی ینک و پدک بوو.

37. ئەمجەد شاکەلی . تورکیای دیمۆکرات . کوردستان نێت. 05.11.2003

38. ادوارد سعید . الثقافة و الامبريالية. نقله الى العربية. كمال ابو ديب. دار الاداب. بيروت لوبنان. ص347





سالی 1871،پاریس لەکاتی کۆمۆنەی پاریسدا

کۆماره بکات2 . بەو کەسانەی که دەبوونه چەکداری ئەو سووپایه ، پێیان دەووتن : ( پارتیزان3) . بەوکۆمارەشیان دەووت ( کۆمەنەی پاریس4) . کۆمۆنەی پاریس ، که تەمەنێکی ئێجگار کوورتی هەبوو ، لێ لەمێژووی مارکسیەکاندا ، رۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەیه . ئەم ئەزموونه یان ئەم کۆماره ، پاش 72 رۆژ ناپلیۆنی سێهەم بەهاوکاری

1. کیسرا هەورامی . گۆڤاری گاورباغی . ژماره 6. ڤێبرەوەری 2003. کۆمۆنەی پاریس . لاپەڕه. 80
2. هەمان سەرچاوه. ل.84 .

هەروەها سەیری

مارکس . الحرب الاهلية فى باريس . دار التقدم . موسكو. 1974 .

لينين. دروس من الكومونة. دار التقدم . موسكو.1972

لينين. فى الذكرى الكومونة. دار التقدم . موسكو. 1975

Microsoft Encarta. 2003.partisannen.3



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەشکری داگیرکەری ئەڵمانی بەسەرۆکایەتی بیسمارگ ، کۆتایی پێهێنا .دیارە پاریس لە مێژوویدا ، هێندەی ئەو ڕۆژانەی حوکمی کۆمۆنە،خوێنی تێدانەڕێژراوە.سەرکەوتنی لەشکری ناپلیۆنی سێهەم وداگیرکەرەئەڵمانیەکان،ماڵوێرانیەکی گەورەی لەگەڵ خۆیداهێنا.
کاتێک لەشکری ئەڵمانی وجاشەکانی پاریسیان داگیرکرد ، ئەو شارە جوانەیان قەڵتانی خوێن کرد . دەستیان لەهیچ شتێک نەپاراست هەندێک مێژوونووس دەڵێن : ( چەتەگەریەکە هێندە دڕندانە بووە ، کوشتارو خوێنڕشتنەکە هێندە ترسناک بووە ، کە ڕووباری سین ، بەخوێنی پاریسیەکان سوور بووە 5 )
بەگشتی کۆمۆنەی پاریس ماڵوێرانیەکی گەورەی بۆ خەڵکی پاریس هێنا ، کە هیچ کاتێک پاریسیەکان حەزناکەن جارێکی تر ئەو ڕۆژە ڕەشانە ببیننەوە . دیارە هەروەکوو پێشتریش باسم لێوە کرد ، لەگەڵ پەیدابوونی کۆمۆنەی پاریس ، بیری پارتیزانیش سەریهەڵدا .

## پارتیزانە نوێکان

لەگەڵ داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیاوە ، پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی،لەشکرێکی نهێنیدروستکرد .ئەرکیئەم لەشکرەش،بەرەنگار بوونەوەی سووپای داگیرکەری ئەڵمانی بوو. ئەم لەشکرە تایبەتە ، هەوڵی دەدا لەڕێگای چەند کارێکی تیرۆریستیەوە،بوونی خۆی بسەلمێنێت6 . سەیر لەوەدایە ،ئەمە بۆ دووەم جاربوو،کە فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیاوە داگیربکرێت ، لەگەڵ داگیرکردنەکەش جارێکی تریش ،بزووتنەوەی پارتیزانی سەریهەڵدایەوە.

---

4. د. صفاء الحافظ. عشرة اسابيع والراية الحمراء ترفرف فوق باريس. الثقافة الجديدة. العدد. 304. كانون الثانی _شباط.2002. ص.15
5. هەمان سەرچاوە. ل. 86
Microsoft Encarta. 2003.partisannen. .6



ئەندامێکی حیزبیان لەژنەکەی بدات،لەحیزب دەریدەکەن.ئەم بڕیارە کارێکی مرۆڤ دۆستانەو مەدەنیانەیە. کەچی مەسئوول و ئەندامەکانی پدک وینک ، زۆربێ شەرمانە لەژنەکانیان دەدەن و، هەریەکەو چەند ژنێکیان هێناوە. بۆنموونە وەزیری پێشمەرگەی پدک ( حەمیدە فەنی) 5 ژنی هێناوە. مەسعود خۆی نەسرین بەرواری( وەزیری ئاوەدان کردنەوە) لە شێخ غازی یاوەری عەرەب مارەکرد. شێخ غازی یاوەر ، خاوەنی سێ ژن بوو، نەسرینی وەزیری مەسعودیش ، بوو بە چوارەم ژنی غازی یاوەر . ئەمڕۆ هیچ یاسایەک یان پرۆژەیەکیان نییە ، بۆ باشکردنی باری ژنان. ژنان لە خراپترین وەزعدا دەژین، بەتایبەت لە دەڤەرەکانی ژێر دەسەڵاتی پدک ، وەزعەکە خراپترە . مەسعود هەتاوەکوو ئەمڕۆش ، ناهێڵێت ژنەکەی میدیاکان ببینن. هەتا لەکاتی دەنگدانیش ، ناهێڵێت ژنەکەی دەنگ بدات . خراپی باری ژنانیش ، خاڵێکی ڕەشی ترە ، وا بەنێوچەوانی ، سەرانی پدک وینک وە .

## چۆن ینک و پدک توانیان حوکمی خەڵکی بکەن و بمێننەوە؟!

وابۆماوەی 15 ساڵ دەچێت ، ینک و پدک حوکمی ئەم گەلە ستەمدیدەیە دەکەن . حوکمێک ، کەرۆژانە ئاو لەسەرچاوەکانی بەعس دەخواتەوە. حوکمێک ، کەرابەرەکانی، مستەفا کەمالێکی درندەو فاشی، بە مامۆستای خۆیان بزانن . نێچیروان بارزانی لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەوانێکی تووركدا ، دەڵێت : ( توركیا وڵاتێکی دیمۆکراتیەئێمە سوودلە ئەزموونی کەمالیزم وەردەگرین 38) دیارە هەروەک ڕووناکبیری گەورەی عەرەب ( ئێدوارد سەعید) دەڵێت: . ( **تاماوەیەکی زۆر گەلانی ژێردەستە ، لەژێر کاریگەری عەقلیەت و فکری ، نەتەوەی داگیرکەر دەبن** 39 ) . ئێمەی کوردیش



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ـ جینۆسایدکردنی ژنان

بەداخەوە ژنی کورد لەجەنگی سەپێنراوی بەعس بەسەرکوردا، بەشی سەرەکی قوربانیان ، بەر ژنی کورد کەوت . ژنی کورد لەپاش ڕاپەڕینەوە ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ، باری ژیانیان خراپتر بوو. هەر لەپاش ڕاپەڕینەوە، گرووپێکی تیرۆرکردنی ژنان ، لەلایەن پدک و ینک ، بۆ تیرۆرکردنی ژنان دروستکرابوو، کە زیاتر لە 2 هەزار ژنی کوردیان،بەناوی ناموسەوە تیرۆرکرد *
ئەمان بەناوی ناموس و ئەخلاقەوە ژنیان دەکوشت ، کەچی لەسایەی سەری ینک وپدک وە، دیاردەی لەشفرۆشی ژنان ، سەد هێندەی جاران زیادیکردووە. خاتوو ناسک ئەحمەد، کە هەڵسووراوێکی چالاکی ژنانە ، فەرمووی : ( لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا ، زیاتر لە 33 هەزار ژن ، سووتاون وکوژراون 37)
هیچ کاتێک وەزعی ژنانی کورد ، هێندەی ئەمرۆ خراپ نەبووە. ژنان لەهەموو شوێنکدا دەچەوسێنرێنەوە. لە (ماڵ . لەسەر کار، لەناو بازار، لەناو حیزب، لەناوحکومەت ) . جگە لەمەسەلەی پەلاماری سێکسی مەسئوولەکان، کەهەر ڕۆژەی سکانداڵێکمان بەر گوێ دەکەوێت . هیچ کاتێکیش ، گوێمان لێ نەبوو ، مەسئوولێک لەسەر سکانداڵ و پەلاماری سێکسی ، دادگایی بکرێت ، یان لە حیزب دەربکرێت . دیارە جگە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ، کە هەر

---


* سەیری ئەو خشتەیە بکە ، کەناوی بەشێکی زۆری ئەوژنانەی تێدایە ،کە ساڵی 1992 و1993، بەناوی ناموس پەرستیەوە کوژران .

37. د.ناسک ئەحمەد. زیاتر لە 33 هەزار ژن، لە 15 ساڵی ڕابووردودا لەکوردستان سووتاو وکژراون . سایتی بۆپێشەوە. 26.05.2006.



هەرچەندەلەهەردووحاڵەتەکەدا، سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا . فەرەنسا هەتا سووپای ئەمەریکی نەهات ،نەیتوانی خۆی لەچنگی داگیرکەرە ئەڵمانیەکان ڕزگاربکات.ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کەبۆ جاری دووەم بزووتنەوەی چەکداری شکستی هێنا . ئاخر ئیسپات بوو ، کە بەچەند پاڵەوانێک ناتوانن ، وولاتێکی گەورە ، لەچنگی لەشکرێکی زل و بەهێز ڕزگار بکەن . بەڵکە ئەو کارانەشی کەدەیکەن ، تەنها زەرەرەی لێ دەبێتەوە و ، هیچ سوودێکی نییە .

## ئیسپانیا



پارتیزانە ئیسپانیەکان لەکاتی جەنگی ناوخۆی ئیسپنیادا.

لەساڵی 1936 شەڕێکی ماڵوێرانی وولاتە جوانەکەی ئیسپانیای گرتەوە. ئەم شەڕە، ماڵوێرانیەکی گەورەی بۆ خەڵکی ئەو وولاتە هێنا . کاتێک فەرماندەی سووپای ئیسپانی لە مەرۆکۆ ( مەغریب) جەنەراڵ فرانکۆ* ،لە 1936.06.17 دا،کودەتایەکی سەربازی بەسەر حکومەتی کۆماریەکان کرد 7.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەگەڵ سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆی ئیسپانیش ، ووشەی گەریلا (Guerilla) ش هاتە ناوقامووسی سیاسیەوە8 . گەریلا بەو کەسانە دەووترا ، کە چەکداری خۆبەختکەری سووپای کۆماریەکان بوون . دیارە جگە لەئیسپانیەکان ، بەهەزاران کەس ، لەجیهانەوە بۆ پشتگیری کۆماریەکان ، بەشداری سووپای کۆماریەکانیان کرد .

بەداخەوە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیاش،نەگبەتی و ماڵوێرانیەکی ئێجگار گەورەی بۆ گەلی ئیسپانی هێنا . زیاتر لە نیوملیۆن کەس بوونە قووربانی و گیانیان لەدەست دا. زیاتر لە 400 هەزارکەسیش کۆچیان کرد و ئاوارەبوون 9 . جگە لەوەش ، ووڵاتەکە بەتەواوی سووتاو وێرانکرا . ترسناکترین شتیش ،ئەوەبوو کە ئەم جەنگە بووە هۆی پەیدابوون و دروستبوونی حکومەتێکی فاشیستی و دیکتاتۆری لەو ووڵاتە. ماوەی 35 ساڵی حکومی فرانکۆ ، بە ترسناکترین حوکمی ئیسپانیا دەژمێرێت . هەرچەندە لەم ووڵاتەشدا ، بزووتنەوەی چەکداری شکستی هێناو ، سووپادڕندەکەی فرانکۆ توانی پاش سێ ساڵ لەشەڕی ناوخۆ ، بەسەر حکومەتی کۆماریە شۆڕشگێرەکان سەربکەوێت.

---

7. ئەردەڵان عەبدوڵڵا. جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا. بزاڤی رۆشنبیری کوردی . کوردستان . سلێمانی . 2006 . لاپەڕە.91

* Fransisco Franco. فرانسیسکۆ فرانکۆ . ساڵی 1892 لە ئیسپانیا لەدایک بووە . یەکێک بوو لەجەنەڕاڵە درندەکانی لەشکری ئیسپانیا . ساڵی 1936 کودەتایەکی سەربازی ئەنجام دا . بەمەش شەرێکی گەورەی ناوخۆیی دەستپێکرد . لە ساڵی _1939 وە ، خۆی کرد بە سەرۆکی ئیسپانیا . حکومەتێکی فاشیستی و دیکتاتۆری دروست کرد . بە چەندین شێوازی تۆقێنەرو فاشیستانە حوکمی گەلی ئیسپانیای دەکرد. لە 20 نۆڤێمبەری ساڵی 1975 بەهۆی نەخۆشیەوە دەمرێت .

Microsoft Encarta. 2003.Guerilla .8

9.ئەردەڵان عەبدوڵڵا. جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا. بزاڤی رۆشنبیری کوردی . کوردستان . سلێمانی . 2006 . لاپەڕە .107



درندەیەک بەرێت ، کەلە ماوەی چرکەیەکدا، 5 هەزار مرۆڤی کوردی کوشت . سەدامێک کەئەم هەموو تاوانەی بەرامبەر کورد کردبێت ، چۆن کوردێک دەتوانێت ، کارێکی وابکات . بەڵام ئایا هیچ کاتێک پرسی (کوردبوون) ، شەرەفی کوردایەتی ، لای کەسێکی وەکوو مەسعود، جێگای پرسیار بووە؟!. 31 ی ئاب، دڵتەزێنترین خاڵی مێژووی کوردە . بێ ئابرووترین رۆژی مێژووی کوردە .31 ی ئاب رۆژی ئاشبەتاڵێک و هەرەسێکی نوێی کوردە . لێ ئەم رۆژە ، رۆژی لەدایک بوونی سەرکردەیەکی بێ ئابرووی کوردە. رۆژی لەدایک بوونی ، قۆناغێکی ترسناک وقێزەونی سیاسی کوردە. سەیر لەوەدابوو، کە بۆتامی دەمیش،تاکە ئەندامێکی پدک ، لەبەرامبەرئەم کارەی مەسعود ، نارەزایی دەرنەبری. بگرە هەتاوەکوو ئەمرۆش ، هیچ ئەندامێکی پدک ، دژی ئەم کارە قسە ناکات . بگرە زۆر بێ شەرمانەش بەرگری لەم کارە دەکەن. زۆر سەیرە ئەمرۆ مەسعود بەدەنگی بەرز باس لەتاوانەکانی سەدام دەکات ، خۆی لێکردووینەتە پاڵەوانی کوردایەتی. مەسعود بۆئەوەی ئەم رۆژە رەشە و، ئەم خاڵە رەشەی سەر نێوچەوانی بسڕێتەوە، دەساڵ پاش تاوانەکەی 31 ئاب، واتە 2006 ئاڵای بەعسی داگرت!!. هەرزوو عەرەبەکان پێیان ووت . ( **ئەدی کاکی برا ، هەر خۆت نەبوویت ، 10 ساڵ پێش ئێستا ، نەک ئاڵا ، بەڵکوو دەبابەی بەعست بردەوە هەولێر؟؟!!)** . مێژوو بەم کارە دیماگۆژیانەلەبیرناکرێت. بەڵکە ئەمە تاوانێکە پێویستە سزابدرێت . جاگرنگ نییە کەی ؟یان لەوانەبێت ، هەر نەتوانین یاساییەن سزای بدەین، بەڵام مێژووییەن و ئەخلاقیەن ، مەسعود سزای خۆی وەردەگرێت . بەتاییەت بەرامبەر نەوەکانی داهاتوو، ناتوانێت خۆی لەم تاوانە پاک بکاتەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چۆن ئاوا بەئاشکرا بەرگری لە مەسعود دەکەن. ئەمە یەکەمین خاڵی وەرچەرخانی لام دروست کرد .پێشتر هێشتا منداڵ بوو، وام دەزانی مەلامستەفا پیاوێکی شۆڕشگێرە، لێ پاشان بۆم دەرکەوت چەندە **نا شۆڕشگێرە!** . لەبەهاری 1995 دا ، کۆنگرەی نیشتمانی عێراق و هێزە کوردستانیەکان ، خەریکی شەربوون لەدژی رژێمی بەعس ، کەچی ئیزگەکەی پدک ، خەڵکی سار دەکردەوەو ، دەیانووت :

**(کەرکووک بە ناوساجی ڕزگارناکرێت)**

تاکابرایەکی پیر لەناوبازاڕدا هاواری کردبوو: **(پارتی راست دەکات ، کەرکووک بە ناوساجی ڕزگارناکرێت ، بە تەحسین شاوەیس و جاشەکان رزگار دەکرێت)** هەر رۆژێک پاشتر، پیاوەکانی مەسعود ، ئەو کابرا پیرەیان لەبەردەمی ماڵەکەیدا تیرۆرکرد .هەرچەندە باوکی دوو کوڕی شەهیدیش بوو. پاش ئەوەی مەسعود، بۆماوەی چەندین ساڵە سووپای ئێران و تووركیای دەهێنایە کوردستانەوە، کوردی پێدەکوشت ، کەسیش قسەی نەدەکرد. هەربۆیە دواجاریش سڵی نەکردەوەو، لەشکری داگیرکەری بەعسی وەحشی هێنایەوە کوردستان من ئەوکاتە لەئەڵمانیا بووم ، کاتێک هەواڵەکەم بیست باوەرم نەکرد ، هێشتا کەمێک باوەرم بەپدک هەبوو. بەڵام دوایی تەلەڤزیۆنم کردەوە،سەیرم کرد راستە . من ئەوکاتە لەکۆرسی فێربوونی زمانی ئەڵمانی بووم . کارەستاکە هێندەگەورەبوو، تووشی شەرمەزاریەکی گەورەبووین . هەموو مامۆستائەڵمانەکان وهاورێ بێگانەکانم دەیانووت : **( چۆن حیزبێکی کوردی دەچێت سووپای بەعس دەهێنێتەوە کوردستان )** هەموو میدیاکانی جیهان ئەم قسەیان دەکرد . بەجارێک هەرچی کوردبوو، تووشی حالەتێکی تەواو ناخۆش بوو بوین . ئابڕووی هەموو خەباتی کوردیان برد. من زۆر سەیرم لێدەهات چۆن کەسێک هێندەبێ ئابرووبێت ، لەپێستی خۆی دانەوەشێت و، بێت ئەم کارە بکات؟! چۆن کوردێک بتوانێت ، هێندە رووی پێستی قایم بێت ، بۆ پارێزگاری کورسیەکەی خۆی ، هانا بۆ



## یۆنان

لەپاش کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان.سۆڤێت وئینگیلتەراو ئەمەریکا جیهانیان بەمێگەل دەزانی،هەربۆیە گەلانی جیهانیان وەکوو برا بەسەر خۆیاندا،دابەشکرد. بەپێی پەیماننامەی یاڵتا، وولاتی یۆنان بەر ئینگلیزەکان کەوت . هەر لەسەرەتای ڕزگاربوونی وولاتی یۆنان، لە90% ی خاکی یۆنان لەژێر کۆنترۆڵی سووپای ڕزگاریخوازی یۆنانی( Ethnikos Laikos Apelfathteritikos Stratos,ELAS بوو. کە کورتکراوەکەوەکەی ئێلاس.ELAS .دیارە ئەم گرووپە چەکدارەش زیاتر لە کۆمۆنیستە یۆنانیەکان پێکهاتبوون 10. ئینگیلیزەکانیش خۆیان بەخاوەنی ئەم وولاتە مەزنەی جیهان دەزانی . ئەو وولاتەی کە بە دایکی شارستانی ئەورووپی و مرۆڤایەتی دەژمێرێت.لەبەر ئەوە جەنگێکی خوێناوی لەنێوان سووپای ڕزگاریخوازی یۆنانی ELASو سووپای داگیرکەری ئینگلیزی و جاشەکانی دەستیپێکرد . ئەم شەڕەش لەساڵی 1944 بۆ 1949 درێژەی کێشا . دیارە ئەمەش گەورەترین تاوان بوو ، کەئینگلیزە خوێنمژەکان دەرهەق بەگەلی یۆنانیان کرد . هێشتا خوێنی لاوەکانی یۆنان ووشک نەبوویەوە ، کەبەدەستی دڕندە ئەڵمانیەکان کووژراوبوون . هێشتا برینی داگیرکەرە ئەڵمانیەکان سارێژ نەبووبویەوە، کەچی جەنگێکی ماڵوێرانی تریان بە سەر ئەم وولاتە مەزنەدا سەپاند. جەنگی ناوخۆی یۆنان ،بووە هۆی سووتاندن و،وێرانکردنی بەشێکی زۆری وولاتییۆنان.ئەوشوێنانەی،کەئەڵمانیەداگیرکەرەکان،نەیانسووتاندبوو ئینگلیزەکانی جاشەکانی سووتاندیان بەداخەوە ئینگلیزەکان توانیان بەسەر سووپای رزگاریخوازی یۆنانیەکان سەربکەون. بەمەش جارێکی تر بزووتنەوەی پارتیزانی لە وولاتێکی تری ئەورووپادا

---

www. Wiekipedia.de. Griechische B**ürgerkrieg.** . 10



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شکستی هێنا جەنگی ناوخۆی یۆنانیش لە ماڵوێرانی و سووتاندن و کوشتن وبرسێتی وهەژاری بەدوور نەبوو. بەهۆی ئەم جەنگەوە ، زیاتر لە نیوملیۆن کەس گیانیان لەدەست دا . بەسەدان هەزارکەسیش ئاوارە و ماڵوێران بوون .زیاتر لە 90 هەزار کۆمۆنیست ، ناچارکران یۆنان بەجێبهێڵن و ڕوو لەووڵاتانی تر بکەن 11. جگە لەوەی برسێتی و هەژاری ، بەجارێک هەموو ووڵاتی یۆنانی گرتەوەو ئەم برسێتیەش بووە هۆی مردنی هەزارن کەس . لەهەمووشی خراپتر بە کۆتایی جەنگی ناوخۆی یۆنان ،حکومەتێکی فاشیستی و دیکتاتۆری لەیۆنان پەیدابوو . کەئەمەش گەورەترین کارەسات بوو ، بۆ ئەو ووڵاتەی کەتا سەردەمانێکی زۆر بووبوە ، فێرگەیەکی گەورە بوو، بۆ زانستی بیری فەلسەفی و سیاسی . ئەو ووڵاتەی کە جیهانی فێری تێزی دیۆکراتی و کۆماری و سیاسەتی ووڵات بەڕێوبردن کرد .

## داگیرکەری ئەڵمانی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەکداری لە ئەوروپا

داگیرکردنی ئەوروپا لەلایەن ئەڵمانیاوە ، بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکیگەورەیپارتیزانیلەئەوروپادا.چەتەگەریئەڵمانیاکان هەموو سنوورێکی مرۆڤی و مۆڕاڵیان شکاند.لەمێژووی ئەوروپادا جگەلە چەتە توورکەکانی دۆستیان، هیچ کاتێک ئەوروپا داگیرکەری ئاوا دڕندەی بەخۆیەوە نەدیبوە. سووتاندن و ماڵوێرانکردن و لەناوبردنی ملیۆنەها مرۆڤ و ئاژەڵ و درەخت ، سیماکانی حوکمی ئەڵمانیەکان بوو . هەر ئەم چەتەگەریەش بوو ، کەوای لەگەلانی ژێر دەستەی ئەم دڕندانە کرد،خۆیان پڕچەک بکەن و خۆیان لەڕێکخراوی بچووکی سەربازیدا ڕێکبخەن . سۆڤێت و دەوڵەتە

Microsoft Encarta. 2003 . Griechische B**ürgerkrieg** ...11



## 31 ی ئاب هاتنی دەبابەی ڕزگاری بەعس

لەپاش ڕاپەڕینەوە ، لای هەموان ئاشکرابوو ، کە مەسعود بەرزانی هەمووکات لایەنگری حکومەتی دەکردوو، کەمتر دژایەتی بەعسی دەکرد. کاتێک هاوینی 1991 خەڵکی بۆ جاری دووەم ڕاپەڕینی کردوو، سووپای بەعسی راونا. مەسعود دژی ئەم ڕاپەڕینە وەستایەوە. پدک دەیانووت : **ئەمە پلانە! بۆ لەناوبردنی سەرۆکمان ( واتە مەسعود) ، چونکە ئەوکاتە لە هۆتێلەکانی بەغدا بوو، بەناو بۆ مفاوەزات چووبو.** مەسعود بە رۆژنامەکانی بەعسی ووت **( ئەوانەی ئەو کارەیان کردووە ، تێکدەرو خەڵکی ئاژاوەچین. ئەوانە شەمشەمە کوێرەی شەون)**.پاشتریش لە گۆڤاری ئەلف بادا ، سەدامی بە زامنی ماڤی کورد زانی و، ووتی:**( سەرۆکی فەرماندە ، سەدام حوسێن ، ئەندازیاری ئاشتی و برایەتی کوردو عەرەبە**36 . ئێمە ئەوکاتە سەیری میدیاکانی پدک مان دەکرد ، هەمووکات دەیانووت **(میری!)** نەیاندەووت ڕژێمی بەعس یان ڕژێم . زۆربەکەمیش باسی تاوانەکانی بەعسیان دەکرد، جگە لەئەنفال کردنی بارزانیەکان ، باسی هیچ تاوانێکی تری بەعسیان نەدەکرد.خاڵێکی تر ئەوەبوو، پدک هەرچی بەعسی وسەرۆک جاشەکان بوون، بەشی زۆریان دەچوونە ناو پدک . زیاتر باوەریان بەوان بوو تا بە ینک . لە هاوینی 1991 دا ، لەگەڵ باوکم لەبەغدا دەهاتینەوە. لە سەیتەرەکە پێیان دەووتین : **دەنگ بۆ جەلال تالەبانی نەدەن ، دەنگ بۆ مەسعود بارزانی بدەن !!** . زۆرسەیرم لەم قسەیە دەهات .

35. گۆڤاری ئەلف باء. 02.05.1991 . بەغداد. هەروەها سەیری
سایتی بۆپێشەوە . 06.10.2006 . مەسعود بارزانی دەڵێت : سەدام زامنە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەربەریەتی مرۆڤایەتیدا دایهێنا 35 . کاتێک سەرۆکی پەکەکە عەبدوڵڵا ئۆجالان گیرا، لەهەموو لایەکی جیهانەوە کورد وئازادیخوازانی جیهان پشتگیریان کرد و ، دژی ڕفاندنی بوون. کەچی پدک ، نەیهێشت کەس پشتگیری ئۆجالان بکات. بگرە تازە تەلەڤزیۆنی ئاسمانیان دانابوو ( **کەبە یارمەتی میتی توورکی دایانمەزراندبوو)** ، کاری تەنها ئەوەبوو ، کە دژایەتی پەکەکە بکات و خەڵکی لەشۆرش ساردبکاتەوە. لەگەڵ هەر بەرنامەیەکی هەواڵەکاندا، هەواڵێکی درۆیان لەدژی پەکەکە بڵاودەکردەوە. ئەوەی توورکیا دەیووسیت و، میدیا شۆڤێنیەکانی توورک چۆن قسەیان دەکرد ئەمان دەهاتن دەیانکردە کوردی و بڵاویان دەکردەوە. ئەم حالەتە هەتا کاتی داگیرکردنی عێراق مایەوە. کاتێک توورکیا دەیویست بێتە کوردستانی عێراقەوەو ، بەیەکجاری دەسەڵاتی پدک و ینک ، نەهێڵیت ، ئینجا بینیمان دەنگی نارەزایی لەدژی توورک لەهەولێر بەرزبوویەوەو، سەدان هەزار کەس هاتنە سەرجادە دژی توورک و ئاڵای توورکیان سووتاند. شارێکی وەکوو دهۆک ، کەجگە لە **(سەردەمی مەسیرەکانی بەعس،کەبە زۆر بەخەڵکیان دەکرد،)** هیچ کاتێک خۆپیشاندانیان نەکردووە. شارێک ، کە بەدیار چاویانەوە، دەبابەی توورکی بە شەقامەکانیدا پیاسەیان دەکردوو، تەعدایان لە کورد دەکرد،کەچی کەسێکمانلەم شارەنەبینی،دەنگی نارەزایی بەرز بکاتەوە. بەڵام کاتێک مەسعود ، ئەمری فەرموو ، سەدان هەزار کەس هاتنە سەر شەقام و دژی توورک وەستانەوە. ینک یش ، لەبەر خاتری ئێران ،نەکا گەمارۆی **تلیاک و مەسینەمان!** بخاتە سەر ، سووپای پاسدارانی هەتا ناو ژووری نوستنەکانی ، حدک لە کۆیە هێنا. بوو بە چاوساغێکی باشی پاسدارانی ئێران و، سەدەیا شۆرشگێری کوردستانی ئێران ، بەدەستی ینک و چەتە ئیسلامیەکانەوە کوژران و، پاشانیش بەپارە، لاشەکانیان بە ئێران فرۆشتن .

35. هەمان سەرچاوە. لاپەڕە . 146



هاوپەیمانەکانیش ، بۆ خزمەتی بەرژەوەندی خۆیان، کەوتنە یارمەتیدانی ئەو بزووتنەوانە ، کەپاشان وەکوو جاش و داردەستی ئەوانیان لێهات .

**یۆگۆسلاڤیا**

لە ساڵی 1939بۆ1945 ، ئینگیلتەراو سۆڤێت و پارتیزانەکانی یۆگۆسلاڤیا ، بەرەیەکی هاوبەشیان پێکهێنا 12. سۆڤێت و ئیگلیزەکان بەپارەو چەک و کادری سەربازی پشتگیری پارتیزانە یۆگۆسلاڤیە کانیاندەکرد .لەبەرامبەرداپارتیزانەیۆگۆسلاڤیەکانیشلەدژیئەڵمانەکان کاری تیرۆریستی و تەقاندنەوەو سووتاندنی بنکەی پۆلیس وسەربازیان دەکرد .هەروەها وەکوو سیخوورێکیشزانیاری وئاگاداریان دەربارەی سووپای ئەڵمانی،دەدایە سووپای دەوڵتەهاوپەیمانەکان.
ئەم پارتیزانانەش بەسەرۆکایەتی تیتۆ* ، لەشکرێکی نیمچە نیزامیان دروستکردبوو ، کەجگە لەچەند کارێکی تیرۆریستی و زاپۆتاژ ( تخریب) ، هیچی تریان پێنەدەکرا . بەهەمان شێوەش هەتا بەرلین لەلایەن سۆڤێتەوە رزگارنەکراو ، کۆتایی بەحوکمی ئەڵمانیا نەهێنرا. بستێک لەخاکی یۆگۆسلاڤیا ڕزگاری نەبوو . هەرچەندە پاشان، ئەو چەند ساڵەی بزووتنەوەی پارتیزانی کرایە پروپاگەندەیەکی گەورە بۆ حوکمی دیکتاتۆری تیتۆ .

12. Werner Hahlweg.Guerilla Krieg ohne Fronten. .W.Kohlhammer . Verlag. Stuttgart.1968.S132

*Josip.Broz.TITO . لە7ی مای ساڵی 1892 لە دایکێکی سلۆڤێنی و باوکێکی کرواتی لەشاری Kumrovec لەکرواتیا لەدایک بووە. ( ئەوسائەم وڵاتە لەژێردەستی حوکمی هەنگاری و نەمساویدا بوو). لە پاش جەنگی دووەمی جیهانەوە، بەشێوەیەکی دیکتاتۆری و دڕندە و ستالینیانە ، حوکمی وڵاتی یۆگۆسلاڤیا دەکات . لە 4 مای ساڵی 1980 لە شاری Ljubljana لوبلیانا ( پێتەختی سلۆڤێنیا) بەنەخۆشی دەمرێت . لێ لە پاش مردنی تیتۆ ، بەیارمەتی ئەڵمانیا ، وڵاتی یۆگۆسلاڤیا ، پارچەپارچەکراو ، تووشی جەنگێکی ناوخۆی خوێناوی بوو. کەبووە هۆی لەناوبردنی ئەو وڵاتە .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## وولاتی نۆرڤێژ

پاش داگیرکردنی ولاتی نۆرڤێژلەلایەن ئەڵمانیاوە،بزووتنەوەیەکی چەکداری لەو وولاتە سەریهەڵدا . ئینگلیزەکان هەرزوو دەستی رەحمەتی خۆیان گەیاندەلایاخیبوەکانی ئەو وولاتە.ئینگلیزەکان لەڕووی چەک و پارەو ئیعلام و کادری سەربازیەوە یارمەتیان دەدان،ئەوانیش لەدژی ئەڵمانیە داگیرکەرەکان،کاریتیرۆریستی وتەقاندنەوەو سووتاندنی جبەخانە سەربازیەکانیان دەکرد. لەهەمانکاتیشدا کاری سیخووریان بۆ ئینگلیزەکان دەکرد . زانیاریان لەسەر سووپای ئەڵمانی دەدایە ئەوان ، بۆ نموونە وێنەگرتنی بنکە سەربازیەکانی ئەڵمانەکانوشوێنی جبەخانەکانیان بۆئینگلیزەکان کەشف دەکرد . هەتا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان ، ژمارەی پارتیزانە نۆرڤێژیەکان گەیشتە 35 هەزار کەس . لێ هەتاوەکوو ئەڵمانیا نەڕووخا ، وولاتی نۆرڤێژ لەدەستی ئەڵمانیا ڕزگاری نەبوو ، واتە بەهەمان شێوە ، ئەم بزووتنەوەیە نەیتوانی ولاتی نۆرڤێژ و نۆرڤێژیەکان لەچنگی ئەڵمانیە داگیرکەرەکان ڕزگار بکات13 .

## وولاتی دانیمارک

ساڵی 1941 ئەڵمانیا ولاتی دانیمارکی داگیرکرد . هەرلەپاش ئەم داگیرکردنەش ، بزووتنەوەیەکی چەکداری بەهێز لەو وولاتە دەستی پێکرد . ئەمانیش بەهەمان شێوە ، ئینگلیزەکان یارمەتیان دەدان . پارتیزانە دانیمارکیەکان ، کەوتنە کاری تیرۆریستی و تەقاندنەوەی پرد و رێگاوبانی ئاسنین، کاری تەخریبی (زاپۆتاژ) ، لەهەمان کاتیشدا ، کاری زانیاری و هەواڵگریان بۆ ئینگلیزەکان دەکرد. هەتا کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و رووخاندنی ئەڵمانیا ،

**13.** هەمان سەرچاوە. ل. 133



دواکەوتوون. زیاتر مۆڕاڵی پارتە فاشیستەکان بەسەریاندا زاڵە. هەمووکاتێک گوێرایەڵی کوێرانەی سەرووخۆیانن. هیچ کاتیک دەنگی نارەزایی لە ئەندامێکی پدک نابیستیت . ئەمان بەگشتی خەڵکانی خێڵەکین . زیاتر مۆڕاڵی خێڵەکی بەسەریاندا زاڵە . ئەوان هەروەک چۆن سەیری سەرۆک خێڵەکەیان دەکەن ، ئاواش سەیری مەسعوود و مەسئوولەکانیان دەکەن . مەسعود بەرزانی پێشتر پرۆڤەیەکی باشی لەسەرکوشتنی شۆرشگێرانی کوردی ئێران کردبوو،وەک دەڵێن**(دەستی بەکوشتنی کورد تەواو خڕ بووبو)**. کە سەرەش گەیشتە سەر کوردی توورکیا ، زۆر لە جاران خراپتر ، کەوتنە گیانی کوردەکانی توورکیا . مەسعود لە 31 ی ئۆکتۆبەری 1992 دا لە تەلەفزیۆنی پارتی ووتی : **(پێویستە بزانرێت ، کە دوژمنی گەورەی گەل پەکەکەیە. گەورەترین دۆستمان توورکیایە . بەرامبەر بەدۆستمەکانمان لەخاکی ئێمەدا کاری تیرۆریستی ئەنجام ئەدەن. دەبێت بزانن کەهەرگیز ڕێگایان نادەین ، سەرۆکەکەیان دیکتاتۆرە و دوژمنە، هەربژی توورکیا ، بەلەعنەت بێت پەکەکە34 )**

ساڵی 1992 یەکەمین سفتاحی حکومەتی ینک وپدک ، پەلاماردانی شۆرشگێرانی پەکەکە بوو. هەر پاش ئەم شەڕە ، ئیتر بەحوکمی ئەوەی پدک،سنووری دەسەلاتی لەگەل توورک بوو. کەوتە قێزەونترین شەڕی براکوژی ،کە بەشەریەت بەخۆیە بینیبێتی. پیاوەکانیمەسعود کاتێک پێشمەرگەیەکی پەکەکەیان بگرتایە، ئەوا یەکسەر بە رژێمی توورک دەیانفرۆشت. گەر پێشمەرگەیەکیشیان بکوشتایە ، لاشەکەیان بە شەقامەکاندا دەگەڕاندو، منداڵانیان فێردەکرد، کە بەردبارانی لاشەکانیان بکەن.ئەمەش داهێنانێکی نوێ بوو،پدک لە مێژووی

**33 . فەیسەڵ داغلی . براکوژی . شەڕی ناوخۆی کورد. وەرگێڕانی دابان هەمەوەندی. چاپخانەی کوردستانی ئیمڕۆ.چاپی یەکەم. 2000 . لاپەڕە. 367**
34. **هەمان سەرچاوە. لاپەڕە** . 169 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جەلال باسی دەوڵەتێک دەکات ، کەهێشتا زمانی کوردی بە تاوان دەژمێرێت و مرۆڤ لەسەری سزا دەدرێت. مەهدی زانا پارێزگاری ئامەد ( دیاربەکرد) ، لەبەر ئەوەی بەزمانی کوردی قسەی لەگەڵ هاوڵاتیەک کردبوو، 15 ساڵ سزا درا .
لەئەڵمانیا، رۆژنامەی ئوزگول پۆلیتیکیان داخست ، بەتاوانی ئەوەی پشتگیری پەکەکە دەکات . کەچی جەلالیش دەڵێت لەتووركیا! رۆژنامە پشتگیری لەپەکەکە دەکات وئازادن .
جەلال دەڵێت:( **پیاو لێرە ئازادە دەتوانێت داوای ماڤی خۆی بکات،تووركیا دیموکراتیە!!)** . هەرچی ئەندامی ینک و لە ساڵانی 90 فێری ئەم قسەیە کرابوون ( **تووركیا وڵاتێکی دیموکراتیە! و،بۆ کوردستانی عێراق باشترە خۆمان بە تووركیاوە بلکێنین).** ئەم شەکرە پێشتر نەوشیروانیش لەساڵانی هەشتادا شکاندبووی . بەڵام لەنەوەتەکاندا ینک کردبوویە سیاسەتی خۆی . تاکار گەیشتە ئەوەی جەلال بەژەنەراڵێکی تووركی ووت:
**(دەزانی لەڕستیدائێمەی کوردتووركین!!**33 )
پدک یش بۆ دژایەتی ینک و ، بۆئەوەی نەهێڵێت ینک پێشی بکەوێت و ، جاشایەتی لەکیس بچێت ، هەر زوو فتوای کوشتنی شۆرشی کوردستانی تووركیای دا. پدک لەبەرئەوەی راهاتووە بە جاشایەتی بۆ رژێمەداگیرکەرانی کوردستان ، ئەم کارە بۆتە ستراتیژیەکی گرنگی ئەو حیزبە. هەمووکات پدک لەچاو ینک دا ، هێزی سەربازی بێ هێزتربوو. پدک،هەمووکات پشتی بە داگیرکەرانی کوردستان ( ئێران و تووركیاوپاشانیش عێراق ) دەبەست ، بۆ ئەوەی ترازووی هێز بۆلای خۆدا رابکێشێت. ئەندامەکانی پدک ، کەسانی دەبەنگ و

32. دیڤید مەکداول. مێژووی هاوچەرخی کورد. وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناو . چاپی دووەم . چاپخانەی کتێبفرۆشی سۆران . 2005. لاپەڕە . 630



پارتیزانە دانیمارکیەکان نزیکەی 100 کاری تەقاندنەوەو زاپۆتاژیان لەدژی سووپای ئەڵمانی ئەنجام دا14 . ژمارەی پارتیزانەکان تادەهات زیادی دەکرد.هەتا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی ، ژمارەی پارتیزانەکان گەیشتە نزیکەی 45 هەزار چەکدار 15 .

هەروەها لە وولاتانی تری ئەوروپا ( بەلجیکا ، پۆلۆنیا ، هۆڵەندا، ئیتالیا، چیک و سلۆڤاکیا) بزووتنەوەی چەکداری لەدژی ئەڵمانیە داگیرکەرەکان بەرپا بوو. هەموو ئەم بزووتنەوانەش ، بەیارمەتی سۆڤێت و ئینگلیزو ئەمەریکا دروست بوو بوون .

## جەنگی ناوخۆی یۆگۆسلاڤیا

جەنگی ناوخۆی یۆگۆسلاڤیا ، یەکێکە لەخاڵە ڕەشەکانی سەدەی پێشوو. ئەم جەنگە لەکاتێکدا ڕوویدا ،کە کۆتایی بە بلۆکی رۆژهەلات هاتبوو، ئەمەریکا و رۆژئاوا دەهۆڵی بەهەشتێکی خۆشیان بۆ مرۆڤایەتی لێدەدا. یەکێک لەدیاریەکانی سەردەمی نوێی ئەمەریکا ، جەنگی ناوخۆی یۆگۆسلاڤیا بوو. ئەم جەنگە ئیسپاتی کرد ، کە ئەو بەهەشتەی ئەمەریکا بەڵێنی بەجیهان دابوو، نەک ڕاست نییە ، بەڵکە پێوسیتە مرۆڤایەتی چاوەڕێی دۆزەخێکی ئاوا خوێناوی وەکوو یۆگۆسلاڤیا بکات . ئەو چەتەگەریەی کەلەم شەڕەدا کرا، مەگەر لەسەردەمە تاریکەکانی حوکمی تووركدا کرابێت .

14. هەمان سەرچاوە. ل. 134
15. هەمان سەرچاوە . ل . 134



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



**ئاوارەی بۆسنی لەکاتی جەنگی ناوخۆی یۆگۆسلاڤیا**

### بۆچی ئەم شەڕە ؟!

یۆگۆسلاڤیا یەکێک بوو لەووڵاتە بەتواناکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات . خاوەنی ئابووریەکی تۆکمە و لەشکرێکی بەهێز و بەتوانابوو. ئەمەش بووبوە مایەی نارەحەتی چەند ووڵاتێک لەپێش هەمووشیانەوە ئەڵمانیا .

### ڕۆڵی نێگەتیڤی ئەڵمانیا

بەپێی مێژوو ، ڕقێکی نامرۆڤانەی ئەڵمانی لە دژی نەتەوە سلاڤەکان هەیە . بەشێکی زۆری نووسەرانی ئەڵمانی ، بەچاوێکی سووکەوە سەیری گەلانیسلاڤیان کردووە. هیتلەر بەئاشکرادژایەتی سلاڤەکانی دەکرد و، سوێندی خواردبوو ، کە لەناویان بەرێت . دیارە دەستێکی خوێناویشی لەو گەلانە وەشاند ، زیاتر لە 20 ملیۆن سلاڤی و10



هەروەها دەترسان گیانی کوردایەتی لەوێ ببوژێتەوە. بۆئەوەی کورد نەچێتە توورکیاوە ، ئەم هەرێمەیان دانا. دیارە ئەم هەرێمی باکووری عێراقە ، زیاتر لە کەمپێکی گەورە بوو، بۆ کورد دایان نابوو. بۆئەوەی ڕانەکەن بۆ توورکیا .بۆ ئەم کەمپە گەورەیە دوو چەقۆکێشیان دانابوو ، بۆئەوەی پارێزگاری ئاسایشی سنوورەکان بکەن . هەر پاش ڕاپەڕین و دانانی هەرێمی دژە فرێنی باکوور و بنەکەی ئەنجەرلیک ، ڕۆڵی توورکیا زیادبوو. ینک و پدک یش وەکوو پیشەی هەمووکاتێکیان، ئامادەبوون ڕۆڵی جاشایەتی بۆ ئەم دەوڵەتە شۆڤێنیە دژە کوردە ببینن . کاتێک لە کوردستانی توورکیا ، پاش زیاتر لە 45 ساڵ ، ڕاپەرینێکی چەکداری و بوژانەوەی گیانی کوردایەتی کوردی بەسەرکردایەتی پەکەکە،لەساڵی1983وە دەستی پێکرد .گەرچی ئەم شۆرشەش بزووتنەوەیەکی چەکداری بوو ، لێ حکومەتی توورکی فاشیستی تەواوخستبووە گێژاوێکی گەورەو، تووشی چەندین قەیرانی سیاسی و ئابووری گەورەی کردبوو . هەمووکاتێک ینک و پدک ،ئامادەن گەر داگیرکەرانی کوردستان **مامرێکیشیان (مریشک) بۆ سەرببرێت ، هەرچی شۆرشگێری کورد هەیە لەناوی بەرن** .ئەمانە گیانی خۆبەکەم زانین بەتەواوەتی بەسەریاندا زاڵە . جەلال تاڵەبانی یەکەمجار پێش مەسعود کەوت و، هەوڵی ڕازیکردنی توورکی دەدا . جەلال لە تەمووزی 1992 سەردانی توورکیای کردووە ، سلێمان دیمیرێلی بینی . جەلال وەکوو خۆی باسی کردبوو ، کە ئەو مەسەلەی ویلایەتی موسڵی هێناوەتەوە ئاراوە ، بەڵام سلێمان دیمیرێل بەقسەکانی پێکەنیوە . پاشتریش لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی ئیندیپێندنی ئینگلیزی دەڵێت:(**عێراق مەرجەکانی ڕێکەوتنامەی 1923 ی تەطبیق نەکردووە. من توورکیا بە ئایدیال دەزانم . تورکیا دەوڵەتێکی دیموکراتیە و ، پیاو دەتوانێت لێرە هاواربکات و قسە بکات و داوای ماڤی خۆی بکات. لێرە ڕۆژنامە هەیە پشتگیری پەکەکە دەکەن** 32 ) .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بزووتنەوەکە بوون ، کەچی  کاتێک پدک ، دەسەڵاتی گرتە دەست و،بۆئەوەی دڵسۆزی خۆیان بۆ شای ئێران دەربخەن، کەوتە گیانی شۆڕشگێرانی کوردستانی ئێران. کاتێکیش رژێمی شا ڕووخاو،رژێمی خومەینی هاتە سەرکار.پدک بەسەرۆکایەتی مەسعود ، پێش لەشکری درندەی فارس کەوت و، کەوتنە پەلاماری شارەکانی کوردستان و، شۆرشی کوردیان لەناوبرد. ینک لە یەکەم بەیانی دامەزراندنیدا، بەجارێک ناوی کوردستانی سووریای سڕیەوەو، باسی نەکردووە. ینک لە بەیانی دامەزراندنیدا دەڵێت:

**( ئێمە پشتگیری شۆرش و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی تووركیا وئێران دەکەین . هاوکاری تەواویان دەکەین ، بۆ ڕزگارکردنی کورد ،لەدژی رژێمی شۆڤێنی توورک ورجعی فارسی** 31 **)**

ئەم هەموو جاشایەتی ونۆکەریەیان بۆ ئێران و سووریا دەکرد، کەچی هیچ دەنگێکی نارەزایی لە کوردستانی عێراقەوە دژی ئەم کردەوانەی پدک و ینک ، نەدەبیسترا. خەڵکیان ڕاهێنابوو، کە ئەو تاوانانە ،شتێکی تەکتیکی و ئاسایین**هەموو بۆ سەرکەوتنی شۆرشە!!!**

لەدوای ڕاپەڕینیش ، تای ترازووی سیاسی جیهانی وایکرد ، کەرۆڵی دەوڵەتی وەحشی وشۆڤێنی توورک ، لەکوردستانی عێراقدا زیادبێت . ئەم رۆڵە پاش ئەوەی کە هەرێمی دژە فڕینی باکوور لەلایەن UN وە بۆ کورد دانراو، دانانی چەکوشی ئامادە لەتووركیا ، رۆڵی ئەم دەوڵەتە شۆڤێنیەی زیادی کرد. دیارە ئەم هەرێمەش بۆ بەرژەوەندی توورک دانرابوو ، چونکە پاش کۆڕەوەکە، کوردێکی کورد ڕوویان کردە سەر سنوورەکانی تووركیا . ئەوانیش ڕازینەبوون ئەو کوردانە بچێنە تووركیاوە، چونکە چاویان بەرایی نەدەهات کورد **گەر بەزەلیلیش بێت ،بیبینن**

31. .ابوبكر خوشناو،ترجمة ،عيدوباباشيخ . صفحات من تاريخ الاتحاد الوطنى الكردستانى. من منشورات القسم الثقافى للمكتب التنظيم_ الاتحاد الوطنى الكردتسانى. الطبعة الثانية . 2005. ص88



ملیۆن سۆڤێتی لەناوبرد. لێ ئەڵمانیا پاش  ئەوەی لەشەڕەکەدا دۆڕاندی، نەیاندەتوانی وەکوو جاران پەلاماری ئەو ووڵاتانە بدەن. لێ بەحوکمی ئەوەی ئەڵمانیا ئەندامی ناتۆNATOو دۆستی ئەمەریکا ، توانی جارێکی تر پەلاماری ئەم ووڵاتە بداتەوە. ئەڵمانیەکان چ لەسەردەمی فاشیزمدا یان لەسەردەمی دیمۆکرات و ئازادیدا ، هیچ کاتێک چاویان ئەم ووڵاتە نابینێت. چەندین ساڵ بوو خۆیان مڵاز دابوو بۆ ئەم ووڵاتە . ئەوەبوو لەپاش نەمانی سۆڤێت ، توانیان بەمەرامی نەگریسی خۆیان بگەن و ، جارێکی تریش ئەم ووڵاتەیان وێران کرد .

## پارتیزانە نوێکان

هەروەک چۆن لەکاتی جەنگی دووەمی جیهاندا ، چەندین گرووپی چەکداری دروست بوو، کەبەشێکیان سەربە سۆڤێت و هاوپەیمانەکان بوو( بەسەرۆکایەتی تیتۆ) ، بەشێکی تریان سەر بەئەڵمانیا بوو ( کەبەسلۆڤینی و کرواتیە فاشیستەکان ناسروان ). لەکاتی جەنگی ناوخۆی یۆگۆسلاڤیاش،چەند گرووپێکی چەکداری دروست بوونکەهەر یەکەیان سەر بەووڵاتێک بوون . ئەڵمانیا  رۆڵی سەرەکی هەبوو ، لەدروستکردن و مەشقپێکردنی ئەوگرووپە چەکدارانەی ، کەکاریان ڕووخاندن و تێکدانی ئەو ووڵاتە بوو. بەشێکی زۆری ئەم گرووپە چەکدارانە ، شێوازێکی ماڤیایان پێوە دیار بوو 16 .  کە بەشێکی زۆریان جگە لەکاری تیرۆریستی ، کاری قاچاخچێتی و تلیاک فرۆشتن و بازرگانی بە ژنانەوە دەکرد .

16. Dario Azzellini und Boris Kanzleiter. Das Unternehmern Krieg.G**öttingen. 2003. S104**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## قووربانیانی جەنگ

بەناوی نەتەوەو دەوڵەتی ناسیۆنالیستیەوە ، شەرێکی خوێناوی هەموو ناوچەی بەلکانی گرتەوە. ساڵی 1991بە فیتی ئەڵمانیەکان ، هەردوو وولاتی سلۆڤێنیا وکرواتیا ، ئیعلانی جیابوونەوەیان لە یۆگۆسلاڤیا کرد و، ئیعلانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان کرد . هەرچەندە کرواتی و سلۆڤێنیەکان وهەموو نەتەوەکانی تری یۆگۆسلاڤیا ، هەموو ماڤێکی خۆیان هەبوو. تەنانەت دەوڵەتی تایبەتی خۆشیان هەبوو. ئەوماڤانەی کە سربەکان بەگەلانی تر دابوویان ، هیچ گەلێکی تر بە کەمە نەتەوەکانی خۆی نەداوە. لەتوورکیا ئەوەی بڵێت کوردم دەیگرن .زمانی کوردی تاوانەو خەڵکی لەسەر دەگیرێت. کەچی کرواتی وسلۆڤێنیەکان ، خاوەنی حکومەتی ناوچەیی خۆشیان بوون ، هێشتا زیاتریان دەویست . بەهەرحاڵ ، ئەم شەڕە بوو بە مایەی ماڵوێرانی بۆگەلانی یۆگۆسلاڤیابەگشتی و گەلی موسڵمانی بۆسنیش بەتایبەتی . ئەم جەنگە بووە هۆی سووتاندنی هەموو وولاتی بۆسنەو هەرسک . بەپێی هەندێک سەرچاوە ژمارەی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستدا ، گەیشتۆتە نزیکەی 200 هەزار کەس17 . ژمارەی ئەو کەسانەشی کە لە شوێن وماڵی خۆیان بەجێهێشتووە ، گەیشتۆتە نزیکەی 2 ملیۆن و 300 هەزار کەس 18 . ئەمڕۆ کێشەی ئاوارەکان ، یەکێکە لەکێشە گەورەکانی ئەم وولاتە.بەملیۆنەها کەس ماڵ و شوێنی خۆی بەجێهێشتووە ، هەتاوەکوو ئەمڕۆش لەترسی گرووپە چەکدارەکان ترسی مەرگیان هەیە. لەهەمووی نامرۆڤانە تر ، ئەڵمانیا کە ئاگرخۆشکەری ئەم جەنگە بوو، لەساڵی 1997 وە زۆر نامرۆڤانە

---

17. هەمان سەرچاوە. ل. 100

18...Microsoft Encarta. 2003 Bosnisch-Kroatisch-Serbisch Krieg



## ـ بڵاوبوونەوەی دیاردەی تلیاک کێشان و بازرگانی مادده بێهۆشکەرەکان و شتی قاچاغ

لەپێش ڕاپەڕیندا دیاردەی تلیاک و کێشانی ،لەکوردستاندا زۆر کەم بوو یان هەر نەبووە. لێ پاش  ئەوەی ینک و پدک ، بوونە حاکمی یەکەمی کوردستان ، ئەم دیاردەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە. ڕژێمی ئێران ، هەمووسەردەمانێک ، هەوڵی داوە ئەم دیاردەیە لەکوردستاندا بڵاوبکاتەوە. ئەوان وەکوو سیاسەتێکی داگیرکەرانە ، هەوڵی ئەم کارە دەدەن . ینک و پدک یش ، لەبەر ئەوەی دڵیان بە خەڵکی ناسووتێت و، دەسەڵاتیشیان بە زۆر داگیرکردووە، ڕێگایان خۆشکرد ، بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە . بەشێکی زۆری مەسئوولەکانی ینک و پدک ، خۆیان ئەم بازرگانییە دەکەن .کەچی بێ شەرمانە دێنە سەر تەلەڤزیۆن و ، لەدژی تلیاک قسە دەکەن .ئەم دیاردەیەش ، دیاریەکی قێزەونی ینک و پدک بوو ، کە بە گەلی کوردیان بەخشی .

## ـ دژایەتیکردن و لەناوبردنی شۆرشی پارچەکانی تری کوردستان

یەکێک لە سیماکانی بزووتنەوەی چەکداری کوردستان ، جاشایەتی بوو ، بۆ وڵاتانی دروسێ . ئەو وڵاتانەی کە هەموویان بەشێکی نازداری کوردستانیان داگیرکردووەو، خەڵکی کورد بە دڕندەترین شێوەدەچەوسێننەوە. لە سەردەمی مەلا مستەفا دا ، لەبەر نۆکەریان بۆ ڕژێمی دڕندەی شا،کەوتنە گیانی شۆرشگێڕانی کوردستانی ئێران . مەلا مستەفا بۆ یەکەمجارلەمێژووی کوردا ،ئەم نەریتە ناشرینەی هێنایە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە. هەمووکاتێک بەشەکانی کوردستان ، هاوکاری ویارمەتی یەکتریان دەدا. پدک ، کەبە هەوڵی حیزبی دیمۆکرات دروست بوو . ئەوان رابەری سیاسی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەگەڵ یەکەم رۆژی دەسەڵاتی ینک وپدک ، باری فەرهەنگی وپەروەردەو فێرکردن لەکوردستان، بەرەودواوە چوو. ئەمڕۆ سیستەمی خویندنی کوردستان ، خراپترین سیستەمی خوێندنی جیهانە. خوێندکاران و مامۆستایان،لەبەر خراپی باری ئابووری ، واز لەقووتابخانەکان دەهێنن. هەتاوەکوو ئەمرۆش ، هەمان سیستەمی خویندنی بەعس،لەکوردستاندا پێرەودەکرێت.گاڵتەجاریەکە لەوەدایە، تەنانەت وانەی پەروەردەی نیشتمانی بەعسیان فێری منداڵانی کورد دەکرێت. لەڕووی رۆشنبیری و فەرهەنگیشەوە، وەزعەکە زۆرخراپ بووە. بۆنموونە ئەمرۆ هەرچی نووسەر ورۆشنبیری کورد هەیە، تووشی گێژاوێکی ئێجگار خراپ بوون . ئەو نووسەرانەی سەر بە ینک وپدک ن ،هەموو ماڤێکیان هەیە، ئەوەیشی دژیانە، بەخراپترین شێوە دەچەوسێنرێنەوە. شاعیری گەورەی گەلەکەمان ، حسێن بەفرین دەفەرمێت:

**( جاران ئەوترا : لەپشتی هەر پیاوێکی گەورەوە ئافرەتێک هەیە. بەدڵنیایی یەوە ئێستا ئەبێ بوترێ لەپشتی هەر نووسەرێک یا شاعیرێکەوە ، کەناو دەرئەکات ، بێگومان یەک دەهۆڵی ئیعلامی حیزبایەتی هەیە 30 .) .**

ئەمرۆ باری فەرهەنگی کوردی ، رۆژبەرۆژ بەرەوخراپتر هەنگاو دەنێت.**(دزینیئەدەبی،جنێوفرۆشی،بڵاوبونەوەیهونەریماستاوچێتی، کاری لاوازی ئەدەبی لەخۆرا گەورەدەکرێت ، کاری بەهێزیش سووک دەکرێت، مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵاتی ئەدەبی لەچەند نووسەرێکدا، نەهێشتنی چاپکردنی ئەوکتێبانەی کەلەدژی ینک وپدک دەنووسرێت،تەشەنەکردنی رۆحی دڵپیسی و دژایەتیکردنی یەکتری، هێنانی شەڕی ینک وپدک بۆ ناونووسەران،،،،)**

30. حسێن بەفرین . سەرابێکی بەنگگێش. بەشی یەکەم . چاپی یەکەم . سلێمانی . 2001 . لاپەڕە 18.



کەوتە ناردنەوەی هەموو ئاوارەکانی بۆسنە بۆ وولاتی بۆسنە. ئەمەش تەنها لەویژدانی دەوڵەتێکی وەکوو ئەڵمانیا دەوەشێتەوە. تەنانەت ئەمەریکاش لەدژی ئەم کارەی ئەڵمانیا ، نارەزایی خۆی دەربڕی .

## پەلاماری سێکسی بۆسەر ژنان

یەکێک لە نووسەرەکان دەڵێت : **( پەلاماری ژنان نەک کارێکی ئاسایی بوو، بەڵکە وەکوو چەکێکیشلەدژی یەکتری بەکاردەهێنرا19.)**
پەلاماری سێکسی بۆ سەرژنان بەیەکێک لەسیما قێزەونەکانی هەموو شەرێک دەژمێرێت.لێ ئەم شەرە لەهەموو شەرێکی تر،زیاتر پەلاماری سێکسی بۆسەر ژنانکرا.بەداخەوە ژنان کرابوونە قووربانی سیاسەتێک ، کەخۆیان بڕیاریان لەسەرنەدابوو. هەمووکاتیش ژنان باجی ئەو سیاسەتە سەقەتەی پیاوان دەدەن . بەشێکی زۆری ئەو ژنانەش لەمووسڵمانەکان پێکهاتبوون . هەتاوەکوو ئەمرۆش بەشێکی زۆریان تووشی نەخۆشی دەروونی وجەسەدی بوون و، هێشتا برینەکانیان سارێژ نەبووە .

19. Ruth Seifert. Gender ,Identit**ät und kriegerischer Konflikt. Lit Verlag .Münster.2004.S152.**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ئەمەریکای لاتین

لەپاش ئەوروپا ئەم پەتایە بە زەریای ئەتڵەسیدا گوێزرایەوە بۆ کیشوەری ئەمەریکای لاتین. لەپاش دۆزینەوەی یان کەشفکردنی کیشوەری ئەمریکا،ئەم پارچەجوانەی زەوی ،کرایە گۆڕەپانێکی خوێناوی بۆ هێزەداگیرکەرە ئەوروپییەکان. ماوەی پێنج سەدساڵە ، چەتەگەری و بەربەریەتی ئەوروپی واز لەم کیشوەرەمەزن وجوانە ناهێنێت. سامانی ژێرزەوی و سەرزەویە زۆرەکەی، خاکەبەپیتەکەی، ئاووهەواسازگاروخۆشەکەی،ئاژەڵەجوانەکانی،خەڵکەڕووخۆشوسادەکەی هەمووکات بوونەتە خواردنێکی چەور بۆتێرکردنی ورگی برسی ئەوروپیە بەربەریەکان . هەرلەبەر ئەمەشە هەمووکات ،دەنگی شۆرش و ڕاپەڕین ، لەم کیشوەرە شۆرشگێرە نابڕێت. هەمووکات ئاگری سووری شۆرش،داگیرساو گەشاوەبووە.هەمووکاتێک چرای خەبات، ئەم کیشوەرە ڕووناک دەکاتەوە. لەپاش بڵاوبوونەوەی بیری کۆمۆنیستی و ،سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گیڤاریزم،ئەم کیشوەرە بۆتە مەڵبەندێکی گرنگی بزووتنەوەی چەکداری. بەکورتی هەوڵ دەدەم ، باسی بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی ئەم کیشوەرە بکەم . ئەو کارەسات و ماڵوێرانیە دەربخەم ، کەخەڵکی لەئەنجامی شەڕی نێوان ئەم بزووتنەوانەوەو ، حکومەتە فاشیستەکانی (کەسەر بەئەوروپاو ئەمەریکابوون)،تووشی بوون.

## چەتەگەورەکەی باکوور

لەپاش ڕزگاربوونی گەلانی ئەمەریکای لاتین لەژێر دەستی بەربەریەتی ئیسپانی وئەوروپی ، یەکسەر لەباکووری ئەمکیشوەرەوە دێوەزمەیەکی گەورەتریان بۆ پەیدابوو. دەمێک بوو ، ئەمەریکیەکان خۆیان بۆ ئەم کیشوەرە مەڵزدابوو. چاوەڕێی ئەوەبوون ، کە ئەوروپیەکان بڕۆن و ئەمان جێگایان بگرنەوە. چەتەگەری ئەمەریکی



خۆی وەکوو کۆمۆنیست یان خەباتگێڕ لەدژی ینک وپدک بدایە قەڵەم ئەوا لە وڵاتەکانی ئۆسترالیاو کەنەدا، ماڤی پەنابەریت وەردەگرت. ئەمەش سیاسەتێکی سەرمایەداری جیهانیە، بۆ لەناوبردنی رۆحی شۆرشگێری لە جیهاندا. ینک وپدک ، بۆئەوی خەڵکی بیر لەشۆرش نەکاتەوە ، دەرگای هەندەرانیان خستە سەرپشت .

هەرچەندە ئەم کۆچە زەرەر وقازانجی هەبوو. سوودەکەی ئەوەبوو، کەخەڵکی توانی یارمەتی ماڵ ومنداڵی بدات ولەبرسێتی رزگاریان بکات و نەبنە چەکداری ینک وپدک . هەروەها خەڵکی کوردستان چاویان کەمێک کرایەوە ، شێوازی حوکمرانی باشتریان بینی و، بە سیستەمی دیمۆکراتی و مەدەنی ئەوروپی ئاشنابوون، ئەمەش لەداهاتوودا ترسی بۆ چارەنووسی ینک وپدک دەبێت. لایەنی نێگەتیفی ئەم دیاردەیەش، کۆچکردنی بەشێکی زۆری ( نووسەران ، رۆشنبیران، زانایان، مامۆستایان، پسپۆران ، دکتۆر و خاوەن پیشەکان) ، ئەمەش گورزێکی خراپی لەکۆمەڵگای کوردی وەشاند .

### _لەناوبردنی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن و رۆشنبیری

یەکێک لە ئامانجەکانی شۆرشی کوردستان بەپێی مێژوو، باشکردنی باری فەرهەنگی وخوێندنی کوردە. چونکە هەمووکاتێک داگیرکەرانی کوردستان هەوڵیان داوە، کە گەلی کوردستان بە دواکەوتووی بهێڵنەوە. لینین دەڵێت :

**( نانێک و شانۆیەکەم بدەرێ، گەلێکی هۆشیارت دەدەمێ) .**

---

29. نعوم تشومسکی . 500 سنة غزو مستمر . ترجمة . مى النبهان . دار المدى . سوريا . ديمشق. الطبعة الثانية. 1999. ص 75 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نزیکەی 800هەزار کەس.ئەم دەزگا بیرۆکراتیە کاری تەنهاپاراستنی دەسەڵاتی سیاسی هەردوولایانە. ستالین کەبە باوکی بیرۆکراتی دەژمێردرێت. توانی لەڕێگای ئەودەزگایەکی گەورەی حکومیەوە، دەسەڵاتی دیکتاتۆری خۆی بەسەرگەلانی سۆڤێتدا بسەپێنێت. ئەمانیش بەهەمان شێوە کاردەکەن. ئەمرۆ دەسەڵاتی بیرۆکراتی هێندە بێتام بووە،کە وای کردووە،خەڵکی تەواو بێزاربن لەهەموو شێوەحکومەتێک. هەر لەدامەزراندی فەراشێکەوە بۆ وەزیرێک ، بە ئەمری حیزبی دادەمەزرێت .

**_ زیادبوونی دیاردەی کۆچ**

پاش ئەوەی هەرچی ئاوات وخەونی خەڵکی بەتایبەت گەنج بوو لەلایەن ینک وپدک وە سووتێنرا، دیاردەی کۆچکردن وبەجێهێشتنی وڵات زیادیکرد. ئەم دیاردەیە رۆژلەدوای رۆژ ڕوو لەزیادبوونە، چونکە خەڵکی باوەڕیان بەچاککردنی باری ژیانی لەو وڵاتەدا نەماوە. پاش ئەوەی پدک وینک ، دۆزەخێکی گەورەیان بۆ خەڵکی دروستکرد ، خەڵکی بەگشتی وگەنج بەتایبەتی ، تاکە هیوایان هەندەران بوو. **( جەنگی براکوژی ، خراپی باری ئابووری ، نەبوونی ئازادی سیاسی ، نەبوونی ئاسایش، نەبوونی خزمەتگوزاری، نەبوومی بچووکترین ماڤی ژیان ، تیرۆرکردنی خەڵکی و دامەزراندنی تیپەکانی مەرگ ، هێنانی لەشکری داگیرکەرانی کوردستان )** ئەمانەو چەندین هۆی تر ، کەوای لەخەڵکی کرد وڵات بەجێبهێڵێن . هەرچەندە ئەمەش سیاسەتێکی ئیمپریالیستی جیهانیە بۆ لەناوبردنی گیانی شۆرشگێری لەناو خەڵکیدا. بۆنموونە پاش جەنگی دووەمی جیهانی یەکێک لەسیاسەتەکانی لەناوبردنی کۆمۆنیزم لە ئیتالیا، زیادکردنی دیاردەی کۆچ بوو29 چونکە کاتێک کەسێک کۆچ دەکات ، هەتا لەکۆمەڵگا نوێکەدا خۆی جێگیردەکات ، ناچاردەبێت وازلەزۆر شت بهێنێت . لەکوردستانیش ، کاتێک کەسێک لە UN ،



لە چەتەگەری ئەوروپیەکان باشترنەبوو. ئەمانیش بە دڕندەترین شێوە پەلاماری ئەم کیشوەرە جوانەیان دا. هەتا چاووبڕیکات ، هەتا دەستیان خوێن بگرێت ، هەتا فیشەکیان پێبوو، هەتا دڵی نەخۆشیان توانی، بە دڕندەترین و بەربەریترین و نامرۆڤانەترین شێوە ، کەوتنە وێزەی خاک و ئاوو هەوا و مرۆڤ و ئاژەڵ و داروگیای،ئەم کیشوەرە. زۆرجار کە لاپەڕەی کتێبەکانم هەڵدەدایەوە و ، تاوانەکانی ئەمەریکام دەخوێندەوە ، هێڵینجم لە هەموو مرۆڤێک دەهاتەوە. دەمووت تۆبڵێیت **( مرۆڤ هێندە دڕندەبێت ، کە ئەم هەموو تاوانانە بکات ؟! تۆ بڵێیت ئاژەڵە دڕندەکانی نێوجەنگەڵەکانیش هێندەی ئەمەریکیەکان دڕندەبن؟! )**لەوباوەڕەدام ، کە زۆرجار ئاژەڵەکان بەرەحم تربوون تا ئەمەریکیەکان . ئاخر گەر تاوانی ئەمەریکیەکان بژمێریت ، دەگاتە ملیۆنەها مرۆڤ و درەخت . ملیۆنەها هەکتار زەویان سووتاندووە. بەهەرحاڵ بە پەیدابوونی ئەم چەتەگەورەیە ، وەکوو کاردانەوەیەکی نێگەتیڤانە ، بزووتنەوەی چەکداری لەم کیشوەرەدا پەیدابوو. چەتەگەری حکومەتەدیکتاتۆروسەربازیەکانی سەربە ئەمەریکابوو بەهۆی دروستبوونی بزووتنەوەی چەکداری لە زۆربەی ووڵاتانی ئەمەریکای لاتین . هەروەک چۆن چەتەگەری ئەڵمانی لە سی و چلەکاندا ، بوو بە هۆی دروستبوونی بزووتنەوەی چەکداری لە ئەوروپا ، بەهەمان شێوەش چەتەگەری ئەمەریکی لە سەدەی بیستەمدا ،بوو بە هۆی دروستبوونی بزووتنەوەی چەکداری لە ئەمەریکای لاتیندا . بەداخەوە قوربانی یەکەمی ئەم جەنگە نەگریسانە ، ئەمەریکیە رەسەنەکانی ئەم کیشوەرە بوون . بە حوکمی ئەوەی خەڵکە رەسەنەکەی ئەمەریکای لاتین ، بەشێکی زۆریان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریەوە خەریک بوون . هەروەها ئەمەریکیە رەسەنەکان ، بە شێکی زۆری کرێکارو هەژارانی شاری ئەو کیشوەرە پێکدەهێنن. بەگشتیش هەژاران و جووتیاران و کرێکاران ، قوربانی یەکەمی جەنگی پارتیزانین .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەمەریکا بە ناوی دژایەتی کۆمۆنیزمەوە ، کەوتە پەلاماردان و داگیرکردنی ئەم کیشوەرە. هەرچەندە ئەمەش درۆیەکی گەورەبوو. لە هەر کوێیەک باسی ریفۆرمی زەوی،یان باشکردنی ژیانی کرێکاران بکرایە، یان باسی رێگرتن لە تالآنکردن و دزین و ڕووتاندنەوەی سامان و خەڵکی کرێکاران بکرایە ، کە بەدەستی کۆمپانیا ئەمەریکیەکانەوە دەیاننالآند ، ئەمە ئیتر لای ئەمەریکا تاوان بوو ، دەبوایە یەکسەر لەناوببرێن . بۆ نموونە کاسترۆ هیچ کاتێک کۆمۆنیزم نەبوو ، بەڵام ئەمەریکا بەتۆبزی کردیان بەکۆمۆنیزم . هەوڵ دەدەم بەکورتی باسی تراژیدیای ئەو کیشوەرە بکەم .

## گواتیمالا



**چەکدارەکانی (بەرەی نەتەوەیی شۆرشگێری گواتیمالا) URNG**

گواتیمالا دەکەوێتە ناوەراستی هەردوو کیشوەری ئەمەریکاوە. لە باکوورەوە مەکسیک و لە باشوورەوە هندۆراس و ئێلسلڤادۆر دراوسێییەتی. وولآتێکی زۆرجوان و خاکێکی زۆر بەپیتی هەیە . ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە 13.3 ملیۆن کەس 20.



ئەوان حەزیان دەکرد خەڵکی برسی بێت، چونکە خەڵکی لەبرساندا ناچاربوو ببێت بە چەکداری ئەوان . پاش ئەوەی خەڵکی بەچاوی خۆیان دیوی ڕاستەقینەی ئەودوولایەنەی بینی،کەس ئامادەنەبوو خۆی بۆئەوان بەکوشت بدات . هەربۆیە برسیکردن،سیاسەتێک بوو ،پدک و ینک لەدژی خەڵکی بەکاریان دەهێنا. ئەمەش سیاسەتی هەموو رژێمێکی دڕندەی سەرمایەداریە ، چونکە والەخەڵکی دەکات ، لەبەر قوورسی ژیانی رۆژانەی ، ئاگاین لەکاری تر نەبێت.

### ـ دروستکردنی حکومەتێکی ئیفلیج

یەکێک لە گەورەترین خەونی هەموو کوردێک ، دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. لێ ینک وپدک ، ئەوەشیان لەبەرچاوخستین . لەپاش ڕاپەڕین ،حکومەتێکیان دروستکرد، کەبووە مایەی گاڵتەجاری لای خەڵکی.ئەم حکومەتە،شێوازێکی زۆر **عەنتیکەی!**فەرمانرەوایی بوو.خەڵکی بۆ گاڵتەجاری ناویان لێنابوو( **حکومەتی فیفتی فیفتی**) ، ئەم جۆرە حکومەتە زیاتر لە حکومەتی مافیاکان ئیتالیاوە نزیک بوو. پێدەچێت گەر لەقامووسی حکومەتەکانی جیهاندا بگەڕێیت ، حکومەتێکی وەکوو ئەوەی ینک وپدک نادۆزیتەوە. حکومەتێک ،کەلەلایەن دوو میلیشیای سەربازیەوە بەرێوەبچێت. ینک وپدک ،ئەم حکومەتەیان کاری ئەوەبوو، کە هیچ جۆرە کارێک یان خزمەتگوزاریەک پێشکەشی خەڵکی نەکات حکومەتەکانی پاش ئەم فیفتی فیفتیەش ، هەر لەسەر هەمان ئاواز دەیانخوێند. نازانم وەک بڵێیت بیانەوێت خەونی دەوڵەتی کوردی لای خەڵکی نەهێڵن . تارادەیەکی ترسناکیش توانیان والەخەڵکی بکەن.

### ـ دروستکردنی دەزگایەکی بیرۆکراتی

ینک وپدک ، تەنها بەو دەزگا بیرۆکراتیە ماونەتەوە کەدروستیان کردووە. ئەمرۆ لەکوردستانداژمارەی موچەخۆرانی حکومەت،دەگاتە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

من کەگوێم لەم قسەیەبوو،تەواوبێزاربووم.ئاخر لەکام شوێن، کام زەمان ، بینیووتانە، ئەوکەسانەی کە لەسەردەمانێکدا، چەقۆکێشی رژێمێک بووبن، پاش ڕووخانی ئەورژێمەش هەر هەمان کاریان هەبێت!! . من زۆر بەزەحمەت بڕیاڕی وڵات بەجێهێشتنم دا،بەڵام کاتێک ئەم رووداوەم بەچاوی خۆم بینی ، نەک وڵات ، هەر خۆشم لەبەرچاو کەوت . هەتاوەکوو ئەمرۆش ، بەعسی وجاشەکان ، دەستێکی باڵایان لە دەزگاکانی حکومەتدا هەیە، بەتایبەت(**لای پدک**) شتێکە زۆر زاڵە، وای لێهاتووە گەر یەکێک کۆنە بەعسی نەبێت کاری لای پدک مەخسەر نابێت.

## ـ برسیکردنی خەڵکی و لەناوبردنی ژێرخانی ئابووری

هیچ کاتێک کوردستان برسێتی وهەژاری وای بەخۆیەوە نەبینیوە،وەک لەسەردەمی پدک وینک دابینی. خەڵکی بەجارێک هەمووی هەژارکەوتن . ئەم هەژارکەوتنەش وایکرد، خەڵکی لەبرساندا،ببێتە( **توورک وئیسلامی وموخابەرات وئیطلاعات،،،**). پاش ئەوەی کە هەموو کارگەکان ئاودیووکران، پاش ئەوەی هەرچی کەرتی ئابووری هەبوو، لەکارکەوتن ، مەوجێکی بێکاری وبرسێتی هەموو کوردستانی گرتەوە. هەر ئەم برسێتی وکاولکردنی ئابووریەش بوو، کە کۆمەڵگای کوردی تووشی سەدەیا کێشە کرد. پدک وینک ، هیچ پرۆژەیەکیان نەبوو بۆ ئاوەدانکردنەوەو بووژانەوەی ئابووری کوردستان .

***فەرەجە شەل ، یەکێک بوو لەچەقۆکێشەکانی سەردەمی بەعس. بە ئارەزووی خۆی خەڵکی ئازاردەداو، پەلاماری کچ و ژنی خەڵکی دەدا. ئەم پیاوە گرووپێکی هەبوو، کاری تەنها ئازاردانی خەڵکی بوو، لەشاری سلێمانی دەووروبەری .**



## سەرەتای تراژیدیاکە

لە سەرەتای ساڵی 1982 ، بە یارمەتی ئەمەریکا ، کودەتایەکی سەربازی رێکخرا. کە ئامانجی ئەم کودەتایە ، لەناوبردنی هەموو هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن و نارەزایی بوو. لە 9 ی فێبراوەری هەمان ساڵدا چوار رێکخراوی چەکداری چەپ یەکیان گرت و،بەرەیەکی گەورەیان بە ناوی(**بەرەی نەتەوەیی شۆرشگێری گواتیمالا** URNG)دروست کرد21 ئامانجی ئەمبەرەیەشدیاربوو.نەهێشتنیشەریبراکوژی وخۆرێکخستن بۆ شەڕی حکومەت . ئەم بەرەیە تێدەکۆشا بۆ باشکردنی باری ژیانی خەڵکی جووتیارو هەژارانی لادێکان و، داوای ریفۆرمی زەوی ونەهێشتنی دزین وتاڵانکردنی کۆمپانیا گەورەبیانیەکان لە پێش هەمووشیانەوە UFCO ( United Fruit Company)* دەکرد. جەنگی ناوخۆی گوتیمالا ، بە یەکێک لە خوێناویترین جەنگی ناوخۆکانی جیهان دەژمێرێت . لە ئەنجامی جەنگی نێوان لەشکرە درندەکەی گوتیمالاو جاشەکانی ،لەگەڵ بەرەی شۆرشگێری گواتیمالا، ماڵوێرانیەکی ئێجگار گەورەی بەسەر خەڵکی ئەم وولاتەدا هانی بەتایبەت خەڵکە رەسەنەکەی ( کە بە ئیندۆس) ناسراون . ئەم جەنگە ماڵوێرانە ، بوو بە هۆی شەهیدبوونی زیاتر لە 200 هەزار کەس ، هەندێک سەرچاوە بە نیوملیۆن مەزندەی دەکەن . هەروەها سووتاندنی زیاتر لە 440 لادێ22. لەناوبردن و سووتاندنی بەشێکی زۆری کێڵگە و زەویە کشتوکاڵیەکان ، کەبەهۆی جەنگ و مین رێژ کردنەوە تەواو وێران کرابوون . وەبەشێکی.زۆری ئەو زەویانە بۆ

---

20.Guatemala . 2003 .Microsoft Encarta .

21.. Bewaffnete Befreiungskämpfe inMittelamerika.Malte Letz.Detlef Wahl.MilitärverlagderDDR.1988.S83

22 Hegemonie und Bündnis in Revolutionen Lateinamerika.LBR.1984. S44.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ماوەیەکی زۆر خراپکراون. جگە لە راونان و تیرۆرکردنی خەڵکانی چالاکی بواری سەندیکایی و رۆشنبیرو سیاسی چەپ . بەپێی راپۆرتی رێکخراوی کەنیسەکان بۆ کاروباری ماڤی مرۆڤ ، ساڵی 1992/ 399 کەس تیرۆرکراون. ساڵی 1991 ، زیاتر لە 21 سەرۆکی سەندیکای کرێکاری،بەهۆی ترس وتیرۆرەوە،ناچاربوون کە وڵات بەجێبهێڵن 23. هەتاوەکوو ئەمرۆش کاری ترۆریستی لەدژی خەڵکی چەپ بەردەوامە. بەگشتی قووربانی یەکەمی ئەم جەنگە خەڵکی هەژار و جووتیاران بوون بەتایبەت خەڵکە رەسەنەکەی گواتیمالا،کەبەئیندۆس ناسراون . ئەوەی جێگای ئاماژەیە ، کە چەتەگەری ئەمەریکی رۆڵێکی ئێجگار نەگریسی لەم شەڕەدا بینی ، هەتا توانی بەنزینی بەم ئاگرەشدا کرد . ئەمەریکا لەساڵی 1977 تا 1981 زیاتر لە 2 ملیارد دۆلاری بە حکومەتە سەربازیەکەی گواتیمالابەخشی . جگە لە ناردنی 15 هەزار دۆشکە ، 10 تانکی مۆدێرنی RBY MK ، 120 تەن تەقەمەنی هەمەجۆر ، 3 کەشتی مۆدێرنی دەریایی ،جگە لە سەدەیا رادارو دژە ئاسمانی مۆدێرن 24 . ئەم هەموو خێرو سەدەقەیەی ئەمەریکاش ، تەنها بۆ لەناوبردنی دەنگی نارەزایی خەڵکی هەژاری ئەو وڵاتە بوو ،کە لەدژی دزین و تاڵانکردنی وڵاتەکەیان لەلایەن کۆمپانیا ئەمەریکیەکانەوە دەجەنگان .

---

* کۆمپانیەکی ئەمەریکیە ،ساڵی 1899 دامەزراوە. کە بەشێکی زۆری زەویە کشتوکاڵیەکانی وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی داگیرکردووە.کەبە 100 هەزار هەکتار مەزندە دەکرێت. بەرهەمی خۆراک و میوەهات و سەوزە ، بەرهەم دەهێنێت . بەیەکێک لە کۆمپانیا گەورەکانی جیهان دەژمێرێت .

23 . . نعوم تشومسكى . 500 سنة غزو مستمر . ترجمة . مى النبهان . دار المدى . سوريا . ديمشق. الطبعة الثانية. 1999. لاپەڕە .286 .

**Bewaffnete Befreiungskämpfe inMittelamerika.Malte Letz.Detlef.** . 24
**Wahl . Militärverlag der DDR.1988. S 84 .**



زۆرکورتدا، بەهۆی ئەم جاشانەوە، جەماوەرێکی زۆری بۆخۆی پەیداکرد . لەکاتی راپەڕین ، تاک وتەرا،پارتیەکم دەبینی ، کەچی پاش ڕاپەڕین ، جامانە سووری زۆرم دەبینی ، کەبەشی زۆریان جاشەکانی سەردەمی حکومەت بوون. بەبێ ئەوەی هیچ لێپرسینەوەیەک لەگەڵ ئەوجاش ونۆکەرانەی بەعسانەدا بکرێت، زۆر بەئازادانە لەکوردستاندا دەگەڕان. سەرۆک جاشەکان رۆڵێکی سەرەکیان هەبوو لە کاتی ئەنفالکردنی کوردستاندا.دەستیان بەخوێنی سەدەیا پێشمەرگە سووربوو. هەزاران خەڵکی سیڤیلی کوردیان تەسلیمی بەعس کردووەو پارەیان پێوەرگرتبوون. کەسێکی وەکوو تەحسین شاوەیس، کە سەدام **( نەوت شوجاعە، خەڵاتی ئازایەتی)** پێبەخشیبوو. مەسعود بارزانی بە **( شێری بارزانی)** لەقەڵەم دا. وای لێهاتبوو ئەو خەڵکانەی کەپێشتر گیرابوون و، شەقی سەدامیان خواردبوو،لەگەڵ ئەوکەسانەی کە خەڵکیان دەکوشت وئازاری خەڵکاین دەداو، جاش ونۆکەری بەعس بوون، هیچ جیاوازیەکیان نەبوو. وەک باوبوو خەڵکی دەیانووت:

**(جیاوازی نێوان خەڵکی شۆرشگێرو بەعسی،تەنها تاڵێکی مووە)**

هەرئەوخەڵکانەی کەجاران پیاوکوژی بەعس بوون ، لەکاتی ئەمانیش هەرهەمان کاریان دەکردەوە. بۆیەکەمجار کە رووبەڕووی ئەم حاڵەتەبوومەوە، کاتێک کەهاتم بۆ هەندەران ، لەدهۆک دەبوایە بچیت لە ئاسایش بەڵگەبهێنیت ، **چونکە ئێمە خەڵکی دهۆک نەبووین! .(کەچی سووپای توورک و بەعس بەبێ بەڵگە دەبوونەمیوان!)** کاتێک چوومە بەردەم ئاسایش ، برادەرێکی خەڵکی سلێمانی هات بەپیرمەوە، ووتی: ئەگەر هیچ واسیتەیەکت نییە، مەچۆرە ژوورەوە. ووتم بۆ ؟ ووتی ئاخر **فەرەجە شەل***لەوێیە، ئەو تەحقیق لەگەڵ خەڵکی سلێمانی دەکات!!!!.

---

*

28. . هەمان سەرچاوە.لاپەڕە 611



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گەورەیان بە هەرزان فرۆشت. ئەم بەنداوە گەورەیەیان بە 7 ملیۆن دینار!! فرۆشت. ( عومەر ئاغای سورچی ) سەرۆک هۆزی سورچی، لێیانی کڕیەوە. حکومەتی بەعسیش چوو لە پۆلیسی جیهانی "ئینتەر پۆڵ" شکاتی لێکرد. جگە لە ئاودیووکردنی هەموو دەزگاو کارگە وسەیارەو شۆفڵ وچەک وتەنانەت هەرچی ئاثاری کۆنی کوردیش هەبوو،بەئێران فرۆشران . هیچ گرنگ نەبوو چی دەبەیت. گرنگ ئەوەبوو، تۆ گوومرگ!!! بددەیت. هەروەک لەناوخەڵکی دەیانووت :
**( ینک وپدک ، خۆیان بە وەقتی دەزانی . هەستیان دەکرد بۆماوەیەکی کەم دەمێننەوە،بۆیە هەریەکەیان خەریکی گیرفان پڕکردنی خۆی بوو ، سکیان بەخەڵکی نەدەسووتا.)**

## _ داڵدەدانی جاش و بەعسیەکان

هەروەک لەپێشدا باسم کرد، لەساڵانی هەشتاکاندا، نزیکەی 400 هەزار جاش لەکوردستاندا هەبوون. ئەم جاشانەش لەلایەن چەند سەرۆک جاشێک دەبران بەڕێوە. کاتێک ڕاپەڕین بەرپابوو، سەرۆک جاشەکان لەترسی خەڵکی ، پاڵیان دا بەلای جەماوەرداو دژی حکومەت وەستانەوە. ئەمەش ئەخلاقی هەموو نۆکەر وجاش و تەنانەت پۆلیس و سووپاشە. کاتێک زانیان تای ترازوو بەلای جەماوەردا دەشکێت ، خۆیان دەخەنە پاڵ شۆڕش.
ینک وپدک یش ، بەشێکی زۆری ئەم جاشانەیان بۆلای خۆیان ڕاکێشا. ئەم سەرۆک جاشانە . خاوەنی پارە وچەک و چەکداری زۆربوون. ئەوانیش هەریەکەیان منافەسەی ئەویتریان دەکرد ، بۆئەوەی سەرۆک جاشەکان بۆناوحیزبەکی خۆی بهێنێت. لەماوەیەکی ئێجگار کورتدا، ژمارەی چەکدارەکانیان گەیشتە 100 هەزار چەکدار 28. ئەم سەرۆک جاشانەش خزمەتێکی زۆریانی کردن ، بەتایبەت پدک زۆرقازانجی لێکرد. چونکە پدک هێندەی ینک جەماوەری نەبوو. تەنها کۆمەڵێک خەڵکی گێل دوای پدک کەوتبوون. لەماوەیەکی



### ئێلسێلڤادۆر




پارتیزانەکانی ئێلسێڤادۆر

وڵاتی ئێلسێلڤادۆر ، دەکەوێتە ناوەڕاستی کیشوەری ئەمەریکاوە. رووبەری زەویەکەی دەگاتە21041 کم2 . ژمارەی دانیشتوانی 6.399.000 .لە باکوورەوە،وڵاتی گواتیمالاومەکسیک،لە رۆژهەڵاتەوە وڵاتی هندۆراس ، لە باشوریشەوە ، وڵاتی نیکاراگوا دراوسێیەتی 25 . لە ساڵی 1821 وە ، وڵاتێکی سەربەخۆیە. ئەم وڵاتە هەژارەی ئەمەریکای لاتین ، تووشی جەنگێکی ناوخۆیی ماڵوێرانی بوو ، کەلە ساڵی 1981 وە تا1992 خایاندی. ئەم جەنگەبوو بەهۆی سووتاندن و وێرانکردنی ئەم وڵاتە جوانە . دیارە ئێلسێلڤادۆر ، خاوەنی کۆنترین رژێمی دیکتاتۆری ئەمەریکای لاتینە .

---

Jahrbuch.2004. Spiegel . Spiegel Buchverlag.2003.S151..25



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەروەک چۆن هەتاو لەم وڵاتە نەبراوەو ، بەهەمان شێوەش دیکتاتۆرو رژێمی سەربازی ، وازیان لەم گەلە نەهێناوە.

**قووربانیانی جەنگی ناوخۆ**

لەساڵی 1981 وە ،جەنگێکی ماڵوێرانی بەسەر ئەم گەلەدا سەپێنرا. شەرەکە لەنێوان بەرەیەکی چەپ بەسەرۆکایەتی ( بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی سێلڤادۆر FMLN)سووپای‌فاشی ودڕندەی سێلڤادۆری . ئەم جەنگە بووە هۆی کوژرانی 75 هەزارکەس و، زیاتر لە 500 هەزار کەسیش ،ناچارکران ماڵی خۆیان بەجێهێڵن و ئاوارە بوون، جگە لەوەش زیاتر لە 1 ملیۆن کەس وڵاتی بەجێهێشت 26 . دەستی رەشی ئەمەریکاش لەم وڵاتە زۆردیارە. لە 80% ی بودجەی لەشکری ئێلسێلڤادۆر ، بە یارمەتی ئەمەریکا دەبرا بەرێوە . جگە لە یارمەتی سەربازی و تەکنیکی و مەشقپێکردن و، یارمەتی لەڕووی دیبلۆماسی و میدیاشەوە دەدان . لێ هیچ کاتێک ئەمەریکا نەیتوانی تاوانەکانی لەشکرە دڕندەکەی رژێمی ئێلسێلڤادۆر بشارێتەوە.
لە 16 یانوەری 1992 ، بە سەربەرشتی UN نەتەوە یەکگرتوەکان ، کۆتایی بەم شەڕە نەگریسە هێنرا .

26. Michael Krä**mer.El Salvador, vom Krieg zum Frieden**.**Inkota .Verlag.Berlin.1996.S8**



بەداخەوە ئەم ڕاپەڕینەی ئێمەش ، نەمانزانی چۆن بوو، لەدەستی جەماوەر دەرهێنراو ، ینک و پدک ،خۆیان بەسەریدا زاڵ کردوو ، جارێکی تریش بوونەوە کەڵەگای گۆرەپانی سیاسی کورد . هەر ئەمەش وایکرد ،کەجارێکی تر ،هەمان تراژیدی دووبارەبێتەوە .

## سیاسەتی ینک و پدک پاش ڕاپەڕین

ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان ،وەکوو بیتاقەیەک وابوو ،بۆ ینک و پدک دەرچووو. ئەوان خۆیان ئاشبەتاڵیان لێکردبوو، هەریەکەو بەدوای وڵاتێکدا دەگەڕا تاماڤی پەنابەری وەربگرێت. بەڵام کاتێک ڕاپەڕینی بەهار روویدا، وەکوو ئاوێکی سازگاروابوو، بیکەیت بە زەویەکی ووشکۆبوو. ئەمان بە یارمەتی ئێران و ئەمەریکا ،جارێکی تر توانیان خۆیانبکەنەوەکەڵەگای گۆڕەپانی کوردی . بەگشتی حەزدەکەم بەچەند خاڵێکی بچووک وکورت ، سیمای گشتی حوکمی ئەو دوانە لەم چەند ساڵەی دوایدا بخەمە پێش چاوی خوێنەران .

**_ سیاسەتی تاڵانکردن و دزینی سامانی کوردستان**

هەروەک خەڵکی ناوی نابوون **( هێزی ئار ئار ،واتە ڕاو رووت).**

هەر بەگەیشتنی ینک و پدک ، بەشێکی زۆری دەزگا حکومی و ناحکومیەکان تاڵان کران . تاڵانیەکە بەشێوەیەکی زۆر ترسناک بوو، بۆنموونە شارەوانی هەولێر لە 700 ئۆتۆمبیل ، تەنها 92 دانەی مایەوە27.یەکێک لە زەقترین کاری تاڵانی ،کەلەدەرەوەش دەنگی دایەوە، تاڵانکردن و فەرهووت کردنی بەنداوی بەغمە بوو. ئەم بەنداوە هێشتا تەواونەبوو بو، بەڵام هەزاران سەیارەوشۆڤڵ ولۆری و ئامێری گەورەی تێدابوو. ینک وپدک ، هاتن ئەم پرۆژە ستراتیژیە

26 . هەمان سەرچاوە

27. دیڤید مەکداول. مێژووی هاوچەرخی کورد. وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناو . چاپی دووەم . چاپخانەی کتێبفرۆشی سۆران . 2005. لاپەڕە .629 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەگاتە لووتکە، سڵ لەدڕندەترین و بەهێزترین سووپای داگیرکەر ناکاتەوە.
2.ئەم ڕاپەڕینەسەلماندی،کەبزووتنەوەیچەکداری، بزووتنەوەیەکی سیاسی چەوتە.چەندین ساڵە بەناوی شۆرشەوە،چەند گرووپێکی چەکداری، خۆیان لە شاخەکان قایم کردبوو، بەڵام هیچ کاتێک نەیانتوانی سووپای داگیرکەر لەکوردستاندا روابنێن و بیشکێنن. بەڵکە بە پێچەوانەوە، ئەوان هەمووکاتێک شکستیان دەهێنا. هیچ کاتێک گەلێک بە کۆمەڵێک فس فس پاڵەوان ڕزگارناکرێت. گەل تەنها بە خەباتی جەماوەری فراوان ڕزگاردەکرێت .


## بۆچی ڕاپەڕینەکە شکستی هێنا ؟!

رابەری مەزنی شۆرشی رووسی ، لیۆن ترۆتسکی دەڵێت :
**( مەرجی سەرکەوتنی هەمووشۆرشێک یان ڕاپەڕینێک ، بەستراوەتەوە بەوەی ، کەتاچەندە ئەو ئامانجانەی کەڕاپەڕینەکەی لەسەرکراوە،دابین کراوە یان سەلمێنراوە 25 ).**
بەداخەوەراپەڕینەکەی ئێمە هیچ کام لەئامانجەکانی بەدی نەهات. بۆچی ؟! هەر بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارەش ، جارێکی تر هانا بۆ ترۆتسکی دەبەینەوە. ئەو مامۆستای شۆرشە پێمان دەڵێت : **( گەر کرێکاران پاش ئەوەی راپەڕین یان شۆرش دەکەن ، نەتوانن دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست و، دەسەڵاتی سیاسی بچێتە دەستی ووردەبۆرجوازی و بۆرجوازی . ئەوا بە دڵنیایەوە ،ئەو شۆرشە یانئەو ڕاپەڕینە شکست دەهێنێت و،لە ئامانجەسەرەکیەکانی خۆی دوور دەکەوێتەوە 26)**

24.هاوڕێ قادر رەسوڵ . لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕاپەرینەکەی بەهاری 1991 ی باشووری کوردستان . چاپی یەکەم . هۆڵەندا .1994 . لاپەڕە .30
25. لیون تروتسکی . تاريخ الثورة الروسية. ترجمة . اكرم ديرى ، الهيثم الايوبى . الموسسة العربية للدراسات والنشر . الطبعة الثانية. بيروت ،1978. ص789 .



## کۆلۆمبیا



چەکدارەکانی (سووپای شۆرشگێری کۆلۆمبیا Farc )

کۆلۆمبیا وڵاتێکی ئەمەریکای لاتینە ، دەکەوێتە باشووری کیشوەری ئەمەریکاوە. لە باکوورەوە وڵاتی پەنەماو، لە رۆژهەڵاتەوە ڤێنزوێلا، لە باشووریشەوەبەرازیل,لە رۆژئاواشەوەپیرۆ و ئێکوادۆر،دراوسێیەتی رووبەری دەگاتە نزیکەی 1.141.748 کم2 .27. ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی 43.035 ملیۆن کەسە لەساڵی 1810وە،وڵاتێکی سەربەخۆیە. کۆلۆمبیا وڵاتێکی دەوڵەمەندە ، خاوەنی سامانێکی سروشتی زۆرە بەتایبەتی نەوت وگازی سروشتی هەر ئەم دەوڵەمەندیەشیەتی، بۆتە هۆی نەگبەتی وماڵوێرانی بۆ گەلەکەی . ئەمەریکاش بۆ ماوەی چەندین ساڵە ،وەکوو چەتەیەکی برسی ، کەوتۆتە وێزەی خاک ومرۆڤ وسامانی سەر و ژێر زەوی ، ئەم وڵاتە . بۆ ماوەی زیاتر لە 20 ساڵە جەنگێکی ماڵوێرانی و خوێناوی بەسەر ئەم وڵاتەدا

Jahrbuch.2004. Spiegel . Spiegel Buchverlag.2003.S.247. .27



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەپێنراوە . بەرەی چەپ بەسەرۆکایەتی ( سووپای شۆڕشگێری کۆلۆمبیاFarc ) ، ژمارەی چەکدارانی دەگاتە 18 هەزار چەکدار ، لەدژی حکومەتی کۆلۆمبیا دەجەنگێت . جگە لە سووپای حکومەتیش چەندین سووپای تایبەتی و جاش و چەقۆکێشی تریش هەن ، کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی 160 هەزار کەس . کە ئەرکی ئەم جاشانە پارێزگاریکردنە لە دەوڵەمەندو خاوەن زەویوزارەکان و کۆمپانیا بێگانەکان ، بەتایبەت ئەمەریکیەکان. دیارە نابێت رۆڵی نەگریسی ئەمەریکی لەبیربکەین ، ئەمەریکا رۆڵێکی سەرەکی لەم جەنگەدا دەبینێت. ساڵی 2000 زیاتر لە 2،2 ملیارد دۆلار، وەکوو یارمەتی دا بەحکومەتی کۆلۆمبیا . جگە لەمەشقپێکردن و یارمەتی سەربازی ، جگە لە بەشداربوونی  زیاتر لە 1000 ئەفسەرو پسپۆرو پیاوکوژی ئەمەریکی ، کەیارمەتی لەشکری کۆلۆمبی دەدەن . 28 .

### قووربانیانی جەنگ

وەکوو هەموو جەنگەکانی تر ، ئاوارەیی و سووتاندنی مرۆڤ و زەوی ، کاری پیاوەکانی ئەمەریکایە لەجیهاندا . ئەم جەنگە بوو بەهۆی ئاوارەبوونی  زیاتر لە 2.5 ملیۆن کەس . تەنها لەساڵی 2002 دا ، 412.553 کەس ئاوارەبوون . تەنها لەو ساڵەدا 544 مەسەکا ( کوشتاری بەکۆمەڵ ) کراوە ، 2.444 کەس کوژراون . 4.512 کەسی سیاسی تیرۆرکراون .744 کەس رفێنراون یان دیارنەماون . 734 کەس گیراوان و بێ سەروشوێن کراون 29 .
ئەمرۆکۆلۆمبیا ، بەترسناکترین وڵاتی جیهان دەژمێرێت . تیرۆرو

---

28.. Dario Azzellini und Boris Kanzleiter. Das Unternehmern Krieg.G**öttingen. 2003. S30.**

29 . **هەمان سەرچاوە**



# ڕاپەڕینی مەزنی بەهاری 1992

پاش ئەوەی سەدام فێری چەتەگەری و پیاوکوشتن بووبو، پاش ئەوەی تەنها رێگایەک کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانهانای بۆ دەبرد، رێگای چەک وتووندوتیژی بوو. سەدام هیچ کاتێک فێری ئەوەنەبوو،بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسی وئابووریەکانی عێراق،رێگای سیاسی و عەقڵانی بگرێتە بەر. ئەوەبوو، لە 2 ی ئابی 1991 ، پەلاماری دەوڵەتی کوێتی داو داگیریکرد. ئەم داگیرکردنەش، بووبە هۆی وێران کردن و فەوتاندنی هەموو گەلی عێراق. لێ ئەم داگیرکردنە بوو بەهۆیفەوتان ولاوازکردنی سووپادڕندەکەی بەعس. میلیشیاکوردیە کانپاش کیمیابارانکردنی هەڵبجە وئەنفالکردنی کوردستان ، هەموو بەرەوئێران رایناکردوو، ئاشبەتاڵیان لێکردبوو. ئەوەی پێی بلێیت چالاکی سیاسی و سەربازی نەیانبوو. هەموو خەریکی راکردن بوون بۆ ئەوروپا،زۆرمەمنوون دەبوون،گەر وڵاتێکی ئەوروپی ،کارتێکی پەناهندەییان بداتێ.
خەڵکی قارەمانی کوردستان ، لەبەهاری 1992 دا، ڕاپەڕینێکی مەزنی ئەنجامدا 24.لەماوەیکی کورتدا هەموو شاروشارۆچکەکانی کوردستانیان ڕزگار کرد . هەرچی دەزگای داپلۆسین و سووپا وئەمن وئیستخبارات هەبوو ، لەماوەی هەفتەیەکدا، لەلایەن جەماوەرەوە ، تەفرووتونا کرا .

## ئەودەرسانەی کەلەم ڕاپەڕینە وەرگیران

1. ئەم ڕاپەڕینە سەلماندی ، چەندە سووپا و دام ودەزگای بەعس دڕندەو بەهێز بێت، بەڵام ناتوانێت لەئاست هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەردا خۆی رابگرێت. ئەم ڕاپەڕینە سەلماندی ، کەتەنها جەماوەرە دەتوانێت ، قەڵای داگیرکەران بڕووخێنێت و خۆی لەکۆت وزنجیر ڕزگاربکات. ئەم ڕاپەڕینە سەلماندی کاتێک قینی جەماوەر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کوشتنی( کەسانی سیاسی و سەندیکالیست) بۆتە کارێکی رۆژانە لەم وڵاتەدا . ساڵی 2003، لەجیهاندا123 سەرۆکی سەندیکای کرێکاری تیرۆر کراون .سێ لە سەر چواری ئەم رێژەیە لە کۆڵۆمبیا بوو 30 . بەداخەوە ئەم جەنگە نەگرسیە هەتاوەکوو کاتی نووسینی ئەم کتێبە ، هەر بەردەوامە . ئەوەی دیارە بەرژەوەندی ئابووری زۆر رۆڵی هەیە . نەوت بۆ ئەمەریکاو ، تلیاک و کۆکاین بۆ سووپای شۆرشگێری کۆلۆمبی، گرنگیەکی زۆری هەیە . بازرگانی تلیاک و کۆکایین ، بە هۆی سەرەکی ئەم جەنگە نەگریسە دادەنرێت. لەشکری شۆرشگێری کۆڵۆمبی ، رۆڵێ باندێکی ماڤیا دەبینێت. کەچی زۆر بێ شەرمانە بەناوی هەژاران و جووتیارانەوە ، ئەم جەنگە دەکەن .

30. نووام جومسکی . لەسەر کۆڵۆمبیا. وەرگێرانی خەتاب سابیر . پێداچونەوەی ڕەوەند رەفیق. سەنتەری رۆشنبیری مارکسی .



لەهیندیەکانبەهێزترن.ئەودەیزانی،هەر بزووتنەوەیەکی چەکداری باگەورەش بێت،لێ ئینگلیزەکان دەتوانن سەرکوتی بکەنەوە،چونکە خاوەنی سووپایەکی بەهێزن.هەربۆیە بیری لەخەباتی ناوشارو مانگرتنی جەماوەری بەهێزکردەوە،چونکەئینگلیزەکان نەیاندەتوانی هەمووجەماوەری ناوشارەکان بکوژن وبسووتێنن. هەروەها چ لەڕووی سەربازی و چ لەڕووی سیاسیشەوە،سەرکەوتنی بەهێزی بەدەستهێنا. گاندی پاش ئەوەی رابەری ئەم خەباتەی کرد، توانی لەگەڵ جەماوەری قارەمانی هیندیدا، پاش چەند ساڵێک لەخەبات ، هەموو کیشوەرە مەزنەکەی هیندستان ڕزگاربکات . بەراستی ئێمە پێوستیمان بە گاندیەکی مەزن هەیە، تا گەلی کورد لەچنگی ئەم هێزە وەحشیە داگیرکەرانە ڕزگاربکات .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## کوبا



کوبا وڵاتێکی جوانی ئەمەریکای لاتینە ، لە باشوورەوە وڵاتی هایتی و جامایکا ، لە رۆژهەڵاتەوە وڵاتی بەهاماس، لە رۆژئاواوە وڵاتی مەکسیک ، لە باکوریشەوە ئەمەریکا دراوسێیەتی. رووبەری دەگاتە 110860 کم2 . ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە 11.222.000 کەس . لەساڵی 1902وە ، وڵاتێکی سەربەخۆیە. ئەم وڵاتە ئاووهەوایەکی خۆش و گەرمی هەیە. بە سیگارو شەکر ناوبانگی دەرکردووە. 31 .

### کاسترۆی دیکتاتۆر

Castro Ruz,Fidel فیدێل کاسترۆ، لە 13 ئۆگوستی 1927 لە شاری Mayari لە کوبا لەدایک بووە. باوکی دەرەبەگێکی گەورە بووە. خاوەنی زەویوزارێکی گەورەی کشتوکاڵی بووە. لەهەمان کاتیشدا

31. Jahrbuch.2004. Spiegel . Spiegel Buchverlag.2003.S.259.



لەناوشارەگەورەکانداکێشە روونەدات، چونکە دەنگووباسی دەگەیشتە جیهان و،حکومەتی ئیحراج دەکرد. بەڵام لە گووندەکان ، سووپای داگیرکەر هەرچی بکات ، کەس ئاگای لێ نییە.

### 4. لەڕووی ئابووریەوە

گەر لەناوشاردا مانگرتنێک بکرێت ، ئەوا تەنها چەند دوکانێک دەشکێت یان دەسووتێنرێت. بەڵام لە گووندێکدا، هەمووگوندەکە دەسووتێت و تێکدەدرێت . ئێمە لەئەنجامی خەباتی چەکداری ، هەموو ژێرخانی ئابووریمان، تێکوپێک دراو فەوتا . ئەمەش هەموو ئاواتی داگیرکەرانی کوردستان بوو. ئەوان هەمووکاتێک دەیانەوێت کوردستانلەڕووی ئابووریەوە هەژار و دواکەوتووبێت،چونکە ئەوەلە بەرژەوەندی ئەواندایە.

### بۆچی بەقسەی گاندی مەزنمان نەکرد؟!

ماهاتما گاندی رابەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی هیندی، لەدژی داگیرکەرە ئینگلیزەکان سیاسەتی نا توندوتیژی ( کەبەهیندی Satyagraha 23) داهێنا. ئەم سیاسەتە بریتی بوو، لەخەباتێکی جەماوەری گەورە ، کە دووربوو لەبەکارهێنای چەک وتووندوتیژی لەدژی داگیرکەرەئینگلیزە خوێنمژەکان. گاندی پێی وابوو، کە ئینگلیزەکان چ لەڕووی سەربازی وچ لە ڕووی سیاسی وئابووریشەوە

23. Microsoft Encarta. 2003 . Gandhi.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



بازرگانێکی گەورەی شەکریش بووە.لە یانوەری 1959وەسەرۆکی وڵاتی کوبایە،بەشێوەیەکی دیکتاتۆریوپۆلیسی گەلی ناسکی کوبی بەڕێوەدەبات32 .کاسترۆ کۆنترین و دڕندەترین دیکتاتۆری جیهانە . وا خەریکە تەمەنی دیکتاتۆری دەگاتە پەنجا ساڵ.ئەم دیکتاتۆرە لەگەڵ گیڤارای هاوڕێیدا، پەلاماری کوبایان داو ، بەشێوەیەکی نادیموکراتی ، دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتەیان داگیرکرد.لێ پاشان بوو بە شەڕیان،ناچار گیڤارا کوبای بەجێهێشت و لە بۆلیڤیا کوژرا

**ئایا کاسترۆ کۆمۆنیست بوو؟!**

کاسترۆ هیچ کاتێک کۆمۆنیست نەبووە. شۆرشەکەشی هیچ پەیوەندی بە چینی کرێکار وجووتیارەوە نەبووە. هەروەک تۆنی کلێف دەلێت (لە سەرەتادا بەرنامەکەی کاسترۆ ، لەچەند چاکسازیەکی لیبراڵی

---

Microsoft Encarta. 2003 .Castro Ruz,Fidel .32 .



دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگای نادیمۆکراتی . هەروەها ئەم شێوازە خەباتە رۆڵی جەماوەر ناهێڵێت و پشتگوێی دەخات . هەمووکاتێک کۆمەڵێک( **رامبۆ** )خۆیان دەکەنە نوێنەری خەڵکی. ئەمەش گەورەترین زلەی لەکێشەی کورد دا. ئەو کەسانەی کە سەردەمانێک لەدژی بەعس چەکیان هەڵگرتبوو، بەشداری خەباتی چەکداری بوون، زۆر زەحمەت بوو بۆیان، قبووڵی بیری دیمۆکراسی وئازادی بکەن،چونکە ئەوکەسانە هەرفێری کوشتن وتیرۆربوون. هەربۆیە کاتێکیش دەسەڵات دەگرنە دەست ، بەهەمان شێوە دژایەتی خەڵکانی دژی خۆیان دەکەن و،دەیانەوێت تەنها لەڕێگای چەکەوە کێشە( ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتیەکان ) چارەسەربکەن . یەکێک لەهۆکارە سەرەکیەکان جەنگی ناوخۆی کوردستانیش،ئەو عەقەڵیەتە چەکداریەبوو، کە میلیشیا کوردیەکان فێری بووبون. ئەوان هەموو کاتێک لەشاخ تەنها لەڕێگای چەکەوە، کێشەی دەسەڵاتی سیاسیان چارەسەردەکرد.کاتێکیش هاتنە شارەکانەوە، بەهەمان عەقڵیەتی جارانیان هەڵسووکەوتیان دەکرد.

### 3. لەڕووی زەرەرو زیانەوە

کاتێک ئێمە سووپایەکی زەبەلاحی بەعس بهێنینە لادێیەکەوە، دەبێت چی لەو لادێیە بکات ؟! پاشان تۆ ڕێگا خۆش دەکەیت بۆ داگیرکەر ، کەلەپەنایەکی تاریکدا، گەورەترین تاوان بکات. لە گووندەکان سەربازی داگیرکەر ، هیچ کەس چاوی لێ نییە ئەو چی دەکات و، هیچ کاتێکیش هاواروئازارەکانی خەڵکی ،کەس نایبیستێت. بەڵام خەباتی ناوشار بەو شێوەیە نییە. تۆبەجارێک سەدان هەزارکەس بهێنیتەسەرشەقام ،لەلایەکەوەحکومەتی پێ دەترسێنیت، چونکە لەڕووی ژمارەوە تۆ لەو زیاتریت و،ژمارەی ئەو لەتۆکەمترە. لەلایەکی ترەوەداگیرکەران لەناوشارەکاندا بەجارێک نەیاندەتوانی هەموو خەڵکی شار لەناوبەرن ، بگرە هەمووکاتێک هەوڵیاندەدا، کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەرفراوان ، کەبەلای چینی ناوەراستەوە پەسەند بێت ،تێ پەڕی نەدەکرد 33 ) . لەساڵی 1958 ژمارەی چەکدارانی کاسترۆ 180 چەکداربوون. 82 چەکدار لەژێرفەرمانی کاسترۆدا بوون لە مەکسیکەکەوە لەگەڵ خۆی هێنابوونی . لەکاتی داگیرکردنی کوبا ساڵی 1959 ، ژمارەی چەکدارەکانی دەگاتە 805 کەس 34 . کاسترۆ هیچ کاتێک باسی کۆمۆنیستی و چینی کرێکارو جووتیاری نەکردووە ، هەروەها چینی کرێکارو جووتیاران،زۆر بێ ئاگابوون،لە بیروبۆچوونی کاسترۆ.کاسترۆ لەشوباتی 1958 دا بۆگۆڤاری Coronet رادەگەیەنێت کەئەو دژی خۆماڵیکردنی کۆمپانیاکانە .کاسترۆ دەڵێت : ( من هەست دەکەم ، خۆماڵیکردن ، ئەگەر گەورەترین ئەنجامیش بخاتەوە ، بار گرانیەکی گەورە پێکدەهێنێت.هەر هەوڵێک بۆ خۆمالیکردن و کۆفرۆشی گشتی ، دەبێتە هۆی دانانی کۆسپی گەورە لەبەردەم پلاتفۆرمی نیشتمانیدا ،بۆیە هەمیشە وەبەرهێنانی بیانی پێشوازی لێدەکرێت و پارێزراو دەبێت 35 ) .

لە 2 ی ئایاری 1959 ،لە بۆینس ئایرس( پێتەختی ئەرجەنتین) بە ئەنجومەنی رێکخراوی ئابووری وڵاتانی ئەمەریکای راگەیاند:

( ئێمە دژی وەبەرهێنانی تایبەتی نین36 )

کاسترۆ هیچ ئاگاشی لە سیاسەت نەبوو، تەنانەت کاتێک لەئەمەریکا بوو ، دەیویست وەکوو مامۆستای وەرزش لە یەکێک لە یانەکانی مەیامی دابمەزرێت، بەڵام وەریان نەگرت ، چونکە زۆر قەرەچەناخ بووە.

---

33.تۆنی کلێف . سێ بۆچوون دەربارەی شۆرش.سەنتەری رۆشنبیری مارکسی .
34. هەمان سەرچاوە.
35. هەمان سەرچاوە.
36. هەمان سەرچاوە



سەرکەوتنی بەعس و، بەژێرکەوتن و دۆڕاندنی کورد تەواودەبوو. بەپێی یاساکانی سەربازیش ،هەر ئەفسەرێک یان ژەنەڕاڵێکی سەربازی ، لەجەنگێکدا لەشکر و گەلەکەی تووشی دۆڕاندن بکات ، یان بیانخاتە حاڵەتێکی ترسناکەوە، یان موجازەفە بەژیانیان بکات ئەوا دادگای سەربازی سزای دەدات. چونکە نابێت موجازەفە بە ژیانی خەڵکی ترەوە بکەیت. میلیشیا چەکدارەکانی کوردستان ، کاتێک دەچوونە لادێیەکەوە، پاش ئەوەی حکومەت پێی دەزانین و سووپای حکومەت دەهات، خۆیان ڕایاندەکردوو، خەڵکی هەژاری لادێکانیشیان تەسلیمی سووپای دڕندەی بەعس دەکرد . گەر ژەنەرالێکی سەربازی موجازەفە بە گووندێک یان شارێک بکات سزا دەدرێت. کەچی ئەم بەرێزانە ئەمەشیان لێکردووینەتە خەبات و زۆر بەگرانیش پێمان دەفرۆشنەوە. هەمووکاتێکیش سووپای بەعس لەڕووی چەندایەتی وچۆنایەتیەوەلەمیلیشیا کوردیەکان بەهێزتربوو. واتە خۆ فرێدانە شەرێکی خۆتریێنەوە. ئەوان خۆیان رایاندەکرد، ئێمەیان بۆ سووپای دڕندەی بەعس بەجێدەهێشت. هەر وەکوو خەڵکی لادێکان دەیانووت :

**( ئەوان خۆیان وگوونیانن!، چاوی خەڵکیش دەرهات) .**

**2. لەڕووی سیاسیەوە**

هەمووکاتێک بەعس وداگیرکەرانی کوردستان هەوڵیان داوە، خەباتی ڕەوای کوردستان ، بە بزووتنەوەیەکی ، تێکدەر وتیرۆریستی ناوزەنگ بکەن . ئەم شێوازی خەباتەش ، باشترین هەلی داوەتە دەستی داگیرکەرانی کوردستان، بۆئەوەی هەمووکاتێک،خەڵکی کوردستان بەتێکدەروتیرۆریست بشووبهێنێت.

لەلایەکی ترەوە هەمووکاتێک ئەم شێوازی خەباتە سیستەمی دیکتاتۆرو سەربازی دروست دەکات و، باڵی ڕیفۆرمخواز و مەدەنی ودیمۆکرات رۆڵیان لەناو بزووتنەوەکەدا نامێنێت. هەرئەمەش



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## کاسترۆ چۆن بوو بە کۆمۆنیست ؟!

کاسترۆ هەر لەسەرەتاوە ، پەیوەندی بە ئەمەریکاوەکرد. هەوڵی دەدا کە یارمەتی بدەن و دەستی رەحمەتی بۆ درێژ بکەن. لێ ئەمەریکا بە دەنگ بانگەوازەکەی کاسترۆە نەچوو. هەرچەندە کاسترۆ زۆر پاڕایەوە ، بەڵام دەردی نەدا. کاسترۆ لەناخیدازۆر هەواداری ئەمەریکایە، تاڕادەی شێتی و سووکی ، موعجیبی ئەمەریکایە. پاش ئەوەی ئەمەریکا پشتی تێکرد ، ئینجا بە ناچاری دەستی بۆ خرۆشۆڤ و سۆڤێت پان کردەوە. ئەوەبوو ئەوانیش یارمەتیەکی باشیان داو، بە قودرەتی قادر بوو بە کۆمۆنیستێکی توندرەو. کاسترۆ هێندە توندرەو بوو،ئامادەبوو،هەموو جیهان‌بکاتە سووتەمی ئاگری سووری کۆمۆنیزم. ساڵی 1961 جیهان و بەشەرەیەتی خستە گەورەترین و ترسناکترین کێشەوە . کەبە کێشەی کووبا ناسراوە. ئەمرۆ کووبا بەیەکێک لە وڵاتە هەژارەکانی جیهان دەژمێرێت. زیاتر لە 2 ملیۆن کووبی وڵاتیان بەجێهێشتووە. هەژاری و برسێتی ، هەموو وڵاتی گرتۆتەوە. هەرچەندە پێش چەند مانگێک لەمەو پێش کاسترۆ نەخۆش کەوت،خەڵکی دڵیان خۆش بوو کە دەمرێت ، لێ بەداخەوە نەمرد. لەهەمووی گاڵتەجاری‌تر ئەوەیە ،کاسترۆ براکەی(رائوول)ی بەجێگری خۆی دانا. ئەم کابرا سەردەمانێکی زۆرە لاڤی کۆمۆنیستی و پێشکەوتنخوازی لێدەدات ، کەچی هێشتا باوەڕی بە مۆڕاڵی دەرەبەگی و خێڵەکی ماوە . بۆیە لەو هەموو هاورێ کۆنانەی ( کە بەشێکی زۆری خۆی کوشتوونی یان راوی ناوون ) ، باوەری بەکەسیان نەبوو ، تەنها رائوولی برای نەبێت .



## پرسیارێکی گرنگی بێ وەڵام

لەپاش ئەم هەموو کارەسات و قووربانیە زۆرانەی ، کەگەلی کورد بەناهەق دای . پرسیارێکی گرنگ ڕووبەروومان دەبێتەوە. ئەویش ئەوەیە :

**ئایا باشتر نەبوو ، کە شێوازی تر و، بەچەکی تر لەدژی داگیرکەرانی کوردستان قسان بکەین ؟! ئایا ئەم شێوازی خەباتە ، کە ئەم هەموو کارەسات و ماڵوێرانیەی بۆ گەلی کوردستان هێنا، چ سوودێکی بە خەڵکی گەیاند؟! ئایا هەموو ئاکامەکانی بزووتنەوەی چەکداری ، لە زەرەر زیاتر چ قازانجێکی هەبوو؟! ئایا بۆچی بیرمان لە شێوازی سیاسی تر نەکردەوە؟! ئایا ئەگەر ئەم 200 هەزار کەسە ، کەبەناهەق گیانیان لەدەستدا، ئەگەر بەشێوەیەکی تر خەباتمان بکردایە، ئەم ژمارەیە کەمترنەدەبوویەوە؟! ئایا گەرهەموو گەلی کوردستان بەشێوەی خۆپیشاندان ، دەستی بەخەبات بکردایە، 200 هەزار کەسی لێدەکوژرا ؟! ئایا گەر 200 هەزار کەس بهاتنایەسەرشەقام و گۆڕەپانەکانی کوردستان،مانیان بگرتایە، دەستکەوتی زیاترمان نەدەبوو. ؟! وەبگرە قووربانیشمان کەمتر دەبوویەوە.**

### بۆچی ئەم شێوازی خەباتە هەڵەبوو ؟!

ئەم شێوازی خەباتە لەزۆر ڕووەوە، هەڵەو چەوت بوو.

#### 1. لەڕووی سەربازیەوە

ئەم خەباتە هەڵەبوو ، چونکە هەمووکاتێک هێزی چەکداری بەعس ، لەهێزی چەکداری کورد بەهێزتربوو. هەمووکاتێکیش جەنگەکانی بە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



یەکێک لەپیاوکوژەکانی لەشکری کۆنترا

لە سەرەتای هەشتاکاندا ئەمەریکا سەرۆکێکی فاشیست و دڕندەی حوکمی دەکرد،ئەویش ڕۆنالد ڕیگن بوو. دیارە هەموو سەرکردەکانی ئەمەریکا بە گشتی حەزیان لە شەڕو چەتەگەری بووە ، لێ ئەم سەرکردەیان لەهەموویان زیاتر هەواداری جەنگ و چەتەگەری بووە . مەگەر سوڵتان و سەرکردە توورکەکان و هیتلەر و سەدام پەیان پێبردبێت ، دەنا کەسی تر پەی بەم سەرکردەیە نەبردووە. هەر بەهاتنە سەرکاریەوە ، پلانێکی شەڕی بێ کۆتایی دانا . یەکێک لە پلانەکانی ، دروستکردنی کۆمەڵێک حکومەتی دیکتاتۆرو سەربازی لە ئەمەریکای لاتین بوو. لەگەڵ ئەوەشدا دروستکردنی لەشکرێکی تایبەتی پیاوکوژ و جاش ، کە ئەرکی لەناوبردنی هەموو حکومەتێکی دیمۆکرات و کۆمۆنیست بوو . ئەم لەشکرە ، کە بە لەشکرە ( کۆماندۆی کوشتن ) کۆنترا ناویان دەرکرد.



8. تیژکردنەوەی گیانی براکوژی و جەنگی ناوخۆ. بەشی زۆری حیزبە کوردیەکان هەرخەریکی جەنگی خۆیان بوون. کاتێک سەدام هێرشی بۆدەبردن ، ئینجا بیریان لە شەڕی داگیرکەر دەکردەوە. هەروەها چاندنی تۆوی براکوژی لەناوکۆمەڵگای کوردەواریدا، کەهەتاوەکوو ئەمڕۆش نەوەکانی تر باجی دەدەن.

9. ئاوارەکردنی هەزاران کەس و، بەجێهێشتنی وڵات و زیادبونی دیاردەی کۆچکردن بۆ هەندەران .

10 . زیادبوونی سیاسەتی تەعریب کردنی کوردستان . کەساڵانی هەشتا ، بە توندووتیژترین قۆناغی تەعریب دەژمێردرێت[22]. .

بەڵام تاکە دەستکەوت کەئەم بزووتنەوەی چەکداریە هەیبوو، ئەوەبوو، کەسەرکردەکانی ینک وپدک ، هێدەی تر خۆیان بەناوی کوردەوە دەوڵەمەند کردوو. بەناوی کوردەوە بانگهێشتی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکران.جاران هەرنەیاندەوێرانزیکی سەفاراتی وڵاتانی ڕۆژئاوابکەون ، بەڵام پاش ئەوەی سەدام کوردی جینۆسایدکرد، ئینجا ئەمان تۆزێک ڕۆژئاوا ڕێزی لێدەگرتن. ئەمان باشترین بازرگانیان بە ( ئەنفال وهەڵبجەوەکرد). هەتاوەکوو ئەمڕۆش ، ئەم دووبابەتە باشترین کاڵای هەرزانی ئەوانن.

22 .شۆرش حاجی . تەعریبی کەرکوک . سیاسەتی تەعریب لەدوو توێی هەشتابەڵگەنامەدا. چاپی یەکەم . چاپخانە شڤان .سلێمانی. 2004. لاپەڕە45.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

3. ئەنفالکردنی 200 هەزار ژن ومنداڵ وپیاو کورد. ئەتکردن وفرۆشتنی ، هەزارانی کچی جوانی کورد.

4. . تەشەنەکردنی دیاردەیجاشایەتی. دروستکردنی لەشکرێکی گەورەی جاشایەتی ، کە ژمارەیان زیاترلە 400 هەزار چەکدار دەبوون. جگە لەدروستبوونی ، مەفرەزەی تەواری و خاصة و چەندین گرووپی چەقۆکێشی تر ، کەکاریان تۆقاندن و تەمێکردنی خەڵکی بوو

5. دروستکردنی سەدەیان ئووردوگای زۆرەملێ و، گواستنەوەی بەشێکی زۆری دانیشتوان لە لادێکانەوە ، بۆ ئەو ئۆردووگایانە. لەوکاتەدا لە 70% ی خاکی کورستان کرایە ناوچەی قەدەغەکراو( الارض المحرمة)

6. لەناوبردن و کاولکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان . پاش ئەوەی بەشێکی زۆری کوردستان سووتێنرا. هەرچی زەوی و کێڵگەی کشتووکاڵی هەبوون ، هەموو سوتێنرا. هەرچی ئاژەڵ وپەلەوەری کوردستان هەبوو، هەمووی لەناوبران . هەرچی رێگاوبان وپردو تەنانەت توولە رێش هەیە، هەمووی تەقێنرایەوەو شێوێنرا.

7. چاندنی زیاتر لە 35 ملیۆن مینی ژێر زەوی . کەهەر کوردێک ، سەدام 30 مینی بەدیاری بۆبەجێهێشتبوو. کەهەتاوەکوو ئەمرۆش خەڵکی دەبێتەقووربانی مینەکانی سەدام.

21 عارف قوربانی . شایەتحاڵەکانی ئەنفال . بەرگی یەکەم . چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری . سلێمانی . 2002. لاپەرە 14



بۆ یەکەم جار لە دژی گەلی نیکاراگوابەگشتی و،حکومەتی ساندیستەکانبەتایبەتی بەکارهێنران 37 .زۆرجاریش بۆ شوێندانی شۆرشی کورد بەعسیەکان و شیوعیەکانی عێراق شۆرشی کوردیان بە کۆنترا شوبهاندووە. تارادەیەکیش توانیویانە لەجیهاندا وای پیشان بدەن ، کە پێشمەرگە (کۆنترا) یە.

### ئەفەریکا

داگیرکردنی ئەفەریکا لەلایەن ئەوروپییەکانەوەو، تالآن کردن و دزینی ، هەموو سامانی ئەم کیشوەرە و، پاشانیش بە کۆیلەکردنی خەڵکەکەی ، وای کرد کە خەڵکی ئەم ناوچەیە خۆی رێکبخات و دژی داگیرکەری ئەوروپی راپەڕێت . لەگەڵ پەیدابوونی بزووتنەوەی گیڤاریزم و ماویزیم ، هێندەی تر ئاگری بزوتنەوەی چەکداری لەم کێشوەرەداخۆش کرد . لێ پاش کۆتایی پێ هاتنی جەنگی بەناو ساردی نێوان ئەمەریکا وورووسیا ، بزوتنەوە چەکداریەکانی ئەفەریکا نەک نەمان بەڵکە ، بەتەواوی ئەم کیشوەرەیان کردە گۆرەپانێکی گەورە بۆ بزوتنەوەی چەکداری و، سەرهەڵدانی چەندین جەنگی خوێناوی و ناوخۆی بێ کۆتایی . هیچ کاتێک ئەم کیشوەرە بەم شێوەیە تووشی نەهامەتی نەبووە . سەیردەکەیت بەجارێک کۆمەڵیک دەوڵەتی دروستکراوی دەستی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی هەڵوەشایەوەو بەملیۆنەها کەس ئاوارە بوون ، بەملیۆنەها کەس بوون بە قووربانی شەری نەبراوەی گرووپە چەکدارەکانی ئەمکیشوەرە. بەگشتی ئەم گرووپە چەکدارانەش ، وەکوو باندێکی ماڤیاگەری کاردەکەن . کاریان باج و سەرانە سەندنە لەخەڵکی و، بازرگانی کردن بە چەک و تلیاک

37. راپەڕینی نیکاراگوا. بورهان قانع. ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان . 1984 . لاپەرە 110.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و ئەڵماس . هەروەها بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە ، واتە سەر هەڵدانی بازرگانیەکی نوێی کۆیلایەتی38. هەمووئەم بزووتنەوانەش پێشترچەکی شۆرشیان لە شان کردووە ، لێ پاشان هەموو بە زمانی ماڤیا حکومیان کردووە . واتە لە پێشدا بەناوی شۆرشەوە خەڵکیان هەڵخەڵتاند ، لێ پاشان ئەم شۆرشگێرانە بوونەتە ماڤیا . ئەمەش سیمای هەموو پارتیزانێکە . ئەمرۆ لەتەواوی ئەفەریکا جەنگی ناوخۆ دەبینیت . هۆکاری سەرەکی ئەم جەنگانەش، مەسەلەی ئابووریە. بۆنموونە ئەو شوێنانەی یان وڵاتانەی ، کە خاوەنی سامانێکی سروشتیە ( نەوت ، گاز، ئەڵماس ، ئاڵتوون ) جەنگێکی ناوخۆی گەورەی تێدا ڕوویداوە و بۆتە گۆڕەپانێکی باش بۆ دروستبوونی گرووپی چەکداری . هێندێک گرووپی چەپ و ماڤی مرۆڤ ، وای بۆدەچن کەهەموو ئەو گرووپە چەکدارانەش ، لەلایەن کۆمپانیا گەورەکانی ئەوروپا و ئەمەریکاوە پشتگیری دەکرێن.
ئەمرۆ لە (سودان ، ساحیل عاج (کۆت دووڤوار) ، سیرالیۆن ، کۆنگۆ ، سۆمالیا، راوەندا، نێجیریا، جەزائیر،تشاد،) ، گرووپی چەکدارو جەنگی ناوخۆ هەیە.من لێردا باسی هەموویان ناکەم، تەنها ئەوانە نەبێت،کە ماڵوێرانی زیاتری تێدا رووداوە.

## کۆنگۆ

یەکێکە لە وڵاتە گەورەو دەوڵەمەندەکانی ئەفەریکا . کۆنگۆ بە یەکێک لە شارستانیە کۆنەکانی ئەفەریکا دەژمێرێت ، کە بەدرێژایی مێژووشارستانیهەمەجۆریبەخۆوەبینیوە 39.

38. ئەردەڵان عەبدوڵلا.تاییەتکردنی چەک وتەقەمەنی لە جیهاندا.سایتی دەنگەکان. .com. www.dengekan .



بۆچی خۆیان بوونەجاش وچاوساغی ئێرانی ئیسلامی ؟؟!! . بۆچی چەکدارەکانی بەرەی کوردستانی ، توانیان بانقەکەی هەڵەبجە لە کیمیایی ڕزگار بکەن ،کەچی نەیانتوانی ، کۆرپەکەی عومەری خاوەر ڕزگابکەن ؟؟!! ئەمە سەدان و هەزاران بۆچی تر ، کە دەبێت رۆژێک لەرۆژان ، سەرانی ینک وپدک ، وەڵامی خەڵکی کوردی بددەنەوە. هەروابەئاسانی ئەم خوێنە بەفیرۆ نارِوات . بەدڵنیایەوە، پاش هەر شەوەزەنگێک ، ڕووناکی خۆر دەردێت .

## زەرەرو زیانەکانی بزووتنەوەی چەکداری لەساڵانی هەشتادا

1. وێران کردن و سووتاندنی ، زیاتر لە 4500 گوند وچەندین شارۆکەی کوردستان ڕووخێنران و سووتێنران 21.

2. کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجە و ناوچەکانی بادینان و بالیسان.

*
بەرەی کوردستانی ، ساڵی 1987 بە زۆری رژێمی ئێران دروست بوو. کەپێکهاتبوولە بەشی زۆری حیزبە کوردیەکان . ینک.پدک.حشع.حسک .پاسۆک.دیارە ئێران دەیویست هەموو حیزبە کوردستانیەکان بکاتە داردەستی خۆی و لەدژی عێراق بەکاریانبهێنێت. گاڵتەجاریەکە لەوەدابوو، حیزبێکی وەکوو حشع ، کەخۆی بە حیزبێکی مارکسی لینینی دادەنا، ئەندامی چالاکی ئەم بەرەیە بوو، کە رژێمێکی ئیسلامی دایناوو، حیزبی بۆرجوازی و ناسیۆنالیستی وفیئوودالیش ئەندامی بوون !!!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



**مۆبۆتۆ سیسیکۆ دیکتاتۆری کۆنگۆ**

رووبەری کۆنگۆ دەگاتە 2.344.885 کم2 . ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە 52.360 ملیۆن کەس . لەساڵی 1960 وە وڵاتێکی سەربەخۆیە 40 . کۆنگۆ یەکێک بوو لەو وڵاتانەی ، کە دەستی رەحمەتی گیڤارای بەرکەوت . گیڤارا کاتێک لەگەڵ کاسترۆ بوو بە هەرایان ، بەناوی رزگاری کردنی ئەفەریکاوە ، هات بۆ کۆنگۆ بۆ ئەوەی لەژێردەستی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم رزگاری بکات. ئەوکاتەئەم قسانە هەمووی بە دەنگی بەرزدەکران ( ئمپریالیزم وکۆلۆنیالیزم ، شۆرش و خەبات وکۆمۆنیزم ،،،) هەمووشی زۆر بەگران بە خەڵکی هەژار دەفرۆشان . لە ساڵی 1965 وە یەکێک لەچەتەکانی ئەوروپاو ئەمەریکا ، جەنرالی خوێناوی ( مۆبۆت سیسیکۆ*) ، خۆی کرد بەکەڵەگای ئەم وڵاتە و دەستی کرد بەتاڵان کردنی ئەم وڵاتە.

---

Adam Hochschild.schatten .**über dem Kongo.** klett-Gotta Verlag.. .39
Sttutgart.2000.

Jahrbuch.2004. Spiegel . Spiegel Buchverlag.2003.S.249..40



## کارەستای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە

**پێم سەیر نییە ،گەر لێرەو لەوێ،**
**(لەکرێمل بێ یا کۆشکی سپی)**
**چاوم بە هەندێک بنیادەم کەوێ،**
**لەباتی ددان –کەڵبەیان هەبێ.**
**لەباتی نینۆک-رنۆکیان هەبێ.**
**ئەوەی پێم سەیرە،وەکووپەرجۆی خوا،**
**هەڵبجەخنکێن**
**دووچاوی هەبێ و بەدووپێ بروا!**
**"عەبدوڵڵا پەشێو"**

لە 16 ی مارسی 1988 ، لەشکرە درندەکەی بەعس، لەمانگی رەمەزاندا ، بریاریدا ، جارێ بێ ئابرووی خۆی بدات.ئەوەبوو لەو رۆژەدا ، فرۆکە جەنگیەکانی عێراق، بە بۆمبی کیمیاوی ، بۆمبارانی شاری هەڵەبجەیان کرد . لەئەنجامدا. زیاتر لە 5 هەزار کەس بوونە قووربانی و، زیاتر لە 10 هەزاریش برینداربوون هەزارانیش بەرەو ئێران ئاوارەبوون. دیارە پێش ئەوەی لەشکری درندەی عێراق ، پەلاماری هەڵەبجە بدات، چەکدارەکانی بەرەی کوردستانی* لەگەڵ سووپای ئێراندا، پەلاماری شاری هەڵەبجەیان داو داگیریان کرد . هەر پاش چەند رۆژێک ، سەدامیش فرۆکەی ناردە سەرشارەکەو کاری وەحشیانەی خۆی بەئەنجام گەیاند. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە. بۆچی قبووڵتان کرد ببن بە جاشی ئێران و، چاوساغی بۆبکەن ، بۆچی نەبوونە جاشی عێراق؟؟!!خۆ داگیرکەر هەر داگیرکەرە. وەنەبێت رژێمی ئێران ، ماقی تەواوی بەکورد دابێت. ئەرێ لەکەیەوە ئێران بۆتە دۆستمان؟؟!! ئەرێ باشە بۆچی دیسانەوە ئێران کرایەوە کەڵەگای بزووتنەوەی کوردی؟؟! ئایا هەر جەلالیەکان نەبوون ، رەخنەیان لە مەلامستەفا دەگرت ، کەپیاوی ئێرانە،ئێستا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەتا لەمانگی 5 ی 1997 کۆتایی بەحوکمی خوێناوی مۆبۆتۆ هێنراو سەرەتای دیکتاتۆرێکی نوێ دروست بوو. ئەویش سەرکردەی شۆرشگێری کۆنگۆ ( ژۆزێف کابیلا) . لێ ئەمیش هەر پاش هاتنە سەرکاری ، یەکسەر بەهەمان شێوەی مۆبۆتۆ حوکمی ولاَتی دەکرد. واتە تەنها دیکتاتۆرێک بە دیکتاتۆرێکی تر گۆرا . دەنا خەلَکی هەژار هیچ گۆرانێکی باشی لەم شۆرشگێرە نەبینی ،بەلَکە باری ژیان خراپتر بوو ،باشتر نەبوو. هەر لەپاش رووخانی رژێمی مۆبۆتۆ و هاتنە سەرکاری کابیلا ، ئەم ولاَتە تووشی جەنگێکی ناوخۆی خوێناوی بووە . کەلەماوەی 5 ساڵدا زیاتر لە 4.7 ملیۆن کە س بوونە قووربانی ئەم جەنگە نەگریسەی دەسەلاَت 41 .

پاش ئەوەی چەندین جار رێکەوتن مۆرکرا ، لێ هیچ کاتێک سەرکەوتنی بەخۆوە نەبینیوە ئەم ساڵ دوایین رێکەوتن لە نێوان لایەنە چەکدارەکاندا مۆرکرا و ، هێزێکی ئەوروپی بە سەرۆکایەتی فەرەنسا ، پشتگیری رێکەوتنەکە دەکات.

* Mobuto Sese-Seko مۆبۆتۆ سیسیکۆ ، ساڵی 1930 لە دایک بووە . بەیارمەتی ئەمەریکاو بەلجیکا لە ساڵی 1965 کودەتایەکی سەربازی کرد. بە شێوەیەکی دیکتاتۆری و سەربازی حکومی ولاَتی دەکرد . ساڵی 1971 هەر بە ئارەزوو ناوی کۆنگۆی گۆری بۆ زائیر . کابرایەکی تابلێیت دڕندەو چەتە بوو. لە مای ( مانگی 5) ی 1997 کۆتایی بەحوکمی هێنراو بۆدەرەوەی ولاَت رایکرد لە سێپتەمبەری ساڵی 1997 لە ولاَتی مەرۆکۆ ( مەغریب) کۆچی دوایی کرد .

41. هەمان سەرچاوە . ل.248



دەستیان بەئەنفالکردنی کوردستان کرد . ئۆپەراسیۆنی ئەنفال ، لە ناوەراستی مانگی شوباتی 1988 وە دەستی پێکردوو، تاکۆتایی مانگی ئەیلوول کۆتایی پێهات 20 . لەئەنجامدا ، زیاتر لە 200 هەزار کەس گیانیان لەدەستداو، بەشێکی زۆری خاکی کوردستان سووتێنرا. هەزاران کێلَگە و زەوی کشتووکاڵی فەوتێنرا. هەزاران کچی کورد ، ئەتکران و ، پاشانیش هەندێکیان بە ولاَتانی عەرەبی فرۆشران* . هەزاران گوند ، سووتێنران ، سەدەیا شارۆچکە وێرانکراو. سەدان هەزار کەس ، بەزۆرملێ گوێزرانەوەو، خرانە ناو ئوردووگا زۆرەملێکانەوە. سەرانی بنک ،پاش ئەوەی خەلَکی هەژاری کوردیان وەکوو بەرخ تەسلیمی گوورگە هارەکانی عارەب کرد، خۆیان و خێزانەکانیان ، وەکوو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون . ئەمەش یەکێکە لە ئەخلاقیاتی ئینسانی ترسنۆک ،ناشۆرشگێر ، نامەسئوول ، ناسیاسی ، ناکوردپەروەر.

20 . عارف قوربانی . شایەتحاڵەکانی ئەنفال . بەرگی یەکەم . چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری . سلێمانی . 2002. لاپەرە .26 .

هەروەها سەیری:

رێکخراوی چاودێری ماڤی مرۆڤ. / بەشی خۆرهەلاَتی ناوەڕاست. عێراق و تاوانی جینۆساید . شالاَوی ئەنفال دژی کورد . وەرگێرانی . جەمال میرزا عەزیز. چاپخانەی هاڤیبوون . بەرلین . 2000 . لاپەڕە 87 .

* لەم ماوەیەی پێشوودا ، پاش ئەوەی ئەمەریکا عێراقی داگیرکرد، چەند دۆکۆمێنتێک کەشفکران ، کە سەدەیا کچی کورد ، بە مەلهاکانی ولاَتی میسر فرۆشراون. بۆ زانیاری زیاتر دەتوانیت سەیری ماڵپەری ( سەنتەری چاک و،رێوان بکەیت )



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ئەنفالکردنی هەمووکوردستان

نەوشیروان مستەفا دەڵێت :

**( ساڵی 1983 لەکاتی مفاوەزاتی ینک و بەعس. طارق عزیز، بە فەرەیدون عەبدول قادری ووتوە. گەر لەگەڵمان رێکبکەون کارێکی باش دەکەن . ئێمە هەر شەڕەکە دەبەینەوە، چونکە هەموو جیهان لەدژی ئێران پشتگیریمان دەکات . ئەگەر لەگەڵمان رێکنەکەون، ئەوا پاش کۆتایی جەنگ ، ئەو جەیشە زەبەلاحەی هەمانە، دەیهێنینە کوردستان . ساڵێک وەخت و سەدهەزار کوژراوتان بۆ تەرخان ئەکەین. خاکتان بە تورکە دەبێژین و تەفرو توناتان ئەکەین 19 )**

واتە سەرانی ینک ، ئاگاین لێبووە کە بەعس بەتەمای قڕکردنی کوردە . لێرەدا پرسیارێک خۆی قووت دەکاتەوە. ئایا کەسێک سوور بزانێت ئەوە ئاگرێکی گەورە چاوەڕێی دەکات، دەچێت خۆی تێفرێبدات؟؟؟؟؟!!!!!!! بەدڵنیاییەوە هیچ کەسێکی **( خاوەن ویژدان و بەئەخلاق، زیرەک ، رۆشنبیر، سیاسی، مرۆڤ دۆست ، کوردپەروەر،،)** هیچ کاتێک ،هیچ کاتێک ، ئەم کارە ناکات . سەرانی ینک ، بۆئەوەی تەنها بیسەلمێنن ،کەئەمان کەڵەگای سیاسی گۆڕەپانی کوردستانن، هاتن بەردەوامیان بە جەنگی خۆتڕێنی!!پارتیزانیدا. ئاکامەکەشی ، ماڵوێرانی بۆ کوردستان وخاکەکەی، بۆ خەڵکە هەژارو ستەمدیدەکەی بوو. ئەوەبوو پاش 5 ساڵ لەقسەکەی طاریق عزیز، سەدام و سووپای دڕندەی بەعسی عارەبی بەسەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجید **( کیمیاوی)**

19. نەوشیروان موستەفا ئەمین . خولانەوە لە بازنەدا. 1997 . لاپەڕە 75 .



## فەرەنسا چەتەگەورەکەی ئەفەریکا

فەرەنسا هیچ کاتێک واز لە کۆنگۆ و ئەفەریکا ناهێنێت ، هەرجارەی بەناوێکەوە پەلاماری ئەم کیشوەرە هەژارە دەدات . هەروەک چۆن ئەمەریکا بۆتە بەڵایەکی گەورە بۆ ئەمەریکای لاتین ، بەهەمان شێوەش فەرەنسا بەڵایەکی گەورەو مۆلۆزمێکە بۆگیانی ئەم کیشوەرە. ماوەی 500 ساڵە ، فەرەنسا وەکوو چەتەیەکی دڕندەو برسی ، پەلاماری ئەم کیشوەرە دەدات . هەرچی جەنگی ناوخۆ و ئاژاوەی ئەفەریکایە ،هەمووەدەستێکی رەشی فەرەنسای لەپشتەوەیە. هەرچی کودەتای سەربازیە ، دەستی یارمەتی فەرەنسای پێ گەیشتووە . سامانە سروشتیە زۆرەکەی ئەفەریکا ، فەرەنسای تووشی هیستریایەکی گەورە کردووە،کە هەرچی مۆڕاڵی مرۆڤی هەیە ، لەبیریکردووە. لەهەمووی گاڵتەجاریتر ، ئەم وڵاتە خۆی بە دایکی ماڤی مرۆڤ دادەنێت ،بەداخەوە زۆرکەسیشی لەجیهاندا هەڵخەڵەتاندووە ، لەپێش هەمووشیانەوە کوردستانەکەی خۆمان ، خەڵکێکی زۆر باوەریان بەم درۆشاخدارەی فەرەنسا کردووە، لەپێش هەمووشیانەوە هەردوو سەرکردە قارەمان و زیرەکەکەنمان !!!.

## راوەندا قەسابخانەکەی ئەفەریکا

لە ساڵی 1994 دا ، هەموو مرۆڤایەتی تووشی شۆکێکی گەورە بوو، کاتێک لە یەکێک لە وڵاتە جوانەکانی ئەفەریکادا ، هەواڵی نازیەتێکی دڕندانە راگەینرا 42 . جینۆسایدێکی خوێناوی بۆ ملیۆنەها مرۆڤی بێ دەسەڵات دانرا . ئەم وڵاتە کە دەکەوێتە ناوەراستی ئەفەریکاوە. رووبەری زەویەکەی دەگاتە 26.338 کم2 . ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە 8.700 ملیۆن کەس. لە ساڵی 1962 وە ، وڵاتێکی سەربەخۆیە 43 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



**مۆزەخانەی کەلە سەری مرۆڤ!!**

لەسەرتای ساڵی 1994 وە شەریکی خوێناوی لەنێوان هەردوو گرووپ یان ئێتنی (هوتۆ و توتسی ) دەستی پێکرد . لەیەکەم مانگی جەنگەکەدا ، زیاتر لە 300 هەزار کەس کوژران. هەموو جیهان لەم چەتەگریە سەری دەرنەدەکرد . چۆن لەماوەیەکی ئاوا کورتدا ، هێندە مرۆڤ دەکوژرێت . وڵاتە زلهێز و گەورەکانیش ،وەکوو ئەوەی دیمەنێکی خۆش بێت و چێژیان لێ وەردەگرت و هیچیان نەکرد . هەرچەندە ئەم شەرەش ئەوان بە دیاری بۆ خەڵکی راوەندا ناردبوویان .

42. دکتور بطرس بطرس غالی. 5 سنوات فی بیت من زجاج. مرکز الاهرام للترجمة والنشر.القاهرة.1999 . ص154

Jahrbuch.2004. Spiegel . Spiegel Buchverlag.2003.S.351.. .43



لەعاداتی عەشائیریدا، هەمووکات ژنی یەکەم ، پاش هێنانی ژنی تازە، پشتگوێ دەخرێت . بەهەمان شێوەش منداڵەکانی ، پشتگوێ دەخرێن . هەربۆیە مەلا زیاتر ئیهتمامی بە ئیدریس ومەسعود دەداو، کوڕەکانی تری پشتگوێ خستبوو. هەرئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کەلە زوڵم و ناعەدالەتی باوکی ڕاپەڕێن. بەڵام بەحوکمی ئەوەی ئەوکاتە هەمووکوردستان لەژێر کۆنترۆڵی مەلادابوو، ئەمان ناچاربوون هانا بۆ بەعس بەرن. ماوەیەکی زۆر عوبەید وبراکانی لەبەغدا دەژیان . دیارە لەناوبەشێکی زۆری بارزانیەکاندا ، عوبەیدیان پێ باشتر بوو. چونکە عوبەید لەخۆیان بوو. بەڵام مەسعوود دایکی زێباری بوو. هەمووکاتێکیش،خزمانی دایکی باڵا دەست بوون لەناوپارتیدامەسعود نەیدەزانی چۆن و بەچ شێوەیەک ئەم برایانەی لەناوبەرێت. هەر بۆیە ئەم کارەی کرد. مەسعود بە بەردێک دوو چۆلەکەی کوشت . لەلەلایەک ، بەئاسانی براکانی خۆی لەناوبرد. لەلایەکی ترەوە سەدامی بێ تاوانبارکرد و، ئەمەش بوو بە باشترین کاڵا بۆ بازرگانی کردن بە خوێنی گەشی بارزانیە سەربڵندەکانەوە. هەتاوەکوو ئەمرۆش ، خەڵکی کوردستان رێزێکی زۆریان بۆ خێڵی بارزان هەیە، چونکە زۆر نامرۆڤانە سەدام لەناوی‌بردن. بەڵام لەهەمووی کارەسات تر ، ئەوەیە کەسێکی وەکوو مەسعود **( کەخۆی بەشداری ئەم کارەی کرد)** ، ئەمڕۆ بازرگانی بەخوێنی ئەوانەوە بکات . ئەمەش خاڵێکی رەشی ترە ، بەناوچەوانی مەسعودەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## مەسعودی مەلا مستەفا وبازرگانیکردن بە خوێنی بارزانیان

هەروەک یەکێک لە بارزانیەکان ووتبوی :

**( ئەنفال کردنی بارزانیەکان ، وەکوو بیتاقەیەک وابوو ، بۆ مەسعود دەرچوو. چونکە پاش ئەوەی هەموو پیاوانی بارزانیانقڕکرد، بەتیابەت پاش کوشتنی شێخ عوسمانی کوڕی شێخ ئەحمەد و،کورەکانی تری مەلا مستەفا ،عوبەید ولوقمان وصابر، ئیتر کەسی ترنەمایەوەببێت بەمنافسی . ئەوانەی کەمانەوە ، هەموو لەخۆی مندالٚ ترن و، هەمووشی برای دایکی"واتە دایکیان یەک بووە " بوون** (.17

مەسعود کە خۆی ئەم کارەی کردبوو، کەچی خەڵکی تر باجی ئەم سیاسەتە گەوجانەی مەسعودی دا. بەبڕوای من ، مەسعود ئەم کارەی زۆر بەئاگاوە کردووە. مەسعود زانیویەتی کە سەدام بەم کارەی وەکوو سەگی هاری لێدێت. هەوڵی تۆڵە سەندنەوە دەدات. مەسعود بۆماوەی چەندین ساڵە ، هەوڵی لەناوبردن و دوورخستنەوەی ، براکان و ئامۆزکانی دەدا، چونکە ئەوان خۆیان بە لەو شایستە تر دەزانی ( هەر واش بوو، زۆر لەو زیرەک تر و هۆشیارتربوون ). مەلامستەفا کاتی خۆی سێ ژنی هێنابوو. دووانیان بارزانی بوون ، سێهەمیشیان کەدایکی مەسعودە ، زێباری بوو، کچی مەحمود ئاغای زێباری بوو. مەلا کاتی خۆی زیاتر ئەم ژنەی لەبەر مەسائیلی عەشائیری هێنا، چونکە زێباریەکان زۆر دوژمنی بارزانیەکان بوون. ژنی یەکەمی دایکی عوبەید ولوقمان وصابر بوو. دووەمیان ، دایکی ئیدریس بوو. سێهەمیان ،دایکی ،مەسعود ،دڵشاد، وەجیە،نیهاد،سیداد بوو 18.

17. نەوشیروان موستەفا ئەمین . پەنجەکان یەکتری دەشکێنن. دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین .1997. لاپەڕە .322 بۆ 323

18. هەمان سەرچاوە. لاپەرە 106 .





کۆچی بەکۆمەڵ (کۆڕەو)

پاشتر دەرکەوت کەئەمە شەرێکی شاراوەی نێوان فەرەنساو ئەمەریکا بووە ، کەچی خەڵکی راوەنداباجەکەی دا. ئەم شەرە بوو بەهۆی کوژرانی زیاتر لە 800 هەزار کەس ، هەندێک سەرچاوە دەڵێن دەگاتە ملیۆنێک 45.هەروەها ئاوارەبوونی زیاترلە2 ملیۆن کەس. هەتاوەکوو ئەمرۆش ،هێشتا ترسی شەڕ لای خەڵکی ماوە.

### سودان

سودان یەکێکە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانی ئەفەریکا . خاوەنی شارستانیەکی ئێجگار دەوڵەمەند وکۆنە . مێژووی دەگەرێتەوە بۆ هەزاران ساڵی پێش زایین . شارستانیەکانی نیل و میسر ، کاریگەریەکی زۆریان لەسەر کردووە. ئەم وڵاتە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ئەفەریکاوە .ئەم وڵاتە لە سەدەی هەژدەهەمەوە عوسمانیە توورکەکان داگیریان کردو ، پاشانیش نۆرە گەیشتە سەر داگیرکەری ئەورپی 46 .

45. www.Wiekipedia.de.Ruanda



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رووبەری سودان دەگاتە 2.505.813 کم2. 47.. ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە 31.687 ملیۆن کەس. لە ساڵی 1956وە،وڵاتێکی سەربەخۆیە. لەساڵی 1983 وەجەنگێکی ناوخۆییوخوێناوی ئەم وڵاتەی گرتۆتەوە. سوادن وڵاتێکە ، کەچەندین نەتەوەو ئایینی جیاوازی تێدا دەژی . باکووری ئیسلامی عەرەبی، هەموو کات وویستویەتی خۆی بەسەر باشوور و رۆژئاوای مەسیحی ئەفەریکیدا زاڵ بکات.
لە مانگی شەشی 1989 دا ، جەنەراڵ ( جەعفەر بەشیر) بە یارمەتی ئیسلامیەکان ، کودەتایەکی سەربازی بەسەر نەمیری سەرۆکی سودانداکرد . لەپاش هاتنە سەرکاری ئیسلامیەکان ، باری خەڵکی ناموسڵمانی ئەم وڵاتە زۆر ئاڵۆزبوو. بەجارێک تەوژمێکی فاشیستیانە وڵاتی سودانی گرتەوە. سەدام زۆریارمەتی سودانی داو ، بۆ دامەزراندنی رژێمێکی فاشیستی هەموو یارمەتیەکی سەربازی و ماددی وسیاسی پێشەکەشکردن.
لە ساڵی 1983 وە شەرێکی خوێناوی لە نێوان ( سوپای رزگایخوازی سوادنی SPLA ) بەسەرۆکایەتی ژۆن گەرەنگ (ساڵی2005 لە رووداوێکی فرۆکەدا مرد)، حکومەتی ناوەندەی تا ساڵی 2005 بەردەوام بوو. لەم شەرەدا زیاتر لە 2 ملیۆن کەس بوونە قووربانی و گیانیان لەدەستداوە، هەروەها زیاتر لە 4 ملیۆن کەسیش ئاوارە بوون و ماڵی خۆیان بەجێهشتووە. هۆی سەرەکی ئەم شەرەش نەوت و سامانە سروشتیەکانی ترە . لەهەمان کاتیشدا شەری دەسەڵاتی دوو گرووپی جیاوازە. لێ بەناوی نەتەوەوئایینەوەدەکرێت. بۆنموونە یەکێک لە بەندەکانی رێکەوتنی ئەم دوایەی هەردوولا،دابەشکردنی دەسەڵاتە.سەیرلەوەیەسەرکردەکانی هەردوولا هێندە بێ شەرمن ، چەندین ساڵە بەناوی نەتەوەوئایینەوە شەرێکی گەورەیان ناوەتەوە، کەچی لەکۆتایدا وەکوو دووبرا رێکدەکەون و پێدەکەنن .

46. Krieg in Afrika. Albert Wirz.Steiner Verlag.Wiesbaden.1982.S172
47. Jahrbuch.2004. Spiegel . Spiegel Buchverlag.2003.S.410.



ئەمەش سەدامی هێندەی تر هارکردوو، کەوتە پەلەقاژێ و تۆڵەسەندنەوە لەهەموو بارزانیەک . ئەوکاتە بارزانیەکان بەشێکی زۆریان ، لەداخی مەلامستەفا و مەسعوود وئیدریس ، وازیان لەشۆرش هێنابوو، هاتبوونە ژێر باڵی حکومەت . سێ کوڕی مەلا مستەفا ( عوبەیدوڵڵا و صابر و لوقمان) ، کەلەژنێکی تری مەلامستەفا بوون ، وازیان لەباوکیان هێنابوو، لەڕقی مەسعود وئیدریس ، بۆلای حکومەت رایان کردبوو. بەعسی دڕندە،لەتۆڵەی نۆکەری مەسعود بۆ ئێران ، کەوتە پەلاماردانی هەموو بارزانیەکان کەبەشێکی زۆریان پاش ئەوەی ناوچەکانی خۆیان ، لەترسی چەکدارەکانی مەسعود بەجێهێشتبوو،بەعس چەند ئوردووگایەکی (بەحرەکە وقوشتەپە ، هەریر ودیانە) بۆکردبوونەوە. لە 31 تەموزی ساڵی 1983 گاردی نیشتمانی (حرس الجمهوری) ، پەلاماری ئوردووگای قوشتەپەی داو، هەرچی نێرینە کەتەمەنی لە نێوان ( 14 بۆ 70 ) ساڵ بوو، هەمووی دەستگیرکردن و لەپرۆسەیکدا ، بێسەروشوێنی کردن 15 دواتر لە ئوردووگاکانی ( بەحرەکەو هەریر و دیانە) ش ، هەمان کاریان ئەنجام دا. بەپێی ئەو رێژەیەی کە خەملێنراوە، ژمارەی ئەو کەسانەی بێ سەروشوێن کران ، دەگاتە نزیکەی 8 هەزار کەس 16 .

15. عارف قوربانی . شایەتحاڵەکانی ئەنفال . بەرگی یەکەم . چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری . سلێمانی . 2002. لاپەرە 22. .

16. هەمان سەرچاوە. لاپەڕە . 23 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڵكووساڵەهای ساڵە ، بەخوێنی کورد ڕاهاتوون . هیچ کاتێک سڵیان لە پاکتاوکردن ولەناوبردنی گەلی کورد نەکردۆتەوە. بەعسیە دڕندەکانیش، بەبیانووی لەناوبردنی بزووتنەوەی چەکداری کەوتنە گیانی خەڵکی ستەمدیدەی کورد و، دەستیان کرد بە ئەنفالکردنی کوردستان .

## ئەنفال مانای چی یە؟!

ئەنفال سیاسەتێکی پاکتاوکردن ( جینۆساید) کردنی گەلانی غەیرە مووسڵمانە. کەلەکاتی سەرهەڵدانی ئیسلامەوە،لەلایەن موحەمەدەوە دەستی پێکرد.ئەو گەلانەی کەمووسڵمان نەبوون،پاش ئەوەی شەڕیان پێدەفرۆشتن وهەموو پیاوەکانیاندەکوشتن و ،ژن و منداڵەکانیشیان دەکردنە کۆیلەو لەبازارەکانی عەرەبستاندا دەفرۆشان. هەروەها هەموو موڵک وسامانی ئەو گەلانە داگیردەکران و دەبووە موڵکی عارەب . بەعسیش لەبەر ئەوەی پارتێکی عارەبی نەتەوەیی بوو، دەیانویست ئەم عادەتە کۆنەی عارەب ، بەسەر گەلی کوردا زیندووبکەنەوە.

## ئەنفال کردنی خێڵی بارزان

لە ساڵی 1983 ، سەدام چۆن دەستی بە مفاوەزات لەگەڵ یەکێتی کرد، لەگەڵ پارتیش بەهەمان شێوە مفاوەزاتیان کرد. بنەماڵەی بارزانی هێندە لە جاشایەتیدابۆ ئێران تۆخ بووبونەوە، کە نەیاندەوێرا بەبێ پرسی ئەوان ، هیچ هەنگاوێکی سیاسی بنێن.دیارە لەسالانی نەوەتیشدا ،بەهەمان شێوەشهەڵسووکەوتیان لەگەڵ توورکیا دەکرد، بەبێ توورک هیچیان نەدەکرد. بنەماڵەی بارزانی لەژێرەوە لەگەڵ ئێران ڕێککەوتبوون ، کە سووپایەکی عێراقی بهێنن بۆ ناوچەی حاجی ئۆمەران ، ئەمانیش لەپشتەوە لێیان بدەن .



کاتێک ژۆن کەرنەگ بوو بە جێگری سەرۆکی سودان ، هەموو کێشەکان کۆتایی پێهات . هەرچەندە ئەمرۆ سودان کێشەیەکی تری لە رۆژهەلاتەوە بۆ دروستبووە ، ئەویش کێشەی گەلی دارفوورە . کەبەداخەوە ئەم جەنگە نارەوایەش بوو بەهۆی ئاوارەبوونی ملیۆنان کەسی بێ تاوان . هۆکاری هەموو جەنگەکانی سوادن دەگەرێتەوە بۆ دووهۆی سەرەکی . یەکێکیان ئابووریە. بوونی سامانێکی زۆری نەوت کەئەمەش وایکردووە ولاتە زلهێزەکانی جیهان لەپێش هەمووشیانەوە ئەمەریکا ، هەمووکات لە پلان وئاژاوە نانەوە وازنەهێنێت .هۆی دووەمیش ، بوونی ئایدۆلۆژیایەکی فاشیستی عەرەبی و ئیسلامیە کەهیچ کاتێک ناهێڵێت ئاسوودەیی و ئاشتی روولەم ولاتە دەولەمەندە بکات . دیارە نابێت رۆلی نێگەتیڤ و فاشیستانەی میسریش لە بیربکەین . چونکە ئەوانیش هەمووکات ،چاوی تەماعیان بڕیوەتە ئەم ولاتە جوانە .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ئاسیا

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ، لەئاسیاش پەتای جەنگی پارتیزانی و بزووتنەوەی چەکداری بڵاوبوویەوە. سەرەتای پەیدابوونی ژاپۆن وەکوو هێزێکی سەربازی و چەتەیەکی خوێناوی لە ئاسیادا . بووبە هۆی تاڵکردنی ژیانی ملیۆنەها کەسی ئەم کیشوەرە. هەر لەسەرتای دامەزراندنی ئەم وڵاتەوە ، دەستی کرد بە پەلاماردان و چەتەگەری دژی دراوسێکانی بەتایبەتی چین و کۆریا. ئەم دوو وڵاتە هەژارە بوونە گۆرەپانێکی گەورە بۆ چەتەگەری ژاپۆنیەکان. بە ملیۆنەها چینی وکۆری کوژران و، ملیۆنەهاکەسی تریش ، کرانە کۆیلەو کاری بەزۆریان پێدەکرا . هەر ئەم چەتەگەریەی ژاپۆنیەکانیش بوو ، کە رۆحێکی شۆرشگێری لای خەڵکی ناوچەداگیرکراوەکان دروستکرد 48 . پاش ئەوەی گەلانی ئاسیا لەدەستی چەتە بەربەریەژاپۆنیەکان رزگاریان بوو، ئینجا نۆرەی چەتەیەکی گەورەتر پەیدابوو ، کە ئەویش ئەمەریکابوو.

### ماوتسیتونگی دیکتاتۆر وهەراکەی

لەگەڵ داگیرکردنی چین لەلایەن ژاپۆنەوەو، دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی چینی و پەیدابوونی ماوتسیتوونگ، بزووتنەوەیەکی چەکداری هەموو چینی گرتەوە. ئەم بزووتنەوەیەش ، کەلەسەرەتادا ئامانجێکی ناسیۆنالیستی هەبوو، لێ پاشان بەتۆبزی و شەقی زەمانە ، ئەمانیش بوون بە کۆمۆنیست.

---

48. . نعوم تشومسکی . 500 سنة غزو مستمر . ترجمة . مى النبهان . دار المدى . سوریا . دیمشق. الطبعة الثانیة. 1999. لاپەڕە.400 بۆ 404 .



تالەبانی. ئەوکەسانەشی کەلەسەر ئاڵای شۆرش کوژراون ، بوونە ترِی بن گۆم و، کەس باسیان ناکات .

### دووبارەبوونەوەی تراژیدیاکان

لەجیاتی سوود لەهەرەس و بزووتنەوەی ئەیلوول وەربگرن، کەچی جارێکی تریش ،بزووتنەوەی کوردی ، هەمان هەڵەی کردەوەو، دەستی دایەوە چەک وجەنگی پارتیزانی . ئەمەش گەورەترین و کوشندەترین زلەی لە کۆمەڵگای کوردی دا. بزووتنەوەی کوردی باشی دەزانی ، کە سەدام و بەعس بەدوای هەلێکدا دەگەڕێن ، بۆ جینۆسایدکردنی گەلی کورد وقڕکردنی هەموو مرۆڤێکی کوردی . ئەمان باش دەیانزانی کە رژێمی فاشیستی بەعس، نەخشەو پلانی گەورەی لەدژی گەلی کورد داڕشتوە، کەچی ئەمان لەسیاسەتی گێلانەی خۆیان نەکەوتن. دەرئەنجام ، گەلی کورد ،لەجیاتی سیاسەتێکی گێلانە، کەبەبێ پرسی خەڵکی کرابوو ، باجێکی زۆرگەورەیان دا .

### / سیاسەتی ئەنفالکردنی کورد

هەمووکاتێک داگیرکەرانی بێگانە ،هەرچیان لەدەست هاتبێت ، بۆ لەناوبردنی گەلە داگیرکراوەکە،گرتوویانەتە بەر.کاتێکئەوروپیەکان ئەمەریکایان داگیرکرد،بەجارێک کەوتنە لەناوبردنی بەکۆمەڵی (جینۆسایدکردن) ی ، خەڵکی ڕەسەنی ئەو کیشوەرە. لەئەفەریکاو ئاسیاش ، بەهەمان شێوە ، چیان لەدەست هاتبێت لەگەڵ خەڵکی ناوچەکان کردیان . بەنسبەت ئێمەی کوردیشە ، کەووڵاتەکەمان لەلایەن دڕندەترین و وەحشیترین و خوێناویترین ، رژێمی داگیرکەری ( تووركی وعەرەبی وفارسی ) داگیرکراوە. ئەمانیش نەک ئەمڕۆ ،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



ماوتسیتونگ

## ماو تسیتوونگ کێیه؟!

له 26 سێپتەمبەری 1893 له گوندی Shaoshan، کەدەکەوێتە هەرێمی Hunan چینی لەدایک بووە . باوکی جووتیارێکی هەژاری لادێ بووە . ساڵی 1911 دەبێتە سەربازو، لەشۆڕشی 1911 وەکوو سەربازێک لەدژی گەل شەردەکات.
لەساڵی 1918 پەیمانگای مامۆستایان تەواودەکات . لە ساڵی 1919 دەبێتە فەرمانبەر لە کتێبخانەی بکین. ئەمەش هێندێک مێشکی رووناک دەکاتەوەو ، تێکەڵی جیهانی خوێندنەوە و کتێبی دەکات . هەر لەو ساڵەدا لە بیری کۆمۆنیستی نزیک دەبێتەوەو بەشداری خۆپیشاندانەکانی مای دەکات . ساڵی 1921 دەبێتە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی چینی . ساڵی 1923 دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیستی چینی . هەندێک کەس پێی وایە ، گەیشتنی ماو



بەداخەوە ئەم حیزبە زۆرئیهتمامی بەلایەنی رۆشنبیری و فکری ، ئەندامەکانی نەدا. وای لێنەکردن،کەئامادەیی خۆبەختکردنیان تێدادروستبکات،ئەمەش یەکێک بوولەهەڵەکانی ئەم بزووتنەوەیە.

4. بەشی زۆری سەرکردایەتی ئەم بزووتنەوەیە، خەڵکی ناوچەیەک بوون ( خانەقین) . وەنەیتوانی پەل بۆ ناوچەکانی تر بهاوێژێت . بەشی زۆری چالاکی ئاڵای شۆڕش ، لە شارەکانی سلێمانی وخانەقین وهەڵەبجە بوو. بەشێکی زۆری سەرکردەکانیان ،هەر کوردیشیان نەدەزانی،زۆرجار بەیاننامەو بڵاوکراوەکانیان ، بەزمانی عەرەبی دەردەچوو . لەلایەکی ترەوە، هەستی ناوچەگەری زاڵ بوو بەسەر حیزبەکە. هەربۆیە کاتێک مەلا بەختیار گیرا، ئەمانیش یەکسەر ئاشبەتاڵیان لێکرد .

5. بوونی سەرکردەیەکی ترسنۆکی وەکوو مەلابەختیار. مەلا بەختیار کاتێک گیرا، هەموو ئەندامانی ئاڵای شۆڕش لەدەرەوەوناوەوە، کەوتنە چالاکی بۆ ئازادکردنی.کەچی ئەویش هەر کەگیرا، یەکسەر پەشیمانی خۆی ئیمزاکردوو، تۆبەتنامەی مۆرکرد. بۆ سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەک ، پێویستە کەسێکی کاریزماو شۆڕشگێر،رابەری بکات.نەبوونی سەرکردەی کاریزما، زۆرجار بزووتنەوەکان تووشی شکست دەکات. ئەمەش یەکێک بوو لەهۆکارە جەرگبڕەکانی ئەم بزوونتەوەیە.
لەسەرەتای نەوەتەکان ، مەلابەختیار وهاورێکانی ،بەیەکجاری ئیعلانی ئیفلاسی خۆیان راگەیاند و چوونەوە ناو یەکێتی. مەلابەختیار هیچ وەفای بۆ ئەو هاورێیانەی نەبوو، کەلەسەر ئەو بەناڕەوا کوژران . ساڵانێکی زۆر بەناوی عێراقچێتی ، شەرێکی نارەوایان هەڵگیرساند،سەدان کەس بوونە قووربانی . کەچی ئێستا مەلابەختیار بۆتە دۆستی جەلال و ، کچەکەشی داوە بە کوڕی جەلال



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەم پلەیە ، هۆکەی بۆ زیرەک و چالاکی ماو ناگەڕێتەوە ، بەڵکوو زیاتر بۆ ماستاوچێتی و خۆهەڵواسین دەگەڕێتەوە. دەڵێن کابرایەکی زۆرماستاوچی بووە . هەربۆیە زۆر حەزی بەخەڵکی ماستاوچی بوو، زۆر ڕقیشی لە خەڵکی هۆشیارو رەخنەگر بووە.
لەساڵی 1931 ژاپۆن مەنشوریاو باکووری چین داگیردەکات. هەر لەگەل داگیرکردنی چین ، بزووتنەوەیەکی چەکداری پەیدادەبێت و ، ماو خۆی دەکاتە کەڵەگای ئەم بزووتنەوەیە49.

## جەنگی ناوخۆ و ترازیدیاکانی تریش

حکومەتی کۆمنتانگ حکومەتێکی سەربەخۆی چین بوو. لەگەڵ ماوتسیتوونگ کەوتنە شەرەوە .لەجیاتی ئەوەی هەردوو لا هەوڵ بددەنچین لەدەستیژاپۆنیەدڕندەکان ڕزگاربکەن،کەچیماوتسیتوونگ لەحالەتێکی ئاواناسکدا ، گەلی چینی ،تووشی جەنگێکی ماڵوێران کردن . کەلەئەنجامی ئەم جەنگە خوێناویە دا، ملیۆنەها کەس بوونە قووربانی جەنگی دەسەڵاتی دووگرووپ . ئەم جەنگە کەلە ساڵی 1937 وە بۆ 1945 ی خایاند ، درزێکی گەورەی خستە ناو کۆمەڵگای چینیەوەو، شیرازەی هەموو کۆمەڵگاکەی بەجارێک تێکدا.

49. tse-tung. www.Wiekipedia.de.Mao هەروەها سەیری
Microsoft Encarta. 2003. Mao tse-tung.



## بۆچی ئاڵای شۆرش هەرەسی هێنا؟!

1. نەبوونی سەرکردایەتیەکی شۆرشگێر. ئاڵای شۆرش زیاتر بزووتنەوەیەکی ووردەبۆرجوازی بوو. ئەم چینەش هەمووکاتێک بەوە ناسراوە ، کە ( سازشکارە ، ترسنۆکە، دووڕووە، بێ ئابرووە، ناشۆرشگێرە، هەلپەرستە) . بەشی زۆری ئەندامانی ئاڵای شۆرش ، لەخوێندەوارانی ناوشار پێکهاتبوون. باڵی ووردەبۆرجوازی ، زاڵ بوو بەسەر ئەم حیزبەدا . هەربۆیە هەرزوو بەرگەی نەگرت و ئاشبەتاڵیان کرد.

2. نەبوونی هێزێکیعەسکەری بەهێز. بەداخەوە هەتاوەکوو ئەمرۆش مەرجی سەرەکی بۆ مانەوەوی هەر حیزبێک ، هێزی چەکداری ئەو حیزبەیە. چەندە هێزی چەکداریت بەهێزت بێت، هێندەش دەتوانیت بمێنیتەوە وخزمەت بکەیت . هیچ کاتێکیش نەیەکێتی ، نەپارتی ، باوەریان بە فرەحیزبی و دەسەڵاتی دیمۆکراتیانە نەبووە و بەم زوانەش نابێت . بەشی زۆری ئەندامانی ئاڵای شۆرش ، لەناو شارەکان بوون . ئەمانیش نەیانتوانی زووفریای ئەمحیزبە تازەیە بکەون . ئەوچەکدارانەی کەهەشیان بوو، خەڵکی رۆشنبیربوون و، ئاگاین لەجەنگی پارتیزانی نەبوو. لەلایەکی تریشەوە، مەلابەختیار زوو ئاشبەتاڵی کرد، مەجالی نەدا،کە خەڵکی ناوشار فریای بکەون .

3. نەبوونی هێزێکی فکری وئایدۆلۆژی . هەموولەشکرێک هەروەک چۆن پێویستی بە چەک وفیشەکە، ئاواش پێویستی بە مۆڕاڵی فکری وئایدۆلۆژییە. چونکە گەر شتێکی پیرۆزنەبێت، مرۆڤ ئامادەنییە خۆی لەخۆرا بداتە کوشتن. ئاخر خۆمرۆڤ تێک نەچووەیان شێت نەبووە،خۆی بۆخەڵکی تر بداتە کوشتن.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ئایا پارتەکەی ماو،کرێکاری بووە یان وردەبۆرجوازی شاربووە؟!

بەشێکی زۆری ئەوانەی سەرکردایەتی بزووتنەوەچەکدارەکانیان لە جیهانداکردووە،خەڵکانیووردەبۆرجوایناوشاربوون.بزووتنەوەکەیماویش بزووتنەوەیەکی وردەبۆرجوازی ناوشاربووە. تۆنی کلێف دەڵێت :( بزووتنەوەکەی ماو ، زۆر دووربوو لە کرێکاری ناوشارو، بەڵکە هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە لایان50.) . لەساڵی 1928 کرێکاران 10%ی پارتی کۆمۆنیستی چینیان پێکدەهێنا. ساڵی 1929 ئەم ڕێژەیە بۆ 3% کەمبوویەوە،ساڵی 1930 گەیشتە 1،5 %51 . ئەمەش مانای وایە ، کە ئەم پارتە ، ڕۆژ بەرۆژ لر چینی کرێکارانەوە دوورکەوتۆتەوە و،هیچ پەیوەندیەکی بەهێزی بە چینی کرێکاری چینیەوە نەبووە.

## گواستنەوەی شۆرش لە لادێوە بۆ شار

ئەمە یەکێکە لە تێزە بنەرەتیەکانی بیری سەقەتی ماوتسیتوونگ. گواستنەوەی شۆرش لە لادێوە بۆ شارو ، داگیرکردنی شارەکان بەهۆی هێزی چەکداریەوە، یەکێکە لە دەقە پیرۆزەکانی بیری ماو. خۆی لە خۆیدا داگیرکردنی شارەکان لەلایەن جووتیارو گوندنشینەکانەوە ، کارێکی زۆر خراپی کردە سەر فەرهەنگ و شارستانی چین. هەروەک تۆنی کلێفیش دەڵێت : ( داگیرکردنی شارەکان ، تەنها مانای دووری ئەم پارتەی لە چینی کرێکاری شارەوە پیشادن دەدات) . ئەم داگیرکردنە ، مانای داگیرکردنی بەربەریەت و ناشارستانیە . هەر ئەمەش بوو بەهۆی دورخستنەوەی بیری شارستانی و، زاڵبوونی بیری تاکڕەوی و بەربەریەتی ماوتسیتوونگ .

50. سێ بۆچوون دەربارەی دەسەڵات. تۆنی کلێف. سەنتەری رۆشنبیری مارکسی.
51. هەمان سەرچاوە.



پاش ئەوەی مەلابەختیار گەیشتە شوێنی خۆی، ژنەکەی لەبیکردوو، ژنێکی تری بەسەردا هێنا. مەلا بەختیار بەم بازرگانییەهەرزانەی نەوەستا، بۆنموونەلەم دوایەداسوودی لەشۆخ وشەنگی کچەکەشی وەرگرت . کچەکەی خۆی لەکوڕی جەلال تالەبانی مارەکرد. لەڕێگای جوانی کچەکەشیەوە توانی خۆی لەجەلال نزیک بکاتەوەو مەنسەبی حیزبی خۆی بۆهەتاهەتایە مسۆگەربکات . هەرچەندە لەناو کوردەواریدا ، زۆر شەرم و شوورەیە پیاو لەڕێگای ژنیەوە یان کچیەوە، مەنسەب و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.
بەهەرحاڵ ، پاش ماوەیەکی کورت ، مەلابەختیار توانی ببێت بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و، ببێت بەیەکێک لەسەرکردەکانی ناویەکێتی. لێ ئەمە تووشی نەخۆشیەکی گەورەی کرد و، هەنگاوێکی زۆر هەڵەی نا. پاش ئەوەی مەلا بەختیار ، خەڵکی لێ کۆبوویەوە، زۆرلەخۆی بایی بووهەستی کرد، کەدەتوانێت ، ئەو ناڕەزاییەی کەلەناویەکێتیدادروست بووە ، بۆخۆی کۆبکاتەوەو، خۆی بکاتە رابەری ئەم ناڕەزاییە.
ئەوەبوو مەلابەختیار ئیعلانی جیابوونەوەی خۆی لەیەکێتی کرد و، حیزبێکی نوێی بەناوی ئاڵای شۆرشی دروست کرد. سەرەتا بەناوی ( ئیختیلافی فکری و دیکتاتۆریەتی جەلال تالەبانی و، لادان لە ڕێبازی شەهید ئارام و، عێراق چێتی ) خەڵکیان لەخۆ کۆکردەوە. لێ پاش ماوەیەک ، یەکێتی مەلا بەختیاری گرت و تۆبەتنامەیەکی پڕ شەرمەزاری پێدەرکرد و، پەشیمانی خۆی ئیمزاکرد .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەروەک دەگێڕننەوە، کاتێک چەکدارەکانی ماو شاری شەنگهایان داگیرکرد،هێشتاگڵۆپیان‌نەدیبوو،کاتێک شەوان لەجیاتی بیکوژێننەوە دەچوون دەیانشکاندن ، چونکە نەیاندەزانی چۆن بیکوژێننەوە 52.

## ماو تسیتوونگ و سۆڤێت

یەکێتی سۆڤێت یەکێک بوو لە باشترین و دڵسۆزترین دۆستی گەلی چین. سۆڤێت لە ڕووی ماددی و تەکنیکی و سیاسی و سەربازیەوە یارمەتیەکی زۆری چینی دا. بە هەزاران پسپۆری سۆڤێتی رەوانەی چین کران ، بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن . کەچی ماو،کاتێک زانی چیتر پێویستی بەوان نەماوە، ئینجا وازی لێهێنان و دەستی کرد بە دژایەتی سۆڤێت.لەجیاتی‌ئەوەی‌سووپاسگوزاری‌ودڵسۆزی وپاداشتیان بداتەوە، بوو بە گەورەترین و سەرسەختترین دوژمنی سۆڤێت. زۆربێ شەرمانە پەردەی راستی خۆی هەڵدایەوەو ، چووە سەنگەری ئیمپریالیزمی جیهانیەوە. هەروەک سەرۆکی پێشووی سۆڤێت (برجنێڤ) ووتی : ( مەگەر پارتی پارێزگارانی بەریتانیا وپارتی مەسیحی ئەڵمانیا ، هێندەی ماوتسیتوونگ ڕقیان لە سۆڤێت بێتەوە).

## ئیمپریالیزم شێرێکی پەرۆینە یان دڕندەیەکی خوێناویە؟!

ماوتسیتوونگ لە چاو هاورێکانیدا ئاستی ئایدۆلۆژی زۆر نزم بوو، هەر ئەم حالەتەش بوو وای لەم پیاوە کرد ، کە چەندین تێزی سەقەت و بێ هێز دابرێژێت . یەکێک لەو قسانەی ماو ،کەناوبانگی پێدەرکرد ( **ئیمپریالیزم شێرێکی پەرۆینەیە!**) . لەکاتێکدا مەسەلەی ئیمپریالیزم ،مشتوومرێکی ئێجگارگەورەی‌لەلایەن بیرمەندەگەورەکانی کۆمۆنیزمەوە لەسەر کراوە ،لەوانە(ترۆستکی،لینین،کاوتسکی ، رۆزا).

52. هەمان سەرچاوە



یەکێتی و ئێران بەتەواوی تێکچوو. بەهەمان شێوەش ، پەیوەندی لەگەڵ سووریاش تێکچوو. هەروەها هەموو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی ، پشتیان لە یەکێتی کردوو ، ڕوویان کردەوە ماڵی مەلا مستەفا .

ئەم هۆکارانەو چەندین هۆکاری تریش ، وایانکرد کەجارێکی تر ماڵی مەلامستەفا ،خۆیان بەسەر لاشەی داماوی سیاسی کوردا بسەپێننەوە.

## هەراکەی مەلابەختیار

پاش ئەوەی مفاوەزاتی یەکێتی لەگەڵ بەعس تێکچوو، هەرکەسەو دەیووسیت خۆی لەشکستی مفاوەزات بدزێتەوە.مەلابەختیاریش دەیوویست ئەم گەمەیە بکات .
مەلابەختیار بەحوکمی ئەوەی کابرایەکی ناتیقەو ، توانای لەبەرکردنی قسەی خەڵکی تری هەیە. توانی خەڵکێکی زۆر لەخۆی کۆبکاتەوەبەتایبەت گەنج. مەلا بەختیار پێشتر لە خانەقین ، خەریکی جووجەڵە فرۆشتن بووە. ماڵەوەیان هەر بەتوورکی قسەیان کردووە، زۆرتێکەڵاوی خەڵکی کوردیان نەکردووە. مەلا بەختیار لەڕێگای ڕووناکی ژنیەوە ،چونکە برازای شێخ شەهاب بوو. شێخ شەهابیش ، دامەزرێنەری کۆمەڵەبوو، خەڵکی زۆر ڕێزیان لێدەگرت ، چونکە زۆر مەردانە لەزینداندا لەدژی بەعسیەکان وەستابوویەوە. مەلا بەختیار توانی سوود لەناوبانگی شێخ شەهاب وەربگرێت.
لەمێژوودا زۆرجار کەسانێکی زۆر توانیوویانە ، لەڕێگای ژنەکانیانەوە ، بگەنە مەنسەبی گەورەو ، سەرکەوتن بەدەست بهێنن . لەوانە ( ناپلیۆن ،موحەمەدی پێخەمبەر ) کەژنەکانیان سوودی زۆریان بۆ سەرکەوتنیان هەبووە. مەلابەختیاریش توانی لەرێگای ناوبانگی ماڵی ژنەکەیەوە،سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. هەرچەندە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ترادەبێت. بەداخەوە ئێمەی کورد هەمووکاتێک مفاوەزاتمان کردووە، هەمووکاتێکیش لە مفاوەزاتەکاندا لەجیاتی سەرکەوتن ،هەر بەدەستی بەتاڵی گەڕاووینەتەوە. هۆی سەرەکی ئەم حاڵەتەش دەگەڕێتەوە بۆ ناهۆشیاری سیاسی سەرکردەی کورد.
مفاوەزاتی ساڵی 1983 ، یەکێک بوو لە گەورەترین هەڵەی مێژووی یەکێتی . ئەمە سیاسەتێکی گەوجانەی جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا بوو،وایان دەزانی گەورەبوون و حکومەت حسابیان بۆ دەکات. جەلال بۆیە ئەم مفاوەزاتەی کرد، چونکە ئەو هەمووکاتێک خەونی بەوەوە دەبینی ، کە حکومەت ئەم بکاتە نوێنەری کورد . هیچ کاتێک بیری لەبەرژەوەندی نەتەوەی کورد نەدەکردەوە. جەلال بۆئەوەی سەدام ئەم بە نوێنەری کوردبزانێتوبانگی بکات بۆبەغدا،ئامادەبوو ملی هەرچی یەکێتی هەیە بیشکێنێت . سەدامیش جەلالی باش دەناسی . هات ماوەی ساڵێک ئەم سەرووئەوسەری پێکردوو، ڕۆحی شۆڕشگێری لە ناوپێشمەرگەدا سارکردەوەو، ئاشنای ژیانی خۆشی ناوشاری کردن.جگە لەوەش هەرچی دەستی شاراوەی یەکێتی هەبوو، لەم گەمە گێلانەی جەلالدا ، بۆبەعس کەشف بوون . پاش مفاوەزات بەجارێک هەزاران کەس گیران و لە سێدارەدران . ئەمان وایان دەزانی ،بەعس هێندە گێلە، دێت ماڤی کوردبدات . سەدام دەیووسیت تەنها هەندێک وەزعەکە ئارام بکاتەوە ، چونکە لە بەرەی ئێراندا،لەشکری عێراق تووشی شکاندنی زۆر بووبو. ئەم مفاوەزاتەش،زلەیەکی زۆرخراپی لەیەکێتی دا،چ لەڕووی ڕێکخستن بەشی زۆری ڕێکخستنەکانی ناوشاری گیران . بەڵام جەلال گوێی لێ نەبوو، خۆ کوڕی ئەو نەگیراون ، کوڕەکانی خۆی لە لەندەن لەخۆشترین ژیاندا دەژیان ، ئیتر چاوی کوڕی خەڵکیش دەربێت. لەرووی سیاسیشەوە ، ناوبانگی خراپی بۆیەکێتی دروست کرد . ماڵی مەلامستەفا ئەمەیان بۆ خۆیان قۆزتەوەو هێندەی تر خەڵکی ناڕازیان لە مفاوەزاتی یەکێتی لەخۆ کۆکردەوە. لەرووی دیبلۆماسیشەوە، یەکێتی زەرەری زۆری کرد. بۆنموونە پاش ئەم مفاوەزاتە ، پەیوەندی



ئیمپریالیزم قۆناغیکی مەترسیدارو دڕندانەی کەپیتالیزم بووە ، هەروەک لینینیش دەڵێت : ( بەرزترین قۆناغی کەپیتالیزمە53 ) کەچی ئەم بەڕێزەش دەیەوێت بە دوو قسە ، ئەم باسە گرنگ و حەساسە لەکۆڵ خۆی بکاتەوە. هەرچەندە کاتی خۆی برجنێڤ وەڵامی دایەوەو ووتی:( **گەمژە ڕاستە ئیمپریالیزم شێرە پەرۆینە ، بەڵام باش بزانە کە ددانەکانی ئەو شێرە ئەتۆمیە** ) .

## جەنگی ماویزم و ستالینیزم

پاش ئەوەی ماو دەسەڵاتی چینی داگیرکردو، پاش ئەوەی پێویستی بە سۆڤێتنەماجەنگێکی ناڕەوایبەسەرسۆڤێتوتەواویکۆمۆنیستەکانی جیهاندا سەپاند. ماو بەشێکی زۆری داهاتی وڵاتی چینی دانابوو ، بۆ دروستکردنی گرووپی سیاسی سەربەچین لە جیهاندا. کە پاشتر پێیان دەووتن ماویستەکان . ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی لە چەندین شوێنی جیهاندا ، شەروپێکدادان لەنێوان گرووپە کۆمۆنیستەکان رووبدات. گرووپە ماویەکان لە سەرانسەری جیهاندا کاریان شەرو ئاژاوە نانەوەبووە ، زیاتر وەکوو گرووپێکی چەقۆکێشی سەربەچین کاریان دەکرد .هەرخەریکی شەرفرۆشتن بوون بەگرووپەکۆمۆنیستەکانی جیهان بەتایبەت ترۆتسکیست وکۆمۆنیستە رەسەنەکان. هەروەک چۆن سەدام و خومەینی و حافیز ئەسەدو سعودیە ، کۆمەڵێک گرووپی چەقۆکێشی سەربەخۆیان لە جیهاندا دروستکرد، چینیش بەهەمان شێوە. باشترین نموونەیان پۆل پۆتی کەمبۆدیایە ( کە پاشتر باسی لێوەدەکەین) . ئەم جەنگەش هەمووی لەخزمەتی ئەمەریکابوو، تەنانەت زۆرجار پێکەوە دژایەتی سۆڤێتیان دەکرد ، وەکوو لە کەمبۆدیادا دەرکەوت .بگرە هەموو ئەم هەرایەش پلانێکی ئەمەریکی بوو ، بۆ کزکردنی بیری شۆڕشگێری کۆمۆنیستی لەجیهاندا .

53 . لينين . الامبريالية اعلى مراحل الراسمالية. دار التقدم . موسكو.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ماویش باشترین یارمەتیدەری ئەمەریکا بوو، تەنانەت زۆرجاریش ئەو گرووپانە بە یارمەتی دارایی ئەمەریکا دروستدەکران ، بۆ ئەوەی دژایەتی گرووپە شۆرشگێرەکانی تری پێبکرێن .

## شۆرشی کلتووری  یان برسیکردن و جینۆسایدکردن

لە سەرەتای شەستەکاندا ماو هەرایەکی گەورەی نابوویەوەو، ناوی لێنابوو ( **شۆرشی کولتووری** ). ئەم هەرایەش زیاتر بۆ خۆسەپاندن و دامەزراندنی سیستەمێکی دیکتاتۆری دژە سۆڤێتی بوو. ئەوەبوو هەر لەسەرەتاوە کەوتە راونان و کوشتنی هەموو ئەوکەسانەی دژی ئەم بیرە سەقەتەی وەستانەوە. ئەم هەرایەش بریتی بوو لە کۆمەڵێک سیاسەتی سەقەت و دژە مرۆڤی ، کەبووبەهۆی مردنی زیاتر لە 16 ملیۆن کەسی بێ تاوانی چینی 54 . بەتایبەت جووتیاران و لادێنشینان ، گەورەترین قووربانی ئەم سیاسەتەی ماوبوون . لەهەمووی گاڵتەجاری تر ،ئەم سیاسەتەش بەناوی باشکردنی وەزعی جووتیارانەوە کرا ، کەچی ئەوان یەکەمین قووربانی  بوون. ماو ئیلهامی ئەم سیاسەتەی ، لە فاشیزمی ئیتالی و نازیەتی ئەڵمانیاوە بۆهات . ئەو دەیویست کولتوورێکی 5 هەزار ساڵەی چینی بە شەورۆژێک بگۆرێت . فاشیەکان و نازیەکانیش کاتێک هاتنە سەرکار بەناوی چاکسازی و گۆرانەوە ، ملیۆنەها کەسیان کوشت . باشترین حاڵەت مستەفا کەمالی توورک بوو، کاتێک هاتە سەرکار ، دەیویست توورکەکان وازلەکولتووری ئیسلامی بهێنن و بە زۆربیانکاتە ئەورووپی ئەم گەمژەیەش وایدەزانی بە گۆرینی تەربوش،بۆ کاسکێتی ئەورووپی مێشکی توورکەکان دەگۆرێت ، کەچی نەیزانی پاش زیاتر لە 80 **ساڵیش هێشتا توورک نەبوونەتە ئەورووپی !** . ماویش بەهەمان شێوە دەیویست بە سیاسەتێکی تۆقێنەرانەی کەمالیستانە، گەلی چینی بگۆرێت .



کردوو، یارمەتی زۆری عەسکەری و دارای وسیاسی دان . هەرئەمەش وایلێکردن،کە لەکوردستانی عێراقدا، جارێکی تر ڕۆڵی خۆیان بگێڕن چونکە ئێران ، سنوورێکی گرنگ بوو بۆ شۆرشی چەکداری لە کوردستانی عێراقدا . هەرلەبەر ئەوە حیزبە کوردستانیەکان ، بە زۆری ئێران ناچارکران ، لەگەڵ ماڵی مەلا مستەفا ڕێکبکەون .

### 6. شۆرشمان پێ نەکرێت ، شۆرشمان پێ تێکدەدرێت

ئیدریسی مەلامستەفا ، لەسەرەتای هەشتاکانەوە، ئەم تێزە نەگریسەی سەرەوەی ڕاگەیاند:

**( شۆڕشمان پێنەکرێت ، شۆڕشمان پێ تێکدەدرێت )** .

ئەمان هەر لەسەرەتاوە، ئیعلانیان کرد ، کەبۆ تێکدانی شۆرشی کوردستان هاتوونەتەوە. هەربۆیە ، رژێمەکانی ئێران و عێراق و توورکیا،کەوتنە یارمەتیدانی ئەمان.چونکە ئەوان هەمووکات شۆرشی کوردستانیان بەترسێکی گەورەبۆخۆیان دەزانن و، هەمووکات هەوڵی لەناوبردنی شۆرشی کوردستان دەدەن. جا ئەگەر لایەنێکی کوردی بێت و بەدەنگی بەرزهاواربکات ، من کارم تێکدانی شۆرشی کوردە ، ئیتر ئەمان چۆن یارمەتی نادەن . بەداخەوە لایەنە سیاسیەکانی تر هیچ گوێیان بەم تێزەی ماڵی مەلامستەفا نەدا. بەداخەوە ڕقی یەکێتی هەمووشتێکی لەبیربردبوونەوە .

### 7. مفاوەزاتی یەکێتی و بەعس

لەمێژووی سیاسی هەموونەتەوەو حیزبێکی سیاسی و شەڕێکدا ، مفاوەزات و(یان گفتووگۆ ) دێتە ئاراوە. مفاوەزات بریتیە لە **(قۆناغێکی گرنگ وچارەنووسسازی هەموو شەڕێک)**. هەمووکاتێکیش هێزی عەسکەری و سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەنجامیکۆتایی مفاوەزاتەکاندیاریدەکات. چەندە لایەنێک ، خاڵی بەهێزی هەبێت ، هێندەش توانای سەپاندنی مەرجی سیاسی خۆی بەسەر لایەنەکەی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شیانەوە( سولەیمانی موعەینی ) .ئەم شۆرشگێرە بەدەستی پیاوەکانی مەلامستەفا کوژراو ، تەسلیمی شای ئێران کرا،ئەوانیش بۆ چاوترساندنی کورد ، لاشەکانیان بە شارەکوردنشینەکاندا دەگێڕاند. پاش ئەوەی شا رووخا ، شۆرشێکی گەورە لە ئێران و کوردستانەکەیدا روویدا. لەوکاتەدا ، ماڵی مەلامستەفا زۆر وەزعیان خراپ بوو ، دەترساند رژێمی نوێ تۆڵەیان لێبکاتەوە. بەڵام پاش ئەوەی شۆرشی کوردستان دەستی پێکرد،ئەمان وەکوو جاران بوونەوەبە جاشی ئێران ئەوکاتە رژێمی ئیسلامی تازە دروستدەبوو، هێشتا لەکوردستاندا هیچ هێزێکی جاشیان نەبوو. بۆلەناوبردنی شۆرشی کوردستانیش ، پێویستیان بەهێزێکی جاشی کوردی هەبوو. ئەوکاتەش بەپەلە مەسعود خۆی گەیاندبووە لای سووپاسالارانی ئێران و ، پێی ووتبون: ( **ئێمە ئامادەیین لەدژی شۆرشی کوردستانی ئێران ، بە ماڵ و بەگیان شەرتان بۆ بکەین )**. ئەوەبوو ،پیاوەکانی بنەماڵە زۆر بێ شەرمانە کەوتنە گیانی خەڵکی ئێران و، بەربوونە گیانی خەڵکی هەژارو ستەمدیدەی کوردستان .زۆرجارئەمان لە سووپای ئێران خراپتربوون . لەشاری نەغەدە،هاتن لەگەڵ ئازەریەفاشیستەکاندا،گەورەترین قەسابخانەیان بۆ کوردی ئەوشارە دانا. بەداخەوە مێژوو،تەنها بەهێزەکان دەینووسنەوە. دەنا ماڵی مەلا مستەفا ، دەبوایە هەر لەبەر هیچ نەبێت ، لەبەر جاشایەتیان لە کاتی شۆرشی ئێران ، سزابدرێن . بەڵام لەبەر ئەوەی بەهێز دەسەڵاتی کوردیان داگیرکردووە، توانیوویانە ، بەشێکی زۆری مێژووی ڕەشی خۆیان بشارنەوە یان لەبیر خەڵکی بەرنەوە. لەپاش سەرکووتکردنی شۆرشی ئێران. رژێمی ئێران پاڵپشتیەکی زۆری ماڵی مەلامستەفای

---

*** ساڵی 1983 ، هێزێکی گەورەی یەکێتی بەسەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا ئەمین ، پەلاماری بارەگاکانی حشع یان لە گوندی پشت ئاشانی دا. یەکێتی کۆمەڵ کوژیەکی گەورەی لەدژی منداڵ و ژن و چەکدارەکانی حشع ئەنجام دا. کەپاشتر بە کوشتار یان کارەساتی پشت ئاشان ناوبانگی دەرکرد .**



## جووتیاران و لادێکان بۆ دۆزەخ، رۆژباش شارە جوانەکان



**شاری شەنگهای**

هەرپاش ئەوەی ماو و چەکدارەکان شارەکانیان داگیرکرد، یەکسەر لادێ و جووتیارانیان لەبیرچوویەوە. کاتێک تێکەڵی ژیانی ناوشار بوون ، نەک پاداشتی جووتیارانیان نەدایەوە، بەڵکوو دژایەتیشیان کردن .ئەمرۆ جیاوازی نێوان شارولادێکان، بەیەکێک لە کێشە گەورەکانی چین دەژمێرێت. هەرچەندە ئەمە بوو بە سیمای هەموو بزووتنەوە ماویستەکانی جیهان، لەسەرەتادا باسی شۆرشی لادێ بۆ شاردەکەن ، بەڵام کاتێک شارەکان داگیردەکەن ، هەرزوو لادێکان لەبیردەکەن .

## ماوستیتوونگ جیهانی دەرەوە

ماوتسیوونگ سیاسەتێکی تابڵێیت دڕندانەو ئەگرەسیڤانەیلەدژی سۆڤێت گرتە بەر.لەتەواوی جیهاندا کەوتەدژایەتیکردن وپلان دانان لە دژی سۆڤێت . لەڕووی نێونەتەوەیشەوە یارمەتی ئەو وڵاتانەی دەدا کە دژایەتی سۆڤێت دەکەن و،دژایەتی ئەو دەوڵەتانەشی دەکرد کە دۆستی سۆڤێت وکۆمۆنیستن . لەئاست ئیمپریالیزمی جیهانی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا ، زۆرنەرمونیان و ناسک بوو،ماوەیەکی زۆر ژێربەژێر پەیوەندیەکی شاراوەیان هەبوو، جۆرە بەرەیەکی دژە سۆڤێتیان دانابوو. تالە سەرەتای حەفتاکان ئەم پەیوەندیەیان ئاشکراکرد.لەئاست دەوڵەتانی جیهانی سێیەمیش ،پشتگیری چەندین رژێمی دیکتاتۆرو دڕندەو فاشیستی جیهانی دەکرد ، وەکوو عێراق و توورکیاو شیلی . لەئاست دەوڵەتێکی مەزنی وەکوو هیندستانیش ، کەوتە دژایەتیکردن و شەرپێفرۆشتن . گەورەترین یارمەتی فاشیستە پاکستانیەکانیان دەداو. بوون بە باشترین یارمەتیدەری ئەم وڵاتە وەحشیە دڕندەیە.

## تابووتی ماویزم

دیارە ماویزمیش وەکوو هەموو ڕەوتێکی نامرۆڤانەوە وسەقەت ، پاش مردنی رابەرەکەی ، ناچار هاورێکانی دان بەهەڵەدا دەنێن و واز لەم رەوتە سەقەتە دەهێنن. هەروەک چۆن پاش مردنی ستالین ، هاورێکانی کۆتاییان بە بیری سەقەتی ستالینزیم هێنا. لەچینیش پاش مردنی ماو، هاورێکانی کۆتاییان بە بیری سەقەتی ماویزیم هێنا. بەم جۆرەش جارێکی تر ئاسۆی رۆژێکی ڕووناک ، وڵاتە مەزن و کۆنەکەی چینی گرتەوە.هەر لەپاش مردنی ماو و، کۆتایی بەسیاسەتی ژینۆسایدکردنی مرۆڤ و مێژوو **( واتە سیاسەتی شۆرشی کوولتوری)** پێهێنرا. وائەمرۆ چین دەبینین ، کەچۆن بۆتە وڵاتێکی مەزن و، یەکێکە لە هێزە گەورەکانی سەدەی نوێمان. چین ئەمرۆ خاوەنی هێزێکی ئابووری وسەربازی وسیاسی مەزنە. دیارە ئەمەش پاش لەگۆڕنانی بیری ماویزم بەدەستهات.



ئێستا کەئەم هەموو گەنجە دەبینێت لەدەوری کۆبوونەتەوە، ئیتر چۆن تووشی نەخۆشی نابێت . مرۆڤ کاتێک لەپڕ ژیانی دەگۆڕێت، لەباش بۆ خراپ ، یان لە خراپ بۆ باش ، تووشی کۆمەڵێک نەخۆشی دەروونی دەبێت. یەکێتی هێندە لەخۆی گۆڕابوو ، خۆیان لێ بووبوە،هێزێکی گەورەی لەبن نەهاتوو. هەمووجارێک و،لەهەموو کۆبوونەوەو شەرێکدا، راگەیاندنەکانی یەکێتی، ئەم شیعرەی شێخ رەزایان دەخوێندووەوە.

**خزمینە نەکەن بچن بەگژ عەشرەتی جافا**
**واجاکە مێروولە خۆی نەکا بە گژ قوولەی قافا**

هەرچەندە یەکێتی خۆی بە حیزبێکی مارکسی لینینی دادەنا ، کەچی خۆی بەعەشیرەت جاف دەشووبهاند !!لەهەمان کاتیشدا، حیزبە کوردستانیەکانی تری لێبووبوە ، مێروولە و ، خۆشی لێبووبوە قوولەی قاف!!!!. یەکێتی هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوەتائەمڕۆ ، پەلاماری ( حسک ، پاسۆک ، حشع، پدک، کۆمۆنیستی کرێکاری ، پەکەکە، ئیسلامی ، حدک ، کۆمەڵەی ئێران )داوە . ئەمەش هەموو ناوبانگی یەکێتی لەناو خەڵکیدا خراپ کردبوو. لەهەمان کاتیشدا ، وایکردبوو هەموو حیزبە کوردستانیەکان ، لێی بترسن و بیر لە دروستکردنی بەرەیەکی فراوان لەدژی یەکێتی بکەنەوە، بەتایبەت پاش کارەساتەکەی پشت ئاشان* ، یەکێتی لەناوەوەو لەدەرەوەش ، ناوبانگی زۆر خراپی بۆ خۆی دروستکرد.

### 4 . جاشایەتی بۆ ئێران

جاشایەتی ماڵی مەلامستەفا بۆ ئێران زۆرکۆنە . بەتایبەت لەکاتی رژێمی شادا. لەتەواوی کوردستانی ئێراندا ، ماڵی مەلا مستەفا ، ناوبانگێکی زۆرخراپیان هەبوو. بەتایبەت پاش کوشتنی چەند سەرکردەیەکی شۆرشگێری کوردستانی ئێران ، لەپێش هەموو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## پۆلپۆتی کەمبۆدیا



پۆلپۆت یەکێکە لە هاوڕێ نزیکەکانی ماوتسیتوونگ . بەکوردیەکەی یەکێک بوو لە باشترین چەقۆکێشەکانی ماو. پۆلپۆت لە 19 مای 1928 لە هەرێمی Kompon لەدایک بووە. لەگەڵ داگیرکردنی ئیندۆشینا لەلایەن سووپا دڕندەکەی فەرەنساوە، بزووتنەوەیەکی چەکداری بەسەرۆکایەتی ( هۆشیمنە ) دەستی پێکرد. پۆلپۆتیش لەسەرەتادا خۆیخستە ناو ئەم بزووتنەوەیەوە. ساڵی 1946 دەبێتە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی کەمبۆدی . ساڵی 1949 بۆ 1953 دەچێت بۆ فەرەنساو لەوێ کۆلیژی تەکنیکی ،بەشی ئەلکترۆنی دەخوێنێت. پاشان دەگەڕێتەوە بۆ کەمبۆدیا ولەشاری Phnom Penhپێتەخت وەکوو ئەندازیارێکی ئەلکترۆنی کاردەکات . ساڵی 1960 دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی کەمبۆدی . پاش ئەوەی لەسەر چەند کێشەیەکی ئەخلاقی ودزی ،دەیانەوێت دادگایی بکەن، کەچی رادەکات و خۆی لە جەنگەڵەکانی کەمبۆدیا قایم دەکات . ناوی خۆی دەگۆڕێت بە ( برای ژمارە 1) و ، جەنگێکی پارتیزانی



چونکە کەسێکی زۆردیکتاتۆرو دڕندەیە. هەر ئەم کەرتبوونەش وایکرد ، کە جارێکی تر پارتی بێتەوە مەیدان . بۆنموونە بزووتنەوە، دووسەرکردەی گەورەی( عەلی عسکەری و د.خالید سەعید*) ، بەدڕندەترین شێوە لەلایەن ماڵی مەلامستەفاوە کوژران . کەچی جەلال تاڵەبانی هێندە تاڵی خستە ناودڵی بزووتنەوە ، تاوای لێکردن هەموو تاوانەکانی ماڵی مەلامستەفا لەبیربکەن و ، بچنە بەرەی پارتیەوە.

### 3. سیاسەتی شەڕەنگێزی یەکێتی

لەپاش سالانی هەشتاوە، لەکوردستاندا بوو بە باو، کاتێک شەڕ بکرایە ، خەڵکی نەیدەپرسی کێ و کێیە ، بەڵکوو دەیانووت ، **(یەکێتی و کێیە!)**. یەکێتی هێندە خۆی بەگەورە دەزانی ،هێندە لەخۆیان باییی بووبون ، لەگەڵ هەموو حیزبە کوردستانیەکان شەڕی دەکرد. هۆکاری سەرەکی ئەم شەڕانەش ، دەروونە نەخۆشەکەی جەلال تاڵەبانی بوو. جەلال پاش ئەوەی بەهەزاران کەس هاتنە ناوڕیزەکانی یەکێتیەوە ، لەخۆی بایی بوو. ئاخر ئەو هەمووکاتێک ، ژمارەی ئەوکەسانەی لەگەڵی بوون ، نەدەگەیشتە 100 کەس ، ئێستا بەجارێک هەزاران کەس دەبنە پێشمەرگەو،هەزاران کەس دەبنە تەنزیمی (رێکخستنی ناو شار) ، سەدەیا شاعیر شیعریان بەسەردا هەڵدەدات. ئەم هەموو شتانە بۆئەو شتێکی نائاساییی بوو. جەلال هەر فێرکرابوو ، بە ریسوایی و سەرشۆری لەناوخەڵکیدا باسی بکەن.

---

*** کاتێک لەهەکاری ( کەبە کارەساتی هەکاری ناسراوە) ، چەکدارەکانی ماڵی مەلامستەفا ، عەلی عەسکەری و د.خالید سعید دەگرن ، بەبڕیاری مەسعودی کوڕی مەلا ، ئەو دووشۆرشگێرە بە چەکی (ئار بی جی) دەکوژرێن . مەسعود ووتوبوی " پیاوی گەورە دەبێت بە چەکی گەورە بکوژرێت" مەسعود چونکە خۆی لەڕووی جەسەدی و سیاسی وئەخلاقیشەوە، پیاوێکی بچووکە، هەر بۆیە گرێیەکی ئێجگار گەورەی لەگەڵ پیاوی گەورە هەیە .**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەست پێدەکات. گرووپێک بەناوی ( **خمیری سوور** ) دادەمەزرێنێت. کەکاریان دزین و چەتەگەری دەبێت 54.

## سەرەتای تراژیدیاکان



**کۆڕەوی کەمبۆدیەکان بۆ وڵاتی تایلاند**

پاش شەرێکی خوێناوی لە 15 ئەپریلی 1975 ، سووپای خمیری سوور بەیارمەتی ( چین و تایلاند و ئەمەریکاو رۆژئاوا) ،Phnom Penh ی پێتەخت داگیردەکات و، رەسمیەن لە سەرەتای ساڵی 1976 وە دەبێتە سەرۆک وەزیرانی کەمبۆدیا. حکومەتێکی دڕندەو سەربازیانە دادەمەزرێنێت ، کە دەبێتە هۆی برسیکردن و راونان و ئاوەرەیی ملیۆنەها کەمبۆدی .حکومەتی خمیری سوور ، شێوە حکومرانیەک بوو، کە زیاتر لە ئەڵمانیای نازی دەچوو .

---

54. www.Wiekipedia.de.PolPot.

هەروەها سەیری

Microsoft Encarta. 2003.Pol Pot.



کە هیچ کاتێک بیر لە ، چارەنووسی نەتەوەیی و خزمەتکردنی گەل نەکەنەوە.هەر ئەم عەقڵیەتەشە بۆتە بەنزینێکی خوێناوی کەهەمووکاتێک ماڵی مەلامستەفا ، ئامادەن گەورەترین ئاگر لەدەواری سیاسی کوردبدەن . هیچ کاتێک سڵ لەئابڕووی سیاسی و ئەخلاقی ناکەنەوە. ئەوان گەلی کوردیان لامێگەلە، خۆشیان بە شوانی ئەم مێگەلە دەزانن. هەربۆیە هیچ کاتێک شەرم لە جاشایەتی و نۆکەری بۆ بێگانە ناکەنەوە . ئەوان واهەست دەکەن ، کە هەرچی بکەن ، دەبێت گەلی کورد ڕازی بێت . بەداخەوە تا رادەیەکی زۆرترسناکیش بۆیان چۆتە سەر.

## هۆکاری گەڕانەوەی ماڵی مەلامستەفا بۆ ناو مەیدانی سیاسی

### 1. سیاسەتی دیکتاتۆری جەلال تاڵەبانی

لەپاش هەرەس و نەمانی دێوەزمەی مەلامستەفا ، جەلال تاڵەبانی خۆی کردە وەریسی شەرعی مەلا مستەفا. ئەویش وای دەزانی ، گەلی کورد مێگەلە ، دەبێت هەموو سەری بەرزمان ، لەئاست ئەودا شۆربکەین . هەر ئەم سیاسەتە سەقەتەی جەلالیش بوو ، کەوای کرد خەڵکێکی زۆر باوەری بە شۆرش نەمێنێت ، یان بچێتە ژێرباڵی ماڵی مەلامستەفا وە .

### 2. شەڕی باڵەسیاسیەکانی ناویەکێتی

هەروەک لەپێشیشدا باسم کرد ، کە یەکێتی لەئەنجامی تێکەڵاوبوونی چەند باڵێکی سیاسی کوردی دروست بوو. ئەم گرووپە سیاسیانەش ، لەناو یەکدا ناتەبا و دژ بەیەک بوون . هەرئەمەش بوو بەهۆی کەرتبوونی ئەم حیزبە. لەلایەکی تریشەوە ، زۆرکەم کەس دەتوانێت ، کاری سیاسی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی بکات .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**شفرەی هەرەسیان حەل ئەكرد**
**لەو دەمەدا ، لەسەر شەقامی پەهلەوی ، لەخانەدا**
**چاومان لێ بوو، جرتیان بۆ هەندرێن لێ داو**
**كێریان نیشانی زۆزگ دا** 14 .

هەروەك لەپێشدا باسم كرد ، ماڵی مەلامستەفا پاش هەرەس ، بەروە ئەمەریكا ڕایان كرد . مەلامستەفا بە دەمی خۆی بەیەكێك لەرۆژنامەكانی ئێرانی ووت :( **كاری من لێرەدا تەواوبوو، من وازلەسیاسەت دەهێنم**) . بەڵام كاتێك زانیان كەوا شۆرشی كورد زیندووبۆتەوە، جارێكی تر دەستیان دایەوە پیلان گێران لەدژی شۆرشی نوێ . ماڵی مەلامستەفا بە شێوەیەكی بازرگانی سەیری كێشەی كورد دەكەن. ئەوان وادەزانن ، كە كورد گەلێكی گێلە ، ژن و پیاوی سیاسی تێدانییە، جگە لەكوڕەكانی مەلامستەفانەبێت. ئەوان وەكوو دوكاندارێك سەیری سیاسەت دەكەن. وادەزانن هەر حیزبێك كەدروست بوو ، بازاڕی ئەمان دەخاتە خەتەرەوە ، هەربۆیە زوو هەوڵی لەناوبردنی دەدەن . ماڵی مەلامستەفا ، بەحوكمی ئەوەی سەرۆكایەتی خێڵێك دەكەن ، مۆڕاڵی خێلایەتی زاڵە بەسەر بیرو ویژدانیاندا. ئەوان هەمووكات فێری ئەوەبوون ، خەڵكی وەكوو غولامەكانی خۆیان سەیربكەن . تەنها فێری ئەوەبوون ، كەخەڵكی پێیان بڵێت:" **ئەزبەنی !!**" . لەبەر ئەوە ، هیچ كاتێك فێری ئەوە نەبوون كە خۆیان لەئاست خەڵكی تردا دابنێن . ئەوان فێركراون تەنها ئاغا بن و خەڵكی تر سەپان و غولامی ئەوان بێت . هیچ كاتێك مێشكی بچووكی ئەوان ، ناتوانێت ، بۆتەنها چركەیەكیش گوێ لە ڕەخنەیەك بگرێت. بەڵكە ڕەخنە لای ئەوان تاوان و سەرپێچیە هەربۆیە پێویستە سزابدرێیت. هەر ئەم عەقڵیەتەشە وایكردووە

14. .شێركۆ بێكەس. دیوانی هەڵۆ. یەكێتی نووسەرانی كورد. چاپخانەی شەهید جەعفەر. 1986. شیعری پیاو. لاپەڕە . 30.



ئەم حكومەتە بە یارمەتی ئەمەریكاو چین دروست بوو، لەدژی سۆڤێت و ڤێتنام دایان مەزراند . لە ژێرسایەی حكومەتی پۆل پۆت ، زیاتر لە 2 بۆ 4 ملیۆن كەس گیانیان لەدەست دا. بەملیۆنەها كەسیش ئاوارەی وڵاتان بوو. ئەم چەتەگەریەی خمیری سوور بەدیار چاوی جیهانەوە دەكراو،جیهانیرۆژئاواش،چاویان لە تاوانەكانیئەم فاشیستانە پۆشیبوو 55 . چەتەگەری پۆلپۆت دژی ژنان و منداڵان لە جیهاندا دەنگی دایەوە. هەر ناوی پۆلپۆت بوو بە سیمبۆڵێكی خراپی سیاسی . ئەم چەتەگەریەی پۆلپۆت بەردەوام بوو تاساڵی 1979 ، بەیارمەتیڤێتنامیەقارەمانەكان،كەمبۆدیەكان توانیانحكومیپۆلپۆت بڕووخێنن. لی پۆلپۆت و خمیری سوور ، وازیان لە خەڵكی ستەمدیدەی كەمبۆدی نەهێنا ، وەكوو گرووپێكی چەتەگەری و چەكدار ، دەستیان دایە شەرێكی خوێناوی دژی حكومەت و گەلی كەمبۆدی . تەنها لە سەرەتای ساڵی 1980 دا ، زیاتر لە 300 هەزار كەمبۆدی لەترسی چەكدارەكانی خمیری سوور،بەرەو سنوورەكانی تایلاند رایان كرد 56. لەساڵی 1982 بە سەرپەرشتی ئەمریكاو چین ، هاوپەیمانیەكی نوێ لەنێوان پۆلپۆت و میری كەمبۆدیا ( سیهانۆك) پێكدەهێنرێت . ساڵی 1985 پۆلپۆت وازلەسەرۆكایەتی خمیری سوور دەهێنێت . هەرچەندە چەندین پڕووپاگەندەی زۆر كرا كە گوایە مردووە ، لێ هیچیان ڕاست نەبوو . تاله 15 ئەپریلی 1998 دا ، خمیری سوور رەسمیەن بەیانێكی دەركردوو تێیدا مردنی پۆلپۆتی ئیعلان كرد .

Kral-Heinz .Geschichte Kampodschas.C.H.Beck.Verlag .München..55
2003.S148.

56. هەمان سەرچاوە. لاپەرە .153



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com



**چەکدارەکانی خمیری سوور**

## هەوڵەکانی ئاشتی

چەندین هەوڵی ئاشتی لەچەندین لایەنی جیاوازەوە درا ، لێ هیچ کامیان سەرکەتوونەبون. تالەهاوینی 1997 بەسەرپەرشتی کۆمەڵەی وڵاتانی باشووری ئاسیا (ASEAN ) ، ڕیکەوتنێکی ئاشتیانە لە نێوان حکومەت و خمیری سوور بەسترا و، بەم شێوەیەش سەرەتایەک بۆ کۆتایی بە تراژیدیاکانی جەنگی ناوخۆ هێنرا. لێ هەتاوەکوو هەواڵی مردنی پۆلپۆت بڵاونەکرایەوە، هەر ترسی جەنگ هەبوو.
هەرچەندە ئەم شەڕەش شەری وڵاتە زلهێزەکان بووبەتایبەت سۆڤێت وئەمەریکا.دەتوانین‌بڵێین گەلی‌کەمبۆدیش یەکێک بوولەقووربانیەکانی جەنگی ساردی نێوان ئەمەریکاو سۆڤێت 57 .

---

57. PeterJ.Optiz.Frieden f**ür kambodscha . Peter Lang. Verlag**
**Frankfurt am Main. 1991. S116**



بەشێکی زۆری خەڵکەهەژارو گێلەپیاوەکانی ماڵی مەلامستەفاش لەتاران "کەرەج" خەریکی کاسپی بوون. لەوکاتەدا بەگشتی خەڵکی کوردستان لەماڵی مەلامستەفا پڕبوون ، ەتایبەت گەنج و نووسەران . هەموو ئەم بنەماڵەیان بە ، کوردفرۆش و نۆکەری بێگانە دادەنا. سەیر لەوەبوو، ئەو شاعیرانەی کەتادوێنی ، شیعریان بۆ مەلامستەفا دەووت و، بە کاوەی ئاسنگەر و شێخ مەحموودیان دەشوبهاند، کەچی کاتێک ئەسپی مەلامستەفا ، لەتاودان کەوت و ، پارەنەما،ئەم شاعیرانە کەوتنە هێرش بردن بۆ ئەم بنەماڵەیە. شێرکۆ بێکەس ، بۆئەوەی دڵی سەرانی یەکێتی لەخۆی ڕازیبکات ، هات شیعرێکی لەدژی ماڵی مەلامستەفا نووسی . دیارە هەمووکاتێک شاعیر ئازادە هەڵوێستی خۆی بگۆڕیت و،لەئاست ڕووداوەکاندا ، بەشیعر هەڵوێستی خۆی دیاری بکات. لی زۆرپێویستە کاتێک مرۆڤ هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێت ، ڕوونکردنەوەیەک ، یان دان بەهەڵەبوونی خۆی بنووسێت و، جارێکی تر ئەو هەڵەیە دووبارە نەکاتەوە.
شێرکۆ لە داستانی هەڵۆی سووردا ، بەم شێوەیە وەسفی ماڵی مەلامستەفا دەکات :

**ئێوە ئەی گەورە پیاوینە**
**پیاوانی دز، پیاوانی پووت**
**چاومان لێ یە**
**لەناولنگی تارانەوە سەردەردێنن**
**لەگەڵ خۆتانا وەک جانتای ڕەشی دەستان**
**ئوتێل ئوتێل ، شەقام شەقام**
**ڕوو زەردیتان ئەگەڕێنن**
**چاومان لێ یە . بەڕیز جامانە دائەگرن**
**لەودەمەدا پیاوانی خوێن و هەتاو دز**
**لەناولنگی سۆزانییەکانی تاران**
**لاسلکی یان بۆ یەک ئەکرد**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گرنگ بۆ گەلی عێراق!! 12) دانابوو. هەروەها بزووتنەوەی کوردیشی بە ( التمرد اليمينى الرجعى المسلح) ناوبردبوو، وپاشانیش داوای ، (تصفية التمرد الرجعى ، کردبوو13 ) . ئەم تقدمیانە!! پاش ئەوەی بەعس تێیان بەردبوو، هانایان بۆ رجعیە!! کوردەکان هێنا. کەچی هێندە بێ شەرمبوون،نەهاتن بە بەیانێک یان روونکردنەوەیەک ، لەسەر بەرەی سیاسی خۆیان وبەعس بدوێن و، داوای لێبووردن لەگەلی کوردبکەن . هیچ حیزبێکی شیۆعی جیهان ، هێندەی حیزبی شیۆعی ، سازشکارو ترسنۆک نەبووە لەئاست بۆرجوازیدا. هەمووکات هەولێداوە، بەهەر شێوەیەک بووە، دڵی بۆرجوازی و فیئوودالی عێراقی و کوردی ،لەخۆی ڕازیبکات . هیچ کاتێک بیری لە شۆرشی جەماوەری و دەسەڵاتی شورایی نەکردۆتەوە. هیچ حیزبێک هێندەی حشع ، حەزی بە دیوەخانی بۆرجوازی نەبووە. هیچ حیزبێک هێندەی حشع ، حەزی بەبەرەی بۆرجوازی نەبووە. ئامادەبووە هەمووکاتێک ، لەسەر بچووکترین کورسی دەسەڵاتی بۆرجوازی دابنیشێت. هیچ حیزبێکی شیۆعی ، چێژی لە شەقی بۆرجوازی وەرنەگرتووە ، جگە لە حشع.

## هاتنەوەی بنەماڵەی مەلامستەفا بۆ ناو مەیدانی سیاسی کوردستان

ماڵی مەلامستەفا ، پاش ئەوەی شۆرشێکی گەورەی کوردیان بە شای ئێران فرۆشت ،رووی ئەوەیان نەبوو لەئاوەدانی کوردستاندا دابنیشن. ئەوەبوو بە ماڵ ومنداڵەوە ، بەرەو ئەمەریکا ڕایانکرد.

---

12. . . نەوشیروان موستەفا ئەمین . پەنچەکان یەکتری دەشکێنن. دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین .1997. لاپەڕە .28 .

13. هەمان سەرچاوە. لاپەڕە 29 .



بەگشتی جەنگی ناوخۆی کەمبۆدیا ، یەکێکە لە جەنگە ترسناکەکانی جیهان . بە دڵنیاییەوە بەم چەند دێرەی من ناتوانین بەتەواوی باسی تراژیدیازۆرەکانی گەلی قارەمانی کەمبۆدی بکەین . لێ نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت ، کەئەم جەنگە ترسناک وخوێناویەش ، دیاری بزووتنەوەی چەکداری و ئەمەریکاوئیمپریالیستیجیهانی و ماوتسیتوونگ بوو بۆ بەشەریەت. هەربۆیە زۆر جێگای داخە کە زۆرجار مێژوو ، بە هەڵە پیاوانی وەکوو ماوتسیتوونگ وپۆلپۆت دەکاتە شۆرشگێرو ئازادیخواز. لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە ، کەئەم کەسانە سەردەمانێکی زۆر ، خەڵکی بەگشتی و هەژارو کرێکاریش بەتایبەتی باوەریان پێدەکەن . خەڵکی هەژارو کرێکار و هەمووکاتێک، دڵیان بەهەمووکەسێک خۆش دەبێت ، گەر لەم زەریای ناعەدالەتی و نامرۆڤیەی سەرمایەداری ڕزگاریان بکات.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## چەقۆکێشە فەلەستینیەکان



یەکێک لەو بزووتنەوانەی کەلە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا پەیدابوو، بزووتنەوەی چەکداری فەلەستینی بوو.لەپاش جەنگی(شەش رۆژە*)ی ساڵی 1967 ،دۆڕاندنی عەرەبەکان بە دەوڵەتی ئیسرائیل ، کۆمەڵێک بزووتنەوەی توندرەوی ناسیۆنالیستی و ئایدۆلۆژی دروستبوون.لەناو فەلەستینیەکاندا، چەندینبزووتنەوەیجۆراجۆرپەیدابوو،کەهەموویان دەوڵەتە عەرەبیەکانیان بە ناپاکی و ترسنۆکی لەقەڵەم دەداو، خۆیان بەخاوەنی سەرەکی کێشەکە دەزانی .

*

لە 1967.06.05 هەر چوار دەوڵەتی عەرەبی ( میسرو سووریا وئوردون و عێراق) ، پەلاماری دەوڵەتی ئیسرائیلیان دا. ئیسرائیلیەکان زۆرقارەمانانە هێرشەکەی عەرەبیان شکاند و بەشێکی زۆری وڵاتانی عەرەبیان گرت . (هەموو نیمچە دوورگەی سینا، گردۆڵکەکانی جۆلانی سووری ، قودسی رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئوردون "زفەی غربی" .) جگە لەتێکشاندنی بەشێکی زۆری لەشکرە دڕندەکەی عەرەب . دەبێت ئەوەش بڵێم ، کەئەم شەرە بەیەکێک لەشەرە بەناوبانگەکانی جیهان دەژمێردرێت و، گەلی ئیسرائیلیش قارەمانیەکی بێ وێنەیان بۆ خۆیان تۆمارکرد.



بە خوێنی ئەو شەهیدانە نەداو ، چوون بەرەیان لەگەڵ بەعس دروست کرد. پاش ئەوەی بەعس شۆرشی کوردی لەناوبرد، ئینجا کەوتە گیانی ئەمان . ئەوەبووساڵی 1979 قەسابخانەیەکی تری بۆ دامەزراندان و بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەو حیزبەی لەناوبرد.
بەشێکی کەمی ئەندامانی کوردستانیان ، مابوون بەردەستی بەعس نەکەوتن . هەرپاش قەسابخانەکەی بەعس ، کۆمەڵیک لەئەندامانی کوردستانیان ، بیریان لە شاخ کردەوە. مەلا ئەحمەد بانیخێڵانی ، توانی بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەوحیزبە لەدەستی بەعس رزگاربکات. سەیر ئەوەیە، ئەو بەرێزە لەبیرەوەریەکانیدا، باسی هەمووشتێک دەکات ، بەڵام تاکە شت کەباسی لێوەناکات ئەوەیە ، بۆچی حیزبەکەیان گەیشتە بەوئەنجامەو، بۆچی بەرەیان لەگەڵ بەعس دروستکرد؟؟!!11 .
هەتاوەکوو ئەمرۆش حیزبی شیۆعی ، داوای لێبووردنی لەگەلی کورد نەکردووە، بەرامبەر بەو تاوانەی کە لە دژی گەلی کورد کردی. حیزبی شیۆعی شان بەشانی بەعس ، لەیەک بەرەدابوون و، دژی گەلی کورد شەڕیان دەکرد. لەئایاری 1976، حشع ، کۆنگرەی سێهەمی لەشاری بەغدا بەست. ئایائەمەگەورەترینگاڵتەجاری نییە، حیزبێک کەلە 1934 وە دامەزرابێت، تەنها سێ کۆنگرەی حیزبی کردبێت!!. ئەمەش نیشانەی دواکەوتووی و هەژاری هزری سیاسی ئەوحیزبە یە. عزیز محەمەد،لەووتاری سیاسی حشع داپاش ئەوەی کۆمەڵێک وەسفی بەعسی خوێنمژی کردبوو،ئەوجا کەوتبووەهێرش بردنبۆسەربزووتنەوەی کوردی.رێکەوتنی جەزائیری،بە(دەستکەوتێکی

10 حەمەسەعید حەسەن. بۆ پیاوە پووتەکان .بنەکی خەرمانەچاپی یەکەم . 2001 . شیعری ڕازو گلەیی . لاپەڕە . 24

11 . ئەحمەد بانیخێڵانی . بیرەوەریەکانم . ستۆکهۆڵم . 1997 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەڵەی گەورەی سیاسی کرد . لێ جارێکی تر توانی سوود لەدواکەوتووی هاوڕێکانی وەربگرێت وخۆی قووت بکاتەوە.

## دیسانەوە شەڕی براکوژی

لەپاش هەرەس ،جارێکی تر سەرکردەی حیزبە کوردستانیەکان دەستیان کردەوە بەکاری جارانیان (شەڕی براکوژی). هەرلەپاش کەرتبوونی یەکێتی و، جیابوونەوەی بزووتنەوە لێی و،دروستبوونی حسک،یەکسەر شەری براکوژی دەستی پێکردەوە. هۆکاری سەرەکی ئەم شەرەش ، دوومەسەلە بوون . یەکەم : گوومرگ . دووەم : شەری شەخسی سەرکردەی حیزبەکان . کەچی زۆرجار بەناوی جیاوازی ئایدۆلۆژی!!!! خەڵکیان دەدا بەکوشت. مەسەلەی گوومرگ و ئەوپارەیەی کە لەدەوڵەتانی دۆستی کورد ، بۆ شۆرش دەهات، تەوەری سەرەکی شەڕەکان بوو. ئەم دووخاڵە هەمووکات ، لەرێکەوتنەکان و دانیشتنەکاندا تەوەری سەرەکی بوون 9.

**ڕاکردنی حیزبی شیوعی بۆ کوردستان**

**من خۆم حیزبێکی ماسۆشیم**
**تینووی دارو شەق و قامچیم**10.

حیزبی شیوعی ، بە فەتوای مۆسکۆ ، ساڵی 1973 بەرەیەکی سیاسی لەگەل رژێمی بەعسدا بەست . ئەوبەعسەی کەساڵی 1963 ، لەماوەی هەفتەیەکدا ، زیاترلە 20 هەزار ئەندامی شیوعی کوشت . کەچی سەرکردەکانی ئەم حیزبە هێندە بێ ئابرووبون، هیچ گوێیان

9. هەمان سەرچاوە. لاپەرە 89



هەرئەمەش بوو بەهۆی دروستبوونی گیانێکی شۆرشگێری لای فەلەستینیەکانی دەرەوەی ئیسرائیل،بەتایبەتئەوانەیلەئۆردووگاکانی ئوردون ولوبنان دەژیان.هەرچەندەپێشتریش چەند هەوڵێک درابوو،بۆ کۆکردنەوەی هێزە سیاسیەکانی فەلەستین، بۆنموونە لە مای( مانگی 5) ساڵی 1964 لەشاری قودسی رۆژهەلات ، کۆنگرەیەکی گەورە بەسترا و ، کەئامانجی دروستکردنی رێکخراوێک بوو ، کەهەموو پارت و لایەنە جیاوازەکانی فەلەستینی کۆبکاتەوە.هەرلەو رۆژەدا ئیعلانی ( رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی ) راگەینرا58. لەساڵی 1974 وە، پاش کۆبوونەوەی کۆمکاری عەرەبی لەشاری ریباتی مەغریب، ئەم رێکخراوە کرایە نوێنەری شەرعی گەلی فەلەستینی 59 . لەپاش ساڵی 1968 وە ، ئەم رێکخراوە دەستی کرد بەکاری تیرۆریستی و چەکداری لەدژی دەوڵەتی ئیسرائیل ، هەتا لە 13 سێپتەمبەری 1993 کۆتایی بەجەنگ هێناو،بەسەرپەرشتی ئەمەریکا ،رێکەوتنێکی ئاشتیانلەگەڵ ئیسرائیل مۆرکرد.لێ پاشان ئەمرێکەوتنەسەرنەکەوت و،لە سێپتەمبەری2000وەجارێکی تر شەروپێکدادان دەستی پێکردەوەو هەتاوەکوو ئەمرۆش هەربەردەوامە .

## شەڕ و ئاژاوەکانی گرووپە فەلەستینیەکان

تاسالانێکی زۆرلەتەواوی جیهاندا،هەرچی کارێکی تیرۆریستی بکرایە راست ئاماژە بۆ فەلەستینیەکان دەکرا. کێشەکە لەوەدا بوو ، کەهیچ کاتێک فەلەستینیەکان ترسیان لە ناوزراندن و شۆرەتی خراپ نەدەبوویەوە.کەئەمش لە کوولتوری عەرەبیەوە بۆیان ماوەتەوە.

58.www.Wiekipedia.de.PLO
هەروەها سەیری
Microsoft Encarta. 2003.PLO
59. هەمان سەرچاوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەرچی شێوازی ناشرین و ناشارستانی هەبوو ، لەدژی گەل و دەوڵەتی ئیسرائیلی بەکاریان دەهێنا . بەشێوازێکی زۆر فاشیستانە و نازیانە،هەڵسووکەوتیان لەگەڵ هەموو گەلی جوولەکە دەکرد. هەرئەمەش بوو بەهۆی ناوزڕاندنی شۆرشی گەلی فەلەستینی لەجیهاندا.

## ئەیلوولی ڕەش

ئوردون وڵاتێکی بچووکی عەرەبیە ، کەبەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی خەڵکی غەیرە ئوردونین وفەلەستینیەکان بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئوردونی پێکدەهێنن . هەرئەمەش بوو بەهۆی دروستبوونی چەندین کێشە لەنێوان فەلەستینی و ئوردنیەکاندا. هەمووکات ئوردونیەکان بەچاوێکی سووک وخراپەوە سەیری فەلەستینیەکان دەکرد . فەلەستینیەکان لە خراپترین باری ژیاندا دەژیان و ، لە زۆر رووەوە پشتگوێخرابوون و ماڤیان دەخوورا . لەهەمان کاتیشدا بوونی رێکخراوێکی تووندرەوی وەکوو (PLO)، هێندەی تر کێشەکانی ئاڵۆزترکرد .

سەرکردەکانی فەلەستین لەپێش هەمووشیانەوە ( عەرەفات) پێیان وابوو،هەتائوردون لەدەستی شاحوسێن ڕزگارنەکەن،ناتوانن فەلەستین رزگابکەن . ئەوان شاحوسێنیان بە پیاوی ئینگلیزو ئەمەریکا دەزانی و، بە یەکێک لە رێگرە گەورەکانی کێشەی فەلەستینیان دەزانی. لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە خراپەی هەردوولا ، لە سێپتەمبەری 1970 دا جەنگێکی خوێناوی لەنێوان چەکدارەفەلەستینیەکان و سووپای ئوردون ڕوویدا . دیارە ئەو کاتە سووپای عێراقیش لەوێ بوو ، یارمەتی ئوردونیداو،دەستێکی زۆرخراپی لە فەلەستینیەکان وەشاند. ئەم شەرە بوو بەهۆی کوژرانی هەزارن کەس و، دەرکردنی زیاتر لە 1 ملیۆن فەلەستینی لەو وڵاتە عەرەبیەدا .



## دکتۆر مەحموود عوسمان

لەپاش ئەوەی مەکتەبی سیاسی پارتی ، لەگەڵ مەلا مستەفا جیابوونەوە، کەسێکی سیاسی و رۆشنبیر لای مەلامستەفا نەمایەوە. هەروەک دەیانووت ، کەس نەمابوو زمانی ئینگلیزی بزانێت.

دکتۆرمەحمود بەحوکمی ئەوەی کەمێک زمانی ئینگلیزی دەزانی و، لەهونەری ماستاویشدا دەستێکی باڵای هەبوو، مەلامستەفا لەخۆی نزیک کردەوەو ، کردی بە سکرتێری پارتی .

مەلامستەفا ، زۆرجار لەجیاتی خۆی دەینارد بۆ بەغداو ، بوو بەسەرۆکی وەفدی مفاوزی کورد. هەر لەپاش ئەوە ، ناوی ئەم پیاوە هاتە ناو مەیدانی سیاسی کوردەوە. لەپاش هەرەس وویستی جارێکی تر پارتی دروستبکاتەوە، ئەوەبوو بەناوی ( قیادە موەقەتە، پارتی دیمۆکراتی کوردستان ) دوکانێکی دانابوو. لێ پاشان هەرەسی هێنا ، چونکە ماڵی مەلا مستەفا خۆیان هاتنەوە مەیدان. لەبەرئەوەی حسک ، کەسیان نەبوو زمانی ئینگلیزی بزانێت ، هێنایان کردیان بە سەرۆکی خۆیان . دکتۆر مەحمود **(بەحوکمی ئەوەی کورتە باڵایەوە ، لووتێکی گەورەو سەرێکی کەچەڵی هەیە، هەمووکات هەستی دەکرد کەخەڵکی پێی پێدەکەنن)**. بۆیە هەمووکات حەزی لە (فێڵبازی ) بوو لەگەڵ خەڵک. جگە لەوەش تووشی گرێی ( گەورەیی ، عظمة) بوو. زۆرجار واهەستی دەکرد کەشتێکی گەورەیە . ئەم گرێیەشی تووشی

8. فاتح رسول . صفحات من تاريخ كفاح الشعب الكردي . ترجمة . كمال غمبار . الجزء الاول . وزارة الثقافة . السليمانية.2005 . ص 71 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**ڕەوت گورجوگۆڵ،**
**ماسوولکەی ڕان وەک بەرد پتەو،**
**ئێوە کەستان هەر نەبوو بوون**
**کە ئەو پیاوە،**
**پڵنگێکی ناو لێڕەوار وبێشە بوو. 7**

## دروستبوونی حسک

دیارە زۆرکەس پێی وابوو ، پاش هەرەس ، پێدەچێت جارێکی تر شەڕی براکوژی نەبینینەوە. بەڵام بەداخەوە وادەرنەچوو. بەڵکە هەر پاش چەند ساڵێک لەدروستبوونی یەکێتی . باڵێکی ئەو بەرەیە قاش بوو ،خۆی لەیەکێتی جیاکردەوە. دیارە ئەوکاتە بزووتنەوەی سۆسیالیست ، بەسەرۆکایەتی ڕەسول مامەندو مەحموود سۆرانی ، دەبرا بەرێوە. پاش ئەوەی لەگەڵ جەلال تێکچوون ، لە 21 نەورۆزی 1979 ، ئیعلانی جیابوونەوەیان لەیەکێتی ڕاگەیاند8. پاش ماوەیەکی تر ، حیزبی سۆسیال دیمۆکراتی کوردستانیان کەبە(حسک) ناسروان ڕاگەیاند. هەر لەسەرەتاوە ، حسک لەکۆمەڵێک مەسئوولی چەکداری شۆرشی ئەیلوول پێکهاتبوو. جگە لەوەش کۆمەڵێک خەڵکی خێڵەکی و دەرەبەگیان لەخۆکۆکردبوەوە. ئەم حیزبە لەسەرەتای هەشتاکاندازۆر بەهێزبوو، بەتایبەت لەناوچەکانی شارەزوور ودەشتی هەولێر.لێ پاشان یەکێتی بەزۆری چەکداری لەم ناوچانەدا دەریپەڕاندن و،ڕۆڵیان وەکوو جاران نەما. بەشی زۆری ئەندامانی ئەم حیزبە ، لەخەڵکانی نەخوێندەوارو سەرۆک خێڵ و چەقۆکێشەکانی ناوشار پێکهاتبوو. هەر ئەم پێکهاتەشی ، گورزێکی زۆر گەورەی لەحیزبەکە داو ، نەیهێشت پێشبکەوێت .

7.شێرکۆ بێکەس. دیوانی هەڵۆ. یەکێتی نووسەرانی کورد. چاپخانەی شەهید جەعفەر. 1986. شیعری پیاو. لاپەڕە . 151_152 .



ئەوەی جێگای ئاماژەیە ، هەندێک سەرچاوە دەڵێن ، کە شاحوسێن ئەم کارەی بە فیتی ئیسرائیل و ئەمەریکا کردووە . ئەم جەنگە ماڵوێران و خۆتڕێنەی PLOش ، یەکەمین سفتاحی سیاسی بوو بۆ گەلی قووربەسەری فەلەستینی .

## سووتاندن و وێرانکردنی لوبنان

وڵاتی لوبنان یەکێکە لە وڵاتە جوانەکانی ڕۆژهەڵات . ئەم وڵاتە کەلەچەندین نەتەوەو ئایینی جیاواز پێکهاتووە، هەمووکاتێک جێگای چاوی تەماعی هێزە کۆڵۆنیاڵی و ناوچەیەکانی بووە، بەتایبەت دەوڵەتی سووریا . پاش ئەوەی عەرەفات و چەکدارەکانی ، شاحوسێن (بەیارمەتی سووپای عێراق) لە ئوردون ڕاوینان، ئینجا نۆرە گەیشتە وڵاتی لوبنان. پاش ئەوەی لە قاهیرە ڕێکەوتنی ئاشتی لەنێوان شاحوسێن وعەرەفات،بە سەرپەرشتی عەبدول ناسرمۆرکرا.ناسروەکوو ئەوەی لوبنان کەلاوەبێت،ڕێگای دا بە فەلەستینیەکان،لە لوبنانەوە پەلاماری‌دەوڵەتی ئیسرائیل بدەن،چونکە ئەوکاتە نەمیسرنەسووریا نە ئوردون ، نەیاندەوێرا لە سنوورەکانی خۆیانەوە، ئاژاوە و شەر لەگەڵ ئیسرائیل بنێنەوە. لەبەر ئەوەی لوبنانیش دەوڵەتێکی بچووک بوو ، ئەم ناعەدالەتیەیان بەرامبەر کرا . لەساڵی 1975 وە فەلەستینیەکان،وڵاتی لوبنانیان تووشی گەورەترین نەهامەتی کردوو جەنگێکی ناوخۆیان بۆ دروستکرد و ئەم وڵاتە جوانەیان بەتەواوی وێران کرد . تاساڵی 1982 سووپای ئیسرائیل بەسەرۆکایەتی ئیرێل شاروون ، توانی عەرەفات  لەم وڵاتە دەرپەڕێنێتە دەرەوەو ، بەرەو باکووری ئەفەریکا ( تونس) ڕاوینا . جەنگی ناوخۆی لوبنان ، ماڵوێرانیەکی گەورەبوو . کەبوو بەهۆی سووتاندو نوێرانکردنی ئەم وڵاتەجوان.زیاترلە100هەزارکەسیش بوونە قووربانی ئەم جەنگە. جگە لە ئاوارەبوونی زیاتر لە 1 ملیۆن لوبنانی60.

Noam Chomsky.Media Control.Europa .Verlag.Hamburg .2003.S50.60



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەبێت ئەوەش بڵێم کە ژیانی **ئاوارەفەلەستینیەکانیش** هێندەی تر خراپتربوو ، هەتاوەکوو ئەمڕۆش ، لوبنانیەکان بەچاوێکی ئێجگار ڕق وکینەوە ، سەیری فەلەستینیەکان دەکەن . چونکە بە سەبەبکاری وێران بوونی وڵاتەکەیانیان دەزانن .

## یاسر عەرەفاتی دیکتاتۆر و گەورە چەقۆکێشی عارەب



موحەمەد عەرەفات ، لەساڵی 1929 لەشاری غەزە لە ئیسرائیل لەدایک بووە . پاش چوار ساڵ دایکی دەمرێت ، خزمەکانی دەیبەن بۆ قودسلەوێ لای ئەوان دەژی.پاشان دەچێتە لای خزمەکانی لە قاهیرە (پێتەختی میسر) دەژی و، ساڵی 1958 کۆلیژی ئەندازیاری لەزانکۆی قاهیرە تەواودەکات. هەر ئەو ساڵە لە دەوڵەتی کوێت ، لەیەکێک لەکێڵگە کشتوکاڵیەکاندا ، عەقدێکی کاری دەستدەکەوێت . دیارە لە کوێت وەزعی ژیانی زۆرباش دەبێت لەڕووی داراییشەوە ، پارەیەکی باشی دەستدەکەوێت . هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ ئەبووجیهان و چەند



**"پەیامێکی ئاگرین"** دەفەرمێت:

**وروکاس و ،**
**سەرگەردان نیم**
**دەستەمۆی ئەشکی گریان نیم**
**هەرچەند،**
**بەئازار تەزیووم**
**سەربزێو بووم نەبەزیووم** 6

دەبێت هەمووکات بەچاوی ڕێزەوە سەیری بەرهەم و کارە بەنرخەکانیان بکەین.ئەوەی ئەوان لەوکاتەدا کردوویانە، وەک ئەوە وابووە ، شەڕ لەگەڵ دڕندەیەکی کێویدابکەیت. بەعسێکی فاشی ، کەهیچ قیەمێکی ئەخلاقی و ئینسانی نەبووە، ئەم شاعیرە بەڕێزانە لەوکاتەدا ، لەدژی ئەورژێمە خوێناویە دەجەنگان . کەئەمەش کاری تەنها پاڵەوانەکانە. بەڵام لەپاڵ ئەماندا، دیسانەوەهەندێک شاعیر ، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ، کەوتنە شیعر ووتن بۆ جەلال تالەبانی . دیارە ئەو شاعیرانە ، هەر ئەو شاعیرانە بوون کە پێشتر شیعریان بۆ مەلامستەفا دەووت.
**شێرکۆ بێکەس دەڵێت:**

**مناڵینە پێش چەن ساڵێک پیاوێک هەبوو**
**تەماشا کەن تاکوێ دەستم هەڵبریوە**
**واکەڵەکەت ،**
**ناوشانی پان ،**
**مل بەرز و کەڵ،**
**لەش پڵنگی،**

6حسین بەفرین . بەرگی یەکەم . چاپی دووەم. چاپخانەی گەنج.سلێمانی .2002. شیعری پەیامێکی ئاگرین . لاپەڕە. 320



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شیعرەکانی بوون، هێمنی گەورەومەزن بوو. بەشی زۆری کۆڕەکانی هێمن ، زیاتر لە مانیفێستێکی سیاسی دەچوون.گەنجی ئەوکاتەش زۆرهەواداری شیعرە مەزنەکانی بوون . دیارە جگەلەویش ، چەندین شاعیری تریش، کۆرەکانیان بە شیعرە شۆرشگێرەکانیان گەرم دەکرد، لەوانە ( لەتیف هەڵمەت ، حسێن بەفرین، ناسر حەفید).بگرە هەروەک برادەرێکم بۆی گێرامەوە، لەپاش هەر کۆرێک،سەدان کەس دەچوونە شاخ و دەبوونە پێشمەرگە. دیارە بەشێکی زۆری نووسەرانی کورد لەوکاتەدا ، هەموو لەگەڵ شۆرشی نوێدابوون . بەهەمان شێوەی رۆمانسی جاران ، سەیری شۆرش و سەرکردەی نوێیان دەکرد. هەندێک جار ، شاعیری واهەبووە ، کەلەسەر شیعرێک ، بۆماوەی چەندین ساڵ زیندانی کراوە. بەشێکی زۆری نووسەرانی کورد، بەتایبەت شاعیران، زۆر بەگەرمی پێشوازیان لە شۆرشی نوێ کردووە. زۆرجار ئەم شاعیرانە ، هۆڵی شیعرخوێندنەوەیان کردۆتە ، گۆڕەپانی جەنگی پارتیزانی. بەداخەوە دیسانەوە ، نووسەرانی کورد هیچ بۆچوونێکی رەخنەگرانەیان دەربارەی شۆرشی نوێیان پێنەبوو. بگرە وەکوو شۆرشی ئەیلوول ، هەرکەس لەگەڵ شؤرش نەبوایە ، یان رەخنەی لەشۆرش و سەرکردەی نوێ بگرتایە ، بەجاش وپیاوی بەعس لەقەڵەم دەدرا . بەڵام شاعیرەکانی کورد ، توانیان بۆ بەعسی بسەلمێنن ، کە ناتوانێت ، هێزی نەبڕاوی کوردلەناوبنێت. هەروەک شاعیری گەورە حسێن بەفرین ،لەشیعرە بەرزەکەیدا

* قەندیل لە شیعری کوردیدا ، رەمزێک بووە بۆ شۆرشی کورد .
5. هێمن. ناڵەی جودایی .چاپخانەی علاء. بەغداد .1979 .شیعری خاک .لاپەڕە.90



کەسێکی تر،رێکخراوی ( فەتح) دروستدەکەن. لەساڵی 1964 دەبنە ئەندامی دامەزرێنەری رێکخراوی (PLO ) . لە ساڵی 1968 وە ، بەیارمەتی عەبدول ناسر ، یاسر عەرەفات دەبێتە سەرۆکی ئەم رێکخراوە . دیارە ناسر دەیویست لە رێگای عەرەفاتەوە بەسەر ئەم رێکخراوەدا،زاڵ بێت. ساڵی 1993 عەرەفات یەک لایەنانە ، رێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل مۆردەکات . پاشان بەیارمەتی ئەمەریکاو رۆژئاوا ،لە هەڵبژاردنی یانوەری ساڵی 1996 ، بەرێژەی 85% ! دەبێتە سەرۆکی فەلەستین . هەتاوەکوو ساڵی 2005 ، سەرۆکی فەلەستین دەبێت ، پاشان بەنەخۆشی دەمرێت61. عەرەفات کابرایەکی تابڵێیت دیکتاتۆرو درندەبوو،کابرایەک بوو تا سەرئێسقان گەندەڵ و دز بوو . کاتێک مرد ، سامانەکەی زیاتر لە 1 ملیاردێک دۆلار بوو. هەموو ئەم پارەیەشی لەو یارمەتیە دزی بوو،کەگەلانی جیهانی بە گەلی فەلەستینیان بەخشی بوویان.عەرەفاتیش لەجیاتی بیداتەگەلەکەی،لەبانکەکانیفەرەنساوئەوروپادا،بازرگانیپێوەدەکرد ئەم سامانەی عەرەفات ، بوو بە سکاندالێکی گەورەو زۆر لە میدیاکانی جیهان باسیان لێوەکرد . لەوکاتەی کە زیاتر لە 5 ملیۆن ئاوارەی فەلەستینی ، لەژێر چادر و ئوردوگاکاندا دەژیان،کەچی ژنەکەی عەرەفاتیش لەپاریس لەهۆتێلی پێنج ئەستێرە دا دەژیا.

عەرەفات زۆر هەواداری ناسر و سەدام بوو. بەتایبەت سەدامی زۆر خۆش دەویست . کاتێک سەدام کوێتی داگیرکرد ، عەرەفات یەکسەر پشتگیری سەدامی کرد و هەرچەندە عەرەفات لەکوێت دەوڵەمەند بوو،رێکخروایفەتحیلەوێدامەزراندبوو.کەچی کاتێک کوێتداگیر کرا، پشتگیری سەدامی کرد .هەروەک کوێتیەکاندەیانووت(نمەکحەرام دەرچوو). عەرەفات بەهۆی سیاسەتە سەقەتەکانی،گەلی فەلەستینی تووشی چەندین کێشەی هەمەجۆر کرد . بەتایبەت لەگەڵ وڵاتە عەرەبیەکاندا. فەلەستینیەکان بووبونە چەقۆکێشی رژێمەدیکتاتۆرە

Microsoft Encarta. 2003.Arafat,jasir Mohammed .61



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

عەرەبیەکان. بۆنموونە لە عێراق هەموویان پیاوی سەدام بوون ، بەشێکی زۆری پۆلیسی عێراقی لەفەلەستیەکان پێکهاتبوو. ئەمەش وایکرد کەخەڵکی عێڕاق زۆر ڕقیان لە فەلەستینیەکان بێتەوە. بۆنموونە لەسلێمانی بەعسیەکان چەقۆکێشێکی فەلەستینیان هێنابوو ، ناوی ملازم موحسین بوو. ئەم چەقۆکێشە وەکوو سەگێکی هار بەردەبووە خەڵکی شۆرشگێرو ئازادیخوازی سلێمانی .زۆرجاریش نەناهەق پەلاماری خەڵکی ئاسایشی دەدا. هەر کچێکی جوانی ببینیایە ، پەلاماری دەداو، وایلێهاتبوو، کەکەس خاوەنی شەرەفیشی نەبێت. چیرۆکەکانی ملازم موحسین لە سلێمانی زۆرن . قووربانیانی دەستی ئەم چەقۆکێشە دەگاتە هەزاران کەس . ئەم کابرا نەخۆشە ، دەیویست داخی شەرەفی دۆڕاوی عارەب ، بەخەڵکی کورد بڕێژێت.



خراپ بۆ ئەم پیاوە.لەوانە :
**( ناحەزی بە خەڵکی ، چاوچنۆکی ، چڵێسی ، هەڵگرتنی ڕق وکینیەی شەخسی بۆ ماوەیەکی زۆر لەخەڵکی تر،،)** . هەر ئەم گرێیەش بۆتە هۆی ئەوەی ، کەزۆرجار هەڵسووکەوتی زۆر ناشایستە بکات . بۆ نموونەباوکی جەلال تاڵەبانی هەمووکات لەکاتی نان خواردندا زەرزەنشتی کردووە ،چونکە زۆر مڵچەمڵچی کردووە.هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی،کە جەلال کەسێکی زۆر چڵێس لێ دەربچێت.ئەم چڵێسیەشی تووشی نەخۆشی قەڵەوی کردووە.

## نووسەرانی کورد و شۆرشی نوێ

**بۆت نووسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم ؟**
**دوندی قەندیل * گۆڕەپانی هەڵگورد نیم**
**بەرەو بەرزایی دەچم گەرچی وردم**
**خاکی بەر پێ ی تێکۆشەرێکی کوردم** .5
**"هێمن"**

لەپاش هەرەس ، چەندین کۆرو سیمیناری شیعری و ئەدەبی لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر بەستران . بەشێکی زۆری ئەم کۆڕانە ، دەچوونە قاڵبی کۆڕی سیاسیەوە. زۆربەی گەنج و خوێندکاران ، بەشداری ئەم کۆڕانەیان دەکرد. دیارە حکومەتیش، دەیویست لەڕێگای ئەم کۆڕانەوە، کەمێک نەفەسی قینی خەڵکی کەم بکاتەوە. یەکێک لەو شاعیرە مەزنانەی کورد ، کە خەڵکێکی زۆر هەواداری

4 .من ئەم زانیاریانەم،لەیەکێک لە هاورێ کۆنەکانی جەلال تالەبانی وەرگرتووە. بەڵام حەزی نەکرد ناوی بنووسم . هیوادارم رۆژێک بێت ، هێندە ئازادی سیاسی هەبێت ، کەئەو کەسانەی خۆیان لەخەڵکی کردۆتە قارەمان و بوونەتە سەرۆک ، بتوانین بە ئازادانە ، هەموو چیرۆک و ژیاننامەیان بزانین .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## سەرچاوەکانی بەشی دووەم


1. Microsoft Encarta. 2003

2. Noam Chomsky.Media Control.Europa .Verlag.Hamburg 2003

3. www.Wiekipedia.de

4. PeterJ.Optiz.Frieden f**ür kambodscha . Peter Lang. Verlag . Frankfurt am Main. 1991**

5. Kral-Heinz .Geschichte Kampodschas.C.H.Beck.Verlag. M**ünchen** 2003

6. . لينين . الامبريالية اعلى مراحل الراسمالية. دار التقدم . موسكو.

7 . سێ بۆچوون دەربارەی دەسەڵات. تۆنی کلێف. سەنتەری ڕۆشنبیری مارکسی.

8. . نعوم تشومسكي . 500 سنة غزو مستمر . ترجمة . مى النبهان . دار المدى . سوريا. ديمشق. الطبعة الثانية. 1999

9. . Krieg in Afrika. Albert Wirz.Steiner Verlag .Wiesbaden.1982

10. Jahrbuch.2004. Spiegel . Spiegel Buchverlag.2003.




## جەلال تاڵەبانی و گرێی ئۆدیۆب*

جەلال تاڵەبانی وەکوو کوڕی هەموو دەوڵەمەندێک ،لەسەرەتای لاویدا تووشی گرێیەک لەگەڵ باوکیدابوو. پەیوەندی لەگەڵ باوکی زۆرخراپ بوو. هەر ئەم پەیوەندیە خراپەشی وایلێکرد ، کەببێتە هەواداری بیری کۆمۆنیستی . چونکە بیری کۆمۆنیستی دژی ، سەرمایەدارو دەوڵەمەندو ئاغا و دەرەبەگ و شێخ و ئایینە. جەلال بۆئەوەی خۆی لەبیری باوکی ڕزگاربکات ، بوو بەکۆمۆنیست . ئەم بیرە زۆر دژی باوکی بوو، بۆیە ئەویش بووبەهۆگری . لەکاتی خوێندنی زانکۆدا ، جەلال بڕیاری داوە ، وەکوو خۆی ووتویەتی ( اضمحلال. سڕینەوە) ی چینایەتی بکات . زۆرجار لەڕقی باوکی زۆرشتی خراپی کردووە. بۆنموونە لەساڵانی خوێندنی لە بەغدا ، جارێکیان لەگەڵ باوکی تێکدەچێت ، کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا . دەچێت لە بەردەم یەکێک لە مەلهابەناوبانگەکانی بەغدا ،پێڵاوی خەڵکی بۆیەخ دەکات. کاتێک برادەرەکانی پێی دەزانن و،لێی دەپرسن بۆ ئەم کارە ناشرینە دەکەیت ،ئەویش لەوەڵامدادەڵێت :( **من دەمەوێت شەرەفی باوکم بشکێنم!!!!!4)**.یەکێک لەهۆکاری تێکچوونیشی لەگەڵ مەلامستەفاش ، ئەم گرێ دەروونیەبووە. چونکە ئەو کەسایەتی باوکی ، لەکەسایەتی مەلامستەفا بینیووەتەوە. هەربۆیە هەمووکات پەیوەندیان خراپ بووە. ئەم گرێ دەروونیە، زۆرخراپ ژیانی جەلالی تێکداوە. جەلال هەتاوەکوو ئەمرۆش ، ناتوانێت کەسێک لەخۆی چاکتر ، ئازاتر ، زیرەک تر، ڕۆشنبیر تر ، قبووڵ بکات. ئەم گرێیە بۆتە هۆی دروستبوونی ، کۆمەڵی سیفاتی

* گرێی ئۆدیۆب، ئەو گرێ دەروونیە ،کەمنداڵ لە تەمەنی سێ ساڵیدا تووشی دەبێت. کوڕ زیاتر مەیلی بۆ لای دایکی دەچێت و، ڕقی لەباوکی دەبێتەوە. کچیش مەیلی بۆلای باوکی دەچێت و، ڕقی لە دایکی دەبێتەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

11. دکتور بطرس بطرس غالی. 5 سنوات فی بیت من زجاج. مرکز الاهرام للترجمة والنشر.القاهرة.1999

12. . Adam Hochschild.schatten **.über dem Kongo.** klett-GottaVerlag. Sttutgart.2000.

13. ئەردەڵان عەبدوڵڵا. جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا. چاپخانەی بزاڤی رۆشنبیری کوردی . سلێمانی . 2006 .

14. ئەردەڵان عەبدوڵڵا.تایبەتکردنی چەک وتەقەمەنی لە جیهاندا.سایتی دەنگەکان. www.dengekan .com.

15. راپەڕینی نیکاراگوا. بورهان قانع. ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان . 1984 . لاپەڕە 110.

16. نووام جومسکی . لەسەر کۆڵۆمبیا. وەرگێرانی خەتاب سابیر . پێداچونەوەی ڕەوەند رەفیق. سەنتەری رۆشنبیری مارکسی.

17. Dario Azzellini und Boris Kanzleiter. Das Unternehmern Krieg.G**öttingen. 2003.**

18. Michael Krämer.El Salvador, vom Krieg zum Frieden.Inkota .Verlag.Berlin .1996

19. **Bewaffnete Befreiungskämpfe in Mittelamerika.Malte Letz.Detlef. Wahl Militärverlag der DDR.1988..**

20 **Hegemonie und Bündnis in Revolutionen Lateinamerika.LBR.1984**

**.21** . Ruth Seifert. Gender ,Identit**ät und kriegerischer Konflikt. Lit Verlag .Münster.2004.**



رای هاوڕێکانی وەرنەگرێت. یەکێک لەڕەخنەکانی تری جەلال لە مەلا ئەوەبوو، کە هەمووجارێک مەلای بە ( **جنێو فرۆش ، سووک تەماشکردنی پێشمەرگە، هەڵسووکەوتی دیتکاتۆریانە لەدژی ئۆپۆزسیۆن، زاڵ کردنی بنەماڵەی خۆی بەسەر حیزبدا، نۆکەری بۆ ئێران** )تاوانبار دەکرد. بەڵام کاتێک خۆی بوو بە سەرۆکی یەکێتی ، هەموو ئەم پیشانەی مەلای کردەوە ، بگرە زۆرجار لەویش خراپتری کردووە. بۆ نموونە ، جەلال تالەبانی زۆرجار لەبەر بچووکترین شت ، بەگۆجانەکەی لە پێشمەرگەی یەکێتی داوە. بۆنموونە لەبەر مەنجەڵەکەی ، پێشمەرگەیەکی بەگۆجان داپڵۆساندووە. 3. هەر ئەم خۆ سەپاندنەی جەلال تالەبانیش بوو ، کەلە ناوەراستی ساڵانی هەشتادا،بووە هۆی دووکەرتبوونی یەکێتی .

**دیکتاتۆرەبچۆکەلەکە**

جەلال تالەبانی ، لەبنەماڵەیەکی شێخانی تاڵەبان لەدایک بووە. باوکی بەهۆی شێخایەتیەوە حکومەت زۆر رێزی دەگرت. هەر لەرێگای شێخایەتیشەوە، توانی سامانێکی زۆر کۆبکاتەوەو خۆی دەوڵەمەندبکات . جەلال تاڵەبانی بەحوکمی ئەوەی لەخێزانێکی دەوڵەمەندبوو،توانی خوێندن تەواوبکات و، لەزانکۆی بەغدا ، کۆلیژی یاسا بخوێنێت . دیارە ئەوکۆلیژەش تەنها کوڕە ئاغاو دەرەبەگ و نۆکەرەکانی ئینگلیز ، دەیانتوانی لەو کۆلیژەدا بخوێنن . خەڵکی ئاسایی لەوێ وەرنەدەگیرا. لەبەر ئەوەی باوکی جەلال ، نزیکی حکومەت بوو، دەستی باش دەرۆیشت و، جەلال توانی لەو کۆلیژە وەربگیرێت .

---

3.جەزا چنگیانی . مەنجەڵەکەی مام جەلال . کوردستان نێت.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

22 . W. Werner Hohlweg .Guerilla Krieg ohne Fronten.
.Kohlhammer.Verlag.Stuttgart.1968.

23. د. صفاء الحافظ. عشرة اسابيع والراية الحمراء ترفرف فوق باريس. الثقافة الجديدة. العدد. 304. كانون الثانى _شباط.2002. ص.15

24. ماركس . الحرب الاهلية فى باريس . دار التقدم . موسكو. 1974 .

25. لينين. دروس من الكومونة. دار التقدم . موسكو.1972

26. لينين. فى الذكرى الكومونة. دار التقدم . موسكو. 1975

27. كيسرا هەورامی . گۆڤاری گاورباغی . ژمارە 6. ڤێبرەوەری 2003. کۆمۆنەی پاریس . لاپەڕە. 80



## لە مەلامستەفاوە بۆ مەلا مستەفايەكى تر*



جاران جەلال تالەبانی ، مەلامستەفای بە دیکتاتۆر و تاکڕەو لەقەڵەم دەدا .هەرئەم بیانووەشي کردە هۆ،بۆجیابوونەوەی لەپارتی . کەچی کاتێک خۆی بوو بەسەرۆکی یەکێتی ، هەمان هەڵسووکەوتی مەلامستەفای دەکردەوە. جەلال تالەبانی هەر لەسەرەتاوە،هەوڵی دەدا،کەخۆیهەمووبڕیارەسیاسیەکانیناو یەکێتی بدات و،هیچ پرس و

2.ابوبكر خوشناو،ترجمة ،عيدوباباشيخ . صفحات من تاريخ الاتحاد الوطنى الكردستانى. من منشورات القسم الثقافى للمكتب التنظيم_ الاتحاد الوطنى الكردتسانى. الطبعة الثانية . 2005. ص60

*ئەم کاریکاتۆرە ، لەگۆڤاری دڕک ، ژمارە شەش . دێدسەمبەری .1985وەرمگرتووە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# بەشی سێهەم

## بزووتنەوەی چەکداری لەکوردستاندا



ئامادەشە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی خۆی ، هانا بۆ ناشرین ترین و سووکترین وچرووکترین ، شێواز بەرێت . هەر ئەمەش بوو وای لێکرد ، بەسەر ئەو حیزبە نوێیەدا زاڵبێت. بەگشتی ئەم حیزبە نوێیە، بریتی بوو ، لە یەکبوونی چەند گرووپێکی سیاسی لە ناو بەرەیەکی گەورەی سیاسیدا2 . بەڵام پاش چەند ساڵێکی کەم، جەلال تالەبانی توانی خۆی بەسەر ئەم بەرەیەدا بسەپێنێت و،بیکاتە حیزبێکی سیاسی و، بەتەواوی خۆشی بەسەریدا بسەپێنێت . دیارە ئەم باڵە سیاسیانەش ، هەتا ماوەیەکی زۆر، هەریەکەو رێکخستنی تایبەتی خۆیان هەبووە. بەکوردیەکەی هەرکەسەو ئاغای خۆی هەبووە. بەڵام کۆمەڵە ، رێکخراوێکی ئێجگار تایبەت بوو. بەهیچ شێوەیەک ئەم رێکخراوە ، چ لەڕووی فکری و چ لەڕووی سیاسی و چ لەڕووی پێکهات و ئەندامەوە، لەگەڵ ئەوانی تردا نەدەگونجا. ئەندامانی کۆمەڵە، زیاتر خوێندکارو رۆشنبیری چەپی کوردستان بوون . کەبە بیری مارکسی لینینی ، گیڤاری ، ماوی ،گۆشکرابوون. بەڵام لەبەر ئەوەی بەشیکی زۆری سەرکردەکانی هەرزووگیران لەپێش هەمووشیانەوە(شێخ شەهاب)،هەروەها شەهیدبوونی شاسوار جەلال(ئارام) .ئیتر جەلال تالەبانی توانی لەڕێگای نەوشیروان مستەفاوە ، خۆی بەسەر ئەم رێکخراوەدا زاڵبکات و، پاشانیش تەفرووتونای بکات و نەیهێڵێت .

---

* تێزی پۆپۆلیزمی ماو. واتە دروستکردنی بەرەیەکی پان وپۆری سیاسی . کەلە هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگا دروستبووبێت ، جگە لەدەربەگ و سەرمایەدارەکان نەبێت. ئەم تێزە پێی وابوو ، کە چینی ووردەبۆرجوازی شار ، چینێکی شۆرشگێرە و، دەتوانرێت بۆ شۆرشی کرێکاری سوودی لێوەربگیرێت. ئەم تێزە دژی تێزی مارکسی بوو ، چونکە لای مارکس تەنها کرێکار شۆرشگێرە. دیارە ئەم تێزە لەجیهاندا شکستی هێنا. چونکە هەموو ئەو حیزبانەی هۆگری ئەم تێزەبوون ، لەکۆتایدا بوون بە حیزبی دژە کرێکاری. وەکوو یەکێتی . ئەمرۆ وڵاتی چین ، سەرمایەداریترین وڵاتی جیهانە . کرێکاران نەک دەسەڵات ، بەڵکوو بچووکترین ماڤی حەیوانیشیان نییە. هەربۆیە ، سەرەتای ئاشبەتاڵبوونی ئەم تێزە ، لە چین خۆیەوە دەستی پێکرد .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## تەنها شاخەکان دۆستمانن

دیارەگەلی کوردستان بەحکومی ئەوەی هێشتا لەقۆناغی شۆرشی ڕزگاریخوازی نەتەوەیدایە، هێشتا وولاتەکەی لەژێردەستی داگیرکەرانی بێگانە ڕزگاری نەبووە ، هەمووکات ناچاربووە ،کە هەمیشە بەرەنگاری ئەم داگیرکەرانە ببێتەوە . دیارە داگیرکەرانی کورد ، بە چەپکەگوڵ کوردستانیان داگیرنەکردووە بەڵکە هەمووکات بە لەشکرێکی دڕندە و بەربەری ،کوردستانیان داگیرکردووە. هەربۆیە گەلی کوردیش ناچارکراوە ، کە خۆی چەکداربکات و بەرەنگاری داگیرکەران ببێتەوە . دیارە هەمووکاتیش گەلی کورد گەورەترین باجی بۆ ئەم خەباتە خوێناویە داوە. کە هەمیشە داگیرکەرانی کوردستان ، زۆر بێ دڵ و نامرۆڤانە سزای گەلی کوردستانیان داوە . دیارە داگیرکەرانی کوردستانیش ، هۆی سەرەکی بوون بۆ ئەوەی بزووتنەوەی چەکداری لەکوردستاندا دروست بێت . لێ جگە لە داگیرکەران چەند هۆیەکی تریش بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم بزاڤە لەکوردستاندا .کەهەوڵ دەدەم بەکورتی باسی لێوە بکەم .

### هۆکاری سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەکداری لەکوردستاندا

#### 1_ داگیرکەرانی کوردستان

هەروەک لەپێشیشدا باسم کرد ، کوردستان هێشتا لەژێردەستی داگیرکەران ڕزگاری نەبووە . وە هەمووکاتێکیش داگیرکەران ،بە لەشکرێکی دڕندەوە پەلاماری خاک وگەلی کوردستنیان داوە . ئەمەش وایکردووە ،کە هەمووکات گەلی کوردیش خۆی چەکداربکات و دژی داگیرکەران خەبات بکات .



ماوەیەکی زۆریش ، جەلالیەکان ڕووی ئاوەدانیان لەکوردستاندا نەبوو.

2_ جەلال تاڵەبانی لەڕووی ڕێکخستنەوە ، هیچ کەسێکی لەگەڵ نەمابوو. چەند جەلالیەکی کۆنی مابوون.بەڵام ئەوانیش لە سیاسەت دوورکەوتبوونەوە و خەریکی ژیانی ئاسایی بوون. ئەو چەند هاورێیەی خۆشی ، هەموو لەهەندەران بوون . هەربۆیە بەیانی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانیش ،لەدەرەوەی کوردستان کرا.

3_ تاکە ڕێکخراو کەلەناوخەڵکیدا،ریکخستنی هەبوو کۆمەڵەی مارکسی لینینی بوو. ئەم ڕێکخراوە ، توانی لەماوەیەکی زۆرکورتدا کۆمەڵێک گەنجی کورد لەخۆی کۆبکاتەوە.ءیووێش وەکوو مووشەخۆرێک سوودی لەم ڕێکخراوە وەرگرت.جێگای ئاماژەیەجەلال سەرەتا خۆی بە مارکسی دادەنا.زۆرکەسیش باوەڕیان پێکرد.

4_ کۆمەڵێک مەسئوولی گەورەی چەکداری پارتی ، هێشتا ئامادەیی شۆرشیان تێدابوو ، بەڵام کەسیان ئامادەنەبوون ، لەژێربالّی جەلال جەلال کاربکەن . لەوانە ( عەلی عەسکەری و رەسوول مامەند و مەحموود عوسمان ) .

جەلال تالەبانی توانی بەناوی تێزی پۆپۆلیزنی ماوتسیتوونگەوە* ، کەئەوکاتە ماویزم زۆرباوی هەبووە، هەموو باڵە سیاسیەکانی ناو بزووتنەوەی کوردستانکۆبکاتەوەو،بەپێی پلانێکی نەخشە بۆداڕێژراو لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا ،خۆی بکاتە سەرۆکی ئەوحیزبە نوێیە. دەبێت ئەوەش بڵێم ، کە جەلال تالەبانی ، کابرایەکی تابڵێیت زمان لووس وفێڵبازە، زۆرجار وەکوو کەسێکی **(چەرچی یان سەوزەفرۆش )** هەڵسووکەوت دەکات . جەلال تاڵەبانی تاسەر ئێسقان، لەناوبیری میکاڤیلیدا خووساوەتەوە. زۆرباش دەزانێت ، چۆن بەرژەوەندیەکانی خۆی بپارێزێت .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## 2_ جوگرافیای کوردستان

دیارە کوردستان بەحوکمی ئەوەی وولاَتێکی شاخاوی سەختە ، وایکردووە کەهەمووکات داگیرکەرانی کوردستان بەئاسانی نەتوانن زاڵ بن بەسەریدا. لەهەمانکاتیشدا ئەم سروشتە سەخت و شاخاویەی کوردستان وایکردووە،کە هەموو کات بزوتنەوەیرزگاریخوازی کورد ، بیکاتە باشترین مەڵبەند بۆ خۆی.هەروەک باپیرانیشمان ئامۆژگارییان کردووین کە :

**(تەنها شاخەکان دۆستمانن)**

دیارە ئەم ووتەیەش هەروا لەخۆرا نەووتراوە ، بەڵکە ئەمە ئەنجامی ئەزموونی تاڵی خەڵکی کوردستان بووە. لەهەمان کاتیشدا هەمووکات تەنها شاخەبڵندەکانمان بوون ،کەدۆست وبرادەری ،هەموو ئەو کەسانە بوون ، کەلەزوڵم وزۆرداری داگیرکەران و سەرۆک خێڵ ودەرەبەگەکان ڕایانکردووە . نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت ، کەهەمووکات خەباتی پارتیزانی لەناو شاخ و شوێنە سەختەکاندا دەکرێت ، چونکە لەشکری نیزامی ئەم شوێنانەی هەروابەئاسانی بۆی ناگیرێت .

## 3_ سیستەمی خێڵایەتی

بەحوکمی ئەوەی کوردستان ولاَتێکی کشتوکاڵی بووە ، سیستەمی دەرەبەگایەتیوخێڵایەتی بەسەریدازاڵ بووە.لەکۆمەڵگایخێڵایەتیشدا خێڵ شوێنێکی پیرۆزی هەیە و ، بەبنەمای کۆمەڵگادەژمێرێت.لە خێڵیشدا هەمووکات سوارچاکی و چەکداری ، دووسیمای دیاری خێڵی کوردەواری بوون . گەر سەیری مێژووی کوردیمان بکەین ، هەمووکات چەکدارو سوارچاکیان هەبووە . هیچ خێڵێک بەبێ چەک و سوارە نەبووە. هەرلەبەر ئەوە ، خێڵ تاماوەیەکی زۆریش (دەتوانم بڵێم



## دیوەخانەکەی جەلال تاڵەبانی*

هەروەک لەپێشداباسم کرد،گەلی کوردستان لەوباوەرەدا نەبوون کە شۆرشێکی واگەورە ، بەئاسانی لەناوبچێت. دیارە هیچ کاتێک گیانی شۆرشگێری بە پلانێکی نێودەوڵەتی وگرتنی رابەرانی بزووتنەوەیەک لەناوناچێت. هەتا ئەو هەلوومەرجە چارەسەرنەکرێت،کەشۆرشەکەی دروستکردووە، شتێکی مەحاڵە بیری شۆرشگێری لەناومێشکی خەڵیدا بسرێتەوە.خوێن گەرمی لاوی کورد لەلایەک و،سیاسەتی فاشیستانەی بەعس ، وایکرد کەجارێکی تر لە کوردستاندا ، ئاگری شۆرشێکی نوێ دابگیرسێت . لاوانی کوردستان ، هەموو داخ لەدڵ بوون و، تووڕەیەکی پیرۆز ، هەموو لاشەیانی داگیرکردبوو. هەمووتووڕەبوون لەبەعس، تووڕەبوون لە ئەمەریکا و ئیمپریالیزم ، تووڕەبوون لە مەلامستەفا وبنەماڵەکەی ، تووڕەبوون لە خێڵ ، دەرەبەگ ، سەرۆک خێڵ . هەر ئەمەش بوو بەهۆی دروستبوونی ،بزووتنەوەیەکی تووندڕەوی مارکسیانە لەکوردستاندا، کەپاشتر بەکۆمەڵەی مارکسی لینینی ناسرا.

جەلال تاڵەبانی ، کەئەوکاتە نوێنەری پارتی بوو لە بێروت ،لەوێوە هەوڵی زیندوکردنەوەی شۆرشی دەدا. ئەو هەرەسی پارتی ، بەهەل زانی بۆئەوەی ئەمجارە بێتەوەو خۆی بکات بەسەرۆکی کورد . بەلاَم جەلال تالەبانی باشی دەزانی،کەبەتەنهاخۆی هیچی پێناکرێت .

بۆچی ؟؟!!

1_ مەلا مستەفا توانی ناوی ئەمان لەناوخەڵکیدا پیس بکات و ، خەڵکی هەر بەجاشەکانی 66 ، ناوی دەهێنان. لەبەر ئەوە هەتا

* بۆ یەکەمجار ئەم دەستەواژەیە ، برای بەرێز ، جەزا چنگیانی بەکاریهێنا .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## هەلوومەرجی پاش هەرەس

لەپاش‌هەرەس‌کۆمەڵگای کوردی بەرەو قۆناغێکی ترسناکترهەنگاوینا. بەعسیەکان دەستیان دایە دارِشتنی سیاسەتێکی فاشیستانە ،بۆ لەناوبردنی هەموو بزووتنەوەیەکی نارەزایی لەکوردستاندا. هەر لەپاش هەرەسەوە، سیاسەتی ڕاگوێزان و جینۆسایدکردنی کوردیان دەستپێکرد 1 .حیزبی شیوعی ، خۆی خستبووە ناو بەرەی بەعسەوە. پارتی هەرچی ئەندامی هەبوون ،یان تەسلیم بوونەوە وبوون بەجاش یان لە ئوردووگاکانی ئێران بوو.بنەماڵەی مەلامستەفاش‌پاش ئەوەی هەرەسیان بەشۆرشی کوردهێنا، هەرچی پارەوپوولی شۆرش هەبوو، هەموو خستیانە ناو جانتای دبلۆماسی و، بۆ ئەمەریکا تێیان تەقاند. بنەماڵەی مەلا مستەفاهێندە بێ ئابرووبون ، لەوکاتەی کە ئەمەریکا هەرەسی بەکوردهێناوە ،کەچی ئەوان لە ئەمەریکا نیشتەجێ بوون. دەبوایە بەلایەنی کەمەوە ،قبوولیان نەکردبایە بۆ ئەو وڵاتە ڕابکەن. بەڵام هێشتا بەڵگەکانی CIA کەشف نەبوون ، پێ دەچێت ئەمانە هەر لەسەرەتاوە ، لەگەڵ CIA هەولی لەناوبردنی شۆرشی کوردیان دابێت.لەوکاتەداخەڵکی‌زۆربێزارو بێباوەڕبوون.بەعسیش بەئارەزووی خۆی،سیاسەتی فاشیستانەی لەدژی خەڵکی کورد پێرەودەکرد. بەعس لەجیاتی‌هەولی‌چارەسەرکردنی کێشەی کوردبداتو،سوودلەهەڵەکانی پێشتروەربگرن،کەچی بەلووت بەرزیەکی سیاسیەوە ،هەڵسووکەوتیان لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەکرد. بەعس دەیزانی لووتی لەئاست شای ئێران شکاوە، دەیویست بەسەر خەڵکی کوردستاندا ،لووتی خۆی بەرز بکاتەوە، کورد ووتەنی :

**( بەکەر ناوێرێت ، بە کوورتان فێرە ) .**

1. . دیڤید مەکداول. مێژووی هاوچەرخی کورد. وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناو . چاپی دووەم . چاپخانەی کتێبفرۆشی سۆران . 2005 . لاپەڕە 562 .



ئێستاش) بەکۆڵەکەی سەرەکی بەڕێوبردنی کۆمەڵگا بووە. داگیر کەرانی کوردیش زۆرباش لەمە تێگەیشتوون و، هەمووکات هەوڵیان داوە ، خێڵە کوردیەکان بکەنە داردەستی خۆیان و ، لەدژی خەڵکی بەکاریان بهێنن . هەر لێرەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە ، کە ئێمە پێش دروستبوونی گرووپی چەکداری سیاسیش ، گرووپی چەکدارمان هەبووە . لە هەموو شۆرشەکانی کوردیشدا ، خێڵەکان کۆڵەکەی سەرەکی شۆرشەکان بوون .

**4_ بڵاوبوونەوەی بیری گیڤاریزم و ماویزم .**

لەسەرەتای شەستەکانەوە ،بیری ماویزم و گیڤاریزم هەموو جیهانی گرتبووەوە. کوردستانی خۆشمان لە ڕێگای چەپی عەرەبی و توورکی وفارسیەوە،ئەم بیرەیان بۆمان هێنا.گەرچی ئەم بیرە لەسەرەتادا نەیتوانی وەکوو باڵێکی سەرەکی خۆی دەربخات،لێ توانی بنچینەیەکی باش دابکوتێت.باشووری کوردستانلەسالانی حەفتاکان و،لەباکوور ورۆژهەڵاتی کوردستانیشداله سالانی هەشتادابەرهەمەکەی سەوزبوو. هەر لەژێر کاریگەری گیڤاریزمەوە ،چەپێکی زۆری کورد ، هۆگری بیری بزووتنەوەی چەکداری بوون و، هەر ئەم خوێن گەرمیەی لاوەکانیش بوو ، کەتوانی لە سالانی حەفتاو هەشتاکاندا ، چەندین رێکخراوی ماوی و گیڤاری چەکدار دروستبکەن .

### سەرەتای بزووتنەوەی چەکداری لەکوردستان

دیارە هەموو شۆرشەکانی کورد ، شێوازێکی چەکداریان بەخۆوە دیوە. شۆرشی شێخ مەحموود و شێخ سەعیدی پیران و سمکۆی شکاک، هەموویان شێوازێکی چەکداریان پێوەدیاربووە. لێ ئەوەی لێرەدا من مەبەستمە ئەو شۆرشە کۆنانە ناگرێتەوە ، بەڵکە مەبەست لەو بزووتنەوانەیە ، کەلە سالانی شەست و حەفتاو هەشتاکاندا روویانداوە. دیارە ئەم بزووتنەوانە ، هەموویان پارتێکی سیاسی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڕێوەی بردوون ، شێوازێکی  حیزبایەتی سیاسیان بەخۆوە دیوە. بەگشتی من لەبزووتنەوەی چەکداری لە باشووری کوردستان دەدوێم. هەوڵ دەدەم زیاتر چەق لە بزووتنەوەکانی باشوور بگرم .دیارە بمانەوێت یان نا، بزووتنەوەی چەکداریش تاساڵانێکی زۆر ، تەنها لە باشووری کوردستاندا هەبووە. لەبەشەکانی تر ( ڕۆژهەڵات وباکوور ) لە ساڵانی هەشتاکاندا پەیدابوو. لە بەشی ڕۆژئاوا ( کوردستانی سووریا) ، هەتاوەکوو ئەمرۆش ،هیچ بزاڤێکی چەکداری بەرپانەبووە. دیارە سەرەتای بزووتنەوەی چەکداری لەکوردستاندا ، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکان و، سەرهەڵدانی شۆرشێکی نوێ کەبە شۆرشی ئەیلوول ناسراوە. بەکورتی هەول دەدەم باس لەم قۆناغە گرنگەی گەلەکەمان بکەم و ، خاڵە لاوازو بەهێزەکانی بخەمە ڕوو.

### هەراکەی ئەیلوول

بەداخەوە زۆرجار ناوی شۆرش بەناهەقی دەدرێتە پاڵ چەند ڕووداوێک ، کە هیچ کاتێک ناتوانین ناوی شۆرشیان لێ بنێین . دیارە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەردیاردەیەک یان ڕووداوێک ، پێویستە پێش هەموو شتێک ،سەیری مێژووی پێش ڕووداوەکان بکەین ،گەر وانەکەین ،ئەوا زانیاری تەواومان لا گەڵاڵە نابێت . هەر ئەو مێژووەشە کلیلی وەڵامەکانی داهاتوومان دەداتێ و چارەنووسیشمان لەپێش چاوڕووناک دەکاتەوە .



# بەشی چوارەم

# سەرەتای تراژیدیایەکی گەورەتر



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

24. . دیڤید مەکداول. مێژووی هاوچەرخی کورد. وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناو . چاپی دووەم . چاپخانەی کتێبفرۆشی سۆران . 2005

25. Henry A. Kissinger. Memoiren .Aus dem Amerikanischen von.Hans-J**ürgen Baron von Koskull. C.Bertlsmann. Verlag. München.1979.**



## سەرەتای بیری ناسیۆنالیستی کوردی

دیارە سەرەتای بیری ناسیۆنالیزم ، لە پاش شۆرشی فەرەنسیەوە، بە جیهاندا بڵاوبوویەوە. لەگەڵ هێرەشەکەی ناپلیۆن بۆ میسر ، ئەم بیرە بەرە رۆژهەڵاتی ناوەراست گەشەی سەند. هەروەها لە ڕێگای ئەو خوێندکارانەی کە دەنێرانە ئەوروپاوە، بیری ناسیۆنالیزمیان لە جیهانی ئیسلامی و رۆژهەڵاتدا،بڵاوکردەوە. دیارە گەلی کوردبۆ ماوەی چەندین سەدەبوو، لەژێر دەستی عوسمانیەکاندا بوو . لێ هەمووکات لە کوردستاندا میرنیشینی کوردی هەبووە. کەخاوەنی نیمچە سەربەخۆیەکی بوون. لە نۆڤێمبەری **1515** بەفەرمانێکی سولتانی،میرینیشینە کوردیەکان لەباج سەندنبەخشران،بەمەرجێک لەکاتی پێویستی سەرباز بنێرن . لێ پاش چەندساڵێکی کەم ، ئەم فەرمانە هەڵوەشێنرایەوە و ، توورکەکان لە فەرمانەکانی خۆیان پاشگەزبوونەوە.لێ میرنیشینە کوردیەکان،هەرنیمچە سەربەخۆیەکیان هەبوو 1. ئەم میرنیشانەش رۆلێکی باشیان گێراوە لە دروستبوون و گەشەسەندنی رۆحی کوردایەتی لە کوردستاندا. هەتا سەدەی نوزدەهەم ، چەندین میرنیشینی حوکمڕانی کوردستانیان کردووە. ( بابان ، سۆران ، بۆتان ، ئەردەڵان ، هەکاری ، بۆتان2) . جگە لەوەش ناوچە کوردنشینەکان ، هەمووکات حسابێکی زۆر خراپیان بۆ دەکرا. لەهەموو رووەکانی ژیاندا دەچەوسانەوە. دیارە تورکەکان وەکوو هەموو داگیرکەرێکی ئەم جیهانە ، هەر خەریکی دزی و چەتەگەری و تاڵان کردنی سامانی کوردستان بوون . بگرە کوردستان پێش هاتنی

---

1. د. شێرکۆ فتح الله عمر. الحزب الدیمقراطی الکوردستانی وحرکة القومی الکوردیة فی العراق. 1946- 1975 . وزراة الثقافة . السلیمانیة . 2004. ص29
2. جلیلی جلیل.من تاریخ الامارات فی الامبراطوریة العثمانیة . فی النصف الاول من القرن التاسع عشر . ترجمة . د. محمد عبدو النجاری . الاهالی للطابعة والنشر. دیمشق. 1987 . ص 51_ 73 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

توورک بۆ ناوچەکە ، وەزعی لە زۆر رووەوە باش بووە . دیارە جگە لە دزی وتالاّن کردن،هەمووکاتێک شەهوەتی کوشتن وئازاردانی گەلی کورد ، چێژێکی خۆشی هەبووە لای توورکەکان . هەر ئەم زولّم و زۆرەش وایکردوووە، کە گەلی کوردیش کاردانەوەیەکی شۆرشگێرانەی لادروست بێت و لە دژی توورکەکان ڕاپەڕێت . لە سەدەی هەژدەمەوە شۆرش و راپەرین لەدژی توورکەکان بەردەوام بووە. سالّی 1806 عبدول رەحمان پاشای بابان لەدژی توورکەکان ڕادەپەرێت ، لێ بەداخەوە سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا. پاشان ئەحمەدپاشای برای سالّی 1812 لەدژیان رادەپەڕێت.لەباکووری کوردستانیش لە سیواس زازایەکان راپەرینێکی گەورەیان لەدژی توورکەکان رێکخست . لە سالاّنی 1829 تا 1839 کۆمەڵێک راپەڕین و شۆرش لە ناوچەکانی ( هەکاری و رەواندوز و بۆتان و جەزیرە و بەتلیس) سەریهەڵدا. توورکەکانیش هەروەک هەمووجارێک،زۆر دڕندانەونامرۆڤانەو وەحشیانە،**راپەرینەکانیان** سەرکووت کرد . کەئەمش هێندەی تر ڕقی لای خەڵکی زیاتر دروستکردو،هێندەی تر لەدژی توورکان ڕاپەڕین3. لەهەمانکاتداخوێندەواری کوردبەتایبەتی مەلاکان وچەند شاعیرێکی کورد،هەستی کوردایەتیان لا دروست بوو. لە رێگای ئەمانیشەوە بیری ناسیۆنالیستی گەشەی سەند. بەتایبەت شاعیرانی گەورەی کورد ( ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و نالی ) . ئێمە گەر سەیری شیعرە بەهێزەکەی حەزرەتی نالی بکەین کەبۆ سالمی نووسیوە ،هەست بە چەکەرەبوونی بیری ناسیۆنالیستی دەکەیت.

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور**
**ئەی پەیکەری شارەزا بەهەمو شاری ( شارەزور)**
**ئەهلێکی وای هەیە کە هەمو ئەهلی دانشن**
**هەم ناظیری عوقودن و هەم ناظیری ئومور .**



15. . د. کمال مظهر . کوردستان لە سالّەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا. بەغدا.1975

16. حەمە سەعید حەسەن . یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەرهات ؟ . بەشی یەکەم و دووەم . چاپی دووەم . چاپخانەی ئاپێک . ستۆکهۆڵم . سوێد .1994.

17. گۆڤاری رۆڤار . تایبەت بە شێخ موحەمدی خالّ . دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم . سلێمانی .

18. وریا جاف. هەندێک لە چاوپێکەوتن و وتارەکانی بارزانی نەمر. چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر . 1999

19 . حەمەسەعید حەسەن . بێ ئەخلاقی . کوردستان نێت. 2003.03.07 .

20. کەمال سەید قادر: نهێنییەکانی مەلا مستەفا بارزانی لە بەڵگەنامەکانی دەزگای جاسوسی (کەی جی بی) دا (بەشی چوارەم).کوردستان پۆست.30.10.2006.

21. حەمە سەعید حەسەن . 30 تەموز 31 ئاب . کوردستان نێت. 07.03.1998 .

22. بەمۆ . کەڵەگایەکی نوێ . گۆڤاری دڕک . ژمارە .5.

23. . موکری . رۆمانی هەرەس. چاپی چوارەم . چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی . کەرکووک . 2005.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دیارە هەروەک مامۆستا مەلا کەریم شەرحی کردووەو دەفەرمێت : ( شیعرەکە شیعرێکی سیاسیە ) 4 . دەتوانین ئەم شیعرە، بە شیعرە سیاسیەبەهێزەکانی ئەو سەدەیەی دابنێین .

دیارە لەسەدەی بیستەمیشدا ، تراژیدیاکان زۆرتر بوون و کەمتر نەبوون. شۆرشەکانی شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموود لەبیستەکاندا و،لە سیەکانیشدا شۆرشی ئاگری داخ و راپەرینەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی ، کارێکی ئێجگار گەورەی کردە سەر هۆشیارکردنەوەو پێشکەوتنی بیری ناسیۆنالیستی کوردی5

دیارە وەحشیەتی کەمالیستە درندەکان لەدژی شۆرشەکانی باکوور ، بووە مایەی هەژاندنی گیانی هەمووکوردێکی سەر ئەم رووی زەویە . هەر ئەو شۆرشانەش کارێکی زۆری کردە سەر شاعیرانی کورد و ، هێندەی تر گیانی کوردایەتی ، بەسەر شیعرەکانیان زاڵ بوو. شیعری " شیوەنی شەهیدانی کورد" ی پیرەمێرد ، کەبۆ شۆرشی شێخ سەعید نووسیویەتی، یەکێکە لەشیعرە مەزنەکانی پیرەمێرد.

**ئەم ئاسمانی شینە کەوا بەرگی ماتەمە**
**تەحلیلی واکراوە کە قوبەی غەمە ، تەمە**
**چەرخێکی کۆنە ، ماکینەکەی ژەنگی گرتووە**
**چەوری نەکەی بەخوێن ، پەکی سووڕانی کەوتووە**
**گاهێ بەخوێنی (ئالی نەبی) سوور ئەبێ فورات**
**خوێناوی کوردی تێکەڵی دیجلە کە زیاد ئەکات .6.**

---

3. د. بلەج شیرگوە. القضیة الکردیة . ماضی الکرد و حاضرهم . رابطة کاوا. للثقافة الکردیة . دار الکتاب – بیروت . 1986 . ص 50 .
4. دیوانی نالی . مەلاخدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی . لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی. مەلاعبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم . محمدی مەلا کریم پیاچوەتەوە. مرکز فرهنگ وادبیات کردی . اورمیة. لاپەڕە.198 .



7. یاداشت. رفیق حلمی . کوردستانی عراق و شۆرشەکانی شێخ مەحمود. بەشی دووەم. توریز. انتشارات محمدی سقزی .

8. د.عبدالرحمن قاسملو. کوردستان وکورد. وەرگێرانی : عبدالله حسن زادە. چاپی دووەم . چاپخانەی سۆران . هەولێر . 2006.

9. دیوانی قانیع . چاپی چوارەم . سلێمانی . چاپخانەی قانیع. 2001

10. . الدکتور عبدالستار طاهر شریف. الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیة فی نصف قرن .1908 _ 1958 . الطبعة الاولی . شرکة المعرفة . بغداد. 1989

11. . البروفیسور د. کاوس قفطان . الحرکة القومیة التحرریة الکردیة فی کردستان العراق 1958 – 1964 . سلیمانیة . وزارة الثقافة 2004.

12. . ئاری کەریم . چەند لاپەرەیەکی زیندوو لە شۆرشی ئەیلول دا. چاپخانەی خەبات . دهۆک.1999 .

13. نەوشیروان موستەفا ئەمین . پەنجەکان یەکتری دەشکێنن. دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین 1997.

14. ئیبراهیم جەلال. خوارووی کوردستان و شۆرشی ئەیلوول بنیاتنان و هەلتەکاندن. 1961 – 1975 . دەزگای چاپ وبڵاوکراوەی شێنێ . بەرلین .1998 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دیاره شۆرشەکەی شێخ مەحموودی نەمر ، رۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەبووە لەسەربیری ناسیۆنالیزمی کوردی . حکومەتەکەی شێخ مەحموود ، یەکەمین حکومەتی کوردی بووە، کە هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان دانیان پێداناوە. لەوکاتەدا ئینگلیز کە عێراقی داگیرکردووە، بە رەسمی دانی بە حکومەتی کوردیداناوەو، نازناوی "مەلیک" یان بە شێخ مەحموود بەخشیوە7 .هەروەها بۆ یەکەمین جار لەمێژووی کوردا، زمانی کوردی بۆتە زمانی رەسمی دەوڵەت و لەلاین ئینگلیزەوە دانی پێدانراوە.لەکوردستانی ئێرانیش،سمکۆخانی خشکاک لە ساڵەکانی 1920 بۆ 1925 ، کۆمەڵێک راپەڕینی گەورەی ئەنجام داو ، بەشێکی زۆری ناوچەکوردنشینەکانی ڕزگارکرد. وەلە ساڵی 1923 وە پەیوەندی لە گەڵ شێخ مەحموودی نەمردا بەست8. دیارە سمکۆ لەهەموو سەرکردەکانی تری کورد ، بەتەنگ دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردو ، رزگارکردنی هەرچوارپارچەی کوردستانەوە بووە .

---

5 الحركة الكردية فى العصر الحديث . جليلى جليل ، م.س.لازاريف،م.ا.حسرتيان،شاكرومحويان، اولغا جيغالينا. ترجمة . د.عبدى حاجى. دار الرازى . بيروت . 1992. ص 150

6 دیوانی پیرەمێرد. کۆکردنەوەو ساخکردنەوەو ئامادەکردن. فایەق هۆشیار. مستەفا سالح کەریم . ئەحمەد زرنگ. محەمەد نووری تۆفیق. مەحموود ئەحمەد محەمەد. پیاچوونەوەی : عوسمان محەمەد هەورامی . چاپی دووەم . چاپخانەی خاک. سلێمانی .2000. لاپەرە. 189 .

7. . م.ر. هاوار . شۆرشەکانی شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان . لەندەن . 1990 . بەرگی یەکەم . ل 521 .هەروها سەیری . یاداشت. رفیق حلمی . کوردستانی عراق و شۆرشەکانی شێخ مەحمود. بەشی دووەم. توریز. انتشارات محمدی سقزی .

8. د.عبدالرحمن قاسملو. کوردستان وکورد. وەرگێرانی : عبداللە حسن زادە. چاپی دووەم . چاپخانەی سۆران . هەولێر . 2006 . لاپەرە. 84 .



# سەرچاوەکانی بەشی سێهەم


1. د. شێرکۆ فتح اللە عمر. الحزب الديمقراطى الكوردستانى وحركة القومى الكوردية فى العراق. 1946- 1975 . وزراة الثقافة . السليمانية . 2004

2. د. بلەج شيرگوه. القضية الكردية . ماضى الكرد و حاضرهم . رابطة كاوا. للثقافة الكردية . دار الكتاب – بيروت . 1986 .

3. دیوانی نالی . مەلاخدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی . لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی. مەلاعبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالكريم . محمدی مەلا کریم پیاچوەتەوە. مرکز فرهنگ وادبيات كردى . اورمية.

4. الحركة الكردية فى العصر الحديث . جليلى جليل ، م.س.لازاريف،م.ا.حسرتيان،شاكرومحويان، اولغا جيغالينا. ترجمة . د.عبدى حاجى. دار الرازى . بيروت . 1992

5. دیوانی پیرەمێرد. کۆکردنەوەو ساخکردنەوەو ئامادەکردن. فایەق هۆشیار. مستەفا سالح کەریم . ئەحمەد زرنگ. محەمەد نووری تۆفیق. مەحموود ئەحمەد محەمەد. پیاچوونەوەی : عوسمان محەمەد هەورامی . چاپی دووەم . چاپخانەی خاک. سلێمانی .2000..

6. . م.ر. هاوار . شۆرشەکانی شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان . لەندەن . 1990 . بەرگی یەکەم ..




PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوکاتە بەعسیەکان بە هەموو جیهانیان دەووت :" هەر لە ئەوەڵەوە ووتمان ، ئەمانە جاشی ئێرانن ،باوەرتان نەکرد. چاوتان لێیە ، پاش ئەوەی لەگەڵ ئێران رێکەوتین ، ئەوانیش نەمان" .
ئەم ناوزڕاندنەی کورد و شۆرشەکەی ، هەتا سەردەمانێکی زۆر بەردەوام بوو. بەڵام **بەداخەوە هەتاوەکوو ئەمرۆش ، ئەم هەڵەیە هەر بەردەوامە و ، جارلەدوای جار ،سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردی ، خەبات و رەنج و ئازاری خەڵکی کوردستان ، دەکاتە کارتێک و ، تەسلیمی دەولەتە زلهێزەکانی جیهانی دەکات ، لەپێش هەموو شیانەوە ئەمەریکا. هەمووکاتێک بەنەخوێنی شەڕواڵی کوردیان داوەتە دەست بێگانە. ئەوانیش هەرکاتێک بیانەوێت ، شەڕواڵیان لە بەر کورد داکەنیوە. زۆرجار لەبەر بەرژەوەندی دەولەتانیی بێگانە، خەڵکی کورد ئاوارەو ، ریسواکراوە. هەتا بەنەخوێنی شەڕواڵی کورد بەدەستی بێگانە و پیاوەکانیەوە بێت ،ئەوا هەمووکاتێک بزووتنەوەی کوردی هەر بەشی ریسوابوونە.**



لێ بەداخەوە ئەویش چەرخی زەمانە ، هیچ یارمەتی نەداو ، شۆرشەکانی تووشی شکست هاتن . راپەرینەکەی بەردەرکی سەراش لە سلێمانی ،کەلە 6 ی ئەیلوولی 1930 ، روویدا. ڕۆڵێکی گەورەی لە سەر بوژانەوەی گیانی کوردایەتی هەبووە. بەتاییەت لای رۆشنبیرانی ئەوکاتە، ئەم راپەرینە هەموویانی هەژاندووە بەتاییەت شاعیرانی ئەوکاتەی کورد. حەزرەتی قانیع دەفەرمێت :

**لە کزی کوردان گلاراومە**
**رۆژەکەی ئەیلول تانەی چاومە**
**لە بیرت نەچێ باخچەی بەر سەرا**
**بەخوێنی کوردی مەزڵووم ئاودرا**
**بەگوللەی مەترەلۆز، ئاوپرژێن کراین**
**لەسەر حەق خۆمان بەناحەق کوژراین 9**

بەبۆچوونی من ، بیری ناسیۆنالیزمی کوردی ، لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە ، پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆوە بینیوە. چەتەگەری مستەفا کەمال لە دژی گەلی کورد ، رۆڵێکی زۆری هەبووە ، بۆ بوژانەوەی بیری نەتەوەیی لای کورد ، بەتاییەت بەشی باشووری کوردستان. هەتا ئەم چەتەگەریەی مستەفا کەمال دەرنەکەوت ، خەڵکێکی زۆری کورد ، بەتاییەت رۆشنبیرانی هەر باوەڕیان بە توورک هەبووە، بەڵام لە پاش سیاسەتە شۆڤێنیەکانی توورک ، بەتاییەت سیاسەتی لەناوبردنی کورد هێندەی تر کوردی عێراقی هۆشیارکردۆتەوەو، دژی توورکان وەستاونەتەوەو، زۆر دژی ئەوکەسانەش بوونەتەوە، کەپشتگیری توورکیان کردووە*.

---

**9. دیوانی قانیع . چاپی چوارەم . سلێمانی . چاپخانەی قانیع. 2001. شیعری شیووەن ،لاپەڕە 384**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## چۆنێتی دامەزراندنی پارتی دیمۆکراتی کوردستان "پارتی"

دیارە لەپاش ڕووخانی حکومەتەکەی شێخ مەحموود، کۆمەڵێک هێزی سیاسی ، هەوڵیان داوە ئەو بۆشاییە بۆ خۆیان پڕبکەنەوە. هەر لەو سەردەمەدا کۆمەڵێک هێزو لایەنی سیاسی کوردی دروست دەبێت ، کەبەشێکی زۆریان بیری مارکسی لینینی زاڵ دەبێت بەسەریاندا.لەو گرووپ و حیزبانەش کە چالاکی سیاسیان هەبووە ،حیزبی " هیوا" و "ژ.ک" و " شۆرش" "ڕزگاری" . حیزبی هیوا ، کە نووسەرو رۆشنبیری گەورەی کورد مامۆستا ڕەفیق حیلمی سەرۆکی بووە ، رۆڵێکی سەرەکی گێراوە لە ڕووداوە سیاسیەکان و ڕاپەرین و خۆپیشاندانەکانی ئەوکاتە. دیارە بە دروستبوونی حکومەتی کوردی لەمهابادو پەیدابوونی حیزبی دیمۆکراتی کورد لە ئێران، بیرۆکەی دروستبوونی هەمان شێوەی ئەو حیزبەش لە کوردستانی عێراقدا دروستبووە.بەگشتی پارتی لە توانەوەی دوو حیزبی سەرەکی دروستبووە، حیزبی رزگاری و حیزبی شۆرش. 10 . هەروەک بەڕیز دکتۆر عەزیز شەمزینیش دەڵێت :

(حیزبی ڕزگاری لە مانگی ئابدا بڕیاریدا خۆی حەل بکات و هەوڵی دامەزراندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردی بدەن . ئەوەبوو لە کۆتایی هەمان مانگدا ، حیزبی ڕزگاری کۆبوونەوەیەکی کردوو ، ئیعلانی دامەزراندنی حیزبی دیمۆکراتی کورد بڵاوکردەوە)11.

---

*** . هەر لەوکاتەشدا ، دەستەواژەی " جل خوار" یان بۆ نۆکەرو جاشەکانی توورک داناوە. ئەمەش دەستەواژەیەکی خراپی سیاسی (یان جنێوێکی سیاسی) بووە .**

**10 . د. شێرکۆ فتح الله عمر. الحزب الديمقراطی الكوردستانی وحركة القومی الكوردية فی العراق. 1946- 1975 . وزراة الثقافة . السليمانية . 2004. ص105**

**11. الدكتور عبدالستار طاهر شريف. الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية فی نصف قرن .1908 _ 1958 . الطبعة الاولی . شركة المعرفة . بغداد. 1989 . ص142**



**فرۆشراین .. هەرزان فرۆشیان کردین..**
**ئێمەو وڵاتیان نایە نێو جانتایەکی**
**دبلۆماسی ، وێستگا بە وێستگا،**
**لەنگەر بە لەنگەر هەراجیان کردین. 61 .**

کیسینجەر ، زۆر بێ شەرمانە لە یادەوەریەکانی خۆیدا، دان بە بێ رەوشتی و بێ شەرمی ئەمەریکا ، لەبەرامبەر کێشەی کوردا دەنێت62 بەڵام ئایا کیسینجەر و ئەمەریکا ، هیچ کاتێک حسابیان بۆ رەوشت و شەرم کردووە ؟؟؟؟!!!!!!!!!!!!!!!!

## قووربانیانی ئاشبەتاڵ

سەدان هەزار کەس بەرەو سنوورەکانی ئێران رایانکرد. بەهەزارن کەس لەرێگادا تووشی نەخۆشی بوون . سەدان کەس لەداخاندا خۆیان خنکاند. بە هەزاران پێشمەرگە خۆیان تەسلیمی رژێم کردەوە. سەدان مەسئوولی دزو گەندەڵ،دەستیان کردە تاڵانکردنی دەزگاکانی شۆرش لەپێش هەمووشیانەوە،فرۆشگاوجبەخانەکان.کۆمەڵێکبازرگانی جەنگ پەیدابوون.بەڵام لەهەمووی خراپتر،رووخانی وورەی شۆرشگێری بوو لای خەڵکی . بەجارێک ئەم کارەساتە ، باوەڕی کوردایەتی و شۆرشگێری لەناودڵی خەڵکیدا لاوازکرد. بەڵام لەهەمووی جەرگبڕتر ، ئەوەبوو، ئەم ئاشبەتاڵە ، ناوی کوردی بەیەکجاری لەجیهاندا زڕاند. بەتەواوی بزووتنەوەی کوردی کردە داردەستی بێگانە.

---

**61. . موکری . رۆمانی هەرەس . چاپی چوارەم .چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی . 2005. کەرکووک . لاپەڕە 215 .**

Henry A. Kissinger. Memoiren .Aus dem Amerikanischen von.Hans-.62 **Jürgen Baron von Koskull. C.Bertlsmann. Verlag. München.1979. S1341**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەروها کریست کۆچێراش دەڵێت :

( پاش مانگێک لەدروستبوونی کۆماری مهاباد، مەلا مستەفاو هەمزە عبدوڵڵا و هاورێکانی"لیژنەی حیزبی دیمۆکراتی کورد"یان دروستکرد، کەئامانجی سەرەکیان بۆ چارەنووسی بەرزانیەکان بوو، کەئەوکاتە لە ئێران بوون 12)

## یەکەمین کۆنگرەی پارتی

لە 16 ئابی 1946 لە شاری بەغدا، بە ئامادەبوونی 32 ئەندام یەکەم کۆنگرەی پارتی بەسترا. هەر لەم کۆنگرەیەدا ، بڕیاردرا ، کە کەرتی ( حیزبی دیمۆکراتی کورد/ ئێران) ، هەڵبوەشێتەوەو ، تێکەڵی پارتی ببێت . دیارە ئەوکاتە حیزبی دیمۆکراتی کوردی ئێران ، داوای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی ئێران و ، مانەوە لەگەڵ مەملەکەتی ئێران دەکرد. ئەمەش هیچ پەیوەندیەکی بەکوردی عێراقەوە نەبوو. جێگای ئاماژە پێدانە، ئەوکاتە ( ئیبراهیم ئەحمەد) ، بەرپرسی کەرتی حیزبی دیمۆکرات ئێران بووە ، لەکوردستانی عێراق. هەر لەم کۆنگرەیەدا، 15 کەس بۆ لیژنەی ناوەندی هەڵبژێردران و، (هەمزە عەبدوڵڵا) ش ، کرا بە سکرتێری لیژنەی ناوەندی . جگە لەمەش بڕیاڕدرا ، کە رۆژنامەیەکی حیزبی بەناوی (رزگاری) دەربکەن 13.

12. هەمان سەرچاوە. لاپەڕە 148 .
13 هەمان سەرچاوە . لاپەڕە. 155 .



4. چەک

_ 15 ملیۆن فیشەک
_ 5 هەزار گوولەی تۆپ
_ دەیان هەزار کلاشینکۆڤ و برنەو
_ هەزاران ئاربی جی
_ هەزاران لوغم
_ سەدان هاوەنی 82 ملم،120ملم. وسەدان سەدانی چەکی هەمەجۆر60 .

لەگەڵ ئەم هەموو توانا ماددی و مەعنەویە بەرزەش ، کەچی شۆرش هەرەسی هێنا. دیارە گەر شۆرشێک سەرچاوەکەی لێڵ بێت ، زۆر زەحمەتە ، خۆی لەئاستی پیلانی داگیرکەران رابگرێت. بەراستی بووینە شمەکێکی هەرزان و، لەبازاری زلهێزەکاندا ، هەرزان فرۆشیان کردین .

58نەوشیروان موستەفا ئەمین . پەنچەکان یەکتری دەشکێنن. دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین .1997 . لاپەڕە.114
59. هەمان سەرچاوە.
60. هەمان سەرچاوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## کودەتاکەی قاسم

لە 14 ی تەموزی 1958 دا ، ئەفسەرێکی عێراقی بەناوی ( عبدول کەریم قاسم ) و چەند هاورێیەکی ، کودەتایەکی سەربازیان بەسەر رژێمی مەلیکیدا کردوو، خۆیان کردە حاکمی عێراق. بەداخەوە ئەم کودەتایەش ناوی شۆرشی لێنرا ، کەهیچ کاتێک شۆرش نەبووە. ئاخر کە دەڵێین شۆرش،واتەبزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورە هەڵدەستێت بەگۆرینی رژێمێکو،رژێمێکی نوێ لە جێگایدا دادەنێت .لێ بەداخەوە ئەوەی عێراق ، تەنها کۆمەڵێک ئەفسەری سووپای عێراقی بەم کارە هەڵسان. لێ بەگشتی ئەم کودەتایە چەند دەستکەوتێکی باشی بۆ گەلی کورد هەبوو. لەسەروو هەمووشیانەوە ، حکومەتی عیراقی بەرەسمی دانی بەماڤی کوردا دانا . ئەوەبوو بەندی سێیان لە دەستووری عێراقی دانا. کە دان بە ماڤە نەتەوەیەکانی گەلی کوردا دەنێت .بەندی سێهەم لەدەستووری عێراق دەڵێت:

( عێراق لە هەردوو نەتەوەی برا ، عەرەب و کورد پێک دێت 14 ).

هەروەها عێراق لە هاوپەیمانی (حلف) بەغدا ، کشایەوە . ئەم هاوپەیمانیەش لەدژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بوو. هەروەها کۆمەڵێک پرۆژەی خزمەتگوزاری و پیشەشازی و پەروەردەیی و زانستی ،لەکوردستاندا کرایەوە.هەرچەندە ئەویش لەچاو پرۆژەکانی ناوچە عەرەبیەکان زۆر کەم بوو . بۆنموونە ئەو برە پارەیەی کەبۆ پرۆژەی خانووبەرە دانرابوو بەم شێوەیە بوو .

شاری سلێمانی 662.000 ، هەولێر 679.000 ، کەرکووک 935.000 کەچی بەتەنها بەغدا36.620.000 دیناری بۆ دانرابوو. کەربەلا

---

14. البروفيسور د. كاوس قفطان . الحركة القومية التحررية الكردية فى كردستان العراق 1958 – 1964 . سليمانية . وزارة الثقافة .2004 . ص 63



تواناکانی شۆرش پێش ئاشبەتاڵ ، بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

1. لەرووی ئەندامەوە

- 60 هەزار پێشمەرگەی هەمیشەیی
- 43 هەزار هێزی بەرگری میللی
- 470 ئەفسەری سەربازی و پۆلیسی پلە بەرز
- 98 پزیشک
- 7 پزیشکی ددان
- 7 دەرمانگەر
- 220 ئەندازیار
- 60 مامۆستای زانکۆ
- 2120 مامۆستای سەرەتایی و دواناوەندی
- 700 خویندکاری زانکۆ و پەیمانگاکان
- 4500 خوێندکاری ناوەندی و دواناوەندی. 58

2 . لەرووی داراییەوە

تاکە شۆرشی کورد بووە ، کەپەکی لەسەر دارایی نەکەوتووە. یارمەتی لە ئێران و ئیسرائیل وئەمەریکا و جیهان وەردەگرت. دارایی ئەو کاتەی شۆرش 48 ملیۆن دیناربووە. جێگای ئاماژەیە یەک دیناری ئەوکاتەی عێراق ، 3 دۆلاری ئەمەریکی کردووە59.

3. راگەیاندن

رادیۆیەکی 8 کیلۆواتی . جگە لەبوونی چەندین رۆژنامەو گۆڤار. هەروەها سەدان تایپ و رۆنیۆ ، سەدان نووسەرو رۆژنامەنووس ، لەدەزگای راگەیاندنا کاریان کردووە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەو کاتەی کە بزووتنەوەی کورد، بەتەواوی تەسیلمی شای ئێران کرابوو. ئەوانیش بەیارمەتی ئەمەریکا ( بەتایبەت وەزیری دەرەوە، کیسینجەر) و ، شا حوسێنی ئوردون و ئەنوەر ساداتی میسرو،سەرۆکی جەزائیری لە وولاتی جەزائیر، لە 6 ئایاری 1975 ، رێکەوتنامەیەک لەنێوان شای ئێران وسەدام مۆرکرا56. کەئامانجی سەرەکی ئەم رێکەوتنە، لەناوبردنی شۆرشی کورد بوو. هەرپاش ئەم رێکەوتنەش ، سەرکرادیەتی پارتی ، کۆتایی بە بزووتنەوەکە هێناو ئاشبەتاڵی لێکرد.

**/ تواناکانی شۆرش**

**جاران بە چەکەکانی خۆمان سەرەرای کۆنی و**
**کەمکەڵکیان زۆر شتمان دەکرد، کەچی ئەم چەکە**
**دیاری یانە فێری ئەوەی کردین**
**تەمەڵ بین و بترسین!!!** 57

هیج کاتێک بزووتنەوەی کورد ، هێندەی ئەم جارە بەهێز نەبووە. چ لەڕووی چەک و تەقەمەنی ، چ لەڕووی چەکدارو جەماوەر.

56. دیڤید مەکداول. مێژووی هاوچەرخی کورد. وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناو . چاپی دووەم . چاپخانەی کتێبفرۆشی سۆران . 2005 . لاپەرە .554

57. موکری . رۆمانی هەرەس . چاپی چوارەم .چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی . 2005. کەرکووک . لاپەڕە 302 .



1.800.000 دیناری بۆ دانرابوو. 15. لەپرۆژە تەندروستیەکانیش ، جیاوازیەکە زۆرتر بوو. بۆ خەستەخانەی هەولێر تەنها 70.000 ، بۆ سلێمانی 200.000 دینار . کەچی بۆ خەستەخانەی عەمارە 1.200.000بۆ خەستەخانەی بەسرەش 2.400.000 دیناردانرابوو. 16 لەرووی رۆشنبیریشەوە خراپتر بوو . بۆ نموونە لە کۆی 211 چاپخانە لە عێراقدا ، تەنها 10 یان لە کوردستاندا بوون . لە سلێمانی 2 دانە ، لە هەولێر 3 ، لە کەرکووک 5 دانە 17 . هەروەها (ریفۆرمی زەوی) کرا ، هەرچەندە زۆر لە بەرژەوەندی جووتیاری کورد نەبوو.بەڵام لە جاران باشتربوو. بەگشتی گەلی کورد، رژێمی قاسمی پێ باشتر بوو لە رژێمی پادشایەتی. ئەوەبوو یاسای لێبووردنی گشتی دەرچوو، کۆمەڵێکی زۆری زیندانی سیاسی کورد ئازادکران . هەروەها مەلامستەفا و جەماعەتەکەشی توانیان بگەڕێنەوە. سەرکردەکانی حیزبی دیمۆکرات.یەکسەر پشتگیری خۆیان بۆ کودەتاکەی قاسم لێداو ، خەڵکیان لە شارەکوردیەکاندا بۆ ئەم رژێمە هەڵپەڕاند.

**تێکچوونی مەلا مستەفا و قاسم**

دیارەمەلا مستەفا کاتێک گەڕایەوە بۆ عێراق ، یەکسەر قاسمی بینی و ، قاسمیش بۆ رازیکردنی دڵی کورد ، رێزی لێ گرتبوو. ئەوەبوو لە هۆتێلی سەمیرامیس میوانداری کراو، پاشانیش مووچەیەکی مانگانەیان بۆ بڕیەوە18 . مەلا مستەفا زۆر بەتەنگی رازیکردنی دڵی قاسمەوەبوو. تەنانەت هەندێک جار ، هەڵسووکەوتی وایکردووە،کە دەگاتە ئاستی نزمی و سووکی .

15. هەمان سەرچاوە. لاپەرە 69
16. هەمان سەرچاوە. لاپەرە . 70 .
17. هەمان سەرچاوە. لاپەڕە 69 .
18. . ئاری کەریم . چەند لاپەڕەیەکی زیندوو لە شۆرشی ئەیلول دا. چاپخانەی خەبات . دهۆک.1999 . لاپەڕە 9 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بۆ نموونە لەسلێمانی لەبەردەرکی سەرادا ، خەڵکی کۆبۆتەوە، لە کاتێکدا مەلا مستەفا دێت،سەیردەکات لەشوێنی ووتار خوێندنەوەکە، وێنەیەکی گەورەی خۆیان هەڵواسیوە. ئەویش لەیەکێک لە پێشمەرگەکان تووره دەبێت و دەڵێت: ( من سەربازی زەعیم عەبدول کەریم قاسمم 19 ) . بەهادین نوریش لەیادەوەریەکانیدا دەڵێت: لە دانیشتنێکدا مەلامستەفا بە قاسم دەڵێت : ( من قەیتانی قۆندەرەکانتم 20 ) خۆی بەگشتی مەلا مستەفا ئاستی رۆشنبیری زۆر نزم بووە ، هەربۆیە زۆرجار ئەم قسە نزم وچرووکانەی کردووە.

قاسم کابرایەکی دیکتاتۆر بوو،حەزی دەکردخۆیبەتەنها فەرمانرەوای عێراق بێت . لەلایەکی ترەوە ، قاسم هەردەمەی لەسەر پەتێک یاری کردووە، جارێک پشتی شیوعیەکانی گرتووە ، جارێکیش پشتی بەعسیەکانی گرتووە. دیارە ئەم کودەتایەش بەدڵی ئیمپریالیستی جیهانی و دەوڵەتە فاشیستەکانی ناوچەکە نەبووە ، لەپێش هەمووشیانەوە توورکیا و ئێران . هەمووکات هەوڵیان داوە ، پلان لە دژی حکومەتی قاسم رێکبخەن . رۆژنامەی نیۆرک تایمز، داوای لە فاشیستە عەرەبەکان کرد ، کە لەدژی قاسم راپەڕن و کێشەی بۆ دروست بکەن ، چونکە شیۆعیەکان دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست. پاش چەند مانگێکیش داوای لە ئەفسەرەکانی ناو سووپاکرد ، کە کودەتایەکی سەربازی لەدژی قاسم بکەن21.

---

19. نەوشیروان موستەفا ئەمین . پەنچەکان یەکتری دەشکێنن. دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین .1997 . لاپەرە. 58

20. هەمان سەرچاوە. لاپەرە 58 .

21. . البروفیسور د. کاوس قفطان . الحرکة القومیة التحرریة الکردیة فی کردستان العراق 1958 – 1964 . سلیمانیة . وزارة الثقافة .2004 . ص 103



/ " ئاشبەتاڵ" بۆ ؟؟؟؟؟!!!!!!

**رێی ئاشبەتاڵ هەر لە گۆڕێدایە ،**
**هەموو دەپرسن" بۆ!!!!!"**
**ئەم بۆیە لەگەڵ هەموو ئاشبەتاڵێکدا سەرهەڵدەدات،**
**لەئاشبەتاڵێکی دیدا،**
**دەبێتە ( سوکە وەڵام !!)**
**وەڵامێکی گەوجانەی سیاسەت بازێکی ئینتهازی پیسە،**
**ئەویش:**
**(دۆستان پشتیان تێکردین!!!!!!!! 55)**

هەموو کەسێک وەڵامی ئەوپرسیارەی بۆ نەدەدرایەوە، ئایا چۆن دەبێت لەماوەی شەووڕۆژێکدا کارەساتێکی ئاوا ڕوو‌بدات. بەداخەوە هەتاوەکوو ئەمرۆش ئێمە هەمان هەڵەی پێشوو دەکەینەوە. هەتا سەرکردایەتی شۆرشی کورد ، بەدەست بنەماڵەیەک یان کەسێکی دیکتاتۆرەوەبێت، دەبێت هەمیشە بەتەمای هەرەس و کۆڕەو ئەنفال بین. هەرەس قۆناغێکی گرنگی مێژووی گەلی کوردە. قۆناغێکە ، کەبۆ وەڵامدانەوەی"بۆ" کان ، پێویستە چەندین کتێب و ،هەزاران لاپەرەی سپی،رەش بکەینەوە.ئەم کارەساتە هەروا بە وەڵامێکی گەوجانەی سەرکردایەتی بزووتنەوەکە کۆتایی نایەت، کە " **دۆستان پشتیان تێکردین** " . یان بە وەی **(بە پلانێکی ئیمپریالیستی ، شۆرشەکەمان لەناوچوو).** دیارە ئەم وەڵامانە ، هیچ کاتێک کەسانی رۆشنبیر و خوێندەوار قەناعەتی پێناکەن. هەموو دەزانین ، کە ئیمپریالیستی ئەمەریکی ، ئێمەی وەکوو کارتێک بەکاردەهێنا. هەموو ئەمەریکا دەناسین ، ئەو دەوڵەتەی ، کەلەوەتی دروست بووە ، هەر خەریکی پەلاماردان و چەتەگەری بووە.

---

55. موکری . رۆمانی هەرەس . چاپی چوارەم .چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی . 2005. کەرکووک . لاپەرە 209 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## "ئاشبەتاڵ" هەرەس

**ئەوا بە كۆمەڵ ، دەستە دەستە پێشمەرگە**
**چەكی قورس و سووك دادەنێن و تەسلیم دەبنەوە!!!**
**"ئەوە فلانە كۆنە مەسئولیش " لەتەلەفزیۆندا دەڵێ:**
**خەڵكینە... بەهەڵەدا چووین.. میری نیشتمانی بەڕەحمە!!**
**ئێمە خراپ بووین.. بەسە ئیتر .. ئێمە سەربەئیستعمارو**
**زایۆنەت و..54**

ئاشبەتاڵ یان هەرەس ، یەكێكە لە ڕووداوە جەرگ بڕەكانی كورد لە باشووری كوردستاندا . هیچ كەسێك ناتوانێت وەسفی ئەو ئێش و ئازارانەی ئاشبەتاڵ بكات . موكریnووسەری گەورەی كورد، ئاشبەتاڵ هەناوی سووتاندبوو.تابە ڕۆمانێكی 500 لاپەرەیی وەك مێژوونوسێكی جەرگ بڕاو ، ڕووداوەكانی سەردەمی هەرەسی بۆ تۆمار كردین . بەراستی هیچ كەسێك باوەری نەدەكرد، شۆرشێك كە سەدان هەزار كەسی لەگەڵدابێت. هەر لە ژن،پیاو،منداڵ،جووتیار، كرێكار، ڕۆشنبیر و خوێندكار، دوكاندار،،،بگرە هەموو گەلی كوردی لەگەڵدا بوو، كەچی بەشەو ڕۆژێك لەناوبچێت. شۆرش هەمووكەسێكی لەگەڵ بوو، تەنها سەركردایەتی نەبێت. بەداخەوەهەرئەوانیش بوون شۆرشەكایان هەرزان فرۆشكرد.كارەساتەكە لەو ڕۆژەوە دەستی پێكرد ، كە تەواوی دەسەڵاتی سیاسی بزووتنەوەكە، كەوتە دەستی پیاوێكی ناسیاسی ونەخوێندەوار ودیكتاتۆر. گرمۆڵەبوونەوەی دەسەڵات لەتاكە كەسێكدا هەرەسە گەورەكەی بەدیاری بۆ هێناییین .

---

54. موكری . ڕۆمانی هەرەس. چاپی چوارەم . چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی . كەركووك . 2005 .لاپەڕە.213



سەرۆكی پارتی كرێكارانی بەریتانیاش( فیكیتسكین ) ووتی : ( تەنها ناسیۆنالیستە عەرەبەكان " "ناسریەكان " دەتوانن ،ڕێگا لە شیۆعیە عێراقیەكان بگرن 22) وەزیری بەرگری توركیاش ووتی : ( توركیا هێزەكانی لە سەر سنووری عێراق داناوە ، چاوەڕێی بەزینی سنوور دەكەین).

بەڵام لەهەمووی‌كاریگەرتر،بوونی سیاسەتی ریفۆرم بوو،كە بەدڵی ئاغاو دەرەبەگەكانی كورد و عەرەب نەبووە. ئەمانەش بوون‌بە گەورەترین دوژمنی حكومەتەكەی قاسم.بەڵام هەمووكات مەلامستەفا ، دڵسۆزی بۆ قاسم پیشان داوە و، تەنانەت لەبەر راگرتنی دڵی قاسم و ناسیۆنالیستە عەرەبەكان،وازیان لەچەندین بەرنامە وئایدۆلۆژیان هێناوە. بۆ نموونە لە 1960.5.1 پارتی كۆنگرەی پێنچەمی لە بەغدادەبەستێت .لەم كۆنگرەیەدا واز لە دووبرگە دەهێنن. یەكەمیان وازهێنان لە بەندی 3 ی بەرنامەی پارتی ، كەدەڵێت :( سوود لە بیری ماركسی لینینی وەردەگرین) . هەروەها بەندی 33 شیان لابرد ، كە دەڵێت : (یارمەتی خەباتی ڕزگاریخوازی كوردەكانی پآرچەكانی تری كوردستان دەدەین 23 ). مەسەلەی ناسنامەی عێراق ، كێشەكە دەتەقێنێتەوە. لە بەندی 2 دەستووری عێراقدا ،دەڵێت ( عیراق بەشێكە لە نەتەوەی عەرەب ). ئیبراهیم ئەحمەدیش ، لەرۆژنامەی خەبات لەدژی ئەم بڕیارە وەڵامێكی توند دەنووسێت . لە ئازاری 1961 ، قاسم بڕیاری گرتنی ئیبراهیم ئەحمەد دەدات ( كە ئەوكاتە سكرتێری پارتی بووە) ، هەروەها هەموو رۆژنامەو گۆڤارەكانی پارتی دادەخرێت.

---

22. هەمان سەرچاوە

22. د. شێركۆ فتح الله عمر. الحزب الديمقراطی الكوردستانی وحركة القومی الكوردية فی العراق. 1946- 1975 . وزراة الثقافة . السليمانية . 2004. ص143



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**سەرەتای تەقینەوەکە**

مەلامستەفا لە 6 ی ئۆکتۆبەری 1960 چوو بۆ مۆسکۆ. لەپاش گەرانەوەی ،راست بەغدا بەجێدەهێڵێت و دەچێتەوە بۆ بارزان. مەلامستەفا پاش ئەوەی لەگەڵ قاسم رێکناکەوێت ، لەیەکێکلە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی پارتی ، ووتبوی،: ( دەست بە بزووتنەوەی چەکداری و کاری تیرۆریستی بکەن و، چەن هێڵێکی تەلەفوون و کارەبا بتەقێنەوە، تا زۆر لە قاسم بکەین لەگەڵمدا رێکبەوێت ،بەڵام مەکتەبی سیاسی ڕزای نەبوون 24). جگەلەوەش کاتێک مەلا مستەفا گەڕایەوە بۆ بارزان ، بۆ ئەوی خۆی بەسەر خێلی بارزاندا بسەپێنێت، دەستی کرد بە تۆڵە سەندنەوە لە چەند سەرۆک خێلێکی ناوچەکە. چونکەئەوکاتە شێخ ئەحەمەدی برای مونافسی بوو . ئەوەبوو چەند پیاوێکی ناردە موسڵ و ئەحمەد ئاغا سەرۆک خێڵی زێباریان کووشت .پاشانیش لە ڕێگای شەقلاوە،صدیق میرانیان کوشت 25. ئەمەش هێندەی تر قاسمی توورە کرد . مەلا مستەفا نامەی بۆ زۆربەی سەرۆک خێل و دەرەبەگەکانی کوردستان ناردبوو، بەتایبەت عەباس ئاغای پشدەر،داوای لێکردبوون لە دژی قاسم راپەڕن . ئەوانیش هەموو بەتەمای ئەوەبوون 26. لە 1961.09.19بە زۆری مەلا مستەفا،مەکتەبی سیاسی بڕیاری خەباتی چەکداریڕاگەیاند27 . بەم شێوەیەش هەموو خاکی کوردستان ئاگر گرتیەوە ، جارێکی تریش سەرۆک خێلێک لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ، ئاگرێکی گەورەی بۆ خەڵکی رەش و رووتی کورد نایەوە.

24. نەوشیروان موستەفا ئەمین . پەنچەکان یەکتری دەشکێنن. دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین .1997 . لاپەڕە. 60
25. هەمان سەرچاوە . لاپەڕە . 59
26. هەمان سەرچاوە. لاپەرە . 60 3
27. . د. شێرکۆ فتح الله عمر. الحزب الديمقراطى الكوردستانى وحركة القومى الكوردية فى العراق. 1946- 1975 . وزراة الثقافة . السليمانية . 2004. ص148



ئێران بوو، کردی بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ، چونکە گومانی لێ دەکراسیخووری سۆڤێت بێ52 .

یەکێکی تر کەزۆردیاربوو، سامی سنجاری ( سامی عەبدول رەحمان ) کە لەبەردزین ، خەڵکی ناویان لێنابوو،**(سامی خوای دۆلار)** . ئەم پیاوە هەر لەیەکەم رۆژەوە ، گوومانی سیخووری بۆ ساڤاکی ئێرانی لێدەکرا . پاش هەرەس ، بە رێکەوت فایلی ئەم سیخوورە کەشف دەبێت. کە نەک بۆ ساڤاک ، بەڵکە بۆ زۆر دەزگا سیخووریەکانی جیهان ، کاری سیخووری و نۆکەری بۆکردبوون53.

52 .نەوشیروان موستەفا ئەمین . پەنچەکان یەکتری دەشکێنن. دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین .1997 . لاپەڕە.57

53. بەمۆ . کەڵەگایەکی نوێ . گۆڤاری دڕک . ژمارە .5. مانگی 5 1985 . لاپەڕە 18



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تێکۆشەرانەی بەسەر شەقامەکاندا گێڕا ، بۆ ئەوەی خەڵکی پێ تەمێ بکات.یەکێک لەو تێکۆشەرانەش سلێمانی موعەینی بوو، کەبەدەستی پیاوەکانی پارتی کوژراو تەسلیمی شای ئێران کرا.50. ساڵی 1962مەلامستەفا لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی نیۆرک تایمز دەڵێت : ( ئێمە شەڕی هەردوو حکومەتی تورکیا وئێران ناکەین ) دەربارەی ئەوکوردانەی کەلەکوردستانی توورکیاو ئێرانیشەوە کەهاتوون بوون بە پێشمەرگە، دەڵێت : ( جاروبار یەکێک لە توورکیا لەئێرانەوە دێت بۆ لامان ، هەندێک لەوانە لەدەست قانوون رایان کردووە !!51 ).

بەم شێوە ناشرینە ئەو خەڵکە قارەمانە سووک دەکات.

## 7 پەیدابوونی سیخووری نێودەوڵەتی لەناو بزووتنەوەی کوردیدا

هەمووکاتێکداگیرکەرانی کوردستان ،هەوڵیان داوەلەناو بزووتنەوەی کوردیدا ، خەڵکانی سیخوورو نۆکەری خۆیان دروستبکەن . لێ هیچ بزووتنەوەیەکی کوردی ، هێندەی بزووتنەوەی ئەیلوول ، دەزگاکانی سیخووری بیانی دەستی تێدا نەبووە. خەڵکانێکی زۆری سیخووری بێگانە بوون ،لەناوپارتیشدا مەسئوولی گەورە بوون . سەیرلەوەدایە مەلا مستەفا زۆر ڕێزی لەوکەسانە گرتووە، کە زانیویەتی سیخوری بێگانەیە. بۆ نموونە ،مەلا مستەفا دکتۆر موراد عەزیز،کەکوردێکی

50. حەمەسەعید حەسەن . 30 تەموز 31 ئاب . کوردستان نێت. 07.03.1998 .

51. وریا جاف. هەندێک لە چاوپێکەوتن و وتارەکانی بارزانی نەمر. چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر . 1999 . لاپەڕە . 21 .



## خێڵایەتی و شۆڕش

لەپاش بڵاوبوونەوەی بەیانی مەکتەبی سیاسی، کە ئیعلانی جەنگی لەدژی حکومەتی قاسم کرد، بە لێشاو ئاغاو دەرەبەگ و سەرۆک خێڵەکان و، بەشێکی زۆری خەڵکی نەخوێندەواری کورد، بە پیری بانگەوازەکەوەچوون. لەماوەیەکی ئێجگار کورتدا، بە هەزاران کەس بوون بە پێشمەرگە . هەر بەگوێرەش چەند کۆلکەرۆشنبیرێکی کورد ناوی شۆڕشیان بەم هەرایەی مەلا مستەفاوە نا.

## ـ زاڵبوونی مۆراڵی خێڵایەتی و دەرەبەگایەتی

هەروەک لە پێشیشدا باسم لێوەکرد، ئەو چەند ریفۆرمەی کە قاسم کردی بەدڵی دەرەبەگ و سەرۆک خێڵە کوردیەکان نەبوو. هەرچەندە ئەوان چەندین جار هەوڵیان دابوو، کێشەکە لە ڕێگای گفتوگۆوە چارەسەربکرێت . ئەوبوو وەفدێکی گەورەیان نارد بۆ بەغدا ، بۆ ئەوەی لەگەڵ قاسم ڕێکبکەون و سیاسەتی ریفۆرمی پێبگۆڕن . لێ وەفدەکە هیچیان دەست نەکەوتبوو، بەدەست بەتاڵی گەڕابوونەوە 28 پارتی ومەلامستەفا ئەم هەلەیان قۆستەوەو، کەوتنە نامە ناردن بۆ سەرۆک خێڵەکان. هەرچەندە باڵی جەلالی ، دەیانووت ئێمە ئاگاداری ئەو کارەی مەلا مستەفا نەبووین . بەڵام ئەمە ڕاست نەبوو، چونکە هەردوولا حەزیان بە هەڵگیرساندنی شەڕدەکردەوە. بۆ نموونە ئەگەر مەلا مستەفا بەتەنها بڕیاری داوە ، بۆچی جەلال تالەبانی کاتێک لە بەغداوەگەڕایەوە بۆ کوردستان ،دژی شەرەکە ڕانەوەستایەوە؟! بگرە ئەو نەک دژ بوو ، بەڵکە بوو بە سەرۆکی یەکێک لەبەرەکانی جەنگیش29 .

28. . نەوشیروان موستەفا ئەمین . پەنجەکان یەکتری دەشکێنن. دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین .1997 . لاپەڕە. 59



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڵام ئەمە نەریتی هەموو ئۆپۆزسیۆنێکی چرووکە ، پاش ڕووداوەکان قسەی خۆی بکات و بڵێت من کاتی خۆی دژی ئەوکارەبووم. لێ بەگشتی ئەم بزووتنەوەیەی کورد ، لە هەموو بزووتنەوەکانی تر قەرەباڵختربوو. خەڵکانی رۆشنبیری ناوشارو، جووتیاران و ڕەنجدەری ناوشار ، هەموو تێکەڵی ئەم هەرایەبوون .

## بەڵام بۆچی هەمووچین و توێژەکان بەشداریان کرد؟!

دیارە ئەو ناعەدالەتیە زۆرەی کە حکومەتی ناوەندی دژی ناوچەکوردیەکانی دەکرد، لەڕادە بەدەر بوو. لەهەمان کاتیشدا شۆرشە مەزنەکەی شێخ مەحموودی نەمر ، رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بوژانەوەی بیریی ناسیۆنالیستی کوردی و، هەتا ئەو سەردەمەش خەڵکی خەونی بەدەوڵەتی کوردیەوە دەبینی. مرۆڤیش هەمووکات ئامادەبووەبۆ خەونەکانی بجەنگێت .مەلا مستەفا وپارتیش ، ئەم خەونە پیرۆزەی خەڵکیان قۆستەوەو ، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاریان هێنا.

بەگشتی مۆڕاڵی خێڵایەتی و دەرەبەگایەتی، بەسەر تەواوی بزووتنەوەکەدا زاڵ بوو. بەشێکی زۆر سەرکردە سیاسی و سەربازیەکان ، لە خەڵکی سەرۆک خێڵ و هۆز و دەرەبەگاکان پێکهاتبوون. ئەمەش وایکرد ڕۆڵی وردەبۆرجوازی کەم بێتەوەو یان هەر نەمێنێت . هەر ئەمەش بۆتە هۆی تێکچوون و لێکترازانی بزووتنەوەکە. هەر ئەم سیمایەش بۆتە هۆی ناوزڕاندنی بزووتنەوەکە لە جیهاندا. لەهەموو شوێنە سیاسیەکانی جیهاندا، ئەم بزووتنەوەیان بە بزووتنەوەیەکی خێڵایەتی و دژە کۆمۆنیست داناوە. دیارە حیزبی شیوعی وبەعس ، رۆڵێکی زۆریان بینیوە ، بۆ ئەوەی ناوی ئەم بزوونتەوەیە لەجیهاندا پیس بکەن .

29 . هەمان سەرچاوە . لاپەرە 61-60



بوو. ئەمەش ناوزڕاندنێکی خراپی بۆ بزووتنەوەکە دروستکردبوو. لەهەمووجیهاندا ، ناوی کورد وەکوو نۆکەری بێگانە وئیمپریالیست دەهات. لەکاتێکدانەشایئێرانونەئیسرائیل ونەئەمەریکاش یارمەتی کوردیان نەدا. بگرە ئەوان کێشەی کوردیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێنا. کاتێکیش عێراق بەرژەوەندیەکانی شاو ئەمەریکای سەلماند، ئیتر ئەوانیش زۆر بەئاسانی پشتیان لە بزووتنەوەکە کرد. ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە ، کەتۆ کێشەی نەتەوەیەکی زوڵملێکراو تەسلیمی ئیمپریالیستی جیهان بکەیت.هەرچەندە لەم دوایەدا چەند سەرچاوەیەک دەڵێن ، کە مەلا مستەفا سیخووری (کە جی بی ) رووسی بووە49 .

## 6. دژایەتیکردنی کوردی پارچەکانی تری کوردستان

هەتا بزووتنەوەی ئەیلوول دروست نەبوو،کوردەکانی هەرچوارپارچە یارمەتی و هاوکاری یەکتریان کردووە، بەتایبەت لەنێوان کوردی عێراق و ئێران ، هاوکاری ویارمەتی یەکتریان زۆرداوە. بۆنموونە لەسەردەمی شۆرشە مەزنەکەی شێخی نەمردا ، سمکۆ لە ئێرانەوە هات بۆیارمەتیدانی شێخ مەحموود . یان لە شۆرشی شێخ سەعیدی پیران و ئاگری داخ دا، کوردەکانی عێراق لەشارەکاندا دەستیان بە خۆپیشاندا کردووە. پارتی کە خۆی فۆتۆکۆپی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو ، کەچی لە سەردەمی مەلا مستەفادا ، بوو بە دوژمنی سەرەکی شۆرشگێرانی کوردستانی ئێران. بۆڕازیکردنی شا چەندین تێکۆشەری حیزبی دیمۆکراتیان تیرۆرکردوو تەسلیمی شای ئێرانیان کردن.ئەویش بە شارەکانی کوردستانی ئێراندا ، تەرمی ئەو

49. کەمال سەید قادر: نهێنییەکانی مەلا مستەفا بارزانی لە بەڵگەنامەکانی دەزگای جاسوسی (کەی جی بی) دا (بەشی چوارەم)کوردستان پۆست.30.10.2006.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## ـ زاڵبوونی خێڵی بارزان بەسەر کۆمەڵی کوردیدا

هەتا ساڵانی چل و پەنچاکانیش ، شێخ مەحموودی حەفید لای هەموو خەڵکی کوردستان،سیمبۆڵی شۆرشگێری و کوردایەتی بووە. لێ پاش مردنی شێخی نەمر و، هەڵگیرسانی هەراکەی ئەیلوول ، خێڵی بارزان جێگای بنەماڵەی شێخی نەمریان گرتەوە. دیارە ئەمەش لەبەر چەند هۆیەک بوو . لەوانە:

**1.** کورد وەکوو هەموو نەتەوەیەکی ئەم جیهانیە ، پێویستی بە رابەرێک هەیە ، بۆ ئەوەی رابەری بزووتنەوەی کەی بکات . لەپاش مردنی شێخی نەمر ، بۆشایەکی سیاسی دروستبوو. دەبوایە یەکێک ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە. لەبەر نەبوونی رابەرو سەرکردەی ناودار ، مەلا مستەفا ئەم هەلەی بۆخۆی قۆستەوە.

**2.** کورەکانی شێخی نەمر ، کەسیان خاوەنی کاریزمایەکی سیایسی بەهێز نەبوو، کەسیان نەیانتوانی جێگای باوکیان بگرنەوە. کەسیان ئەو کەسایەتی و کاریزمایەی باوکیان نەبوو.

**3. وورده بۆرجوازی کورد** . بەگشتی رۆشنبیرانی ناوشار ، رۆڵێکی ئێجگار خراپیان بینی ، لەگەورەکردن و زل کردنی رۆڵی مەلامستەفا. دیارەهیچکاتێکلەکوردستاندا،ووردەبۆرجوازی کورد،نەیتوانیووەرۆڵی سەرکردایەتی ببینێت. هەمووکات خۆیان بە بچووکی سەرۆک خێل و دەرەبەگەکان داناوە. بە پێچەوانەی وردە بۆرجوازی جیهانەوە، کەزۆرجار سەرکردایەتی شۆرشەکانی کردووە، بەلآم لەکوردستاندا، هەمووکات ووردە بۆرجوازی کورد ، خۆی خستۆتە پاڵ چینی فیئودالی کوردیەوە. بۆچی؟! بەگشتی کوردستان ولآتێکی کشتووکاڵی بووە. ژێرخانی ئابووریەکی کشتووکاڵی و مووشەخۆری بازرگانی هەبووە.



یەکێک لەوکەسانەی کەزۆر دەنگی دایەوە، فاخیر مێرگە سووری بوو. فاخیر لەبەرئەوەی شیۆعی بوو، بەزیندوویەتی خرابووە ناو بەرمیل و زیندەبەچاڵ کرابوو. ئەمەش لەتەواوی عێراقدا دەنگی دایەوە، تەنانەت چەندرۆژنامەیەکی عەرەبیش باسی لێوەکردبوو.

### 4. پەیدابوونی جاش ونۆکەری رژێم .

لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەکداری،دیاردەی جاشایەتیش روو لەزیادبوون بوو. هەرلەوکاتەدا خەڵکانێکی زۆر لەبەر پارەبوون بەجاش. خەڵکانێکی تر لەبەرخیلافیسیاسی و،دیکتاتۆریەتی مەلا مستەفا،بوون بە جاشی رژێم . وەکوو گرووپی جەلالیەکان کەلە دیرۆکی کوردیدا بە ( جاشەکانی 66 یان بەکرەجۆ ، ناسروان ). شێرکۆ بێکەس ساڵی 1968 لە گۆڤاری "برایەتیدا " لە شیعری شارەکەمدا، بەم جۆرە وەسفی جەلالیەکان دەکات :

**ووتم ئەی باشە بەکرەجۆ**
**ووتیان باسی ئەوێ نەکەی**
**پێم ووتن : بۆ**
**کۆڵی ئێش و ئازار**
**لەوێوە بارئەکرێ بۆ شار**

### 5.جاشایەتی بۆ دەوڵەتی دراوسێ و جیهانی

یەکێک لە ناشرینترین خاڵی ئەو بزووتنەوەیە، جاشایەتی و نۆکەری بوو بۆ شای ئێران و ئیسرائیل وئەمەریکا.مەلامستەفا باوەرێکی تەواوی بە شای ئێران بوو. هەموو بزووتنەوەکەشی تەسلیمی شاکرد



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەبەر ئەوە مۆڕاڵی دەرەبەگایەتی و خێڵایەتی بەسەریدا زاڵ بووە. لەبەرئەوەهەمووکاتێک،وردەبۆرجوازیناوشار،بۆپاراستنیبەرژەوەندی خۆی ، پشتی بە سەرۆک خێل و دەرەبەگاکاندا بەستووە. هەرلەبەر ئەمەشە هەمووکاتێک خۆی بە بچووک و کەم زانیوە.

4.**سلێمانی** . شێخ ئەحمەدی بارزانی ، لەسەر داوای خۆی بۆ سلێمانی گوێزرایەوە. کاتێک دێنە سلێمانی ، زۆر چاویان دەکرێتەوە و ، مەلا مستەفا لە سلێمانی فێری زۆر شت بووە. هەر لەوێ فێری نووسین وخوێندن بووە. لەهەمان کاتدا ، ئەوکاتە هێشتا خەڵکی گڕوو ئاگری شۆرشەکەی شێخ مەحموود لە ناخیاندا مابوو. کاتێک ئەمانیش وەکوو دوورخراوەیەک دەگەنە سلێمانی ، خەڵکی وایزانیووە ئەمانە شۆرشیان بۆ کورد کردووە. لەهەمان کاتیشدا ، نەبوونی رابەرێکی سیاسی و دوورخستنەوەی شێخ مەحموود ، خەڵکی بەدوای رابەرێکدا گەڕاون . ووردە رۆشنبیرو نووسەرەکانی سلێمانیش ، رۆڵێکی زۆر نێگەتیڤیان گێراوە،هاتوون مەلامستەفایان لەخەڵکی کردۆتە شۆرشگێر.هەرچەندەئەمان لەبەر مەسەلەی ناوچەگەری و شەری خێڵایەتی دوورخرابوونەوە،لێ رۆشنبیرانی سلێمانی ، بە تۆپزی ئەمانیان لەخەڵکی کردۆتە شۆرشگێری عەیارە بەرز. لەهەمان کاتیشدا لە سلێمانی نەریتێکی زۆر خراپیان هەیە، بیانەوێت یەکێک گەورە بکەن، هێندە گەورەی دەکەن ، کە بەهیچ قەیسەریەکدا نەچێت . بشیانەوێت یەکێک بچووک بکەنەوە ، کوونە مشکی لێدەکەنە قەیسەری .

لێردەدا حەزدەکەم بە کورتی باسی چەن رووداوێکی مێژووی بکەم و، هەوڵ دەدەم مێژووی ئەم بنەماڵەیە کەمێک راستبکەمەوە، کەبەداخەوە زۆرجار لەبەر مەسائیلی سیاسی گەورەو بچووک کراونەتەوە. هەر جارەو لایەنێکی سیاسی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی



مەلامستەفا جنێوی بازاری وەکوو ( حیز و قەحبە وسواری یەکتر دەبن، ،،،،)لەدژی باڵیئیبراهیم ئەحمەدیبەکارهێناوە.ئەوان بۆ مەسائیلی کوردایەتی چووبون، کەچی ئەمیش ئاوا قسەی کردبوو. کاتێک ساڵی 1962،وەفدێکی مەکتەبی سیاسی دەچێت رازیبکات بۆ ئەوەی بەشداری لەکۆنگرەی 5 ی پارتی بکات ، ئەو پێیان دەڵێت :
**( حەزدەکەم پێم بڵێن حیزبە و،حەزناکەم پێم بڵێن حیزبی بە47)**

## سیماکانی هەراکەی ئەیلوول

1. دروستبوونی سەرۆکی دیکتاتۆر و دواکەوتوو. زاڵ بوونی فەرمانی تاکڕەوی و یەکلایەنانەی مەلا مستەفا .

2. باوەرنەبوون بە ژیانی دیمۆکراتی و ئازادی بیرورا. هەر کەسێک دژی مەلامستەفا بووبێت ، یان دژی پارتی بووبێت ، بە خائین و جاش لەقەڵم دراوە.

3. بەکارهێنانی شێوازی تۆقاندن و تیرۆر لەدژی خەڵکی . لەو سەردەمەدا سەدان کۆمۆنیست بەدەستی پیاوەکانی پارتی کوژران . پارتی لەسالآنی شەستەکان باندێکی پیاوکوژتنیان لەکانی ماسی نزیکی سلێمانی دروستکردبوو.کە پاشان بە **(پیاوکووژەکانی کانی ماسی )** ناوبانگیان دەرکردبوو. هەرکەسێکیان بەدڵ نەبوایە دەیان کوشت. لە10سێپتەمبەری1964ئەورەحمانی ساڵحی خلەیانسووتاند رەحمان ئەندامیکۆمیتەی ناوچەی سلێمانی ، حیزبی شیۆعی عێراق بوو 48.

---

47. **هەمان سەرچاوە .لاپەڕە . 58**
48. **حەمەسەعید حەسەن . بێ ئەخلاقی . کوردستان نێت.** 2003.03.07



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەچی لەئاست گەلی کوردا خۆی زۆر بە زل دادەنێت. بەتایبەت لەگەڵ مەکتەبی سیاسی خۆی زۆر بە گەورەداناوە. لەکۆنگرەی پێنچەمی پارتیدا ، چۆتەوە بۆ بارزان . مەکتەبی سیاسیش وەفدێکیان بۆ بارزان ناردووە. ئەویش بۆ ئەوەی خۆی قورس رابگرێت و، ئەمان بەکەم بزانێت . ووتویەتی :

**( حەزدەکەم سەرۆکی قەحبە بم وسەرۆکی ئێوە نەبم 46. )**

**5. بەکارهێنانی جنێو و قسەی ناشرین**

مەلامستەفا بەحکومی ئەوەی ئاستی رۆشنبیری نزم بووە. زۆر بە شێوازێکی نزم و ناشرین قسەی لەگەڵ خەڵکی کردووە، بەتایبەت لەگەڵ هاورێ و پێشمەرگەکانی . هیچ سەرکردەیەکی کورد ،پێشمەلا مستەفاجنێو و قسەی ناشرینی بەکارنەهێناوە. هەموو سەرکردەکانی تر ، کەسانی خاوەن کەسایەتیەکی بەرزو رۆشنبیر بوون. هیچ کاتێک جنێو و قسەی ناشرینیان بەکارنەهێناوە. مەلا مستەفا بەگشتی لەگەڵ خەڵکی و بەتایبەت لەگەڵ مەکتەبی سیاسی ، قسەی ناشرین و بازاڕی زۆری بەکارهێناوە.جارێکیان وەفدێک لە خەڵکیهۆرامان بۆ چووبونبۆلای.کاتێک مەلامستەفا هاتبوو،دەگێرنەوەهەتا هاتوونەتەوە

---

43. وریا جاف. هەندێک لە چاوپێکەوتن و وتارەکانی بارزانی نەمر. چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر . 1999 . لاپەڕە . 33 .

44.نەوشیروان موستەفا ئەمین . پەنچەکان یەکتری دەشکێنن. دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین .1997 . لاپەڕە.58

45. هەمان سەرچاوە. لاپەڕە 59 .

46. هەمان سەرچاوە.لاپەڕە 58 .



خۆی ، هەوڵی داوا خۆڵ بکاتە چاوی خوێنەری کوردەوە. کەئەمش زیاتر بۆ نەئەکادیمی بوونی نووسەرانی کورد دەگەڕێتەوە.

## چۆن خێڵی بارزان دروستبوون ؟!

دیارە دۆست و دوژمن زۆریان لەسەر چۆنێتی دروستبوونی ئەم خێڵە باسکردووە. لێ ئەوەی کەزۆر زانستیەئەوەیە ، ئەم خێڵە وەکوو هەموو خێڵە کوردیەکانی تر ، سەرەتا لەچەند بنەماڵەیەک لە گوندی بارزان پێکهاتوون. بەشی زۆری خێڵە کوردیەکانیش ،بەناوی ناوچەی نیشتەجێ بوونیانەوە ناونراون. کەچی هەندێک کەس بۆ زلکردنی ناوی بارزانیەکان ،مێژووی بارزانیەکان دەگەڕێنەوە بۆ ، بنەماڵەی میرانی ئامێدی ،یان بۆ بنەماڵەیمەولاناخالیدی نەخشەبەندی 30 دیارە ئەمەش هەموو پاش زلبوونی ئەم خێڵە و گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی ، ئەم قسانە کراوە. هەمووکات مرۆڤ حەزدەکات بنەچەی خێزانی خۆی ، گەورەو قەبە بکات ، تاخەڵکی رێزی لێبگرن . ناوچەی بارزان ، ناوچەیەکی ووشکەڵە و ڕەق و سەختە،هیچ بەکەڵکی کشتووکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ نایەت. لەم ناوچەیە ، جگە لە چەند بەرازێکی کێوی ، هیچ ئاژەڵ و گیاندارو رووەکێکی تری تێدا نەبووە. هەربۆیە هەتاوەکوو ئەمرۆش راوە بەراز ، لای بەرزانیەکان بەکارێکی پیرۆز دادەنرێت . هەر ئەم ووشکی و بێ بەرهەمیەی ناوچەکەیان ، وایکردووە کەئەم بنەماڵانەیە،هەمووکات پەلاماری ناوچەو هۆزەکانی تر بددەن و، شەڕیانپێبفرۆشن.

---

30 . ئیبراهیم جەلال. خوارووی کوردستان و شۆرشی ئەیلوول بنیاتنان و هەلتەکاندن. 1961 – 1975 . دەزگای چاپ وبڵاوکراوەی شێنێ . بەرلین .1998 . لاپەڕە . 16



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

واتە نەریتی هۆزە بەربەریەسەحراویەکانیان وەرگرتووە. شێخ موحەمەدبارزان،بۆیەکەمجار بەناوی شێخایەتی و ئیسلامەوە ،پەلاماری مەسیحیەکانی دەوروبەریان دەدات و. بەزۆر ناوچە کشتوکاڵیەکانیان داگیردەکات وئەوانیش ناچار دەکات ناوچەکانیان بەجێبهێڵن و بۆ ناوچەکانی تر ڕەوبکەن31. پاشان پەلاماری گوندەکانی (ڕێزان ، شێروانی مەزن، مێرگەسوور ، سیلکی ، کۆزێ شنکێڵ ) . کەئەم گووندانە ، هۆزی مزوری وبروشی لێبووە 32 پاش ئەوی شێخ موحەمەد دەمرێت ، شێخ عەبدول سەلامی کوڕی جێگای دەگرێتەوە. دیارە ئەم لەباوکی زیاتر حەزی بە شەڕوشۆڕ و تاڵانکردن و پەلاماردان هەبوو. هەر لەبەر ئەم نەریتە خراپەشی ، لەکۆتایی ژیانیدا عوسمانیەکان لە موسڵ لە سێدارەیان داوە.

## شەڕوئاژاوەکانی خێڵی بارزان

### شەڕی ساڵی 1907_ 1908

دوای فراوان بوونی دەسەڵاتی شێخ عەبدول سەلام، کە توانی سێ یەکی هەموو ناوچەی بادینان داگیربکات . پاشان داوای لە سوڵتانی عوسمانی کرد ، کە باج و خەراجی ئەو ناوچەیە تەسلیمی خۆی بکات ، هەروەها مورید ودەروێشەکانی لەکاری سەربازی ببەخشرێت . فەرمانرەوای عوسمانی ، داواکانی سەلامی نە سەلماندو ، پاش مانگێک چەند کەسێکیان نارد بۆ باج کۆکردنەوە. لێ سەلام ئەو کەسانەی گرت و ، دوانیشی لێ کوشتن .

31. هەمان سەرچاوە . لاپەرە . 18 .
32 . هەمان سەرچاوە. لاپەرە. 19 .



**بخەینە ناوئاگرەوە دەیکەین تەنیا بۆ جێ بەجێکردنی فەرمانی فەخامەتان . ئێمە ئامادەین بەڕاستی و بەدڵ وگیان ودڵسۆزیەوە بۆ خزمەتی بەڕێزتان، لەفەخامەتان دەپاڕێینەوە کە ڕێگەیەکمان بۆ بدۆزنەوە.**
**ئیتر فەرمان فەرمانی بەڕێزتانە گەورەی پایەبەرزم.**

**دڵسۆزی ڕاستگۆ بۆ خزمەتتان**
**بارزانی مستەفا**42.

هیچ کاتێک سەرکردەیەکی کورد ، ئاوا بەوشێوەیە لەئاست داگیرکەراندا ، خۆی بەکەم نەزانیووە. سەیردەکەیت شێخی نەمر ، چەند ساڵێک پێش ئەو ، لەدژی ئینگلیزەکان قارەمانانە دەجەنگا،کەچیمەلامستەفاشلێیاندەپارێتەوە. ساڵێ 1966 ش، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی رینە مۆریسی فەرەنسی دەڵێت:
( من هیچ کاتێک کینە لەدڵ نەبومە بەرامبەر ئینگلیز، پێم خۆشبوو لەژێر حوکمی ئەوان بومایە نەک لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا43 )

کەچی هەر مەلامستەفا خۆشی ،بەدەمی خۆی ساڵی 1958 لەبەردەم جەماوەردا لە سلێمانی دەڵێت : ( من سەربازێکی زەعیم عەبدول کەریمم44 ). هەر خۆشی بوو ساڵی 1958 ،بە قاسمی ووت : ( من قەیتانی قۆندەرەکانتم 45 )

42. ئیبراهیم جەلال. خوارووی کوردستان و شۆرشی ئەیلوول بنیاتنان و هەلتەکاندن. 1961 – 1975 . دەزگای چاپ وبلاوکراوەی شێنێ . بەرلین .1998 . لاپەرە .41 .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەبەرامبەر ئەم کارەی سەلام بارزانی ، والی موسڵ پەلاماری ناوچەکانی بارزانی داو ، پاش سێ هەفتە هەموو ناوچەکانی داگیرکرد. سەلامیش چەند چەکدارێکی کەمی کۆکردەوەو ، بەرەو ئێران رایان کرد. ژن ومندالەکانیان خستە ژێر رەحمی پۆستاڵی سەربازی توورکەوە. پاش ساڵێک سەلام ، لەرێگای یۆزباشی (مەجید ئۆغلۆ) خۆی تەسلیمی والی موسڵ دەکاتەوە 33 .

## شەڕی ساڵی 1913

لەو ساڵەدا سەرۆک وەزیرانی توورک ، ( مەحموود شەوکەت ) دەکوژرێت. والی موسڵ ( سەفوەت بەگ) ، بە کوشتنی تۆمەتبار دەکرێت. سەفوەت بەگیش هانا بۆ شێخ سەلام دەهێنێت. ئەویش وەکوو کابرایەکی خێڵەکی هەڵسووکەوت دەکات و، داڵدەی ئەم پیاوە دەدات ، چونکە پێشتر ئەمیش یارمەتی ئەوی دابوو. پاش ئەم کارە ، سووپای عوسمانی پەلاماری ناوچەکانی بارزان دەدات ، سەدان کەس بەناهەقی و لەبەر خاتری کابرایەکی توورک دەکوژرێن . پاشان سووپا وەحشیەکەی توورک ، سەفوەت بەگ دەگرن و، شێخ سەلامیش وەکوو پیشەی جارانی بۆی دەقووچێنێت و، هانا بۆ سمکۆ خانی شکاک دەبات. ساڵی 1914 عوسمانی دەیگرن و ، لەسەر ئەوکارەی لە سێدارەی دەدەن 34 .

33. هەمان سەرچاوە . لاپەرە . 22
34. . هەمان سەرچاوە . لاپەڕە. 22



### 3. هانا بردن بۆ چەک و تووندوتیژی

بۆیەکەمجار لەمێژووی کوردیدا ، سەرکردەیەکی سیاسی ، چەک لەدژی هاوڕێکانی خۆی بەکاربهێنێت . هیچ کاتێک ڕووی نەداوە ، کە سەرکردەیەکی کوردی ، چەک لەدژی خەڵکانی نزیک خۆی بەکاربهێنێت. ئەمەش درزێکی گەورەی خستە ناو دیرۆکی سیاسی کوردیەوە. هەر پاش خۆشی ئەم نەریتە دزێوەی بۆ کوڕەکانی بەجێهێشت. دەتوانم بڵێم ، مەلامستەفا بۆیەکمجار ، تۆوی دووبەرەکی و جەنگی ناوخۆی لەکوردستانی عێراقدا ڕشت . کەجێگای داخە هەموو نەوەکانی پاش مەلامستەفاش ، باجێکی زۆریان بۆ ئەم نەریتە ناشرین و ناشارستانیەی مەلا مستەفا دا، بوونە قوربانی ئەو سیاسەتە چەوتەی ئەو.

### 4. ملکەچی پیشاندان بۆ داگیرکەران و خۆ زلکردن لەبەردەم خەڵکی کوردا .

مەلامستەفا نەریتێکی تری زۆرخراپی هەبووە. ئەویش هەمووکاتێک لەبەردەم داگیرکەراندا ، خۆی بە بچووک و کەم زانیووە، کەچی لەئاست گەلی کوردیشدا ، خۆی بە زل زانیووە. دیارە هەموو دیکتاتۆرێکی جیهان، سروشتێکی سادۆماسۆشی هەیە. مەلامستەفاش هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی تری جیهاندا نەبووە.

لەیەکێک لەنامەکانی بۆ ئەدمۆنس نووسیویەتی دەڵێت:

**بۆ فەخامەتی بەرزوبەڕێزتان، نامەی 1943.11.03 تان کە ناردبوتان گەیشت پێمان و خستمانە سەرسەرمان ، ئێمە تەنیا رەزامەندی و لوتفی ئێوەمان دەوێ ، گەر فەرمانمان پێ بدەن خۆمان**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گاڵتەجاریەکەش لەوەدایە ، چەن بەناو مێژوونوسێک ئەمەشیان لێکردووینەتە ( **شۆڕش**!!!!!!!!!!)35

## شەڕی ساڵی 1932

پاش ئەوەی شێخ سەلام دەمرێت ، شێخ ئەحمەدی کوڕی جێگای دەگرێتەوە. ئەمیش وەکوو باوکی حەزی لە داگیرکردن و تاڵانکردنی ناوچەکانی ترە . لە 1931،7،10 ، پەلاماری ناوچەکانی نیرورێکان دەدات.لێ کەلحی ئاغای رێکانە و خەڵکی ناوچەکە ،زۆرقارەمانانە لەدژی پیاوەکانی بارزان دەجەنگێن . تا لە 1931.7.12 ، لەسەر ئاوی شەمدینان ، بارزانیەکان دەشکێن ، بۆ ناوچەکانی خۆیان راویان دەنێن. پاش ئەم شکاندنە، ئینجا پەلاماری ناوچەکانی برادۆست دەدەن ، کە ( شێخ رەشیدی لۆلان ) و خەڵکی ناوچەکە ، زۆر قارەمانەنە لەدژی پەلامارەکانی بارزانیەکان دەوەستنەوە. لەو کاتەشدا ئینگلیز بەدوای هەلێکدا گەڕاوە ، بۆ ئەوەی ناوچە سنووریەکان کۆنترۆل بکات و، کەمێکیش شێخ سەلام و بارزانیەکان تەمێ بکات . لە 1932.03.15 ، سووپای ئینگلیزو چەکدارەکانی بارزان ، پەلاماری یەکتر دەدەن. شەرەکە 3 مانگ دەخایەنێت و پاشان لە حوزەیراندا ، بارزانیەکان دەشکێن ، ئاو دەکرێت بەئاگردا 36 .

---

35. . د. کمال مظهر . کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا. بەغدا.1975

36. . ئیبراهیم جەلال. خوارووی کوردستان و شۆرشی ئەیلوول بنیاتنان و هەلتەکاندن. 1961 – 1975 . دەزگای چاپ وبڵاوکراوەی شێنێ . بەرلین .1998 . لاپەڕە .29 .



گەر سەیری نامەکەی مەلا مستەفا بکەین کەبۆ شێخ محەمەدی خاڵی ناردووە،پیاو هەست دەکات، کە رادەی خوێندەواری مەلامستەفازۆر نزم بووە41 کەچی چەند نووسەرێک بۆ بەرژەوەندی خۆیان ،مەلا مستەفایان لێکردووینەتە فەیلەسووف!!!!!!!!!!. دیارە دکتۆرە شوکریە رەسووڵ،لەپێش هەمووکەسێکەوە ئەم رۆڵەی بینی. شوکریە رەسوڵ ،ساڵانی نەوەتەکان لە هەولێر، کۆمەڵێک کۆری لەسەر فەیلەسووف!! بوونی مەلا مستەفا گێرا.

### 2. تاکڕەوی و باوەڕنەبوون بە دیمۆکراتی

مەلامستەفا بەحوکمی ئەوەی کەسایەتیەکی خێڵایەتی هەبوو،هەمووکات مۆراڵی خێڵایەتی ودەرەبەگایەتی، بەسەر مێشک و ویژدانیدا زاڵ بوو. ئەو هەمووکات وەکوو سەرۆک خێڵێک یان دەرەبەگێک هەڵسووکەوتی کردووە . زۆرجاریش وەکوو سەرۆکی لەشکرێک قسەی کردووە ،نەک وەکوسەرۆکی حیزبێکی سیاسی . ئەو هیچ کاتێک نەیدەزانی گفتوگۆ یان بۆچوونی جیاواز یانی چی. ئەو تەنها گوێڕایەڵی و ملکەچی لە ئەندامەکانی دەویست . هەر کەسێکیش دژی بووەستایەتەوە، دەبوو بە دوژمنی و دەبوایە سزای بددات و لەناوی بەرێت . هەر کەس خیلافێکی سیاسی لەگەڵ ئەودا بوایە ، ئەوا یەکسەر ئەوکەسەی بە خائین و جاش تاوانبار دەکرد. ئەمەش سیفاتی هەموو کەسێکی دیکتاتۆرە .

---

41. گۆڤاری رۆڤار . تایبەت بە شێخ موحەمەدی خاڵ . دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم . سلێمانی . بۆ بینینی نامەکە،سەیری بەڵگەنامەکانی پشتەوە بکە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کرێملێندا بووەستێت ،بەتایبەت لەسەردەمی ستالیندا هەر زۆرخراپ بووە. بەرێکەوت چاووم بە هەڤاڵێکی دێرینی مەلا مستەفاکەوت . ئەو چیرۆکی گیرانەکەی بۆ گێرامەوە. ئەو ووتی ( مەلا مستەفا کاتێک دەچێتە سۆڤێت ، وەزعیان زۆر خراپ دەبێت . هیچ کارێکیشی نەزانیووەو کرێکاریشی پێ نەکراوە. ناچار ڕوو لەمۆسکۆ دەکات . لەوێ لەیەکێک لە گۆرەپانێکی مۆسکۆ دا ، خەریکی قۆندەرە بۆیاخ کردن دەبێت . پاش ماوەیەک پۆلیس پێی دەزانێت و دەیگرن . چونکە ئەو کاتە لە وولاتی سۆڤێت ، کاری قۆندەرە بۆیاخ کردن یاساغ بووە. ئەوەی جێگای ئاماژەیە، یەکێک لەو سیڤاتانەی کە چاودێرانی سیاسی ئاگایان لێبووە،مەلا مستەفا هەمووکات حەزی کردووە ، پێڵاوەکانی جوان و بۆیاغ کراوبێت . ئەمەش گرێیەکی دەروونی مەلا مستەفا بووە. کەچی زۆر سەیرە ، هەواڵی گرتنی مەلا مستەفا لە مۆسکۆ ، کراوەتە یەکێک لەداستانە گەورەکانی ژیانی مەلا مستەفا . کاتێکیش دەبینیت ، ئەمە راستی گرتنەکەی بووە و ،هیچ پەیوەندیەکی بە کێشەی کورد و بینینی ستالینەوە نەبووە.

**سیماتایبەتیەکانی مەلامستەفا**

**1. نەخوێندەواری**

مەلا مسەتەفا کابرایەکی نەخوێندەوار بووە. هیچ کاتێکیش زانستی مەلایی نەخوێندووە. بەڵکە چەند دەرسێکی ئایینی لە سلێمانی لای مەلا عەبدوڵلای چروستانی و ، مەلا مستەفای صەفوەت خوێندووە40. ئەم مەلایەش زیاتر نازناو بووە. چونکەلە کوردەواریدا ، مەلا خۆشەویست بووە. بۆیە زۆرکەسیان لە خۆشەویستیدا بە مەلا بانگ کردووە. .

40. هەمان سەرچاوە. لاپەڕە . 45



## شەڕی ساڵی 1943

لەپاش گەڕانەوەی مەلامستەفاش بۆ بارزان،( بەیارمەتی شێخ لەتیفی حەفید لە سلێمانی )ساڵی 1943 ، بۆ جاری دووەم، شەر لەنێوان ئینگلیزو بارزانیەکان دەستی پێکردەوە37. مەلا مستەفا ، تەنها چەند داواکاریەکی ناوچەیی لە ئینگلیز هەبووە. تاکە داوای سیاسی کە کردوویەتی ، گەڕانەوەی شێخ ئەحمەدی برای و بارزانیە دوورخراوەکان ، بۆ ناوچەی بارزان بووە. بەلام حیزبی هیوا ،ویستوویەتی ئەم شەڕە بۆ بەژەوەندی سیاسی کورد بەکاربهێنێت . هەربۆیە یەکسەر حیزبی هیوا پشتگیری تەواوی لە مەلامستەفا کردووەو، لەڕێگای چەند ئەندامێکی خۆیانەوە، توانیویانە ، داواکاریەکانی مەلا مستەفا بگۆڕن و، شەڕەکە بکەنە بزووتنەوەیەکی سیاسی گەورە .

دیارە حیزبی هیوا بەنیازێکی پاکی کوردانە ، ئەم سیاسەتەیان کردووە. بەلام بەداخەوە، ئەم سیاسەتەی حیزبی هیوا ، هەڵەیەکی گەورەبوو . چونکە جارێکی تر دەسەلاتی سیاسی کەوتەوە ژێر دەستی خێڵ و دەرەبەگی کوردی . کەئەمەش دژی ئامانجەکانی حیزبی هیوابوو . دژی ئەو بەرنامە سیاسی یە بوو ، کەحیزبی هیوا پێشتر دایانڕشتبوو. دیارە هەر لەو رۆژەوە ، خێڵی بارزانی خۆیان بەسەر ملی رەش ورووت و رەنجدەری کوردا سەپاند . بەناوی شۆرش و کوردایەتیەوە، بۆ ماوەی چەندین ساڵە ، ئەم بنەماڵەیە بازرگانی بە کێشەی گەلی کوردەوە دەکەن . هەتاوەکوو ئەمرۆش ، ئێمە باجی

37. . نەوشیروان موستەفا ئەمین . پەنچەکان یەکتری دەشکێنن. دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین .1997 . لاپەڕە.47



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو هەڵە مێژوویەی حیزبی هیوا دەدەینەوە . ئاخر ئەگەر ئەوان ، خۆیان لە شەرو ئاژاوەکانی خێڵی بارزان بپاراستایەو ، خۆیان تێهەڵنەقوورتاندایە . ئەم خێڵە تێکەڵی سیاسەت نەدەبوون . ئەمە گەورەترین هەڵەیە ، چونکە کەسێک بۆ مەسەلەیەکی سیاسی شەڕنەکات ، تاوانە تۆ بەناڕەوا بیکەیتە قارەمانی سیاسی. دیارە حیزبی هیواش سیاسەتێکی دیماگۆژیان هەبووە. چونکە وایان لە خەڵکی گەیاندووە ، کەئەمەش وەکوو شەرەکانی شێخی نەمرەو، بۆ ماڤی کوردە،بەڵام راستیەکەی بەوجۆرە نەبووەو،شەرەکە، شەری خێڵێکی یاخی بووە لە دەسەڵاتی دەوڵەت .

## چۆن مەلا مستەفا بوو بەسەرکردەی ئەفسانەو دیکتاتۆری کورد؟!

هیچ کاتێک لەمێژووی گەلی کوردا هیچ سەرکردەیەک هێندەی مەلا مستەفا ، لەناو کوردا نەکراوەتە ئەفسانەو پاڵەوان. دیارە چەندین هۆ گشتی و تایبەتی هەبووە ، کە ئەم کەسەیان لێکردووینەتە پاڵەوان. لەم بارەیەوەهەندێک بۆچوونی تایبەتی خۆم دەخەمە روو.

1. نەبوونی رابەری سیاسی پاش شێخ مەحموودی نەمر. دیارە هەمووکات خەڵکی پێویستی بە رابەر هەیە ، بۆ ئەوەی پێشرەوی بزووتنەوە سیاسیەکەی بکات .

**2. ڕۆڵی خراپی رۆشنبیرو نوسسەرانی کورد.**

بەشێکی زۆری گەورەکردنی مەلا مستەفا ، دەگەڕێتەوە بۆ نووسەران و ئەدیبانی کورد . ئەو کاتە نووسەران و شاعیرانی کورد ، لاسایی شاعیرانی پێش خۆیان کردۆتەوە، کەچۆن بە شیعرو پەخشان وەسفی شێخ مەحموودیان کردووە، ئەمانیش بەهەمان شێوە وەسفی مەلایان



**6. بزووتنەوەی چەکداری**

وەکوو لەپێشیشداباسم کرد ، هەموو بزووتنەوەیەکی چەکداری ، خەڵکانی دیکتاتۆر و تاکڕەو دروست دەکات . کاتێک شەر دەست پێدەکات ، هەموو سووپایەک پێویستی بە رابەرێک هەیە ، کە سەربازەکانی بێ چەندوچوون ، گوێرایەڵی بەردەوامی بکەن. هەروەک چۆن لەناو هەموو سووپایەکدا ، پێویستە سەرباز ملکەچی فەرمانەکانی ئەفسەر و جەنەرالەکانی بێت ، لەبزووتنەوەی چەکداریشدا، بەهەمان شێوە سەرۆک و یاریدەدەرەکانی هەمان رۆڵ دەگێڕن. لەوکاتەی کە مۆڕاڵی سەربازی بەسەر بزووتنەوەیەک یان حیزبێکدا زاڵ بێت ، ئیتر مۆڕاڵی سیاسی نامێنێت. هەر کاتێک دەنگی کلاشینکۆڤ هاتە گۆڕێ ، دەنگی گفتووگۆ و قەڵەم نامێنێت .

**7. دروستکردنی چیرۆک و ئەفسانە .**

هیچ سەرکردەیەکی کورد ، هێندەی مەلامستەفا ، نەکراوەتە چیرۆک و داستانی کورد. گەرسەیری ئەو هەموو چیرۆک و داستانانە بکەیت ، کەبۆ قارەمانی و ئازایەتی مەلامستەفا دروست کراوە، دەڵێیت چیرۆکەکانی هەزارویەک شەوەیە . دیارە چوونی بۆ ئێران داستانێکە، بەشداری لە کۆماری مهاباد داستانێکی گەورەیە ، ڕاکردنی بۆ سۆڤێت ، لەهەموویان گەورەترە، مانەوەی لەسۆڤێت ، کراوەتە گرێی هونەری ناو چیرۆک و رۆمانە مەزنەکان . گەیشتنەوەی بۆ عێراق ، رۆمانێکە. شەرو قارەمانیەکانی ، هیچ کاتێک تەواو نابێت. سەیر لەوەیە،خەڵکێکی زۆر باوەریان بەم چیرۆکانە کردووە. یەکێک لەو چیرۆکانەی کەزۆرجار دەمانخاتە پێکەنین ، گرتنیەتی لە مۆسکۆ. دیارە بە قسەی ناوچیرۆکەکانی پارتی بێت ، گوایە مەلا مستەفا ویستوویەتی بچێت ستالین ببینێت بەڵام نەیانهێشتووە. ئەویش چۆتە بەردەم کرێملێن و مانی گرتووە تا ستالین ببینێت. بەڵام پاشان پۆلیس دێن دەیگرن . خۆی ئەمە درۆیەکی شاخدارە ، چونکە هیچ کەسێک بۆی نەبووە لەبەردەم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوەبوو ، پاش چەند ساڵێکی تر ، مەلا مستەفا هەمان سیاسەتی لەدژی ئیبراهیم و جەماعەتەکەی بەکارهێنایەوە. بەڵام گاڵتەجاریەکە لەوەدایە ، کەهەتا مەلا مستەفا لەدژی ئیبراهیم چەکی بەکارنەهێنابوو، هەموو شتەکان ئاسایی بوو، بەڵام کاتێک ئاگرە سوورەکە خۆیانیانی گرتەوە ، ئەم سەرکردەیە بووبە دیکتاتۆرو ملهوور!!!!!!. خراپی سیاسەتەکانی مەکتەبی سیاسی ، ڕۆڵێکی ئێجگار نێگەتیڤانەی گێرا، لە گەورەکردن و قەبەکردنی مەلامستەفا. ئیبراهیم ئەحمەد ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو، لەدیکتاتۆریەتی مەلا مستەفا.کەچی دوایی نکوولی لەم کارەی خۆی دەکات. هەروەک لەپێشدا باسم کرد ، بزووتنەوەکە هەر لە سەرەتاوە، لەلایەن سەرۆک خێڵ و دەرەبەگەکانی کوردەوە پێشوازی لێکرا، چونکە هەموو دژی ریفۆرمەکانی قاسم بوون . ئەمەش وایکرد ، کەرۆڵی وردەبۆرجوازی ناوشار ، کەمبکاتەوەو یان هەر نەیهێڵێت. کاتێکیش مۆراڵی دەرەبەگی و خێڵایەتی بەسەر بزووتنەوەیەک زاڵ بێت ، ئیتر زۆر بەئاسانی کەسایەتی دیکتاتۆرو ملهوور دروست دەبێت .

**5. سروشتی خێڵەکی و دەرەبەگی بزووتنەوەکە**

بەگشتی خەڵکی خێڵەکی و دەرەبەگ و ئاغاکان تێکەڵی پارتی بوون. ئەم خەڵکانەش هەمووکاتێک ، بەمۆڕاڵ وعەقلیەتی خێڵەکی کاریان دەکرد. هەربۆیە مەلامستەفا زۆر بەئاسانی توانی بەسەریاندا زاڵ بێت.

---

39. . نەوشیروان موستەفا ئەمین . پەنچەکان یەکتری دەشکێنن. دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق 1979- 1983 . بەرلین .1997 . لاپەڕە.57



دەکرد . دیارە شیرکۆ بێکەس لە پێش هەموویانەوە دێت . هیچ کەسێک هێندەی ئەو شیعری بۆ بارزانی نەووتوە. لێ پاش هەرەس ، کەوتە دژایەتی بارزانی و پارتی .

**شێرکۆ بێکەس دەڵێت :**

**لەگەڵتاین ئەی بارزانی**
**هەروەک چۆن خەنجەرەکەت لەگەڵتایە**
**لەگەڵتاین ئەی بارزانی**
**هەروەک چۆن دەنگت لەگەرووتایە**
**لەگەڵتاین هەروەک چۆن هەناسەت لەسیەکانتایە**
**لەگەڵتاین ئەی بارزانی**
**هەروەک چۆن بنار لەگەڵ چیادایە**

**یان دەڵێت :**

**ئەمانەوێ ی**
**وەک گوللە بۆ چەکەکانمان ئەمانەوێ ی**
**وەکو پێشمەرگە بۆ کەژو کێوەکانمان**
**ئەمانەوێ ی**
**وەک باران بۆ کێڵگەکانمان ئەمانەوێ ی**
**هەر بۆ مەرگ نامانەوێ ی**
**ئەی بارزانی**

لەشوێنێکی تردا دەڵێت :

**دڵدارێکم .... دڵم گۆپکەی**
**مشتووی سەر ئەو خەنجەرەیە**
**سوارەکەی بەردەقارەمان**
**دایە سوارەکەی بارزان**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یان دەڵێت :

**بە فرۆکەی سەنگەری بارزانی هاتووم**
**لەفڕگەی خوێنی ڤێتناما ئەنیشمەوە**

رەئووف بێ گەردی هاورێشی ، شیعرگەلێکی زۆری بۆ بارزانی ووتوە.

**سەرۆک  کاوەی سەدەی بیستەم**
**سەرۆک ڕووناکی چاوی کورد**
**سەرۆک خەنجەری ڕووی ستەم**
**سەرۆک باوکی دڕشت و وورد.**

بەڵام پاش هەرەس ، هەر ئەم کاوەی ئاسنگەرو قارەمان و سەرۆکە ، دەبێتە گووگوش* مێشکوژ و فلچەی قۆندەرە 38
دیارە نووسەری کوردیش ، ئالەوکاتەدا نەیاندەتوانی خۆیان بدۆزنەوەو ، دوای قەرەباڵخیکەی جەماوەر کەوتبوون . لە لایەکی ترەوە ، لەهەموو سەردەمانێک ، چەند شاعیرێک هەر بۆ دەسەڵاتیان ووتوە و ، جا گرنگ نییە کام و چ دەسەڵاتێک بووبێت . کاتێکیش

* گووگوش ، خانمێکی دەنگخۆشی فارسی بوو. لە ساڵانی حەفتاکاندا ، زۆرناوبانگی دەرکردبوو، بووبو بە ئەستێرەی هونەری گۆرانی فارسی . بەڵام زیاتر لەڕووی ئەخلاقیەوە ، لەناو خەڵکیدا بە خراپ ناوزەنگکرابوو، زۆر دۆستی شای ئێرانیش بوو.

38 . حەمە سەعید حەسەن . یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەرهات ؟ . بەشی یەکەم و دووەم . چاپی دووەم . چاپخانەی ئاپێک . ستۆکهۆڵم . سوێد .1994.
لاپەڕە 60 .



سواری ئەو دەسەڵاتە گلابێت ، نەحلەتیان لێکردووەو بوونەتە گەورەترین دوژمنی. لەوکاتەدا ، هیچ نووسەرێک نابینین ، تۆزقاڵێک ڕەخنەی لە بارزانی گرتبێت ، بەڵکە هەموویان بە شان و باڵی مەلامستەفایان هەڵداوە. ئەمەش کارەساتێکی زۆر گەورەیە ، کەلە کۆمەڵگایەکدا ، چرای ڕەخنە لەدەسەڵات، لەلایەن نووسەرانەوە خامۆش کرابێت .

**3. خیلافی ناو باڵەکانی مەکتەبی سیاسی .**

ئەوکاتە لەناو مەکتەبی سیاسی پارتی دووبۆچوون بەسەر ئەندامەکانیدا زاڵ بووە . یەکەمیان بۆچوونێکی مارکسی لینینی ، کە هەمزەعەبدوڵلا رابەری کردووە. بۆچوونێکی ناسیۆنالیستیش ، کە ئیبراهیم ئەحمەد رابەری کردووە. ئەم دووبۆچوونەش ، هەمووکاتێک لەهەمووشوێنێکی ئەم گێتیەدا ، دوو دوژمنی سەرسەختی یەکتری بوون . لە کوردستانیشدا ، ئەم شەرە فکریە ڕەنگی داوەتەوە. دیارە نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت، کەزۆرجار شتە شەخسیەکانیش هێندەی تر بەنزیانیان کردووە بە ئاگری ئایدۆلۆژیدا. ئیبراهیم ئەحمەد بۆ زاڵ بوون بەسەر هەمزەعەبدوڵلا، دوورخستنەوەی پارتی لە بیری چەپ ، مەلا مستەفای گەورەکردوو کردی بەسەرۆکی پارتی. پاشانیش مەلا مستەفایان بەکارهێنا بۆ یەکلایکردنەوەی خیلافاتی لەگەل هەمزەعەبدوڵلا. ئەوەبوو مەلا مستەفا لە 30 حوزەیرانی 1959 ، کۆمەڵێک چەکداری ناردە سەر بارەگای پارتی لە بەغداو ، دە ستیان بەسەر بارەگاکەدا گرت و، هەمزە عەبدوڵلا و هاورێکانیانی ، بەزۆر دەرکران و، ئیبراهیم ئەحمەدیان لە جێگای ئەو دانا. ئەمەش یەکەمجار بوو لەمێژووی سیاسی کوردا، بۆ یەکلاکردنەوەی خلافاتی سیاسی وفکری،هانا بۆ چەک و زۆرببرێت39. هەرئەمەش وای لە مەلا مستەفا کرد ، هەمووکاتێک بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان ، چەک و توندوتیژی بەکاربهێنێت.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com